# پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا



ستانداردە سەرەتاییەکانی باشترین ڕێوشوێن لەسەر بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی

**چاپی یەکەم: جوون (حوزەیران) 2014**

# پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا

## ستاندارده سەرەتاییەکانی باشترین ڕێوشوێن لەسەر بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی

چاپی یەکەم: حوزەیران 2014

# ناوەرۆك


## دێباچە 04

## i. پێشەکی 06

## ii. بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلەکە 10

أ) مەبەست 10
ب) جەماوەر 10
ج) پرۆتۆکۆلەکە چییە 11
د) بەکارهێنان لە داهاتوودا 12

## بەشی 1: توندوتیژی سێکسی 14

### 1. تێگەیشتن لە توندوتیژی سێکسی 15

1.1 ڕەچاوکردنی توندوتیژی سێکسی لە شوێنی خۆیدا 15
1.2 وەڵامدانەوە بە توندوتیژی سێکسی 16

### 2. توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی 17

2.1 پێشینە 17
2.2 پێناسە گشتییەکانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی 17
2.3 بەشی أ: تاوانی تایبەت بە توندوتیژی سێکسی یاخود ئەو تاوانانەی کە لەوانەیە لەڕێگەی توندوتیژییەکەوە ئەنجام بدرێت کە سروشتێکی سێکسی هەیە: ”چی ڕوویداوە؟“ 18
2.4 بەشی ب: پێکهاتە بنچینەییەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان: ”ئایا (کردەی توندوتیژی سێکسی) لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە“؟ 23
(i) توندوتیژی سێکسی وەك تاوانی جەنگ یاخود پێشێلکردنی یاسا و نەریتەکانی جەنگ 23
(ii) توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی 24
(iii) توندوتیژی سێکسی وەك جینۆساید 24
2.5 بەشی ج: زەمینەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان: ”ئایا ئەو ئەنجامدەر(انەی) کە دەڵێن گوایە بەو کارە هەستاوە/ هەستاون بەرپرسە/بەرپرسن لەو کردەی توندوتیژی سێکسییە وەك تاوانێك لە دژی یاسای نێودەوڵەتی؟“ 25

## بەشی 2: بەبەڵگەنامەکردن بەشێوەی کردارەکی 28

### 3. ڕەچاوکردنی ئامادەکاری 29

3.1 زیان بە کەس مەگەیەنە 29
3.2 ڕاهێنان 29
3.3 هەڵسەنگاندنەکان 30
(i) توێژینەوە 31
(ii) هەڵسەنگاندنی مەترسی 33
3.4 پلاندانان بە شێوەیەکی گشتی 35

### 4. تەوەرە سەرەکییەکانی پلاندانان 36

4.1 هاوئاهەنگی 36
4.2 شرۆڤەکردن 38
4.3 ڕێکخستنی زانیاری 41

## 5. دەستنیشانکردنی دەربازبوان و شایەتی دیکە — 41

5.1 دەستنیشانکردنی ڕاستەوخۆ — 42
5.2 ناوەندگیری — 42

## 6. ئیفادەی شایەت — 44

6.1 ڕەزامەندی هۆشیارانە — 45
6.2 نهێنیپارێزی — 47
6.3 ڕەوانەکردن — 48

## 7. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن — 50

7.1 ڕێکبەندی چاوپێکەوتن — 52
7.2 لیستی پشکنینی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن — 53
7.3 جۆری پرسیارەکان — 54
7.4 شێوازی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن — 56
7.5 تۆمارکردنی زانیاری چاوپێکەوتن — 61

## 8. سەرچاوەی زیاتری زانیاری — 61

8.1 بەڵگەی بەرجەستە — 61
(i) شوێنی پەلامارەکان — 63
8.2 بەڵگەی نووسراو — 66
(i) جۆری بەڵگەنامەکان — 66

## 9. ئەمبارکردنی زانیاری — 68

9.1 ئەمبارکردنی بەڵگەنامە و زانیاری بەرجەستەی تر — 69
9.2 ئەمبارکردنی زانیاری دیجیتاڵ — 69
9.3 ئەمبارکردنی زانیاری پزیشکی یاسایی/ فۆرینسیکی — 70

## بیبلۆگرافیا — 72

## لیستی پاشکۆکان — 76

.1 کارنامەی بەڵگە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی: ئامرازێك بۆ یارمەتیدانی توێژەرەکان بۆ پرکردنەوەی کەلێنە بەڵگەییەکان — 76
.2 پێکهاتە بنەڕەتییەکانی وەلامدانەوەی فرە-لایەن بە توندوتیژی سێکسی — 113
.3 ئەنجامدانی چاوپێکەوتن: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و سەرەداوە کردارەکییە سەرەکییەکان — 114
.4 کلێشە بۆ زانیاری تاکەکەسی کە دەبێت لە دەربازبوان/ شایەتەکانەوە کۆبکرێتەوە — 118
.5 سیستەمەکانی ڕەوانەکردن و جۆرەکانی یارمەتیدان بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان — 120
.6 بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکان سەبارەت بە زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان — 121
.7 بەڵگەی نووسراو: پرەنسیپەکان سەبارەت بە زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان — 124
.8 ڕێنوێنی لەسەر وێنەگرتن و هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوان، بەڵگەی بەرجەستە و زامداربوونی جەستەیی — 127
.9 ڕێساکانی بەڵگە و ڕێوشوێن وەك ئامرازی پاراستنی دەربازبوان/ شایەتەکان — 135
.10 نموونەی بڕوانامەی پزیشکی پەلاماری سێکسی — 138

# دێباچە

ئەم پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییە، کە یەکەمین بەرهەمی لەو جۆرەیە، بەرهەمی دانایی و ئەزموونی سەدەها کەسە لە سەرتاسەری جیهاندا. ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە سوپاسی زیاتر لە 200 پسپۆڕ، دەربازبوو و ڕێکخراو بکەین کە زانینی خۆیان لەگەڵ ئێمە هاوبەش کرد و لە ئامادەکردنی پێشنووسدا هاوکارییان کردووین.

بۆ چەندەها دەیە- ئەگەر سەدە نەبێت - دەتوانین بڵێین دادپەروەری لە ئاستی سفرەوە نزیکبووە بۆ دەربازبوانی لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا. هیوادارین ئەم پرۆتۆکۆلە ببێت بە بەشێك لە هەوڵی جیهانی بۆ وردوخاشکردنی ئەم کولتوورەی خۆلادان لە سزادان و یارمەتی دەربازبوان بدات و وەها لە خەڵك بکات کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام نەدەن.

ئێمە سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو خاوەنپیشە بەجەرگانە دادەنەوێنین لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کە لە سەرتاسەری جیهاندا لە توندوتیژی سێکسی دەکۆڵنەوە و بەبەڵگەنامەی دەکەن. ئامانجی ئەم پرۆتۆکۆلە ئەوەیە کە لە کارەکانیاندا یارمەتییان بدات و ئەوە دڵنیا بکات کە ئەنجامدەرانی لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا ناچار دەکرێن کە بەرپرسیارێتی تاوانەکانیان لە ئەستۆ بگرن.

هیوادارین کە ئەم پرۆتۆکۆلە نەك هەر ئامرازێکی کردارەکی زۆر گرنگ و بنچینەیی بێت کە ساڵ لەدوای ساڵ برەوی پێبدرێت و بەهێز بکرێت، بەڵکو هەروەها هۆکارێکیش بێت بۆ ئیلهام بەخشینی بەردەوام لەسەر ئاستی جیهانی بۆ سەرنجراکێشان، گرتنەبەری ڕێکار و داکۆکیکاری بۆ ئەم پرسە گرنگە.



**ڕێزدار وڵیەم هەیگ ئەندام پەرلەمان**
وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵث



**ئەنجێلینا جۆلی**
نێردەی تایبەتی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران

بۆ چەندەها دەیە- ئەگەر سەدە نەبێت - دەتوانین بڵێین دادپەروەری لە ئاستی سفرەوە نزیکبووە بۆ دەربازبوانی لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا.
هیوادارین ئەم پرۆتۆکۆلە ببێت بە بەشێك لە هەوڵی جیهانی بۆ وردوخاشکردنی ئەم کولتوورەی خۆلادان لە سزادان و یارمەتی دەربازبوان بدات و وەها لە خەڵك بکات کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام نەدەن.

ڕێزدار وڵیەم هەیگ ئەندام پەرلەمان، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵث

# i. پێشەکی

**کرۆکی باسەکە:** توندوتیژی سێکسی، سا ئیتر وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و/یان وەك تاوانی جینۆساید ئەنجام درابێت، زۆرجار بەشێکە لە جۆرە تراژیدی و دڕندەییەکانی کردەی تاوانکارانە کە لە ماوەی ململانێیی چەکدارانە و لە میانەی کرداری جەرگبڕ و بێبەزییانەی بەرفراواندا ڕوودەدەن. توندوتیژی سێکسی نەك تەنها کاریگەری لەسەر سەدەها هەزار ژن و کچ دادەنێت، بەڵکو هەروەها کاریگەری لەسەر پیاوان و کوڕانیش دادەنێت و دەیانکات بە قوربانی تاوان. بێجگە لە بەسەرهاتی تاڵ و دڵڕاتەکێنی جەستەیی و دەروونی کە دەربازبوان/ شایەتەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، توندوتیژی سێکسی لەوانەیە ببێتە هۆی دابەشبوونی تایەفی و جۆری دیکەی دابەشبوون لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا و ئەو جۆرە دابەشبوونانە خراپتر و سەختتر بکات. ئەوەش ململانێ و ناجێگیری بەدوادا دێت و جێگە بە هەوڵەکانی چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیربوون لێژ دەکات. هەتا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری دەربازبوان هەرگیز لە دادپەروەری سوودمەند نەبوون و ڕووبەڕووی چەندەها بەربەستی جێگەی سەرنج دەبنەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەو پشتگیرییە پزیشکی، دەروونی و ئابوورییەی کە پێویستییان پێیەتی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان. ونبوونی بەرپرسیارێتی ئەو کەسانەی کە تاوانی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا ئەنجام دەدەن خۆلادان لە سزادان زیاتر دەکات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستیکردووە بە ناسینەوەی پەیوەستە بەهێزەکانی نێوان ونبوونی بەرپرسیارێتی و دادپەروەری و نەبوونی ئاشتەوایی.

ئامانجی ئەم پرۆتۆکۆلە ئەوە نیە کە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە هەموو لایەکەوە و بەتەواوی بخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، پرۆتۆکۆلەکە تیشکۆ دەخاتە سەر بابەتی تایبەتی بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بەگوێرەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە دەربازبوانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەش پێویستییەکی زۆر زۆریان بە دادپەروەری، پشتگیری و چارەسەر هەیە؛ هیوادارین ئەم پرۆتۆکۆلە ببێت بە هاندەرێك بۆ ڕێکاری زیاتر لەسەر بەرگرتن لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا و دەستنیشانکردنی بەرپرسانی ئەو جۆرە تاوانانە.

**ئامادەکردنی پێشنووسی پرۆتۆکۆلەکە:** لە ساڵی 2012 دا زنجیرەیەك ڕاوێژکاریی پشکدار ئەنجامدرا لەپێناوی بەدەستهێنانی باشترین ڕێوشوێنی کرداری باشی نێودەوڵەتی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەلێن و بەربەستانەی کە پێویستە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ڕەچاو بکرێن. ئەو ڕاوێژکاریانە و ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتانەی کە دوابەدوای ئەوە هاتن پەردەیان لەسەر پشتگیرییەکی گشتی لادا بۆ پرۆتۆکۆلێکی نێودەوڵەتی نوێ کە هیچ لایەك ناچار نەبێت پابەند بێت پێوەی و ستانداردە بنەڕەتییەکانی باشترین شێوازی کارکردن بخاتە ڕوو لەسەر بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

پشتگیری زیاتر بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆتۆکۆلەکە لەڕێگەی بەڵێننامەی G8 ـەوە بوو لەسەر بەرگرتن لە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا لە ئەپریڵ (نیسان) 2013 و بەڵێننامەی پەیماندان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا کە لە میانەی هەفتەی وەزاری کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سێپتەمبەر (ئەیلول) 2013 خرایە ڕوو.

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو بەڕێزەوە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکات کە بە زانین، ئەزموون و کاتیان لە گەڵاڵەکردنی ئەم پرۆتۆکۆلەدا بەشدارییان کردووە. بەتایبەتی، وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵث ڕێز لە بەشداری ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانە دەگرێت کە لە کۆبوونەوەی پسپۆڕاندا بەشدارییان کرد لە لاهای و لەندەن لە مانگەکانی مەی (ئایار)، جوون (حوزەیران) و جولای (تەمووز) 2013 و فێبریوەری (شوبات) 2014:

**بەشدارانی کۆبوونەوەکانی گرووپی کارکردنی پسپۆڕان:** لێتیتا ئەندرسن (Letitia Anderson)، ڕێکاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا؛ گلۆریا ئەتیبا- دەیڤیس (Gloria Atiba-Davies)، دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC)؛ ڤێرۆنیك ئەوبێرت (Véronique Aubert)، مناڵپارێز؛ ستیفانی باربوێر (Stephanie Barbour)، ئەمنستی ئێنتەرناشناڵ، شامیلە باتۆهی ICC ،(Shamila Batohi)؛ ڤێرۆنیکا بیرگا (Veronica Birga)، فەرمانگەی کۆمیساری باڵا بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR)، ثیۆ بۆتروچە (Théo Boutruche)، (پێشتر) REDRESS، (ئێستا) هاوەڵی وانەبێژ لە مافەکانی مرۆڤدا، یونیڤێرستی کۆلێج لەندەن؛ دییەین براون (Diane Brown)، دەسپێشخەری ژنان بۆ دادپەروەری ڕەگەز؛ گلۆریا کارێرا (Gloria Carrera)، تیمی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا و OHCHR، ئێڤێلین چیجاریرا (Evelyn Chijarira)، یەکێتی پارێزەرانی سەرتاسەری ئەفریکا؛ بۆژیدارکا دۆدیك (Božidarka Dodik)، بەشی تایەبتی تاوانەکانی جەنگ لە فەرمانگەی داواکاری گشتی بۆسنە و هێرزگۆڤینا و دادوەر لە دادگەی باڵای بۆسنیا و هێرزگۆڤینای فیدراڵی؛ ئێرین گالاگەر (Erin Gallagher)، پزیشکانی مافەکانی مرۆڤ؛ کلاودیا گارسیا مۆرینۆ (Claudia García Moreno)، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)؛ لایسڵ گێرنثۆڵتز (Liesl Gerntholtz)، هیومەن ڕایتس وۆچ؛ نیام هەیس (Niamh Hayes)، پەیمانگای نێودەوڵەتی

لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان؛ برێندا جەی هۆڵیس (Brenda J. Hollis)، دادگەی تایبەتی پاشماوە بۆ سیرالیۆن؛ بریجید ئیندەر (Brigid Inder)، دەسپێشخەرانی ژن بۆ دادپەروەری ڕەگەز؛ مایکڵ جارڤیس (Michelle Jarvis)، ترایبیونالی تاوانکارانەی نێودەوڵەتی بۆ یۆگۆسلاڤیای جاران (ICTY)؛ کریستین کالا (Kristin Kalla)، سندوقی متمانە بۆ قوربانیان، ICC؛ ئێرین کێنی (Erin Kenny)، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA)؛ ماکسین مارکیۆس (Maxine Marcus)، (پێشتر) ICTY، (ئێستا) ڕاوێژکاری پایەبەرزی نێودەوڵەتی یاسای تاوانکاری و ڕەگەز لەلای PSVI؛ کریستینا مایکڵس (Cristina Michels)، OHCHR؛ کەیت ئۆرلۆڤسکی (Kate Orlovsky)، دەسپێشخەرانی ژن بۆ دادپەروەری ڕەگەز؛ مارتینا پۆمیرۆی (Martina Pomeroy)، فەرمانگەی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)؛ جۆن ڕاڵستن (John Ralston)، پەیمانگای لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ کاری تاوانکارانە؛ مێدیلین ڕییس (Madeleine Rees)، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ژنان بۆ ئاشتی و ئازادی؛ کریستینا ڕایبیریۆ (Cristina Ribeiro)، ICC، ئیندیرا ڕۆزێنثاڵ (Indira Rosenthal)، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ؛ نینا ساهینپاسیك (Nina Sahinpasic)، بەشی تایبەتی تاوانەکانی جەنگ لە فەرمانگەی داواکاری گشتی بۆسنە و هێرزگۆڤینا؛ سوزانە سیرکین (Susannah Sirkin)، پزیشکی مافەکانی مرۆڤ؛ دانەی ڤان دێر ستراتن پۆنتۆز (Danaé van der Straten Ponthoz)، TRIAL (Track Impunity Always)؛ سیلکی ستودزینسکی (Silke Studzinsky)، سندوقی متمانە بۆ قوربانیانی تاوان، ICC؛ مارگریت ڤینما (Margriet Veenma)، UNHCR؛ وە مۆنیکا ڤۆڵکهاوسن (Monika Volkhausen)، فەرمانگەی داواکاری گشتی، کۆڵن (Generalstaatsanwaltschaft Köln).

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو هەروەها ڕێز بۆ بەشداری ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانە دادەنێت کە وەك ڕەخنەگری زیاتر لەسەر پرۆتۆکۆلەکە بەشدارییان کردووە:

**ڕەخنەگرانی زیاتر:** کێلی ئاسکین (Kelly Askin)، دەسپێشخەری دادپەروەری کۆمەڵگەی کراوە (OSJI)، ئێلیزابێث باومگارتنەر (Elisabeth Baumgartner)، سویسپیس؛ لییە بێڵشۆ (Leah Bellshaw)، وەزارەتی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ لیندا بایانچی (Linda Bianchi)، خزمەتگوزاری داواکاری گشتی لە کەنەدا؛ مێگەن برادلی (Megan Bradley) پەیمانگای بروکینگس؛ ئان-مێری دی برەوەر (Anne-Marie de Brouwer)، زانکۆی تیڵبورگ؛ جینێت بۆهمی (Jeannette Böhme)، مێدیکا مۆندییەڵ؛ خورخی یۆرگی کلادریۆن گامبۆوا (Jorge Calderón Gamboa)، دادگەی مافی مرۆڤی نێو ئەمریکا؛ دانیا چایکڵ (Danya Chaikel)، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی داواکارە گشتییەکان؛ جولییێت کۆهین (Juliet Cohen)، ڕزگاربوون لە ئەشکەنجە؛ ئەلیسن کۆڵ (Alison Cole)، OSJI؛ شوکریە دینی (Shukria Dini)، بنکەی خوێندکاری ژنانی سۆماڵی؛ ئینگرید ئیڵیۆت (Ingrid Elliott)، تیمی پسپۆڕانی PSVI لە شانشینی یەکگرتوو؛ لۆرا فرانسیس (Laura Francis)، دەربازبوان بۆمان دەدوێن!؛ ڕێناتا گیانینی (Renata Giannini)، IGARAPE؛ گاڤین گەینێندران (Gavin Ganendran)، ڕزگاربوون لە ئەشکەنجە؛ ئێریکا هۆڵ (Erica Hall)، دیدگەی جیهانی؛ کۆڵباسیا هاوساو (Kolbassia Haoussou)، دەربازبوان بۆمان دەدوێن! ڕایەڵە و ئەندامەکان؛ کلێر هۆوکینس (Claire Hawkins)، ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ئێلیزابێث هاو (Elizabeth Howe)، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی داواکارە گشتییەکان؛ ئەمریتا کاپور (Amrita Kapur)، بنکەی نێودەوڵەتی دادپەروەری قۆناغی گواستنەوە؛ ئاندی کییف (Andy Keefe)، ڕزگاربوون لە ئەشکەنجە؛ باودۆین کیپاکا (Baudouin Kipaka)، Arche d'Alliance؛ گیسێلا دی لیۆن (Gisela de León)، بنکەی دادپەروەری و یاسای نێودەوڵەتی؛ ئانا لایس دۆمانسکی (Anna Lise Domanski)، ئۆپەراسیۆنە ئاشتییە کەنەدییەکان و لقی پەیڕەوی دەوڵەتە لاوازەکان؛ مێندی مارش (Mendy Marsh)، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف (UNICEF)؛ فایزە محمد، یەکسانی هەر ئێستا؛ جەیمی مۆرس (Jaimie Morse)، زانکۆی باکوری خۆرئاوا؛ لارس مونك پلەم (Lars Munk Plum)، جێگری داواکاری گشتی دەوڵەت، دانیمارك؛ تاما مورفێت، لیژنەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی؛ ئەنتۆنیا نیگابالا- سۆدۆنن (Antonia N'Gabala-Sodonon)، بەشی ئاشتی و ئاسایشی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەفریکا؛ ڤەلەری ئۆستێرڤێڵد (Valerie Oosterveld)، زانکۆی خۆرئاوای ئۆنتاریۆ؛ بلەیك پیتەرسن (Blake Peterson)، وەزارەتی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ فێریدە ڕوشیتی (Feride Rushiti)، بنکەی ڕاهێنانەوەی قوربانیانی ئەشکەنجە لە کۆسۆڤۆ؛ ئەلیخاندرۆ سانچێز (Alejandro Sanchez)، یەکەی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا، MONUSCO؛ دوۆنگ ساڤۆرن (Duong Savorn)، پڕۆژەی بەرگریکارانی کەمبۆدیا؛ ساندێش سیڤاکوماران (Sandesh Sivakumaran)، زانکۆی نۆتینگهام؛ ئیزابێل سۆلۆن هیلال (Isabelle Solon Helal)، تایبەتمەندی کارگێڕی و مافی مرۆڤ، کەنەدا؛ کیم ثویی سیلینگەر (Kim Thuy Seelinger)، بنکەی مافی مرۆڤ، زانکۆی کالیفۆڕنیا- بێرکلی؛ سیدنی تۆمپسن (Sidney Thompson)، خزمەتگوزاری داواکاری گشتی لە کەنەدا؛ چارلۆت تریگس (Charlotte Triggs)، خزمەتگوزاری داواکاری گشتی شاهانە؛ دایانا تریمینۆ (Diana Trimiño)، لیژنەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی؛ کاثرین ترونەر (Catherine Turner)، دیدگەی جیهانی؛ ئەنیتا ویڵیەمس (Aneeta Williams)، تیەرفەند (Tearfund).

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو هەروەها ڕێز لە بەشداری زۆر زۆر بەنرخی ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانە دەگرێت کە وەك بەشدار لە ڕاوێژکاریی مەیدانیدا ڕۆڵیان بینیوە لەسەر پرۆتۆکۆلەکە لە بۆسنە، کۆلۆمبیا، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، لەندەن و ئۆگەندا.

# I. پێشەکی

پرۆتۆکۆلەکە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی بەشداریکردنی ئامادەکردنی پێشنووسەوە هاتۆتە دی کە ڕاوێژکاری چڕوپڕی لەخۆگرتووە لەگەڵ ئەو پسپۆڕانەی کە لەسەرەوە بەڕیز نوسراون. دەسەڵاتی بڵاوکردنەوە بۆ پرۆتۆکۆلەکە هەر لە دەستی وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو و نووسەری پێشەنگی پرۆتۆکۆلەکە، سارا فێرۆ ڕاییبریۆ (Sara Ferro Ribeiro) دا ماوەتەوە، لەگەڵ چیدۆ دەن (Chido Dunn)، کارسازی پڕۆژە بۆ پرۆتۆکۆلەکە (لەکاتی ناردنیدا لە Freshfields Bruckhaus Deringer LLP بۆ ئەم پڕۆژەیە) و ماکسین مارکوس (Maxine Marcus)، ڕاوێژکاری پایەبەرزی نێودەوڵەتی یاسای تاوانکاری و ڕەگەز لەلای PSVI. ڕۆڵی شانشینی یەکگرتوو بریتی بووە لە توانابەخشین، دابینکردنی داهات و هاندانی گەڵاڵەکردنی پرۆتۆکۆلەکە، لە ڕێگەی دڵنیاکردنی بەشداربوونی باشترین پسپۆڕ و هاندانی ئامانجەکانی لەلای دەوڵەتەکان و هاوپشکە نێودەوڵەتییەکان. وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو ئامانجی ئەوە بوو کە لەسەر بنچینەی ئەو کارانەی کە تائێستا ئەنجام دراون پڕۆژەکە پەرەپێبدات و بواری تاوتوێکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبازە ڕەسەن و کاریگەرەکانی سەرکەوتنی سەلمێنراو لەسەر ئاستی میللی بە جیهاندا بڕەخسێنێت.

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵثی شانشینی یەکگرتوو هەروەها خۆشحاڵە کە سوپاسی ئەو ڕێکخراوانەی تریش بکات کە پاڵپشتی ئەم پرۆسەیەیان کرد: کۆمپانیای سنورداری فرێشفیڵدس بروکهاوس دێرینگەر (Freshfields Bruckhaus Deringer LLP)، مناڵپارێز و TRIAL (Track Impunity Always).

بۆ ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە هیچ شوێنێك نامێنێت
که خۆیانی لێبشارنەوە؛ هیچ لێبوردنێك دەرناچێت؛
هیچ شوێنێکی سەلامەت نابێت کە تێیدا دابنیشن. بە
هەر یەك و هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە دەسەڵاتی
هەمووماندایە پێکەوە شوێنپێیان هەڵدەگرین.

زەینەب هاوا بانگورا، کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی G8،
ئەپریل (نیسان) 2013

# ii. بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلەکە

### أ) مەبەست

مەبەستی سەرەکی پرۆتۆکۆلەکە هاندانی بەرپرسیاربوونە بۆ تاوانی توندوتیژی سێکسی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. پرۆتۆکۆلەکە ئەوە لەڕێگەی خستنەڕووی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات، کە بەهۆی باشترین شێوازی کارکردنەوە لە مەیدانەکەدا بەدەست هاتووە. دەوڵەتەکان ناچار نین کە پابەند بن بە پرۆتۆکۆلەکەوە. بەڵکو دەتوانرێت وەك ئامرازێك بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیریکردنی هەوڵە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی دادپەروەری و پراکتیزەکارانی مافی مرۆڤ بۆئەوەی بەشێوەیەکی کارا و پارێزگاریکارانە توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە بکەن وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی - وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید.

بەرپرسیاربوون بۆ توندوتیژی سێکسی دەکرێت بە گەلێك شێوە دەربکەوێت. دەکرێت لەڕێگەی بەدادگەیاندنی تاوانکارانەوە بێت، بەڵام هەروەها دەکرێت لەڕێگەی داوای دادوەری مافی مرۆڤەوە بێت لە دژی دەوڵەتە بەرپرسەکان یاخود ئەنجامدەرانی غەیرە دەوڵەتی، داوای دادوەری سیڤیل (مەدەنی)، داوای بژاردنەوە بۆ دەربازبوان/ شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی و پرۆسەی دادپەروەری قۆناغی گواستنەوەوە بێت.

ئیتر میکانیزمی بەرپرسیاربوون لە زەمینەی ململانێ یان دوای ململانێدا بێت یاخود ئاخۆ ئەوان زۆر دوورە دەستن، ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن خاوەنپیشەکانەوە کۆدەکرێنەوە کە یەکسەر و بە ئاسانی دەست بە دەربازبوان و شایەتەکان ڕابگات دەکرێت ببن بە بەڵگەی زۆر گرنگ بۆ هەوڵەکانی بەرپرسیارکردن لە داهاتوودا. بەتایبەتی شێوازی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ئەو ڕێبازەی کە لە پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردندا بەکارهاتووە کلیکی سەرەکی دڵنیاکردنی نیازپاکی بەڵگەکان، پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لێیان سوودمەند دەبن و بەهێزکردنی دەربازبوانن لەڕێگەی بەشداربوونەوە لە پرۆسەی دادپەروەریدا. ئەم پرۆتۆکۆلە بە شێوەیەکی سادە و ڕوون و ئاشکرا ئەو پرەنسیپە بنەڕەتیانە دەخاتە ڕوو کە دەبێت پەیرەوی بکرێن لە کاتێکدا کە ئەو ئامانجانە لە هزردان.

تیشکۆی پرۆتۆکۆلەکە لەسەر بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسییە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێك لەو پرەنسیپە بنەڕەتیانەی کە لەم پرۆتۆکۆلەدا خراونەتە ڕوو هەروەها بەکەڵك دەبن بۆ بەبەڵگەنامەکردنی ئەو جۆرە تاوانانە لە زەمینەی تردا، پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئاکاری خراپ و پێشێلکاری یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە توندوتیژی سێکسی لەخۆنەگرتبێت.

### ب) جەماوەر

ئەم ڕێنماییانە بۆ مەبەستی ئەوە داڕێژراون کە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەلایەن چالاکەوانی مافی مرۆڤ و دادپەروەرییەوە بەکاربهێنرێن، لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی و هەر تاکەکەس و ڕێکخراوێك کە بیەوێت توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە بکات وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی.

بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلەکە هەروەها بەباش دادەنرێت لە هەوڵەکانی تواناسازیدا بۆ دەزگاو دامەزراوە نیشتمانی و خۆجێییەکانی وەك ئاسایش، دادوەری، چەسپاندنی یاسا، پزیشکی فۆرێنسیکی و زانست و دەزگاکانی لێکۆڵینەوە بە ئامانجی برەوپێدانی تێگەیشتنیان لە چۆنیەتی کۆکردنەوە و بەبەڵگەنامەکردنی زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی.

ڕێنماییەکان بەتایبەت ئاراستە نەکراون بۆ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، کارمەندانی تەندروستی، کارمەندانی کۆمەڵایەتی یاخود دابینکارانی دیکەی خزمەتگوزاری کە ڕەنگە ئەوان توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە بکەن بەگوێرەی میتۆدی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستانەی کە لەگەڵ ئەرکی سەر شانیان یەکدەگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێبازێکی فرە-لایەن شتێکی بنچینەییە کە هاوکاری نێوان کارمەندانی تەندروستی، پارێزەران، پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری لەخۆبگرێت بۆ مسۆگەرکردنی دادپەروەری بۆ دەربازبوان. لەبەرئەوە، هیوادارین هەندێك لایەنی تایبەتی ئەو ڕێنوێنیانەی کە لە پرۆتۆکۆلەکەدا هاتوون بۆ ئەو خاوەنپیشانە بەسوود بن لە کارەکانیاندا، بە ڕەچاوکردنی پێویستی برەوپێدانی هاوکاری و هاوجووتی ڕێباز لەنێوان هەموو ئەو خاوەنپیشانەدا کە کاردەکەن بۆ چارەسەرکردن، پشتگیری و نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی دەربازبوان و شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی، ئیتر ئەوە لە زەمینەی دادپەروەری نیشتمانی یان نێودەوڵەتی، میکانیزمەکانی بەرپرسیارێتی یاخود داکۆکیکاریدا بێت.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانەی کە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە دەبێت بەر لە هەموو شتێك ئەوە دڵنیا بکەن کە ئەوان خۆیان بەگوێرەی پێویست ڕاهێنانیان پێکراوە و ساز و ئامادەن کە بەو کارە هەستن. خاوەنپیشەکان هەروەها دەبێت ئاگاداری یاسای نیشتمانی پەیوەندیدار بن سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی لایەنی سێهەم لەو ناوچەیەدا کە کارەکانی تێدا ئەنجام دەدەن، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە شێوازی کۆکردنەوەی بەڵگە ڕێکدەخەن لەگەڵ هەر ئەرکێکی یاسایی سەرشانیان بۆ گێڕانەوەی بەڵگە بۆلای دەسەڵاتدارانی نیشتمانی.

## ج) پرۆتۆکۆلەکە چییە

بەشی 1 ـی پرۆتۆکۆلەکە پێناسەیەکی توندوتیژی سێکسی فەراهەم کردووە وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی: ئەوەش ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە دەگەنە ئاستی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی و هەروەها ئەو پێداویستیانە چین بۆ بەدادگاگەیاندنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. هەروەها وەسفی ئەو دەرەنجامە چاوەڕوانکراوە تاڵانە دەکات کە پەیوەستن بە توندوتیژی سێکسییەوە، لەگەڵ ئەو بەربەستانەی کە دێنە ڕێی دەربازبوان و شایەتەکان کاتێك کە پەنا بۆ دادپەروەری دەبەن و هەندێك قسەی پڕوپووچ و بێبنەما سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی کە بۆی هەیە کۆسپ بهێنێتە سەر ڕێی هەوڵەکانی لێکۆڵینەوەی کاریگەر و بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکان و پشتگیریکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان.

بەشی 2 ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەبەڵگەنامەکردن لە کرداردا چۆن دەنوێنێت: چی بکەیت بۆ توێژینەوە، ئامادەکردن و دامەزراندنی پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوە و بەبەڵگەنامەکردن، چۆن چاوپێکەوتنی سەلامەت و کاریگەر ئەنجام بدەیت و پێداویستی لانی کەمترین کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی دەنگوڕەنگ، جەستەیی و بەڵگەنامەیی توندوتیژی سێکسی دەکەیت. پرەنسیپی بنەڕەتی "زیان بە کەس مەگەیەنە" لەم بڕگەیەدا ڕەگی داکوتاوە و پێشنیاری ستراتیژی کردارەکی دەکات کە خاوەنپیشەکان دەشێت بیانخەنە گەڕ لە پێناوی کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو مەترسییە چاوەڕوانکراوانەی کە پەیوەستن بە بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێدا و بۆ زاڵبوون بەسەر هەندێك بەربەستدا کە بۆیان هەیە تەگەرە بخەنە بەردەم هەوڵەکانی بەرپرسیارکردن.

پاشکۆکان هەندێك ئامراز و زانیاری زیاتریان لەخۆگرتووە، کە هیوادارین ئەوە مسۆگەر بکەن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەبەڵگەنامەکارەکان بەسوود بن لەکاتێکدا کە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدەن. ئەوەش کارنامەیەکی بەڵگەی لەخۆ گرتووە **(بڕوانە پاشکۆی 1 "کارنامەی بەڵگە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی: ئامرازێك بۆ یارمەتیدانی لێکۆڵەرەکان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە بەڵگەییەکان")**، کە نموونەی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە چ جۆرە زانیارییەك بەسوودە کە کۆبکرێتەوە بۆ سەلماندنی لایەنە تایبەت، زەمینەیی و پەیوەستەییەکانی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید. پاشکۆکان هەروەها پوختە و ڕێنوێنی لەخۆدەگرن لەسەر ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەی بەرجەستە و بەڵگەنامەیی و کارکردن لە کەشوهەوایەکی پشتگیری فرە-لایەندا، وە هەروەها زانیاری لەسەر جۆرە سەرەکییەکانی ڕەوانەکردن و بەبەڵگەنامەکردنی پزیشکی بۆ مەبەستی بەڵگەیی.

### د) بەکارهێنانی لە داهاتوودا

لە داهاتوودا، هیوادارین کە پرۆتۆکۆلەکە ڕۆڵی ئامرازێکی کردارەکی ببینێت بۆ زاڵبوون بەسەر هەندێك لەو کۆسپانەدا کە دێنە ڕێگەی ئەوانەی کە توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە دەکەن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. ئەوە بەڵگەنامەیەکی زیندوو دەبێت کە پێویستی بەوە دەبێت گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت بەگوێرەی بەرەوپێشچوون لە مەیدانی کارکردندا.

بەتایبەت، ئێمە هیوادارین کە: دەوڵەتەکان پشتگیری بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بکەن، ئاسانکارییان بۆ بکەن و سەرپشکیان بکەن بەگوێرەی ئەو پرەنسیپ و میتۆدە بنەڕەتیانەی کە لە پرۆتۆکۆلەکەدا خراونەتە ڕوو؛ دەوڵەتە بەخشەرەکان، کاتێك کە تێچووی دەسپێشخەری دەرەوەی وڵات دەگرنە ئەستۆ لە پەیوەندیدا بە بەرپرسیاربوون بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکانی توندوتیژی سێکسی، ئەو دەسپێشخەریانە هاندەدەن لە پێناوی پێکەوەگرێدانی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتی و میتۆدانەی کە لەم پرۆتۆکۆلەدا هاتوون لەگەڵ پرۆژەکانیان؛ ئەو دەوڵەتانەی کە ململانێ کاریگەری لەسەر داناون پلانی ڕێکاری نیشتمانی گەڵاڵەدەکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلەکەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بنیاتنانی توانست لەناو حکومەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، پیشەی پزیشکی و یاسایی و هاوکاری پەیوەندیداری دیکەدا؛ بەخشەرەکان پشتگیری دارایی فەراهەم دەکەن بۆ ڕێکخراوە حکومی و نا-حکومییەکان (NGO) لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلەکەوە و/یان گەڵاڵەکردنی بەستەی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و بنیاتنانی توانست؛ وە هەورەها ئەو ڕێکخراوە نا-حکومییە پێشەنگانەی کە لە مەیداندا کاردەکەن پرۆتۆکۆلەکە وەك میتدۆلۆژی سەرەتایی و بنچینەیی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ڕاهێنانی کارمەندان بۆ بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی لەو ناوچانەدا کە ململانێیان تێدایە.



# بەشی 1: توندوتیژی سێکسی 14

## 1. تێگەیشتن لە توندوتیژی سێکسی 15

1.1 ڕەچاوکردنی توندوتیژی سێکسی لە شوێنی خۆیدا 15
1.2 وەڵامدانەوە بە توندوتیژی سێکسی 16

## 2. توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی 17

2.1 پێشینە 17
2.2 پێناسە گشتییەکانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی 17
2.3 بەشی أ: تاوانی تایبەت بە توندوتیژی سێکسی یاخود ئەو تاوانانەی کە لەوانەیە لەڕێگەی توندوتیژییەکەوە ئەنجام بدرێت کە سروشتێکی سێکسی هەیە: ”چی ڕوویداوە؟“ 18
2.4 بەشی ب: پێکهاتە بنچینەییەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان: ”ئایا (کردەی توندوتیژی سێکسی) لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە“؟ 23
(i) توندوتیژی سێکسی وەك تاوانی جەنگ یاخود پێشێلکردنی یاسا و نەریتەکانی جەنگ 23
(ii) توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی 24
(iii) توندوتیژی سێکسی وەك جینۆساید 24
2.5 بەشی ج: زەمینەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان: ”ئایا ئەو ئەنجامدەر(انەی) کە دەڵێن گوایە بەو کارە هەستاوە/ هەستاون بەرپرسە/بەرپرسن لەو کردەی توندوتیژی سێکسییە وەك تاوانێك لە دژی یاسای نێودەوڵەتی؟“ 25

# بەشی I: توندوتیژی سێکسی

## 1. تێگەیشتن لە توندوتیژی سێکسی

### 1.1 ڕەچاوکردنی توندوتیژی سێکسی لە شوێنی خۆیدا

توندوتیژی سێکسی جۆرێکی زۆر قێزەونی توندوتیژییە کە لاقەکردن و هەر جۆرە پەلامارێکی دیکە دەگرێتەوە کە سروشتێکی سێکسی هەبێت و بەرانبەر بە ژنان و کچان، پیاوان و کوڕان ئەنجام بدرێت. دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی دەشێت زۆر دڕاندانە بێت و ڕەنگە کاردانەوەی سەختی جەستەیی و دەروونی هەبێت بۆ دەربازبوان و شایەتەکان و کاریگەرییەکی قووڵی نائارامی و ناجێگیری لەسەر کۆمەڵانی خەڵک و دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی بەجێبهێڵێت.

شتێکی گرنگە ئاگاداری ئەوە بین کە ژنان، پیاوان، کچان و کوڕان دەکرێت هەموویان ببن بە قوربانی توندوتیژی سێکسی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نایەکسانییە مێژوویی و پێکهاتەییەی کە لەنێوان پیاوان و ژناندا هەیە و جۆرە جیاوازەکانی هەڵاواردن لەسەر بنچینەی ڕەگەز کە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەسەر ژناندا سەپێنراون، ڕۆڵی خۆیان هەیە لەسەر ئەوەی کە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ڕوودانی ململانێدا بە شێوەیەکی ناهاوتا کاریگەری لەسەر ژنان و کچان دابنێت. بێجگە لەوەش، هەبوونی بەربڵاوی توندوتیژی سێکسی لە دژی منداڵان بەتایبەت لە ئاستێکی زۆر زۆر بەرزدایە و دەکرێت کاریگەرییەکی ڕوخێنەرانەی هەبێت.

هەندێك گرووپ ڕەنگە زۆر زوو زوو بکرێنە ئامانج بۆ توندوتیژی سێکسی وەك لەوانی تر. ئەوەش ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ناوخۆدا لە زێدی خۆیان دەرکراون، پەنابەران، منداڵان، سەرۆکی خێزان کە مێینە بێت، ژنانی بەرگریکاری مافی مرۆڤ، دەستگیرکراوەکان (بەوانەشەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی گرووپێکی چەکداردان)، ئەوانەی کە سەروساختیان لەگەڵ هێزە چەکدارەکان و گرووپە چەکدارەکان هەیە، ئەوانەی کە سەر بە گرووپێکی تایبەتی نەژادین و هەر گرووپێکی دیکە کە لە بارێکی ناسکدان.

لە کاتی ڕوودانی ململانێدا یاخود کاتێك کە کارەساتی جەرگبڕی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت ئیتر ئەوە لەکاتی ململانێدا بێت یان نا، توندوتیژی سێکسی زۆرجار لەلایەن ئەندامانی گرووپە چەکدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت لە دژی چەندەها کەس، بە خەڵکی مەدەنیشەوە: وەك ستراتیژێك بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە سەربازییەکان و دەکرێت ببێت بە بەشێك لە پەلامارێکی بەربڵاو و سیستماتیك کە دەکرێتە سەر دانیشتوانی مەدەنی ناوچەیەك. توندوتیژی سێکسی دەکرێت بۆ بێهێزکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکان بەکار بهێنرێت. دەکرێت بۆ سزادان یان تێکوپێکدانی گرووپێکی تایبەت بەکاربهێنرێت، بە چاندنی تۆوی ترس و تۆقاندن لەناویاندا، تۆڵەسەندنەوە لێیان یاخود وەهایان لێبکات کە لە شوێنێك ڕابکەن و بەجێیبهێڵن. توندوتیژی سێکسی هەروەها ئەو کردارانە دەگرێتەوە - ئیتر وەك بەشێك لە پەلامارەکە ئەنجام بدرێن یان نا- کە وەك دەرەنجامێکی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە و پێکهاتەی خێزان، نەبوونی ئاسایش و نەبوونی سەروەری یاسا ئەنجام دەدرێن. ئەوانە تایبەتمەندی هەلومەرجی ململانێ، کارەساتی کوتوپڕ و جێهێشتنی زێدە، کە لەو کاتانەدا ئەنجامدەرانی تاوان ڕەنگە نەبوونی ئاسایش و کەشوهەوای هەڵهاتن لە سزا وەك هەلێك بقۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی سێکسی.

لە هەندێك هەلومەرجی تایبەتدا، توندوتیژی سێکسی دەگاتە ئاستی تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی: تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و/یان تاوانی جینۆساید، کە لەوێدا مەرجەکانی ئەو جۆرە تاوانانە هاتوونەتە دی و دەکرێت لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی وەك تاوانی لەو جۆرە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و بدرێنە دادگە. توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی زۆرجار وەك بەشێك لە چەندەها پێشێلکاری بەرفروان لە دژی تاکەکەس و کۆمەڵگەکان ئەنجام دەدرێن - ئەو جۆرە پێشێلکاریانە هەم تاوانی سێکسی و هەم ناسێکسیش لەخۆ دەگرن. لە زەمینەی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایددا، لاقەکردن و جۆرەکانی تری تاوانی توندوتیژی سێکسی بۆیان هەیە وەك یەکێك لە چەندەها کرداری دڕندانە ئەنجام بدرێن کە بەشێك لەو پەلامارە پێکدەهێنن لەسەر دانیشتوانی مەدەنی، دەکرێت ببەسترێنەوە بە ململانێی چەکدارانە و/یان دەکرێت بە نیازی ئەوە ئەنجام درابن کە هەموو یان بەشێکی گرووپێکی تایبەت تێکوپێکبدەن.

تێگەیشتن لەو کاریگەرییەی کە بەهۆی توندوتیژی سێکسییەوە ڕوو دەدات شتێکی بنچینەییە بۆ ڕەوانەکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان بۆ لای خزمەتگوزارییە گونجاوەکان و بەبەڵگەنامەکردنی ڕاست و دروستی ئەو زیانپێگەیشتنەی کە بەهۆی توندوتیژی سێکسییەوە بە تاکەکەس، خێزانەکانیان و کۆمەڵگەکەیان دەگات. توندوتیژی سێکسی دەشێت دەرەنجامی جەستەیی و دەروونی ئەوتۆی هەبێت کە هەڕەشە لە ژیان بکەن، بێجگە لە دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و یاسایی و بەو جۆرە ببێتە هۆی مەترسی زیاتر و بێدەسەڵاتی بۆ دەربازبوان.[1] بە هەمان پێودانگ، توندوتیژی سێکسی دەکرێت کاریگەری جیاواز لەسەر ژنان، پیاوان، کچان و کوڕان دابنێت. کۆمەڵگەکان و پێکهاتەی هاوبەش بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسییەوە لە دژی ئەندامەکانیان دەکرێت لە ناخەوە هەڵبوەشێن یان زیانیان پێبگات.

## 1.2 وەڵامدانەوە بە توندوتیژی سێکسی

وەڵامدانەوە بە توندوتیژی سێکسی پێویستی بە ڕێبازێکی بەهێزی فرە-لایەنە کە هاوئاهەنگی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، پاراستن، پشتگیری دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری لەخۆبگرێت بۆ دەربازبوان (**بڕوانە پاشکۆی 2 "پێکهاتە بنەڕەتییەکانی وەڵامدانەوەی فرە-لایەن بە توندوتیژی سێکسی")**.. خستنەگەڕی ئەو خزمەتگوزاریانەی پشتگیری شتێکی بنچینەییە بۆ زیادکردنی ئەگەری ئەوەی کە دەربازبوان تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی ڕاپۆرت بدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی ڕووبەڕووی بەربەستی بەرچاو دەبنەوە کاتێك دەیانەوێت دەستیان ڕابگات بە خزمەتگوزارییەکان، میکانیزمەکانی دادپەروەری و هۆکاری سارێژکردنی دیکەی زامی دوای ململانێکان. هەندێك لە دەربازبوان پەنا بۆ دادپەروەری نابەن بەهۆی لەکە و شورەیی، شەرمکردن، ئابڕوچوون و ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵڕاتەکێنەوە کە بەسەر دەربازبوان و خێزانەکانیان هاتووە. کەسانێکی تر لە شاربەدەرکردن دەترسن لەلایەن هاوسەر، ئەندامانی دیکەی خێزان و کۆمەڵگەکانیانەوە، ئەوانە لە توندوتیژی زیاتر دەترسن و متمانەیان بە پۆلیسی نیشتمانی نیە.

ئەو خاوەنپیشانەی کە وەڵام بەوە دەدەنەوە و بەتایبەتی لە توندوتیژی سێکسی دەکۆڵنەوە و بەبەڵگەنامەی دەکەن نابێت وەها دابنێن کە دەربازبوان نایەنە پێشەوە چونکە هەست بە شەرمێکی لە ڕادەبەدەر دەکەن - زۆرجار هۆی ئەوەی کە دەستیان بە دادپەروەری ڕاناگات نەبوونی کەش و هەوایەکی ئارام و پشتگیریکارانەیە کە تێیدا بتوانن بەو کارە هەستن و/یان بەهۆی ئەو مەترسیانەوەی کە دەربازبوو/ شایەت خۆی دەخاتە بەریان بەوەی کە دێتە پێشەوە. هەموو خاوەنپیشەکان دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدەن کە هەموویان پێکەوە کەش و هەوایەکی ئارام و پشتگیریکارانە بڕەخسێنن کە لەوێدا دەربازبوان و شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی هەتا ڕادەیەکی باش هەست بە ئاسایش و ئاسوودەیی بکەن کاتێك کە دێنە پێشەوە بۆ ڕاپۆرتدانی تاوانەکان.

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە بەرپرسیارێتی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە. دامەزراوەکانی ئاسایشی نیشتمانی و دادپەروەری دەبێت بەشێوەیەکی کارا ڕاهێنانیان پێبکرێت و ساز و ئامادەبکرێن بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەر و دادپەروەرانە بە دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی، لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و پاراستنی دەربازبوان و شایەتەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەر شوێنێك دامەزراوە نیشتمانییەکان نەتوانن، یان نەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بکەن و بەبەڵگەنامەیان بکەن، کاتێك پێناسەی نیشتمانی توندوتیژی سێکسی سنوردار بێت یاخود چارەسەرە ناوخۆییەکان گەیشتە بنبەست، ئەو خاوەنپیشانەی کە ڕاهێنانی گونجاویان پێکراوە و ئامڕازی گونجاویان بە دەستەوەیە و سەرپشککراون بۆ کارەکە دەتوانن بەشێوەیەکی کارا و پارێزگاریکارانە توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی بەبەڵگەنامە بکەن.

1 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری و دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی توندوتیژی سێکسی، بڕوانە: UNHCR, Sexual and Gender-Based Violence against Refugees, Returnees and Internally Displaced Persons: Guidelines for Prevention and Response, 2003; Institute of Medicine, Social and Economic Costs of Violence Against Women: The Value of Prevention, 2011; and World Bank, The Costs and Impacts of Gender-Based Violence in Developing Countries: Methodological Considerations and New Evidence, 2004.

# 2. توندوتیژی سێكسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی

## 2.1 پێشینە

لە ماوەی 20 ساڵی ڕابوردوودا، یاسای نێودەوڵەتی بە ئاراستەی هەوڵدان بۆ بەرپرسیاركردنێكی زۆرتری تاوانبارانی زۆربەی تاوانە قێزەونەكان گەشەی كردووە بە تاوانەكانی توندوتیژی سێكسیشەوە كاتێك كە وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید ئەنجام درابن. لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی مافپەروەری تاوانكارانەی نێودەوڵەتی - یەكەمجار لە زەمینەی ترایبیوناڵی تاوانكارانەی نێودەوڵەتی بۆ یۆگوسلاڤیای جاران و ترایبیوناڵی تاوانكارانەی نێودەوڵەتی بۆ ڕوەندا (ترایبیوناڵ بۆ مەبەستێكی دیاریكراو یاخود ICTY و ICTR)، دوای ئەوەش یاساكان لە پەیماننامەی ڕۆما بۆ دادگەی تاوانكارانەی نێودەوڵەتی (ICC) دا زیاتر گەڵاڵەبوون و جارێكی تر لەلایەن دادگەی تایبەت بۆ سیرالیۆن (SCSL) ـەوە بەرەوپێشتر چوو - لاقەكردن و جۆری دیكەی توندوتیژی سێكسی لێكۆڵینەوەیان لەسەر كراو تاوانباران[2] دران بە دادگە: وەك تاوانی جەنگ كاتێك كە لە زەمینەی ململانێی چەكدارانەدا ئەنجام درابن و هاوپەیوەست بووبن بەو ململانێیەوە؛ وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی كاتێك كە لە میانەی پەلامارێكی بەرفراوان یان سیستماتیكدا ئەنجام درابن بۆ سەر خەڵكی مەدەنی و/یان وەك تاوانی جینۆساید كاتێك كە بە نیازی لەناوبردنی هەموو یان بەشێكی گرووپێكی ئیتنی، ئاینی، نەتەوەیی یان نەژادی ئەنجام درابن.[3]

خاڵی سەرەتای وتووێژ لەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەكان كە بەسەر تاوانەكانی توندوتیژی سێكسیدا بچەسپێت لە میانەی ئەم پرۆتۆكۆلەدا یاسای ڕۆمایە بۆ ICC (پەیماننامەی ڕۆما). ئەو مەرجە یاساییانەی كە لە پەیماننامەی ڕۆمادا پێكەوە گرێدراون ئەگەری ئەوەیان هەیە كە لە چەندەها سیستەمی نیشتمانیدا ڕەنگبدەنەوە چونكە دەوڵەتەكان پەیماننامەی ڕۆما پشتڕاست دەكەنەوە و ئەو مەرجە یاساییە نێودەوڵەتیانە لەناو یاسای ناوخۆیی خۆیاندا جێگیر دەكەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پەیماننامەی ڕۆما گشتگیرترین كۆبەندی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتی نیە كە بەسەریدا بچەسپێت؛ یاسای نێودەوڵەتی نەریتی لە زۆر لایەنەوە زۆر لەوە فراوانترە. ترایبیوناڵەكان بۆ مەبەستی دیاریكراو، هۆبەی نائاسایی لە دادگەكانی كەمبۆدیا (ECCC) و SCSL هەموویان پرەنسیپەكانی یاسای نێودەوڵەتی نەریتییان چەسپاندووە و[4] ئەو زانستی مافپەروەریانەیەی كە لەو دامەزراوانەوە سەریان هەڵداوە ڕێنوێنی و ڕەنگدانەوەی ئەو پرەنسیپە بەرفراوانانەیان پێوە دیارە. لەكاتێكدا كە ئەم پرۆتۆكۆلە دەبێت تیشكۆ بخاتە سەر ئەو مەرجە یاساییانەی كە لە پەیماننامەی ڕۆمادا هاتوون، خاوەنپیشەكان دەبێت گرنگی زانستی مافپەروەری ترایبیوناڵ بۆ مەبەستی دیاریكراو ترایبیوناڵی دوولانەیان لەبیر بێت وەك سەرچاوەی ئەو پرەنسیپانەی كە بەسەریدا دەچەسپێت ، بەتایبەتی چونكە زۆر لە مەرجە یاساییەكانی پەیماننامەی ڕۆما هێشتا نەبوون بە داوای دادوەری یاخود یەكلایی نەكراونەتەوە. لەم بارەدا، زانستی مافپەروەری ترایبیوناڵی تایبەت و ترایبیوناڵی دوولانە لەوانەی تاكە ڕێنمایی بەردەست فەراهەم بكەن.

پێناسەكانی كردارە تاوانكارانەكان و ئەو بەشانەی كە لێیان پێكهاتوون ڕەنگە هەتا ڕادەیەك جۆراوجۆر بن بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتی دادوەرییەی كە بەگوێرەی ئەوە تاوانەكان لێكۆڵینەوەیان لەسەر دەكرێت یان دەدرێنە دادگە. ئەگەرچی زۆر لەو دەوڵەتانەی كە لایەن بوون لە پەیماننامەی ڕۆمادا پێناسەی پەیماننامەكە بۆ توندوتیژی سێكسییان لەناو یاسای نیشتمانیدا جێگیر كردووە، بەڵام زۆری تر بەو كارە هەڵنەساون. ئەو خاوەنپیشانەی كە تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی بەبەڵگەنامە دەكەن دەبێت هەم ئاگاداری پێكهاتەی تاوانەكان بن وەك لەلایەن پەیماننامەی ڕۆماوە پێناسە كراون و ئەوانەش كە لەو چوارچێوەی یاساییەدا هاتوون كە ئەوان تێیدا كاردەكەن، بێجگە لەوەش دەبێت زانستی مافپەروەری ترایبیوناڵەكان بۆ مەبەستی دیاریكراو ترایبیوناڵە دوولانەكانیان لەبیر بێت.[5]

## 2.2 پێناسە گشتییەكانی تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی

هەر وەك لە كارنامەی بەڵگەدا خراوەتە ڕوو (**بروانە پاشكۆی 1**، **"كارنامەی بەڵگە بۆ بەبەڵگەنامەكردنی تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی: ئامرازێك بۆ یارمەتیدانی لێكۆڵەرەكان بۆ پركردنەوەی كەلێنە بەڵگەییەكان"**)، بۆ ئەوەی هەر ڕووداوێكی لاقەكردن و توندوتیژی سێكسی وەك تاوانێكی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، خاوەنپیشەكان پێویستە زانیاری بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سێ جۆر پێكهاتە بسەلمێنن:

- **پێكهاتەی تایبەت** (بەهۆی ئەو زانیاریانەوە دەهێنرێنە دی كە ئەوە نیشان دەدەن چ جۆرە تاوانێك بە تایبەت ئەنجام دراوە)؛

2 بەگوێرەی یاساكانی ICTY و ICTR پێویستە پەیوەستەیەك هەبێت لەنێوان كردارە تاوانكارییەكە و ململانێی چەكدارانەدا.

3 تاوانی دیكەی توندوتیژی سێكسی دەكرێت هەروەها بدرێتە دادگە وەك ئەشكەنجەدان، مامەڵەی دڕندانە و چەوساندنەوە (كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێكۆڵینەوەیان لەسەر دەكرێت بەگوێرەی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتی دەدرێنە دادگە وەك تاوانی جەنگ یاخود تاوان لە دژی مرۆڤایەتی هەر كامیانی بەسەردا بچەسپێت.) بەگوێرەی سیستەمێكی مافپەروەری سەقامگیر. ئەشكەنجەدان، لە هەندێك دەسەڵاتی دادوەری ناوخۆییدا، دەكرێت وەك تاوانێكی جیاواز لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت و بدرێتە دادگە.

4 تكایە تێبینی ئەوە بكە كە لە چوارچێوەی پرۆتۆكۆلەكەدا ئەو دامەزراوانە وەك "ترایبیوناڵە تایبەتەكان و ترایبیوناڵە دوولانەكان" ئاماژەیان پێدەكرێت.

5 هەر وەك بە دوورودرێژی لە كارنامەی بەڵگەدا خراوەتە ڕوو (**بروانە پاشكۆی 1**)، پێكهاتەی تاوانەكان هەر وەك لەلایەن پەیماننامەی ڕۆماوە پێناسە كراون دەكرێت وەك لیستێكی پشكنینی بەسوود كەڵكی لێوەربگیرێت بۆ یارمەتیدانی خاوەنپیشەكان بۆ كۆكردنەوەی زانیاری هەمەلایەنە لەسەر توندوتیژی سێكسی. خاوەنپیشەكان دەتوانن پەرە بە نیازپاكی و كارابوونی لێكۆڵینەوەكانیان بدەن لەڕێگەی ئەوەوە كە بزانن چ زانیارییەك پێویستە و بۆچی؛ وە هەروەها پێكهاتەكانی ئەو تاوانانەی كە لەو دەسەڵاتی دادوەرییەدا دەچەسپێن كە خاوەنپیشەكە كاری تێدا دەكات دەكرێت وەك ڕێنمایەك كەڵكیان لێوەربگیرێت بۆ یارمەتیدانیان لەو بارەیەوە. خاوەنپیشەكان دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدەن بۆ ئامادەكردنی "كارنامەی بەڵگە" ـی خۆیان (لەسەر بنچینەی شێوازی كارنامەی بەڵگەكە) وەك ئامرازێكی سەرچاوە بۆ دڵنیاكردنی ئەوەی كە هیچ كەلێنێك بەجێنەهێڵراوە لە پرۆسەی كۆكردنەوەی زانیاریدا.

- **پێکهاتە بنچینەییەکان** [6] (بەهۆی ئەو زانیاریانەوە دەهێنرێنە دی کە ئەو هەلومەرجانە وەسف دەکەن کە لەوێدا ئەو تاوانە بە تایبەت ڕوویداوە و تاوانەکە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید)؛ و
- **پێکهاتە پەیوەستەییەکان** [7] (بەهۆی ئەو زانیاریانەوە دەهێنرێنە دی کە ئەو شێوازە وەسف دەکات کە ئەنجامدەرێك یان زیاتری ئەو جۆرە تاوانانە بەو جۆرە ڕەفتاری کردووە کاتێك کە تاوانەکەی ئەنجام داوە وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی).

ئەو سێ جۆرەی زانیاری دەکرێت ڕەچاو بکرێن بۆ پێهکێنانی بەشی أ، ب و ج لە هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێویستن بۆ نیشاندانی ئەوەی کە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی (یان هەر تاوانێکی تر بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی) دەشێت ئەنجام درابن و پێشنیارکردنی ئەوەی کە کێ دەشێت بەشێوەی تاکەکەسی و تاوانکارانە بەرپرسیار بێت لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە.

برگەی داهاتوو ئەوە دەخاتە ڕوو کە چ شتێك پێویستە بۆ هەر یەك لە سێ هەنگاوەکە لە لێکۆڵینەوەی خاوەنپیشەکەدا بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی. نموونەی ئەو پرسیارانەی کە دەکرێت لە شایەتەکان بپرسرێن و بەڵگەی ئیفادەی شایەت، بەڵگەنامەیی و فۆتۆگرافی/ بینراو کە بۆی هەبێت ئەو پێکهاتانە بهێننە دی **هەموویان لە کارنامەی بەڵگەدا هاتوون** (بڕوانە پاشکۆی 1).

## 2.3 بەشی أ: تاوانی تایبەت بە توندوتیژی سێکسی یاخود ئەو تاوانانەی کە بۆی هەیە لەڕێگەی توندوتیژییەکەوە ئەنجام بدرێن کە سروشتێکی سێکسی هەیە: "چی ڕوویداوە؟"

بەرپرسیارێتی تاوانکارانەی تاکەکەسی بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و/یان تاوانی جینۆساید دەکرێت بدرێنە پاڵ ئەو تاوانانەی کە بەبێ چەندوچوون پێکهاتەی توندوتیژییان تێدایە کە سروشتێکی سێکسییان هەیە و هەروەها لە ڕێگەی ئەو تاوانانەشەوە کە پێکهاتەی توندوتیژییان تێدا نیە کە سروشتێکی سێکسییان هەبێت، بەگوێرەی ڕووداوەکان.

هەندێك نموونەی جۆرەکانی ئەو تاوانانەی کە دەکرێت بېرێنەوە سەر توندوتیژی سێکسی لە خوارەوە خراونەتە ڕوو. لیستی نموونەی ئەو تاوانانەی کە ڕیزبەندی کراون هەر وەك لە پرۆتۆکۆلەکەدا هاتوون ئەو تاوانانە دەگرنەوە کە بەبێ چەندوچوون پێکهاتەی توندوتیژییان تێدایە کە بنچینەیەکی سێکسی یان ڕەگەزی هەیە، هەروەها چەند نموونەیەکی کەمی ئەو تاوانانەشی تێدایە کە بەبێ چەندوچوون ئاماژە بە سروشتی سێکسی ئەو تاوانە ناکەن. تاوانی دیکە هەیە لە پەیماننامەی ڕۆمادا کە دەکرێت بە شێوازی سێکسی یان نا-سێکسی ئەنجام بدرێن و لێرەدا ڕیزبەندی نەکراون بەهۆی دوورودرێژیانەوە. هەروەها تاوانی دیکەش هەیە کە براونەتەوە سەر توندوتیژی سێکسی و لە پەیماننامەی ڕۆمادا نەهاتوون، هەندێك لەوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دادوەرییان بۆ کراوە. بۆ نموونە، لە SCSL، خەڵك هەیە لەسەر تاوانی بەزۆر بەشوودان بەتاوانبار ناسێنراون وەك تاوانی نامرۆڤانە (تاوان لە دژی مرۆڤایەتی). [8]

تاوان هەیە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی کە هەمیشە کرداری توندوتیژی سێکسی لەخۆدەگرێت، وەك لاقەکردن یان ناچارکردن بۆ لەشفرۆشی، بەڵام تاوانی دیکەش هەیە کە دەکرێت بە شێوازی سێکسی یان نا-سێکسی ئەنجام بدرێت وەك ئەشکەنجەدان. هەندێك نموونەی هەردوو جۆرە تاوانەکە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

وەها بەباش دادەنرێت کە کاتێك خاوەنپیشەکان دەستدەکەن بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەو تاوانانەی کە ئەوان بەبەڵگەنامەیان دەکەن یان لێیان دەکۆڵنەوە، ئەوان خۆیان تەنها نەبەستنەوە بەو تاوانانەوە کە تەنها لەڕێگەی کرداری توندوتیژی سێکسییەوە ئەنجام دەدرێن. بەڵکو بەو مەرجەی کە ڕاستی بەسەرهاتەکان پاڵپشتی ئەوە بکات، دەبێت هەوڵی بەبەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری توندوتیژی سێکسی بدەن بەگوێرەی هەردوو جۆرەکە: ئەو تاوانانەی کە وەك تاوانی توندوتیژی سێکسی ڕیزبەندی کراون و تاوانی دیکەش. ئەوە ڕەنگە بۆ زیادکردنی بەرپرسیاربوون بۆ ڕەفتاری توندوتیژی سێکسی بەسوود بێت لەڕێگەی نیشاندانی ئەوەوە کە، وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، ئەو جۆرە ڕەفتارە جۆرێکی دیکەی توندوتیژی تاوانکارانەیە و شتێك نیە کە دابڕاو بێت لەو تاوانانەی تر کە لە میانەی کارەساتی جەرگبڕی بەکۆمەڵدا ئەنجام دەدرێن. ئەوە هەروەها دەکرێت بۆ دڵنیاکردنی ئەوە بەسوود بێت کە سروشتی زیانپێگەیشتنێکی تایبەت بە ڕاست و دروستی ڕەنگی داوەتەوە و دادوەری بۆ کراوە.

6 زۆرجار ئەوە وەك پێکهاتە "چەتر" ـەکان یاخود "هاوبەش" ـەکان ئاماژەیان پێدەکرێت.

7 هەروەها بە "دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی" ش ناسراون.

8 تێبینی ئەوە بکە کە تاوانی بەزۆر بەشوودان یاخود هاوسەرگیری بەزۆریش دەکرێت وەك کردارێکی نامرۆڤانە یاخود وەك شێوازی دیکەی توندوتیژی سێکسی بدرێنە دادگە بەگوێرەی پەیماننامەی ڕۆما.

پەیماننامەی ڕۆما ئەو تاوانانەی توندوتیژی سێکسی ڕیزبەندی کردووە کە دەکرێت بگەنە ئاستی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید. هەروەها ئەو تاوانانەش لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت سروشتێکی سێکسییان هەبێت و بگەنە ئاستی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید. ئەوانەش هەروەها دەکرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێت و بە فەرمی تۆمەتبار بکرێن بە پشتبەستن بە ڕاستی بەسەرهاتەکان کە توندوتیژی سێکسی لەخۆبگرن.

تاوانی دەستنیشانکراوی توندوتیژی سێکسی و هەندێك تاوان کە بەسەر کرداری سێکسی و نا-سێکسیدا دەچەسپێن بە خۆیان و پێکهاتەکانیانەوە لە کارنامەی بەڵگەدا خراونەتە ڕوو **(پروانە پاشکۆی 1.)**. کۆبەندێکی بەرفراوانتری تاوانەکان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و پێکهاتەکانیان هەر وەك لە پەیماننامەی ڕۆمادا خراونەتە ڕوو لەگەڵ پێکهاتەکانی ICC تاواندا هاتوون. بێجگە لەوەش، پەیماننامە و پێکهاتەکانی تاوانەکان لە ترایبیوناڵەکان بۆ مەبەستی دیاریکراو و ترایبیوناڵی دوولانە و مەرجە یاساییەکانی ڕێسای تاوانکارانەی ناوخۆیی دەکرێت وەك سەرچاوەی زیاتری ئەو مەرجە یاساییانەی کە بەسەریاندا دەچەسپێت و پێناسە کەڵکیان لێوەربگیرێت.

هەندێك لەو تاوانانەی کە لە پەیماننامەی ڕۆمادا ڕیزبەندی کراون و دەکرێت بەسەر کرداری توندوتیژی سێکسیدا بچەسپێن لە خوارەوە بەڕیز نوسراون.

### تاوانی جەنگ (ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی) (بەندی 8.2(b))

تاوانی دیاریکراوی توندوتیژی سێکسی:

- ئەنجامدانی تاوانی لاقەکردن، کۆیلەیی سێکسی، لەشفرۆشی زۆرەملێ، دووگیانکردنی بەزۆر،[9] بێبەرکردنی بەزۆر یاخود هەر شێوازێکی تری توندوتیژی سێکسی.

تاوانی دیکە کە بۆی هەبێت ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەوتۆ لەخۆ بگرێت کە سروشتێکی سێکسی هەبێت:

- ئەتککردنی جەستە (شێواندن یان برینی ئەندامێك) ـی کەسانێك کە لە ژێر دەسەڵاتی لایەنی بەرانبەردان یاخود ئەنجامدانی ئەزموونی پزیشکی یان زانستی بە هەر جۆرێك بێت کە هیچ پاساوێکیان نەبێت بەگوێرەی پێداویستی چارەسەری پزیشکی، پزیشکی ددان یاخود نەخۆشخانە بۆ کەسی پەیوەندیدار و لە بەرژەوەندی ئەو کەسەش ئەنجام نەدرابێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە یاخود تەندروستییان بە شێوەیەکی ڕژد بخاتە مەترسییەوە.[10]
- لە دادگەیەکی یاسادا ماف و ڕێکاری هاوڵاتیانی لایەنی نەیار هەڵبوەشێنیتەوە، هەڵیانپەسێریت یاخود بەریان لێبگرێت.[11]
- ئەنجامدانی تاوانی کاری قێزەون لە دژی شکۆمەندی تاکەکەسی، بەتایبەت مامەڵەی سوکایەتیپێکردن و بەکەم سەیرکردن.[12]
- بانگکردن یاخود ناونووسکردنی زۆرەملێی منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵان بۆناو هێزی چەکداری نیشتمانی یاخود بەکارهێنانیان بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە ململانێی نەیارانەدا.[13]

9 "بەزۆر دووگیانکردن" واتە بەشێوەیەکی نایاسایی بەندکردنی ئافرەتێك و بەزۆر دووگیانکردنی، بە مەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەژادی هەر کۆمەڵە خەڵکێك یاخود ئەنجامدانی هەر جۆرە پێشێلکارییەکی ترسناکی یاسای نێودەوڵەتی. ئەم پێناسەیە نابێت بە هیچ جۆرێك وەها شرۆڤە بکرێت کە کاریگەری لەسەر یاسای نیشتمانی دابنێت سەبارەت بە دووگیانی.

10 بۆ نموونە، ڕاگرتنی کەسانی مەدەنی و ئەنجامدانی تاقیکارییەك لەسەریان کە ببێتە هۆی زیانپێگەیشتنی کۆئەندامی زاوزێ، یاخود ئەنجامدانی تاقیکارییەك لەسەریان کە ڕووتکردنەوەی بەزۆر لەخۆ بگرێت وەك داکەندنی جلوبەرگ لەبەریان و ئاوێکیان پێدا بکرێت کە بەردەوام گەرمتر ببێت بۆ "تاقیکردنەوەی" ئەوەی کە بزانن چەندی پێدەچێت هەتا نیشانەکانی سوتانیان لەسەر دەردەکەوێت.

11 لە هەلومەرجێکدا کە ئەو مافانەی کە وەها ڕاگەیەندراوە ژێرپێ خراون بووە هۆی توندوتیژی سێکسی، بۆ نمونە ئەنجامدەری تاوانەکە (لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی) فەرمانی بەو ژنانە کرد کە سەر بە لایەنی نەیارن کە بەزۆر منداڵەکانیان لەباربەرن.

12 ئەو مەرجە یاساییە دەکرێت بەسەر تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی و نا-سێکسیشدا بچەسپێت- بۆ نمونە زۆرکردن لە کەسێکی دەسگیرکراوی نێرینە بۆ لێسانەوەی کۆئەندامی زاوزێی ئەنجامدەرانی تاوانەکە یان کەسێکی تر، یاخود زۆرکردن لە دەسگیرکراوەکە بۆ لێسانەوەی پێڵاوەکانی ئەنجامدەرانی تاوانەکە یان کەسێکی تر، دەکرێت هەردووکیان بچنە ڕیزی مامەڵەی سوکایەتیپێکردن و بە کەم سەیرکردنەوە. ئەو مەرجە یاساییە بەشێوەیەکی نەریتی وەك چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بەکارهاتووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مافناسی ڕەگەز هانی ئەوەی داوە کە ڕەنگدانەوەی ڕاست و دروستی ئەو زیانە بێت کە بەهۆی توندوتیژی سێکسییەوە دروست دەبێت، کە ئەگەرچی ئەوە شەرمەزارکردنێکی گەورەیە بۆ شکۆمەندی مرۆڤ، هەروەها کردارێکی توندوتیژی زیانپێگەیاندنی جەستەیی و دەروونیشە کە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی دڕندانە لەخۆدەگرێت.

13 "بەکارهێنانی" منداڵ بۆ بەشداری چالاکانە لە نەیاریدا دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە، بۆ نموونە زۆرکردن لە منداڵ بۆ ئەنجامدانی کرداری توندوتیژی سێکسی یاخود تێوەگلان لە کرداری سێکسیدا بە ئامانجی ئەوەی کە هەر چۆن بێت کاریگەری لەسەر ئامادەبوونیان دابنێت بۆ ئەنجامدانی کرداری دیکەی توندوتیژی. ئەوە هەروەها دەکرێت سیناریۆیەك لەخۆبگرێت کە لەوێدا سەربازانی منداڵ بەشێوەیەکی بەردەوام لە بارەی سێکسییەوە ئەشکەنجە دەدرێن بۆ ئەوەی ئەوانیش لەبەرانبەردا ئەو جۆرە کردارانەی ئەشکەنجەدانی سێکسی لەدژی خەڵکی مەدەنی ئەنجام بدەن.

### تاوانی جەنگ (ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی) (بەندی 8.2(e)-(c))

تاوانی دیاریکراوی توندوتیژی سێکسی:

- ئەنجامدانی تاوانی لاقەکردن، کۆیلەیی سێکسی، لەشفرۆشی زۆرەملێ، دووگیانکردنی زۆرەملێ، بێبەرکردنی زۆرەملێ یاخود هەر شێوازێکی تری توندوتیژی سێکسی و هەروەها دەبێتە پێشێلکارییەکی ڕژدی بەندی 3 کە لە چوار جاڕنامەکەی جنێڤدا هاوبەشە.

تاوانی دیکە کە بۆی هەبێت ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەوتۆ لەخۆ بگرێت کە سروشتێکی سێکسی هەبێت:

- توندوتیژی لە دژی ژیان و کەس، بەتایبەت کوشتنی بە ئەنقەست بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەتککردن، مامەڵەی دڕندانە و ئەشکەنجەدان.
- ئەنجامدانی تاوانی کاری قێزەون لە دژی شکۆمەندی تاکەکەسی، بەتایبەت مامەڵەی سوکایەتپێکردن و بەکەم سەیرکردن.
- بانگکردن یاخود ناونووسکردنی زۆرەملێی منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵان بۆناو هێزی چەکداری نیشتمانی یاخود بەکارهێنانیان بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە ململانێی نەیارانەدا.
- ئەتککردنی لاشە (شێواندن یان بڕینی ئەندامێك) ی کەسانێك کە لە ژێر دەسەڵاتی لایەنێکی دیکەی ململانێکەدان یاخود ئەنجامدانی ئەزموونی پزیشکی یان زانستی بە هەر جۆرێك بێت کە هیچ پاساوێکیان نەبێت بەگوێرەی پێداویستی چارەسەری پزیشکی، پزیشکی ددان یاخود نەخۆشخانە بۆ کەسی پەیوەندیدار و لە بەرژەوەندی ئەو کەسەش ئەنجام نەدرابێت و ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسە یان کەسانە یاخود تەندروستییان بە شێوەیەکی ڕژد بخاتە مەترسییەوە.

### تاوان لە دژی مرۆڤایەتی (بەندی 7)

هەر یەك لەو تاوانانەی خوارەوە کاتێك وەك بەشێك لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك ئەنجام درابێت لە دژی هەر کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنی، کە ئەو کەسە ئاگاداری پەلامارەکە بێت:

تاوانی دیاریکراوی توندوتیژی سێکسی:

- لاقەکردن.
- کۆیلایەتی سێکسی.
- لەشفرۆشی زۆرەملێ.
- دووگیانکردنی زۆرەملێ.
- بێبەرکردنی زۆرەملێ، یاخود هەر شێوازێکی تری توندوتیژی سێکسی کە هەمان قورسایی هەبێت.

تاوانی دیکە کە بۆی هەبێت ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەوتۆ لەخۆ بگرێت کە سروشتێکی سێکسی هەبێت:

- کوشتنی بە ئەنقەست.[14]
- لەناوبردن.[15]

14 بۆ نموونە، لاقەکردن لەلایەن گرووپێکەوە کە ببێتە هۆی مردن.

15 بۆ نموونە، کۆکردنەوەی خەڵکی مەدەنی پێکەوە، ڕاگرتنیان، ڕووتکردنەوەیان، لێدان لە ناوچەی کۆئەندامی زاوزێیان (و شوێنی تریش) هەتا دەمرن، وەك بەشێك لە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی.

- بەندکردن یان هەر جۆرە بێبەریکردنێکی سەخت لە ئازادی جەستەیی بە پێچەوانەی ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە.[16]
- ئەشکەنجە.
- چەوساندنەوەی هەر گرووپێکی دەستنیشانکراو یاخود هەموویان پێکەوە لەسەر بنچینەی سیاسی، نەتەوایەتی، ئێتنی، کولتووری، ئاینی، ڕەگەز هەر وەك لە پەرەگرافی 3 ی بەندی 7 دا پێناسە کراوە، یاخود لەسەر هەر بنەمایەکی تر کە لەسەر ئاستی جیهانی وەها دەستنیشانکرابێت کە ڕێگەپێنەدراو بێت بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، لە پەیوەندیدا بە هەر کردارێکەوە کە لەم پەرەگرافەدا ئاماژەی پێکراوە یاخود هەر تاوانێك لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری ICC دا.
- شوێنونکردنی زۆرەملێی کەسەکان.[17]
- تاوانی هەڵاواردنی نەژادی.[18]
- کرداری دیکەی نامرۆڤانە کە تایبەتمەندی هاوشێوەی ئەوانەیان هەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ببنە هۆی دەردەسەری گەورە یاخود زامداربوونی سەختی لەش یاخود تەندروستی دەروونی یاخود جەستەیی.

## جینۆساید (بەندی 6)

هەر یەك لەم کردارانەی خوارەوە کە بە نیازی تێکوپێکدانی هەموو یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئاینی بێت[19]

- کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.
- زیانگەیاندنی ڕژدی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە.
- سەپاندنی مەرجی ژیان بەسەر گرووپەکەدا بە بەدەستی ئەنقەست بە مەبەستی وێرانکردن و تێکوپێکدانی جەستەیی هەموو یان بەشێکی گرووپەکە.
- سەپاندنی پێوەری ئەوتۆ کە بە نیازی بەرگرتن بێت لە مناڵبوون لەناو گرووپەکەدا.
- بە زۆرەملێ مناڵانی گرووپەکە بگوێزرێتەوە بۆ لای گرووپێکی تر.

### ئەشکەنجە وەك تاوانێکی سەربەخۆ

لە بواری کردارەکی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، توندوتیژی سێکسی لەشێوەی ئەشکەنجەدا وەك تاوانی جەنگ یاخود تاوان لە دژی مرۆڤایەتی دەدرێتە دادگە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لە ڕێسا تاوانکارانە ناوخۆییەکان ئەشکەنجە وەك تاوانێکی سەربەخۆ دەدەنە قەڵەم نەك لەژێر چەتری تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود جینۆساید. لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندیدار بە خۆیانەوە، خاوەنپیشەکان دەتوانن لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و دەسپێشخەری بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی ئەنجام بدەن بۆ بەدادگەگەیاندنیان وەك تاوانی ئەشکەنجەدان. لەپێناوی ئەوەدا کە بەو کارە هەستن ئەوان دەبێت ئەوە دڵنیا بکەن کە شارەزای پێکهاتە پەیوەندیدارەکانی تاوانی ئەشکەنجەن لە یاسای سزای ناوخۆییدا.

16 بۆ نموونە، شوێنی ڕاگرتن، کە لەوێدا خەڵکانی مەدەنی دەکرێن بە کۆیلە بە شێوازی سێکسی و نا-سێکسیش و لەبارەی سێکسی و نا-سێکسیشەوە ئەشکەنجە دەدرێن

17 بۆ نموونە، کاتێك کە ژنان و کچان دەفرێندرێن و بێسەروشوێن دەکرێن و لەکاتی بێسەروشوێنبوونیاندا لەبارەی سێکسییەوە ئەشکەنجە دەدرێن.

18 بۆ نموونە، بەزۆر بەشوودان کە لە زەمینەی سیستەمێکی دامەزراوەیی چەوساندنەوەی ڕێکخراودا ئەنجام بدرێت لەلایەن گرووپێکی نەژادییەوە لە دژی هەر گرووپێکی نەژادی تر.

19 لەکاتێکدا کە مافناسی تاوانکارانەی نێودەوڵەتی زۆر کەم هەیە لەسەر تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی وەك کرداری تاوانکارانەی جینۆساید، ئەو مافناسییە کەمەی کە هەیە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی دەبەستێتەوە بە جینۆسایدەوە لەڕێگەی مەرجی یاسایی "بوون بەهۆی زیانپێگەیشتنی ڕژدی جەستەیی یاخود دەروونی". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەدڵنیاییەوە شایانی ڕوودانە کە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە ڕێگەی ترەوە بێجگە لەم مەرجە یاساییە وەك کرداری جینۆساید بدرێنە دادگە؛ بۆ نموونە، بنکەیەکی ڕاگرتن کە لەوێدا ڕاگیراوانی نێرینە بەشێوەیەکی سیستماتیك دەکەونە بەر خەساندن بە نیازی بەرگرتن لە مناڵبوون و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بەرگرتن لە مناڵبوون و دروستکردنی هەلومەرجێکی ژیان کە بۆ ئەو مەبەستە نەخشەی بۆ دانرابێت کە تێکوپێکیان بدات.

# بەشی 1:
## توندوتیژی سێکسی



**تاوانی دیكە**

پەیماننامەی SCSL و پەیماننامەی ڕۆما هەردووكیان لە ڕیزی تاوان لە دژی مرۆڤایەتیدا "كرداری دیكەی نامرۆڤانە" یان داناوە. ئەو تاوانە برتییە لە میراتگری، یاخود كۆكەرەوەی هەموو كردارە تاوانكارانەكانی تر كە بەتایبەت ڕیزبەندی نەكراون. لە SCSL دا ئەو تاوانە وەك بناغەیەك بەكارهاتووە بۆ لێكۆڵینەوە، بەدادگەیاندن و لە ئەنجامدا بەتاوانبارناساندنی ڕەفتاری بەزۆر بەشوودان. ڕەفتاری دیكەی تاوانكارانە كە دەكرێت وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە هاوپۆلی "كرداری نامرۆڤانەی دیكە" دا بە فەرمی تۆمەتبار بكرێن دەكرێت هاوسەرگیری بەزۆر، لەباربردنی كۆرپەلە بەزۆر و ڕووتكردنەوەی لەش بەزۆر بگرنەوە.

لەكاتێكدا كە خاوەنپیشەی یاسایی ناوخۆ دەستیان داوەتە بەبەڵگەنامەكردن و هێنانە پێشەوەی ئەو كەیسانەی كە پەیوەندییان بە تاوانی توندوتیژی سێكسییەوە هەیە لە زەمینەی ناوخۆدا، ڕەنگە مەرجی یاسایی دیكە هەبێت لە هەر ڕێسایەكی تاوانكارانەدا كە بكرێت ئەو كردارە تاوانكارانانە لەخۆ بگرن. خاوەنپیشەكان دەبێت ئەوە دڵنیا بكەن كە خۆیان شارەزا بكەن لە مەرجە یاساییە پەیوەندیدارەكاندا لەپێناوی بەرزكردنەوەی ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری بۆ بەرزترین ئاست.

## 2.4 بەشی ب: پێكهاتەی زەمینەیی تاوانە نێودەوڵەتییەكان: ئایا (كرداری توندوتیژی سێكسی) لە چ زەمینەیەكدا ڕوویداوە؟"

بەدادگەیاندنی كرداری توندوتیژی سێكسی وەك تاوان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی پێویستی بە سەلماندنی پێكهاتەی زەمینەیی هەیە بۆ ئەو تاوانانە، بێجگە لەو پێكهاتانەی كە پەیوەندییان بە كرداری توندوتیژی سێكسی خۆیەوە هەیە. پێكهاتە زەمینەییەكان ئەو پێكهاتانەن كە ئەو تاوانە دیاریكراوە بەرز دەكەنەوە بۆ ئاستی تاوانێكی نێودەوڵەتی - تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید. لە پێناوی ئەوەدا كە ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی سێكسی وەك پێشێلكاری یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتی بدرێتە قەڵەم، ئەو زانیاریانەی كە لەلایەن تیمی پیشەگەرانەوە بەدەست دەهێنرێن پێویستە ئەو ڕاستی بەسەرهاتانە لەخۆ بگرێت كە پشتگیری پێكهاتە زەمینەییەكانی ئەو هاوپۆلەی تاوانی نێودەوڵەتی دەكات كە بەسەریدا دەچەسپێت. پێكهاتە زەمینەییەكان (هەر وەك لە پەیماننامەی ڕۆما دا كۆبەند كراون) لە خوارەوە بە كورتی خراونەتە ڕوو.[20] لە كارنامەی بەڵگەدا **(بڕوانە پاشكۆی 1)**، خاوەنپیشەكان دەتوانن نمونەی ئەو جۆرە پرسیارانە ببینن كە دەكرێت لەكاتی چاوپێكەوتندا بپرسرێن بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە و هەندێك نموونەی بەڵگەی ئیفادەی شایەت، بەڵگەنامە و بەڵگەی وێنەیی/بینراو كە دەكرێت بۆ مەبەستی سەلماندنی پێكهاتەی زەمینەیی ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانە كەڵكیان لێوەربگیرێت. ڕوانگەیەكی گشتی كورت لە خوارەوە خراوەتە ڕوو.

### (i) توندوتیژی سێكسی وەك تاوانی جەنگ یاخود پێشێلكردنی یاسا و نەریتەكانی جەنگ

كردارێكی توندوتیژی سێكسی ڕەنگە بگاتە ئاستی تاوانی جەنگ یاخود پێشێلكاری یاسا و نەریتەكانی جەنگ ئەگەر ئەو تاوانە لە میانەی ململانێیەكی چەكدارانەی نێودەوڵەتی یان نا-نێودەوڵەتیدا ئەنجام بدرێت و هاوپەیوەست بێت پێیانەوە، لەلایەن ئەنجامدەرێكەوە كە ئاگاداری ئەو بارودۆخە ڕاستەقینەیە كە ئەو هەلومەرجەی كردووە بە ململانێیەكی چەكدارانە.[21] پەیماننامەی ڕۆما تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی وەك تاوانی جەنگ ڕیزبەند كردووە لە ململانێی چەكدارانەی نێودەوڵەتی و نا-نێودەوڵەتیدا. ئەو خاوەنپیشانەی كە زانیاری لەسەر تاوانی توندوتیژی سێكسی كۆدەكەنەوە كە لە میانەی ململانێی چەكدارانەدا ئەنجام دراوە (بەگوێرەی پێناسەكانی پەیماننامەی ڕۆما) دەبێت لەوە دڵنیاببنەوە كە ئەوان زانیاری پێویست كۆدەكەنەوە بۆ نیشاندانی ئەوەی كە ئەو تاوانە لە میانەی ململانێی چەكدارانەدا ئەنجام دراوە و هاوپەیوەست بووە بەوەوە و پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەكات كە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی ئەو تاوانەوە هەیە، ئەو كەسە ئاگاداری ململانێی چەكدارانە بووە لەو كاتەدا.[22]

20 مافناسی ترایبیونالە تایبەتەكان و ترایبیونالی دوولانە پڕزانیارییە سەبارەت بەو شێوازەی كە مەرجە یاساییەكانی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتی پێ شرۆڤە كراوە. زۆر لە بەرەوپێشچوونەكان لە مافناسیدا لە پەیماننامەی ڕۆمادا ڕەنگیان داوەتەوە، لەكاتێكدا زۆری تریان وەها نین. ئەگەرچی پێناسە و پێكهاتەی تاوانە نێودەوڵەتییەكان ڕەنگە هەتا ڕادەیەك لەنێوان دادگەكاندا جۆراوجۆر بن، گەڕانەوە بۆ مافناسی ترایبیونالەكان ڕەنگە زۆر بەسوود دەربچێت لە تێگەیشتن لەوەی كە چۆن هەندێك لەو كێشانە لەلایەن دادوەرەكانەوە شرۆڤە كراون و لە ئەگەرێكی پێشبینیكراودا چۆن ڕاستییەكان و یاسا دەشێت لە زەمینەكانی داهاتوودا لێكبدرێنەوە.

21 یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە ململانێی چەكدارانە سیستەمێكی ئاڵۆزی خستۆتە ڕوو لە پەیوەندیدا بە باری یاسایی قوربانیانی تاوانی جەنگ. وەك ڕێسایەكی گشتی، پێویستە ئەوە نیشان بدرێت كە قوربانی تاوانەكە "كەسێكی پارێزراو" بووە بەگوێرەی جاڕنامەی جنێڤ بۆ ئەوەی تاوانێك بگاتە ئاستی تاوانی جەنگ یاخود پێشێلكاری یاسا و نەریتەكانی جەنگ. بە شێوەیەكی سادە، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە بەشێوەیەكی گشتی قوربانی تاوانەكە دەبێت یان مەدەنی بێت یاخود "توانای شەڕكردنی نەبێت" واتە لەو كاتەدا كە تاوانەكە ئەنجام دراوە ئەو كەسە بەشێوەیەكی چالاكانە لەكاری نەیارانەدا بەشداری نەكردبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی كە لە ماوەی ململانێی چەكدارانەدا ئەنجام دراین، پێویست بە سەلماندنی ئەوە ناكات كە قوربانییەكان كەسانی پارێزراو بووبن بەو مەرجەی كە پێكهاتەكانی تری تاوانی جەنگ یاخود پێشێلكاری یاسا و نەریتەكانی جەنگ هاتنبە دی، كردارێكی توندوتیژی سێكسی دەگاتە ئاستی تاوانی جەنگ یاخود پێشێلكاری یاسا و نەریتەكانی جەنگ بەبێ گوێدان بە باری یاسایی قوربانییەكە وەك كەسێكی مەدەنی، كەسێك كە توانای شەڕكردنی نەبێت یاخود بە پێچەوانەوە. بڕوانە Jean-Marie Henckaerts and Louise Doswald-Beck, ICRC Study on Customary Rules of International Humanitarian Law, Vol. I Rules, Vol. II Practice, Cambridge University Press, March 2005: ڕێسای 93: لاقەكردن و جۆرەكانی تری توندوتیژی سێكسی لە ململانێی چەكدارانەی نێودەوڵەتی و نا-نێودەوڵەتیدا قەدەغەن. هەروەها بڕوانە ICRC، توندوتیژی سێكسی لە ململانێی چەكدارانەدا: پرسیار و وەڵام (7 مارس (ئازار) 2014)، "هەموو تاكە تاوانێكی لاقەكردن كە لە ماوەی ململانێی چەكدارانەدا یاخود لە پەیوەندیدا پێوەی ئەنجام درابێت دەگاتە ئاستی تاوانی جەنگ و پێویستە بدرێتە دادگە" بەردەستە لە http://www.icrc.org/eng/resources/documents/faq/sexual-violence-questions-and-answers.htm.

22 ئەنجامدەرانی "ڕاستەوخۆ" یاخود "ڕاستەقینەی" تاوانەكان ئەوانەن كە بەڕاستی و بەشێوەی تاكەكەسی و ڕاستەوخۆ تاوانەكان ئەنجام دەدەن. كەسانی تۆمەتباركراو و ئەو كەسانەی كە دەكرێنە ئامانج بۆ لێكۆڵینەوەی تاوانكاری نێودەوڵەتی دەشێت ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی تاوانكارانەكە بن؛ بەڵام هەروەها دەكرێت ئەو ئەنجامدەرانەی تاوان بن كە لە تاوانە ڕاستەقینەكە خۆی ڕزگار بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوانە بەشێوەی تاكەكەسی و لەبارەی تاوانكارییەوە بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانەكە. بڕوانە بڕگەی **"دۆخەكانی بەرپرسیارێتی یاسایی"** بۆ ڕوونكردنەوە.

## (ii) توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی

توندوتیژی سێکسی هەروەها ڕەنگە بگاتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی کاتێك کە تاوانی توندوتیژی سێکسی وەك بەشێك لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك ئەنجام درابێت بۆ سەر کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنی. ئەوە تەنها توندوتیژی سێکسی خۆی نیە کە پێویستە بەرفراوان یاخود سیستماتیك بێت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی؛ ئەوە پەلامارەکەیە بۆ سەر کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنی و کاتێك کە ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی ئەو تاوانە زانیبێتی ئەو ڕەفتارە بەشێك بووە لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك یاخود مەبەستی لەو ڕەفتارەی ئەوە بووە کە بەشێك بێت لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك لە دژی کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنی.[23] لەڕاستیدا، یەك تاکە تاوان یان لاقەکردن یاخود شێوازی دیکەی توندوتیژی سێکسی دەکرێت تاوانێك بێت لە دژی مرۆڤایەتی.[24]

ICC مەرجێکی زیاتری داناوە کە تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری خۆیەوە:[25] کە ئەو پەلامارەی دەگاتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی پێویستە "بەگوێرەی یان بۆ بەهێزکردنی پەیڕەوێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراوەیی ئەنجام درابێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە پەلامارە". ئەو مەرجە ڕەنگە پێویست بێت و ڕەنگە پێویستیش نەبێت لەو دەسەڵاتی دادوەرییەدا کە خاوەنپیشەکە زانیاری تێدا کۆدەکاتەوە:
ئەوە ئەرکی سەرشانی خاوەنپیشەیە کە بزانێت بەگوێرەی یاسا چ شتێك پێویستە لەو زەمینەیەدا کە ئەو زانیاری تێدا کۆدەکاتەوە، لە پێناوی ئەوەدا کە دڵنیا بێت کە زانیاری پێویست کۆبکاتەوە کە لەسەر بنچینەی ئەوانە بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە دەشێت تاوان لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام درابێت.

تاوان لە دژی مرۆڤایەتی پێویستی بەوە نیە کە پەیوەست بێت بە ململانێی چەکدارانەوە - ئەوە دەکرێت لەکاتی ئاشتیشدا ڕووبدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە شتێکی باوە کە تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە هەمان زەمینە یان زەمینەیەکی هاوشێوەدا ئەنجام دەدرێن.

## (iii) توندوتیژی سێکسی وەك جینۆساید

جینۆساید وەك هەر یەك لەو کردارانەی خوارەوە پێناسە کراوە بە نیازی تێکوپێکدانی هەموو یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئاینی بێت بەم جۆرانە: کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە؛ زیانگەیاندنی ڕژدی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە؛ سەپاندنی مەرجی ژیان بەسەر گرووپەکەدا بەدەستی ئەنقەست بە مەبەستی وێرانکردن و تێکوپێکدانی جەستەیی هەموو یان بەشێکی گرووپەکە؛ سەپاندنی پێوەری ئەوتۆ کە بە نیازی بەرگرتن بێت لە منداڵبوون لەناو گرووپەکەدا و بە زۆرەملێ منداڵانی گرووپەکە بگوێزرێنەوە بۆ لای گرووپێکی تر. توندوتیژی سێکسی دەکرێت بگاتە ئاستی تاوانی جینۆساید کاتێك کە پێکهاتە زەمینەییەکانی جینۆساید بەهۆی ئەو زانیاریانەوە کە کۆکراونەتەوە هێنرابنە دی. ئەگەر، بۆ نموونە، توندوتیژی سێکسی "بە نیازی تێکوپێکدانی هەموو یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئاینی بێت" ئەنجام درابێت و بووەتە هۆی "زیانگەیاندنی ڕژدی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە"، ئەو کردارەی توندوتیژی سێکسی ڕەنگە بگاتە ئاستی تاوانی جینۆساید.[26]ئەو خاوەنپیشانەی کە لەو کردارانە دەکۆڵنەوە کە دەڵێن گوایە تاوانی جینۆسایدن دەبێت چاو بۆ زانیاری بگێڕن بۆ پشتگیریکردنی: (أ) ئەو کردارە سێکسییە گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە بەشێك بێت لە تاوانی جینۆساید (کوشتن، زیانپێگەیاندنی ڕژدی جەستەیی/ دەروونی، هەلومەرجی ژیان، دانانی پێوەر بۆ بەرگرتن لە منداڵبوون، هتد.)؛ وە هەروەها زانیاری بۆ پشتگیریکردنی گەیشتن بەو دەرەنجامەی کە ئەو کردارە (ب) بە نیازی تێکوپێکدانی هەموو یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئاینی ئەنجام دراوە.

23 پەیماننامەی ڕۆما بەندی 7 "پەلامار" لەم زەمینەیەدا وەها پێناسە دەکات کە "جۆرە ڕەفتارێکە کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی فرەلای کردارە تاوانکارییەکان" کە تاوان لە دژی مرۆڤایەتین.

24 ئەگەر ئەوە وەك بەشێك لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك ئەنجام درابێت لە دژی دانیشتوانی مەدەنی.

25 چونکە ئەمە مەرجێکی دەسەڵاتی دادوەرییە، وەك پێکهاتەیەکی زەمینەیی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی ڕەچاو نەکراوە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی. یاساکانی ترایبیونالّی تایبەت و ترابیونالّی دوولانە ئەو مەرجە زیادەیان تێدا نیە. دانانی ئەو مەرجە لە پێکهاتەکانی دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا بۆ تاوان لە دژی مرۆڤایەتی ئەو تاوانانە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە کە دەکرێت دەسەڵاتی دادوەری دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی بیانگرێتەوە.

26 تێبینی ئەوە بکە کە کرداری دیکەی تاوانی جینۆساید هەر وەك لە پێکهاتە زەمینەییەکاندا ڕیزبەند کراون (بێجگە لە "بوونە هۆی زیانپێگەیشتنی ڕژدی جەستەیی یاخود دەروونی") دەشێت هەروەها بەسەر ئەو کردارە تاوانکاریانەدا بچەسپێن کە توندوتیژی سێکسی لەخۆدەگرن.

## 2.5 بەشی ج: زەمینەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بۆ دەستنیشانکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان: "ئایا ئەو ئەنجامدەر(انەی) کە دەڵێن گوایە بەو کارە هەستاوە/ هەستاون بەرپرسە/بەرپرسن لەو کردەی توندوتیژی سێکسییە وەك تاوانێك لە دژی یاسای نێودەوڵەتی؟"

"دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی" پێناسەی ئەو تیۆرییە یاساییە دەکات کە دەچەسپێنرێت بۆئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکارانە بخرێتە ئەستۆی کەسی تۆمەتبارکراو لەسەر ئەو تاوانە جۆراوجۆرانەی کە لەسەرەوە خراونەتە ڕوو. بۆ نموونە، ئایا تۆمەتبارکراو تاوانەکەی ئەنجام داوە، یارمەتی تاوانبارەکەی داوە یان دەستی هەبووە تێیدا، فەرمانی داوە بۆ ئەو کارە، پلانی بۆ داناوە هتد.؟ لە پێناوی ئەوەدا کە کەسێك بەشێوەی تاکەکەسی بەرپرسیارێتی تاوانکارانەی بکەوێتە ئەستۆ بۆ تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، پێکهاتەکانی ئەو تاوانە بنەڕەتییە/ دیاریکراوە (وەك لاقەکردن، پێکهاتە زەمینەییەکانی هاوپۆلی تاوان (وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی) و دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی (وەك ئەنجامدانی تاوانەکە) پێویستە بەبێ هەر گومانێکی ماقوڵ بسەلمێنرێن.

هەموویان پێکەوە، پەیماننامەکانی ترایبیونالّ بۆ مەبەستی دیاریکراو و دوولانە و ICC چەندەها شێوازی جیاوازی بەرپرسیارێتی تاوانکارانەیان ڕیزبەند کردووە کە بەگوێرەی ئەوانە کەسێك ڕەنگە بەرپرسیارێتی تاوانکارانەی بکەوێتە ئەستۆ لەسەر ئەنجامدانی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید. ئەو دۆخانەی کە لێرەدا خراونەتە ڕوو نموونەن لە پەیماننامەی ڕۆماوە وەرگیراون و لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە خراونەتە ڕوو ڕیزبەند کراون. خاوەنپیشەکان دەبێت جارێکی تر ئەوە بهێننەوە بەرچاوی خۆیان کە یاسای ناوخۆیی زەمینەیەکی دیاریکراو کە ئەوان کاری تێدادەکەن لەوانەیە دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی زۆر لەوانە جیاواز بخاتە ڕوو وەك لەوانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەچەسپێن.

پرەنسیپی بنەڕەتی بۆ ئەم بڕگەیە ئەوەیە کە بێجگە لە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کردارە تاوانکارانەکە خۆی و سەرباری کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو زەمینەیەی کە کردارە تاوانکارانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردن پێویستە هەروەها بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری بێت سەبارەت بەوەی کە ئەو کەس(انە) ـی کە دەڵێن گوایە ئەو کارەیان ئەنجام داوە لە چ بارەیەکەوە و چۆن دەشێت بەرپرسیار بن لە تاوانەکە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو تاوانەی کە دەڵێن چۆن ئەنجام دراوە و سروشتی ڕۆڵی ئەو کەسە چۆن بووە کە دەڵێن گوایە بەو کارە هەستاوە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکارانەیەی توندوتیژی سێکسیدا.

پەیماننامەی ڕۆما ئەو دۆخی بەرپرسیارێتی یاساییانەی خستۆتە ڕوو کە بەسەر ئەو ئەنجامدەرانی تاوانەدا دەچەسپێن کە لە ICC دەدرێن بە دادگە. [27]هەندێك لەوانە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

### بەشداری لە ئەنجامدانی تاواندا (بەندی 25(3)(أ)) و بەرپرسیارێتی یاسایی مەبەستی هاوبەش (بەندی 25(3)(د))

ئەو دۆخەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بەسەر ئەو کۆمەڵە کەسانەدا دەچەسپێن کە پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ پلاندانان و ئەنجامدانی تاوان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. ترایبیونالّە تایبەتەکان یاسای کەیسیان گەڵاڵە کردووە لەسەر بەشداری لە ئەنجامدانی تاواندا بەگوێرەی تیۆرییەکانی ئەوەی کە پێی دەڵێن "چالاکی تاوانکارانەی هاوبەش".

### بەشداری ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامدانی تاواندا (بەندی 25(3)(أ))

ئەگەر ڕاستییەکانی بەسەرهاتەکە وەها دەربخەن کە ئەنجامدەر(ەکان) ڕەنگە بەرپرس بن بەگوێرەی دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی بەشداری ناڕاستەوخۆ، ئەوا خاوەنپیشەکان دەبێت زانیاری ئەوتۆ کۆبکەنەوە کە ئەوە دەربخات ئەو کەسەی کە دەڵێن گوایە ئەو کارەی ئەنجامداوە کۆنترۆڵی هەبووە بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەدا. ئەو کۆنترۆڵە دەکرێت بە چەندەها شێوازی جیاواز نیشان بدرێت، وەك کۆنترۆڵکردن بەسەر ویستی ئەنجامدەری ڕاستەوخۆدا یاخود بە کۆنترۆڵکردن بەسەر دەزگایەکی ڕێکخراوی دەسەڵاتدا، وەك پۆلیس یاخود دامەزراوەیەکی سەربازی. سەرباری ئەوەش، ئەنجامدەری تاوانەکە دەبێت نیازی ئەنجامدانی تاوانەکەی هەبووبێت و ئاگاداری ئەو بارودۆخە بووبێت کە توانای پێبەخشیوە کە بتوانێت کۆنترۆڵ بکات بەسەر تاوانەکەدا.[28]

27 تێبینی ئەوە بکە کە دۆخەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی ئەگەری ئەوەیان زۆرە کە زۆر لەوە فورانتر بن وەك لەوەی کە لە پەیماننامەی ڕۆمادا کۆبەند کراون.

28 تێبینی ئەوە بکە کە هەندێك لە ڕاستییە بنچینەییەکانی ئەو دۆخی بەرپرسیارێتی یاساییە ڕەنگە هەروەها بۆ سەلماندنی دۆخی دیکە بەسوود بن، وەك بەرپرسیارێتی فەرماندەیی فەرماندە سەربازییەکان بەگوێرەی بەندی 28(أ).

## فەرمانکردن (بەندی 25(3)(ب))

لە پێناوی ئەوەدا کە بگەیتە ئەو باوەڕەی کە ئەنجامدەری تاوانەکە ڕەنگە فەرمانی دابێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی سێکسی، خاوەنپیشەکان دەبێت زانیاری ئەوتۆ کۆبکەنەوە کە ئەوە دەربخات ئەنجامدەری تاوانەکە دەسەڵاتی ئەوەی هەبووە کە فەرمان دەربکات و وەها چاوەڕوانی بکات کە جێبەجێ بکرێن.

## سازکردن/فریودان (بەندی 25(3)(ب))

زانیارییەك کە ئەوە دەربخات کە کەسێك کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانەیە کەسێکی تری سازداوە یاخود فریوی داوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت ئەوە نیشان بدات کە ئەنجامدەرەکە ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی ئەو تاوانەی هانداوە، وروژاندووە، پاڵپێوەناوە یاخود قایلی کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.

## کۆمەککردن و بزواندن (بەندی 25(3)(ج))

بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەنجامدەرێکی تاوان کۆمەکی بە ئەنجامگەیاندنی توندوتیژی سێکسی کردووە وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی یان بزواندویەتی، دەبێت ئەوە نیشان بدرێت کە ئەنجامدەرەکە یارمەتی کردارەکی بۆ ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی تاوانەکە فەراهەم کردووە (بۆ نمونە بەهۆی فەراهەمکردنی هۆکاری بەئەنجامگەیاندنی تاوانەکە)، یاخود هاندان یاخود پشتگیری ئەدگارییەوە.

## بەرپرسیارێتی فەرماندەکان و کەسانی دیکەی باڵادەست (بەندی 28)

ئەنجامدەرانی تاوانی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی هەروەها دەشێت ئەو تاوانانەیان لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان ئەنجام دابێت وەك کەسانی باڵادەست یان فەرماندە کە دەستیان بەسەر ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی تاوانەکەدا ڕۆیشتووە.

ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرماندەیەکی سەربازی بێت، ئەوا خاوەنپیشەکان پێویستییان بە زانیاری ئەوتۆ دەبێت کە ئەوە نیشان بدات ئەو کەسە کۆنترۆڵێکی کاریگەری هەبووە بەسەر ئەوانەدا کە لەژێر فەرمانیدان، ئەو زانیویەتی یاخود دەبوایە بیزانیایە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان تاوان ئەنجام دەدەن، کە ئەو ڕێوشوێنی ڕەوای نەگرتۆتە بەر بۆ بەرگرتن لەو تاوانە یاخود سزادانیان یاخود ڕادەستکردنیان بۆ بەردەم دەسەڵاتدارانی لێهاتوو بۆ لێکۆڵینەوە لێیان و ئەوەش کە لە ئەنجامی ئەوەوە تاوانەکە ئەنجام دراوە.

ئەگەر تاوانەکان لەلایەن کەسێکی مەدەنی باڵادەستەوە ئەنجام درابن، ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن خاوەنپیشەکەوە کۆدەکرێنەوە پێویستە ئەوە نیشان بدەن کە پەیوەندییەکی کەسی باڵادەست- ژێردەست هەبووە لەنێوان کەسی باڵادەست و ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی تاوانەکە لە شوێنی ڕووداوەکەدا، کە کەسی باڵادەست زانیویەتی یان بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئەو زانیاریانەی پشتگوێ خستووە کە بە ڕوونی ئەوەیان دەرخستووە کە کەسانی ژێردەستی تاوان ئەنجام دەدەن، کە تاوانەکان چالاکییەك بوون لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی کارا و کۆنترۆڵی کەسی باڵادەستدا، کە ئەو کەسە هەموو ڕێوشوێنە پێویست و ڕەواکانی نەگرتۆتە بەر بەرگرتن لەو ڕووداوە یان ڕادەستکردنی بۆ لای دەسەڵاتداران بۆ لێکۆڵینەوە لێی و ئەوەش کە لە ئەنجامی ئەوەوە تاوانەکە ئەنجام دراوە.

دەگمەنی بەدادگەگەیاندنی ناوخۆیی لەسەر تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی، قەبارەی سنورداری بەدادگەگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆ ئەو تاوانانە و بەرفراوانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە سەرتاسەری جیهاندا - بەتایبەتی لە ڕەوشی ململانێیی چەکدارانەدا - بەردەوام کەلێنێکی گەورە لە خۆلادان لە سزاداندا بەجێدەهێڵێت...

جەین ئادۆنگ ئەنیوار (Jane Adong Anywar)،
دەسپێشخەری ژنان بۆ دادپەروەری ڕەگەز،
مشتومڕی UNSC، 2013

# بەشی 2: بەبەڵگەنامەکردن بەشێوەی کردارەکی 28


## 3. ڕەچاوکردنی ئامادەکاری 29

3.1 زیان بە کەس مەگەیەنە 29
3.2 ڕاهێنان 29
3.3 هەڵسەنگاندنەکان 30
(i) توێژینەوە 31
(ii) هەڵسەنگاندنی مەترسی 33
3.4 پلاندانان بە شێوەیەکی گشتی 35

## 4. تەوەرە سەرەکییەکانی پلاندانان 36

4.1 هاوئاهەنگی 36
4.2 شرۆڤەکردن 38
4.3 ڕێکخستنی زانیاری 41

## 5. دەستنیشانکردنی دەربازبوان و شایەتی دیکە 41

5.1 دەستنیشانکردنی ڕاستەوخۆ 42
5.2 ناوەندگیری 42

## 6. ئیفادەی شایەت 44

6.1 ڕەزامەندی هۆشیارانە 45
6.2 نهێنیپارێزی 47
6.3 ڕەوانەکردن 48

## 7. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن 50

7.1 ڕێکبەندی چاوپێکەوتن 52
7.2 لیستی پشکنینی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن 53
7.3 جۆری پرسیارەکان 54
7.4 شێوازی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن 56
7.5 تۆمارکردنی زانیاری چاوپێکەوتن 61

## 8. سەرچاوەی زیاتری زانیاری 61

8.1 بەڵگەی بەرجەستە 61
(i) شوێنی پەلامارەکان 63
8.2 بەڵگەی نووسراو 66
(i) جۆری بەڵگەنامەکان 66

## 9. ئەمبارکردنی زانیاری 68

9.1 ئەمبارکردنی بەڵگەنامە و زانیاری بەرجەستەی تر 69
9.2 ئەمبارکردنی زانیاری دیجیتاڵ 69
9.3 ئەمبارکردنی زانیاری پزیشکی یاسایی/ فۆرینسیکی 70

# بەشی 2: بەبەڵگەنامەکردن بەشێوەی کردارەکی

## 3. ڕەچاوکردنە ئامادەکارییەکان

### 3.1 "زیان بە کەس مەگەیەنە"

بەشدارکردنی تاکەکەسەکان، خێزانەکانیان و کۆمەڵگەکان لەپێناوی لێکۆڵینەوە و بەبەڵگەنامەکردنی زانیاری توندوتیژی سێکسی پێویستە بە جۆرێك ئەنجام بدرێت کە دەستراگەیشتن بە دادپەروەری بۆ دەربازبوان بۆ بەرزترین ئاست بەرزبکاتەوە و هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەگونجێت هەر کاریگەرییەکی نەرێنی کە دەشێت پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردن هەیبێت لەسەریان بۆ نزمترین ئاست دابیەزێنێت.

کاتێك کە زانیاری دەربارەی توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە دەکەن، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان کە ئەو پەڕی هەوڵ بدەن "زیان بە کەس نەگەیەنن" یاخود ئەو زیانپێگەیشتنە بۆ نزمترین ئاست نزمبکەنەوە کە ڕەنگە ئەوان بە سەهو بینەهۆی ڕوودانی لە میانەی ئامادەبوونیان لەوێ یاخود بەهۆی سەرپشکبوونیانەوە بۆ ئەو کارە.

لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، خاوەنپیشەکان دەبێت لانی کەم:

1. **لەو مەترسیانە تێبگەن کە بەهۆی بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسیەوە دەشێت ڕووبەڕوویان بێنەوە.**
2. **ئەوە دڵنیا بکەن کە ئەو ئەندامانەی تیمەکە کە توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە دەکەن بە ڕێکوپێکی ڕاهێنانیان پێکراوە.**
3. **ئەوە دڵنیا بکەن کە دەربازبوان و شایەتەکان ڕەزامەندی هۆشیارانەی خۆیان دەدەن بۆ بەشداربوون لە بەدواداچونەکاندا.**
4. **ئەو زانیاریانە بپارێزن کە بەبەڵگەنامە کراون.**
5. **خۆپارێزی تایبەت بگرنە بەر کاتێك کە لەگەڵ دەربازبوان و شایەتە منداڵەکان کار دەکەن.**

ستراتیژی ئەوتۆیان هەبێت بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە پرنسیپی "زیان بە کەس مەگەیەنە" کە لە ماوەی پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردندا دەچەسپێت لە سەرتاسەری پرۆتۆکۆلەکەدا ڕەنگی داکوتاوە.

### 3.2 ڕاهێنان

خاوەنپیشەکان دەبێت ئاستی گونجاوی کارامەیی و ڕاهێنانیان هەبێت بۆ گرتنەئەستۆی بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی. بەتایبەت خاوەنپیشەکان دەبێت:

- لەوە دڵنیاببنەوە کە هەموو ئەندامانی تیمەکە، بەوانەشەوە کە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن، وەرگێڕەکان، شیکارکارەکان و کارمەندانی پشتگیری هەموویان بە ڕێکوپێکی پاڵێوراون و ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی پێشێلکاری بەگوێرەی ستاندارده بنەڕەتییەکان هەر وەك لەم پرۆتۆکۆلەدا خراونەتە ڕوو.
- لەوە دڵنیاببنەوە کە هەموو ئەندامەکانی تیمەکە زانین و ئەزموونیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی و بەتایبەت شارەزای تەکنیك، زاراوەسازی و ستراتیژە گونجاوەکانی چاوپێکەوتن بن لە پێناوی وەڵامدانەوەی هەستیارانە بە ڕووهەڵماڵین لەسەر توندوتیژی سێکسی لەلایەن دەربازبوو/ شایەتە نێرینە و مێینەکانیشەوە.
- هەر کات بگونجێت، ڕاهێنان بە کارمەندەکان بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن و ڕێگەکانی دەستنیشانکردن و وەڵامدانەوە بە گوشاری دەروونی دوای زەبر و مەترسییەکانی خۆکوشتن و خۆئازاردان.

**کاتێك کە لەگەڵ دەربازبوو و شایەتی[29] منداڵ کار دەکەن، خاوەنپیشەکان بەتایبەت دەبێت:**

- ڕاهێنانی تایبەتیان پێکرابێت لەسەر شێوازی نزیکبوونەوە، چاوپێکەوتن و ڕەوانەکردنی منداڵ بۆ ئەوەی خاوەنپیشەکان بتوانن وەڵامبدەنەوە بە بارناسکی و توانستی تایبەتی منداڵەکە.
- لەوە تێبگەن کە چۆن پرەنسیپی "زیان بە کەس مەگەیەنە"، نهێنیپارێزی و ڕەزامەندی هۆشیارانە دەچەسپێنن بەتایبەت بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ، بە بەکارهێنانی تەکنیکی گونجاو بەگوێرەی تەمەن کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ دەربازبوان و شایەتەکانی تر دەکەن.[30]
- ڕاهێنانیان پێکرابێت لەسەر کارامەییەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ کە هەستیار بن بەگوێرەی تەمەن و ئەوە ڕەچاو بکەن کە کارلێککردن لەگەڵ منداڵی زۆر بچووك پێویستی بە کارامەیی جیاواز هەیە وەك لەوەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکاران پێویستە.
- ڕاهێنانیان پێکرابێت لەسەر تەکنیکەکانی بەرگرتن لەوەی کە جارێکی تر منداڵەکان نەخەنەوە بارێکی تاڵ و دڵڕاتەکێنەوە، وەك ئەوەی کە وەهایان لێبکەن هەست بە وروژاندنی جەستەیی و سۆزداری بکەن (دەم تەتەڵکردن، لەرزین و گریان).
- لەو گرێ و کۆسپە تایبەتانە تێبگات کە گرووپە جیاوازەکانی ئەو منداڵانەی کە لە بارێکی ناسکدان دەشێت ڕووبەڕوویان ببنەوە، وەك مەترسی ڕەتکردنەوە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەوە کە ئەو کچە گەنجانەی هاوپەیوەست دەبن بە گرووپ و هێزە چەکدارەکانەوە دەکرێت بەسەریان بێت.

## 3.3 هەڵسەنگاندنەکان

چەندەها کێشە هەیە کە دەبێت لەلایەن خاوەنپیشەکانەوە بە شێوەیەکی گشتگیر هەڵبسەنگێنرێن و توێژینەوەیان لەسەر بکرێت بەر لە دەستکردن بە پرۆسەیەکی بەبەڵگەنامەکردن. ئەو زانیاریانە دەکرێت ببن بەو بنچینەیەی کە لەسەر ئەوە پلانی بەبەڵگەنامەکردن دەکرێت دابڕێژرێت - ئەوە زۆر گرنگی دەدات بە زانین و زەمینەی هاوبەش بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە دەربازبوانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بێهێزناکرێن، دەتوانن دەستیان بە دادپەروەری ڕابگات و سەلامەتیان ناخرێتە مەترسییەوە.

وەك یەکەم هەنگاو، خاوەنپیشەکان دەبێت، هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەگونجێت، ئەوە هەڵبسەنگێنن کە ئاخۆ ئەو زانیاریانەی کە پێویستن لەلایەن خاوەنپیشە و ڕێکخراوی ترەوە پێشتر بەبەڵگەنامە کراون، ئاخۆ دەکرێت دەستیان بەو زانیاریانە ڕابگات و ئاخۆ دووبارە بەبەڵگەنامەکردن، بە چاوپێکەوتنیشەوە، کارێکی پێویستە. ئەگەر ئامانج بەدەستهێنانی میکانیزمێکی دادپەروەری بێت ئەوا ڕەنگە بەو جۆرە بێت کە دووبارە سازدانی چاوپێکەوتن کارێکی ڕەها بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سەرپشککردنەکە بۆ داکۆکیکار بێت، ئەوە ڕەنگە پێویست نەبێت.

بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان و شایەتەکانی تر یاخود کۆکردنەوەی زانیاری، خاوەنپیشەکان دەبێت: **(i) توێژینەوە لەسەر ئەو تاوانانە بکەن کە دەڵێن گوایە ئەنجام دراون، زەمینە و کۆمەڵگە؛ (ii) مەترسییەکان هەڵبسەنگێنن لەسەر دەربازبوان، خاوەنپیشەکان و زانیارییەکان و (iii) ئەوە یەکلایی بکەنەوە کە دەربازبوان دەبێت هەتا ئێستا چ خزمەتگوزارییەکیان بەدەست گەیشتبێت.** خاوەنپیشەکان ڕێنمایی دەکرێن کە ئەو ئەرکانە پێویست ناکات بەشێوەیەکی تایبەت بە ڕیز ئەنجام بدرێن، بەڵکو زیاتر دەبێت شانبەشانی یەکتر ڕەچاو بکرێن. بۆ نموونە، شتێکی ئەستەمە کە مەترسی ئاسایشی تایبەت لەسەر دەربازبوان هەڵبسەنگێنرێت بەبێ ئەنجامدانی توێژینەوە لە شێوازی پێشێلکارییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا؛ بەهەمان شێوە، توێژینەوە لەو بەربەستانەی کە دێنە ڕێگەی بەرپرسیاربوون بۆ دەربازبوان هەمیشە هەڵسەنگاندنی مەترسی تا ئاستێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت.

29 جاڕنامەی مافەکانی منداڵ پێناسەی منداڵ وەها دەکات کە "هەموو مرۆڤێکە لەخوار تەمەنی 18 ساڵانەوە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە بەسەر منداڵەکەدا دەچەسپێت، تەمەنی یاسایی زووتر بەدەست بێت". دڵنیاکردنی تەمەنی ڕاستەقینەی دەربازبوو/ شایەتی تاك شتێکی بنچینەییە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ڕەزامەندی هۆشیارانە مسۆگەر بکرێت، هەروەها ئەوە کاریگەریشی دەبێت لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی تاوانکارانە. کاتێك کە منداڵ بەڵگەنامەی تۆمارکردنی لەدایکبوونیان پێ نەبێت، دەبێت پێوەری دیکە بگیرێتە بەر بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی منداڵەکە، لەوانە لە ڕێگەی تۆماری کەنیسە، تۆماری کۆمەڵگە بۆ لەدایکبوان و سیستەمی کاتی یان کوتوپڕی کە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە دادەمەزرێن. بۆ ڕێنوێنی زیاتر بڕوانە یونیسێف، بنکەی توێژینەوەی ئینۆسێنتی، دووربینی ئینۆسێنتی: تۆمارکردنی لەدایکبوون و ململانێی چەکدارانە، 2007.

30 بڕوانە IRC, UNICEF, Caring for Child Survivors of Sexual Abuse: Guidelines for Health and Psychosocial Service Providers in Humanitarian Settings, 2012.

### (i) توێژینەوە

لە خوارەوە هەندێك تەوەری سەرەكی دەبینیتەوە كە بەتایبەت پەیوەندییان بە بەبەڵگەنامەكردنی توندوتیژی سێكسییەوە هەیە كە خاوەنپیشەكان دەبێت خۆیانیان پێ ئاشنا بكەن وەك خاڵێكی سەرەكی بۆ بەدواداچونەكانیان.

هەندێك لەو زانیاریانەی خوارەوە هەر ئێستا لەو ڕاپۆرت، بەڵگەنامە و ماڵپەڕانەدا كە زانیاری ئازادیان تێدایە بە بێبەرانبەر بەردەستن. هەندێكیان پێویستییان بە توێژینەوەی چڕوپڕتر هەیە و ڕەنگە لەلای نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی تر، ڕێكخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەكان، ڕێكخراوی خۆجێی و میللی و خانەی هزر (think-tank) دەستبكەون. زانیاری دیكە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناوخۆیی بۆ ئەو خاوەنپیشانە بەردەست دەبن كە لە زەمینەی نیشتمانی خۆیاندا كار دەكەن. خاوەنپیشەكان ڕەنگە نەتوانن بەر لە دەستكردن بە پرۆسەی كۆكردنەوەی زانیاری وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەڵامدانەوەی هەرچی زیاتری ئەو پرسیارانە وەها لە خاوەنپیشەكان دەكات كە باشتر پلان بۆ ڕێبازەكەیان دابنێن، ئەو زانیاریانە كۆبكەنەوە كە لە هەموان پەیوەندیدارتر و گرنگترن بۆ بابەتەكە و مەترسی بۆ سەر دەربازبوان/ شایەتەكان و خۆیشیان كەمتر بكەنەوە.

#### توێژینەوەی ئامادەكاری بۆ تاوانە تایبەتەكان

- ئایا بزوێنەرەكانی ڕەگەز لە ناوچەكەدا چین- لەسەر ئاستی وڵات و ناوچەییش- كە پێشێلكارییەكان لەو بوارەدا ڕوودەدەن؟ ئایا بیروباوەڕی نەریتی و كولتووری لەناو كۆمەڵگەدا چۆنە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەگەزەكان؟ ئایا ئەوە چۆن كاریگەری دادەنێت لەسەر توانستی دەربازبوان بۆ ڕاپۆرتدانی تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری؟[31]

- ئایا سروشت و پانتایی ئەو كردارانەی توندوتیژی سێكسی چۆنن كە دەڵێن گوایە ئەنجام دراون؟ ئایا شێوازی ئەو كردارە تاوانكارانانە چۆنە و چۆن لەگەڵ شێوازی پەلامارەكە بە شێوەیەكی گشتی یەكدەگرنەوە؟

- ئایا چ شتێك بەشێوەیەكی فەرمی ڕاپۆرت دراوە؟ ئایا ئەوانە بە كێ ڕاپۆرت دراون؟ ئایا لە چ شوێنێك تاكەكەسەكان كراون بە ئامانج؟

- ئایا تێگەیشتنی كۆمەڵگە و هەڵوێستیان بەرانبەر جۆرە جیاوازەكانی توندوتیژی سێكسی چۆنە، بەوانەشەوە كە لەدژی مناڵ ئەنجام دەدرێن؟ ئایا دەرئەنجامەكانیان، ئەگەر هەبێت، بۆ دەربازبوان/شایەتەكان چۆنە؟ ئایا كۆمەڵگە یاخود خێزان كاردانەوەی چۆن دەبێت ئەگەر لە تاوانێكی توندوتیژی سێكسی ئاگادار بكرێنەوە كە لە دژی یەكێك لە ئەندامانی كۆمەڵگەكەیان ئەنجام درابێت؟ ئایا كاردانەوەكە جیاواز دەبێت لەسەر بنچینەی تەمەن یاخود ڕەگەزی دەربازبوو/ شایەتەكە؟

- ئایا هەلومەرجی ئاسایشی چۆنە و ئەو بەربەستانە چین لەبەردەم دەربازبواندا لە هەوڵدانیاندا بۆ دەستڕاگەیشتن بە میكانیزمەكانی دەستنیشانكردنی ئەوانەی كە بەرپرسیارن لەو تاوانە؟

- ئایا جۆرە جیاوازەكانی توندوتیژی سێكسی چۆن وەك تاوان دەناسێنرێن، ئەگەر هیچیان ناسێنرابن؟ ئایا پێداویستییە یاساییەكانی سەلماندنی تۆمەتباركردنی فەرمی توندوتیژی سێكسی چین؟ ئایا سیستەمی یاسایی نیشتمانی یەكسانی لەبەردەم یاسادا فەراهەم دەكات؟ ئەگەر وەڵامەكە بەڵێیە، ئایا بەشێوەی كردارەكی دەچەسپێنرێت؟ ئایا ڕێساكانی ڕێوشوێن و بەڵگە ئاسانكاری دەكەن یاخود بەربەست دروست دەكەن لەبەردەم دەستڕاگەیشتنی دەربازبوان بە دادپەروەری؟ بۆ نموونە، ئایا ئیفادەی شایەت لە پیاوان و ژنانەوە هەمان قورساییان دەبێت؟ ئایا مەرجی یاسایی تایبەت دانراوە سەبارەت بە مناڵ؟

- ئایا كەیسەكان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی لێكۆڵینەوەیان بۆ دەكرێت و دەدرێنە دادگە؟ ئایا یەكەی تایبەتمەندی پۆلیس هەیە كە ڕاهێنانیان پێ كرابێت بۆ لێكۆڵینەوە و بەدادگەیاندنی تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی، بە یەكەی ئەوتۆشەوە كە پسپۆڕی تایبەتیان هەبێت لە مامەڵەكردن لەگەڵ مناڵدا؟

31 ئامڕازێكی بەكەڵك بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە the Women’s Initiatives for Gender Justice’s Gender Equality Traditions (GET) Indicators Checklist checklist from its publication Gender in Practice: Guidelines and Methods to address Gender Based Crime in Armed Conflict, pp 9-14 لێرەدا دەستدەكەوێت: http://www.iccwomen.org/whatwedo/training/docs/Gender_Training_Handbook.pdf

- ئایا جۆرە جیاوازەکانی دادپەروەری چین، چ فەرمی و چ نافەرمی، کە بۆ دەربازبوان/شایەتەکان بەردەستن؟ ئایا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو جۆرانەی دادپەروەری چین؟ ئایا میکانیزمە نافەرمییەکان ڕەنگدانەوەی نایەکسانی ڕەگەزین یاخود ئەو نایەکسانیانە جێگیرتر و قایمتر دەکەن؟ ئایا لە میکانیزمی دادپەروەری نافەرمیدا ژنان و پیاوان مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵ دەکرێت؟ ئایا دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ئەو دەربازبوو/ شایەتە چییە کە نەیەوێت لە چوارچێوەی میکانیزمە باوەکاندا کێشەکەی بەرەوپێش بەرێت بەڵکو لەبری ئەوە ڕوو بکاتە میکانیزمی ئاستی دەوڵەت (ئەگەر ئەوە بوونی هەبێت)؟ ئایا ئەو کەسە دەستی بە هەردوو جۆرەکە ڕادەگات؟ ئایا منداڵان دەستیان بە هەردوو جۆرەکە ڕادەگات؟

### توێژینەوەی ئامادەکاری لەسەر زەمینەکە

- ئایا هەلومەرجی سیاسی و ئاسایشی چۆنە؟ ئایا مێژووی ململانێ یان دوژمنایەتییەکە چەندەیە؟ ئایا مێژوویەکی چەوساندنەوەی ئێتنی، ئاینی یان نەژادی هەیە؟ ئایا بەتایبەت مێژوویەکی چەوساندنەوە لەسەر بنچینەی ڕەگەز هەیە (واتە بێبەشکردنێکی سەخت لە مافە بنەڕەتییەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز)؟
- ئایا چ جۆرە کەسانێك کراون بە ئامانج؟ ئایا گرووپی تایبەت کراون بە ئامانج؟ ئایا منداڵ بەتایبەت کراون بە ئامانج؟ ئایا چۆن زانراوە کە ئەو گرووپانە کراون بە ئامانج؟ ئایا کێ کردوونی بە ئامانج؟ ئایا ئەوانە لەلایەن پیاوان، کوڕان، ژنان یاخود کچانەوە کراون بە ئامانج؟
- ئایا هیچ ڕاپۆرت یاخود تۆمارێك لەسەر کرداری تاوانکارانەی تر ئامادە کراوە کە وەك بەشێك لە پەلامارەکە ئەنجام درابێت؟ ئایا ڕووداوی ڕاپۆرتدراو هەیە لەسەر ئەوەی کە دابێتیان بەسەر ماڵاندا، خەڵکی مەدەنی دەستگیر کرابن و ڕاگیرابن، پەلامار بۆ سەر گوند یاخود لە خاڵی پشکنیندا، یاخود ڕاپۆرتدانی ئەشکەنجەی سێکسی یان نا-سێکسی؟ ئایا شێوازی تاوانەکان چۆنن؟

### توێژینەوەی ئامادەکاری لەسەر ئەو ئەنجامدەرانەی کە دەڵێن گوایە بەو کارانە هەستاون

- ئایا ژێرخانی سەربازی و ئاسایشی چۆن ڕێکخراوە؟ ئایا چ گرووپێکی چەکدار لە ناوچەکەدا چالاکن؟ ئایا پەیوەندی ئەوان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە چۆنە؟
- ئایا گرووپە چەکدارەکان لەکوێوە هاتوون؟ ئایا وابەستەیی ئەوان چۆنە (سەر بە کێن)؟ ئایا ئەو گرووپانە لە ژنان و پیاوانیش پێکدێن؟ ئایا ئەو گرووپانە لە کچان و کوڕانیش پێکدێن؟ ئایا ڕۆڵە جیاوازەکانی گرووپەکان چین؟
- ئایا چ وابەستەییەك هەیە (ئەگەر هەبێت) لەنێوان ئەو گرووپەدا کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن و ئەو هێزانەی ئاسایشدا کە لە ناوچەیدا بوونیان هەیە کە کرداری بەبەڵگەنامەکردن ئەنجام دەدرێت؟ ئایا ئەنجامدەرانی تاوانەکان یاخود هەر کام لە وابەستەکانیان هیچ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو تاوانە کاریگەری لەسەر داناوە لەکاتێکدا کە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدرێت؟

### توێژینەوەی ئامادەکاری لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەردەستن و دەستیان پێڕادەگات

- ئایا دەربازبوان چ سەرپەرشتییەکی پزیشکی و دەرونکۆمەڵایەتییان پێشکەش کراوە؟
- ئایا چ بژاردەیەکی یارمەتی تەندروستی، دەرونکۆمەڵایەتی، یاسایی و ئابووری بۆ دەربازبوان/ شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی بەردەستە؟ ئایا چ سیستەمێکی ڕەوانەکردن یاخود ڕێبازێك دانراوە؟
- ئایا چ دابینکارانێك ئەو خزمەتگوزاریانە لەسەر ئاستی خۆجێیی، ناوچەیی و نیشتمانی فەراهەم دەکەن؟
- ئایا هیچ بەربەستێك هەیە لەبەردەم دەربازبوان/ شایەتەکاندا بۆ دەستڕاگەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە (بۆ نمونە نیگەرانی ئاسایشی، ئاستەنگی دارایی یاخود هەڵوێست یان پەیڕەوی هەڵاواردن)؟

### (ii) هەڵسەنگاندنی مەترسی

کاتێك کە پلان بۆ بەبەڵگەنامەکردن یاخود لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی سێکسی دادەنێن، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان هەڕەشەکان هەڵبسەنگێنن (ڕاستەقینە، خەیاڵی یاخود دەرکپێکراو) کە ئەگەری ئەوەی زۆر بێت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە دەربازبوان و شایەتەکانی تر، شانبەشانی ئەو مەترسیانەی کە ئەو هەڕەشانە ئەنجام دەدرێن. بەر لە گەڵاڵەکردنی پلانێکی بەبەڵگەنامەکردن، خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها نیگەرانییەکانی مەترسی و سەلامەتی لەسەر هەموو ئەندامانی تیمی بەبەڵگەنامەکردن و هەموو ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت هەڵبسەنگێنن. ڕەچاوکردنی سیستەمەکانی کارمەندان، لۆجیستیکی، وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسین بۆ ڕێکخستنی زانیاری و ستراتیژ بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەربازبوان/شایەتەکان دەکرێت ئەنجامێکی باشتر بدات بەدەستەوە دوای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێك بۆ مەترسییەکان لەسەر دەربازبوان/ شایەتەکان، تیمی خاوەنپیشەکان و زانیارییەکە خۆیشی.

#### هەڵسەنگاندنی مەترسی لەسەر دەربازبوان/ شایەتەکان

**1. مەترسی بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان لە پەیوەندیدا بە بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی ئەمانە دەگرێتەوە:**

- هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە/ تۆقاندن لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن/ خێزانەکانیان/ لایەنگرانیان لە دژی دەربازبوان/ شایەتەکان و/یان خێزانەکانیان؛
- سزادان، بە توندوتیژی جەستەیشەوە، لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگە/ خێزان/ سەرپەرشتیاری پلەیەکی ئەو کەسەوە؛
- فشاری سەپێنراو بۆ ناچارکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان بۆ لەگەڵ ئەنجامدەرانی تاوانەکە ڕێکبکەون (دەربازبوان/ شایەتەکان لەوانەیە ناچار بکرێن کە شوو بە ئەنجامدەری تاوانەکە بکەن یان لەگەڵی بژین)؛
- هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی دەستکەوتی دارایی بۆ خێزانی دەربازبوان/ شایەتەکان پێشترێتی دەبێت بەسەر دادپەروەریدا بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان؛
- جارێکی تر دووچاری ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن کردن
- ڕەتکرانەوە لەلایەن هاوسەر، ئەندامانی دیکەی خێزان یان کۆمەڵگەوە، کە ببێتە هۆی گۆشەگیرکەوتن یاخود بێبەشبوون لە منالّ؛
- لەدەستدانی بژێوی؛
- لەدەستدانی دەستڕاگەیشتن بە خوێندنگە و بواری ڕاهێنانی پیشەیی بۆ منالان؛ و
- لە هەندێك باری زۆر سەختدا، دەسگیرکردن و سزادان - بۆ نموونە کاتێك کە ڕەفتاری سێکسی لە دەرەوەی ژنوژنخوازی یاخود کرداری هاوڕەگەزبازی بە تاوان بناسرێن.

**2. بەتایبەت، خاوەنپیشەکان دەبێت ئەم پرسیارانە لەخۆیان بکەن:**

- ئایا خزمەتگوزاری پزیشکی لەو نزیکە هەیە، ئەگەر وایە، ئایا دەتوانیت دەستت پێی ڕابگات؟ ئایا ئەو شوێنە خزمەتگوزاری پێشکەش بە هەموو ئەو دەربازبوان/ شایەتانە دەکات کە تۆ سەروساختت لەگەڵیان هەیە و ئەگەر بۆ هەموویان نەبێت ئەی کێ دەتوانێت سەرپەرشتی بۆ ئەوانی دیکە فەراهەم بکات؟
- ئایا بەبەڵگەنامەکردن لە ناوچەیەکدا ئەنجام دەدرێت کە دوژمنکاری بەردەوامە، سەرپێچیکاران هێشتا هەر لە ناوچەکەدا یاخود دەربازبوان/ شایەتەکان لەبەر مەترسی تۆقاندن، پەلاماری زیاتر (بە تۆڵەسەندنەوەوە لەسەر قسەکردنیشەوە) و دەرکردن لە زێدی خۆیاندان؟ ئەگەر وەهایە، ئایا تۆ چ ستراتیژێك دادەنێیت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەدا؟

- ئایا زانیاری دەربارەی شوێنی شوێنکارێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەربازبوو/ شایەتێك بکەوێتە بەر مەترسی ئاشکرابوون ئەگەر ئەو زانیاریانە ببرێنەوە سەر ئەو کەسە؟ ئەگەر وەهایە، تۆ چ میکانیزمێك دادەنێیت بۆ پاراستنی دەربازبوو/ شایەت یاخود سەرچاوەکە لە هەر مەترسییەك؟
- ئایا سەردانی شوێنی تایبەتی ڕوودانی تاوان مەترسی ئەوەی دەبێت کە ئەو کەسانەی ئەو شوێنانەیان پێوتوویت بخاتە مەترسی زیاترەوە؟ ئەگەر وەهایە، ئایا ڕێگەی تر هەیە (وەك لە ڕێگەی نێوەندگیرێکەوە) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو شوێنانە؟
- ئایا منالآن چ جۆرە مەترسییەکی تایبەت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەگەر بێنە پێشەوە و کەیسەکانیان ڕاپۆرت بدەن؟ ئایا منالآن ئەگەری ئەوەیان هەیە کە لەکەدار و گۆشەگیر بکرێن ئەگەر تاوانێك ڕاپۆرت بدەن؟ ئایا چ پرۆتۆکۆلێك لەئارادایە بۆ چارسەرکردنی ئەو مەترسی و زیانپێگەیشتنە دەستنیشانکراوانە لەسەر منالآن؟
- ئایا تۆ هەم زانینی خۆت و هەم هی دەربازبوان/ شایەتەکانت ڕەچاو کردووە سەبارەت بە مەترسییەکان؟ خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ڕاوێژ بە دەربازبوان/ شایەتەکان بکەن، چونکە ئەوان تەنها خۆیان ڕەنگە ئاگاداری هەندێك مەترسی دیاریکراوی تاك و تەرا، خۆجێی یان ئەوانە بن کە تایبەتن بە خەڵکی ناوچەکە.

## هەڵسەنگاندنی مەترسی بۆ سەر خاوەنپیشەکان

**1.** ئایا گەیشتن بە ناوچەکە و گەشتکردن بەناویدا ئەگەری ئەوەی زۆرە کە مەترسیدار بێت؟

- ئایا مەترسی گرووپە چەکدارەکان، تۆڕی تیرۆریستی و تاوانکارانە هەیە لە ناوچەکەدا یاخود لەو شوێنەدا کە کارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت؟
- ئایا تیمەکەت مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە بەتایبەت بکرێن بە ئامانج؟ ئایا مەترسی ئەوە هەیە کە تۆ خۆت یاخود تیمەکەت هەڕەشەتان لێبکرێت لەلایەن ئەنجامدەرانی تاوان، خێزانەکانیان و لایەنگرانیانەوە (ئەوە بەتایبەت بۆ خاوەنپیشە نیشتمانییەکان مایەی کێشەیە)؟

**2.** ئایا تۆ بیرت لە هیچ مەترسییەکی زیاتری نا-بەرجەستە کردۆتەوە؟ (بەتایبەت بۆ ڕێکخراوە خێرخوازییە نیشتمانییەکان)؟ بۆ نموونە، ڕێکخراوە خێرخوازییە نیشتمانییەکان ڕەنگە هەڕەشەی سڕینەوەی تۆماریان لێبکەن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان.

**3.** ئایا شوێنکارە تایبەتەکان لەبارەی جوگرافییەوە سەلامەتن بۆ سەردان؟

- ئایا گەیشتن بە ناوچەکە سەلامەتە و مەترسی لافاو، هەرەسی زەوی و باردوخۆخی ئاووهەوای سەختی نیە؟
- ئایا شوێنکارە تایبەتەکان زۆر دوورەدەستن بۆ گەیشتن پێیان بەبێ ئەوەی کە شەو لەوێ بمێننەوە و ئەگەر وەهایە ئایا دەکرێت شەو لەوێ بمێننەوە؟
- ئایا مەترسی تەقەمەنی نەتەقاوە لە شوێنکارەکە هەیە؟
- ئایا شوێنکارەکە لەناو یان لە نزیکی بینایەکە کە لە بارێکی داتەپیودا بێت؟

**4.** ئایا کاریگەری ئەوە چی دەبێت لەسەرت ئەگەر هەر زانیاری و بەڵگەیەك کە دەشێت تۆ کۆیان بکەیتەوە بە تۆ بگیرێن؟

**5.** ئایا تۆ دەتوانیت چ ڕێوشوێنێك بگریتە بەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسی؟

- ئایا تۆ پلانێکی ئاسایش و چۆڵکردنت داناوە؟
- ئایا تۆ پلانێکی پەیوەندیکردنت داناوە؟

- ئایا تۆ بەگوێرەی پێویست ساز و ئامادەیت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ هەر ڕووداوێكی چاوەڕواننەكراو؟ بۆ نموونە، ئایا تۆ بەگوێرەی پێویست سوتەمەنی زیادە، كەرەسەی فریاكەوتنی سەرەتایی و ئامێری پەیوەندیكردنت هەیە؟

- ئایا تیمەكەت دەتوانن دەستیان بە خزمەتگوزارییەكی پزیشكی ئەو نزیكە ڕابگات؟

- ئەگەر پێویست بكات، ئایا دەتوانیت هێمای ئاشكرای سەر ئۆتومبێل و ئامێرەكانت لابەریت؟

- ئایا پلان، پەیڕەو و بژاردەی ڕەوانەكردنت هەیە سەبارەت بە یارمەتیدانی كوتوپڕی یاخود گواستنەوەی هەر دەربازبوو/ شایەتێك، منداڵی دوور لە كەسوكار یاخود كەسانی دیكە كە تۆ لە شوێنكارە تایبەتەكان دەیانبینیتەوە؟

**6.** ئایا هیچ مەترسییەك هەیە كە تۆ خۆت یان تیمەكەت ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەكێنی خەڵكی تر كاریگەرییان لەسەر دابنێت؟ كاتێك كە مامەڵە لەگەڵ كاریگەری ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەكێنی خەڵكی تر دەكەن، ئەو خاوەنپیشانەی كە مامەڵە لەگەڵ گەلێك كەیس دەكەن دەبێت هانبدرێن پشووی درێژكراوە/ زوو زوو وەربگرن بۆ ئەوەی بێنەوە سەرخۆیان. خاوەنپیشەكان دەبێت هەروەها هانبدرێن باسی ئەو فشاری دەروونییە بكەن كە كەوتوونەتە ژێری.

### هەڵسەنگاندنی مەترسی بۆ سەر زانیاری

- ئایا پلانێكت داناوە بۆ كۆكردنەوە و ئەمباركردنی زانیاری بە سەلامەتی؟

- ئایا چۆن ئەو زانیاریانەی كە كۆیاندەكەیتەوە بە سەلامەتی و نهێنی هەڵدەگریت؟ كەی، بۆچی و چۆن ئەو زانیاریانە لەناودەبەیت كە مەترسی دەستبەسەرداگرتنیان لەسەرە؟ **(بڕوانە بڕگەی 9، "ئەمباركردنی زانیاری").**

- ئایا چۆن هەر زانیاری یان بەڵگەیەك كە كۆدەكەیتەوە دەگوێزیتەوە؟

- ئایا دەتوانیت درێژە بە "زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان" بدەیت و ئایا توانای ئەوەت هەیە كە بە شێوەیەكی سەلامەت و قایم زانیارییەكان بۆ ماوەی دوورودرێژ بپارێزیت؟ **(بڕوانە پاشكۆكانی 6 و 7، "بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەكانی زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان" وە بەڵگەی نووسراو: پرەنسیپەكانی زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان").**

## 3.4 پلاندانان بە شێوەیەكی گشتی

بەر لە دەستدانە پرۆسەیەكی بەبەڵگەنامەكردنی توندوتیژی سێكسی، خاوەنپیشەكان پێویستە لەسەریان ستراتیژ یاخود پلانێكی ڕوون گەڵاڵە بكەن كە ئەو كێشانەی سەرەوەی تێدا ڕەچاو كرابێت و وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

لەبەر تیشكی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی مەترسی خۆتدا:

- **ئایا بۆچی توندوتیژی سێكسی بەبەڵگەنامە دەكەیت؟** ئایا ئەو دەرەنجام، یاخود ئاكامانە چین كە تۆ بەدوایاندا وێڵیت؟

- **ئایا تۆ توانای ئەوەت هەیە كە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك توندوتیژی سێكسی بەبەڵگەنامە بكەیت؟** ئایا تۆ بەگوێرەی پێویست ڕاهێنانت پێكراوە و ئامادەیت كە بەو كارە هەستیت؟ ئایا تۆ ئاگاداری ئەو چوارچێوە یاساییەیت كە كاری تێدادەكەیت؟

- **ئایا زانیارییەكان چی لێدەكەیت؟** ئایا چۆن بە سەلامەتی ڕێكیان دەخەیت، هەڵیاندەسەنگێنیت و ئەمباریان دەكەیت. ئایا دەیاندەیت بە كێ؟ چ شتێك بۆ كۆمەڵانی خەڵك ئاشكرا دەكەیت و چ شتێك ئەوپەڕی هەوڵ دەدەیت كە بە نهێنی بیپارێزیت؟

- **ئایا چۆن پێشتریتی هەڵدەبژێریت و ئەو سەرەداوانە هەڵدەبژێریت کە دەتەوێت دوایان بکەویت؟** ڕەنگە زانیاری زیاتر هەبێت بۆ بەدواداچون وەك لەوەی کە کات و سامانەکان ڕێگەی پێدەدەن - ئەگەر وەهایە، ئایا تۆ چۆن شتەکان هەڵدەبژێریت؟

- **ئایا هەوڵەکانت تیشکۆ دەخەنە سەر چ شتێك؟** ئایا لەسەر چ بناغەیەك تیشکۆ دەخەیتە سەر ناوچە یان ڕووداو یاخود کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو؟ ئایا ستراتیژەکەت لەسەر بنچینەی جوگرافی دەبێت یان بابەتەکە یاخود هەردوکیان پێکەوە؟

- **ئایا نیگەرانییەکانی سەلامەتی بۆ دەربازبوان، زانیارییەکان و تیمەکەت چین؟** ئایا تۆ دەتوانیت چ ستراتیژێك دابنێیت بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانە؟ ئایا بژاردەکانت بۆ ڕەوانەکردن چین؟

- **ئایا چۆن دەست دەکەیت بە بەبەڵگەنامەکردن؟** ئایا پێداویستییە لۆجیستیکی، دارایی و پسپۆڕییەکانت چین؟

- **ئایا چ سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ تۆ بەردەستە؟** ئایا هەوڵی بەدەستهێنانی چ سەرچاوەیەکی زانیاری دەدەیت؟ ئایا چۆن دەستت پێیان ڕادەگات؟ ئایا خۆت بە چ سەرچاوەیەکی زانیارییەوە سنووردار دەکەیت؟

- **ئایا چۆن مەبەستی توێژینەوەکەت دەگەیەنیت بە کۆمەڵگەکان و دەربازبوان؟** ئایا چ پرۆسەیەك بەکاردەهێنیت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هۆشیارانە، بەوانەشەوە کە لە خوار تەمەنی یاساییدان؟

- **ئایا چەندەت پێدەچێت لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا؟**ئایا ماوەی دیاریکراوی تۆ چەندە؟

## 4. تەوەرە سەرەکییەکانی پلاندانان

### 4.1 هاوئاهەنگی

لە هەر کاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە چەندەها هەوڵی فرەلا لەکاردا بێت بۆ کۆکردنەوە، تۆمارکردن و شیکاری زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی لەو ناوچەنەدا کە ململانێ کاریگەری لەسەر داناون. ئەوە بەشێوەیەکی تایبەت لەو ناوچانەدا ڕاستە کە لەو باوەڕەدان توندوتیژی سێکسی زۆر بەربڵاوە، لەو ناوچانەدا کە بەتەنگەوەچوونی مرۆڤدۆستانە جێگیر کراوە، یاخود لەو شوێنانەدا کە لێکۆڵینەوەی فەرمی نێودەوڵەتی یان نیشتمانی دەستی پێکردووە. هەبوونی چەندەها شێواز و هێڵی فرەلای بەدواداچوون دەکرێت زیانبەخش بێت بۆ تاکەکەس و کۆمەڵگەکان، کاریگەری لەسەر چۆنایەتی ئەو زانیاریانە دابنێت کە کۆدەکرێنەوە و توانستی بەکارهێنانیان لە دادبینی تاوانکارانەدا و کاریگەری لەسەر کاری ئەو ڕێکخراوانە دابنێت کە لە ناوچەکەدا کار دەکەن. هەندێك لە دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بەدواداچوونی فرەلا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- دەربازبوان/ شایەتەکان لەوانەیە ناچار بن کە بەردەوام و چەندەها جار بەسەرهاتەکانیان دووبار بکەنەوە، بۆ مەبەستی جیاواز، بۆ خەڵکانی جیاواز. هەندێك جار ئەوە دەشێت ببێتە هۆی دووبارە دووچاری ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێنیان بکاتەوە. بەوەی کە پرسیارت لێبکرێت، ئیتر هەر چەند بە هەستیاریش ئەوە بکرێت، ئەوە دەکرێت لەلایەن دەربازبوو/ شایەتەوە وەك لێپرسینەوەی توندوتیژ (تەحقیق) وەربگیرێت.

- ماندوویی هەڵسەنگاندن - کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە تێردەخۆن لە چەندەها بەدواداچوون، خۆکردن بە ماڵدا بەبێ پرس و پەیماندان بەبێ هیچ بەرهەمێك.

- تاکەکەس و کۆمەڵگەکان دەخرێنە مەترسییەوە بەهۆی سەرنج و تێڕوانینی زیاتری خەڵکەوە کە ئەوان ناپاکی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەی خۆیان دەکەن یاخود تۆمەت دەدەنە پاڵ کەسانی دیکە.

**لە پێناوی ئەوەدا کە ڕێز لە دەربازبوان/ شایەتەکان بگیرێت و لەوە دڵنیابیتەوە کە باشترین زانیاری کۆکراوەتەوە، ئەو پرۆسانە دەبێت ئەوەندەی بگونجێت بە هاوتایی ڕابگیرێن. لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، خاوەنپیشەکان دەبێت:**

- بەر لە گەشتکردن بۆ ناوچەکە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر گەشە پێبدەن و هەر کات بگونجێت هەڵسەنگاندن بۆ جۆر، چۆنایەتی، دووبارەبوونەوە و مەبەست لەو زانیاریانەی کە ئەوان لەوانەیە کۆیانکردبنەوە و لەوانەشە نەیانکردبێت ئەنجام بدەن.

- زانیاری لەسەر میکانیزمەکانی هاوئاهەنگی توندوتیژی لەسەر بنچینەی ڕەگەز کە ئێستا هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی، ناوچەیی و خۆجێیی کۆبکەنەوە. ئاگاداربوونی سیستەمەکان ڕەنگە هاوبەشکردنی زانیاری و دەستڕاگەیشتن بە داتاکان ئاسانتر بکات، بێجگە لە مسۆگەرکردنی ڕێگەچارەی پاراستن بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان.

- ئاگاداری ئاسایش و نیگەرانی زیاتری ئەو ڕێکخراوانەی تر بە کە زانیاری کۆدەکەنەوە. هەندێك ڕێکخراو ڕەنگە بە وریایی زانیاری کۆبکەنەوە و ئەوانە نابێت بە ئاشکرا داوای زانیارییان لێبکرێت.

- ئاگاداری ئەو ڕێکخراو و تاکەکەسانە بە کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە کردووە کە دووچاری ئەو کێشەیە بوون لەڕێگەی قۆرخکردنی زانیاری، هەڕەشەکردن لێیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەرەنجامی خراپ ئەگەر بێنە پێشەوە و زانیاری ئاشکرا بکەن و زەقکردنەوەی زانیاری هەڵە بە مەبەستی لاوازکردنی هەوڵەکانی بەبەڵگەنامەکردن.

- خۆیان بە سیستەمەکانی ئێستای کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی ئاشنا بکەن؛ مەبەست لەوە چیە، چۆن ڕادەپەڕێنرێت و سنورداری بەردەم هاوبەشکردنی ئەو زانیاریانە چین کە لەلایەن ئەوانەوە کۆدەکرێنەوە. ئەوەش سیستەمی زانیاری دەگرێتەوە لەسەر بنچینەی ڕەگەز (GBVIMS)[32] و چاودێریکردن، شیکاری و ڕێوشوێنەکانی ڕاپۆرتدان (MARA) کە بەهۆی بڕیاری[33] ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرووەکان 1960 هێنراونەتە ئاراوە.[34]

- ڕێز لە سەرپشککردنی ئەو ڕێکخراوانەی تر بگرە کە بەگوێرەی کارنامەی جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگەکان کار دەکەن. زۆرجار دابینکارانی خزمەتگوزاری هەوڵی پێشکەشکردنی یارمەتی بێلایەنانە دەدەن بۆ هەموان و نێوانگیری دەکەن لە ململانێکەدا و بێلایەن دەمێننەوە بەرانبەر بە هەوڵەکانی بەدادگەیاندن و ئاوێتەبوون لەگەڵ هەموو خەڵکی ناوچەکە شتێکی بنەڕەتییە بۆ ئەو ڕۆڵە. خاوەنپیشەکان دەبێت خۆپارێزی زیاتر پەیرەو بکەن کاتێك کە سەردانی ڕێکخراو و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە دەکەن لە ئۆردوگای پەنابەران و ئەوانەی کە لە زێدی خۆیان دەرکراون، فەرمانگەکانی کارمەندانی یارمەتیدان و کلینیکەکان و شوێنی سەلامەتی کۆمەڵگەکاندا. هەر کات بگونجێت، ئەوان دەبێت پێشوەخت پلان بۆ ئەو سەردانانە دابنێن و داخوازی زانیاری ڕانەگەیەندراو ئاشکرا نەکەن.

- ئاگادار بە کە زۆرجار پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دەربازبوان/ شایەتەکان پشت بەوە دەبەستێت کە وەهات لێچاوەڕوان دەکرێت نهێنیپارێزی پەیرەو بکەیت و ئەوە نابێت پێشێلکاری بکرێت، بە هاوبەشکردنیشەوە لە ڕێگەی زانیاری ناوناوبراوەوە کە لەوانەیە بەسوود بێت بۆ دەستنیشانکردنی شێواز، شوێن، وەڵامدانەوە و جۆرەکانی ئەو توندوتیژییە سێکسیانەی کە ڕوویانداوە.

32 دەسپێشخەری GBVIMS، کە لە 2006 دا خراوەتە کار لەلایەن UNOCHA و UNHCR و IRC، بۆ مەبەستی هاوئاهەنگیکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز (GBV) لە بواری مرۆڤدۆستانەدا، بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی سیستەمێکی سادە بۆ کارگێڕانی پرۆژە لە بواری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بۆ کۆکردنەوە، ئەمبارکردن و شیکاریکردنی زانیارییەکانیان و بۆ ڕێگەدان بە هاوبەشکردنێکی سەلامەت و ئەدگاری ئەو زانیاریانەی ڕووداوەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز کە ڕاپۆرت دراون. (بڕوانە http://www.gbvims.org).

33 مەبەست لە MARA بۆ دڵنیاکردنی کۆکردنەوەی سیستماتیکی زانیاری بابەتی، جێگەی متمانە، ڕاست و دروست و گەرماوگەرمە لەسەر توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدارە بە ململانێوە لە دژی ژنان، پیاوان و منداڵان لە هەموو ئەو هەلومەرجانەدا کە مایەی نیگەرانین. ئەو زانیاریانەی کە لەڕێگەی MARA ـەوە کۆدەکرێنەوە بۆ مەبەستی بروپێدان بە ڕێکاری بەهێزتر و گەرماوگەرمە بۆ بەرلێگرتن و بەتەنگەوەچوون بە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێوە. بڕوانە تێبینی ڕێنوێنی کاتی: ڕاپەڕاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش 1960 (2010) لەسەر ژنان، ئاشتی و ئاسایش (توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێوە).

34 OP8, UN Security Council, Security Council resolution 1960 (2010) [on women and peace and security], 16 December 2010, S/RES/1960 (2010).

- ئەوەت لەبیر بێت کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە 1888،[35] کە لەوێدا نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، لە سەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، بانگهێشتکران بۆ پشتگیریکردنی چاودێریکردنی برەوپێدراو، بەبەڵگەنامەکردن و ڕاپۆرتدانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی. دابینکارانی خزمەتگوزاری و دەزگاکانی تر کە پشتگیری دەربازبوان دەکەن ڕەنگە بڕیاری ئەوە بدەن کە بە هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر دەربازبوان وەڵامی ئەو داخوازییە بدەنەوە بەگوێرەی پەیڕەوکردنی بەهاکانی ڕەوشت بە باشترین شێوە و ڕەزامەندی هۆشیارانەی دەربازبوان.

## 4.2 وەرگێڕان

وەرگێڕەکان زۆرجار بەشێکی بنەڕەتی تیمی خاوەنپیشەکانن. وەرگێڕەکان دەبێت بەباشی ڕاهێنانیان پێبکرێت، نەك تەنها لە کاری وەرگێران خۆیدا بەڵکو هەروەها لە شێوازی کارکردندا لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی و، هەر کات پەیوەندیدار بێت، لەگەڵ منداڵانیش.

وەرگێڕەکان دەبێت بتوانن وەرگێران بۆ خاوەنپیشەکان فەراهەم بکەن لە ماوەی هەر کارلێککردنێکدا کە خاوەنپیشەکان ڕەنگە هەیانبێت لەگەڵ ئەندامانی خەڵکی ناوچەکە، بە کاتی چاوپێکەوتنەکانیشەوە. ئەوان هەروەها دەبێت بتوانن وەرگێڕانی ڕاست و دروستی زمانناسی و کولتووری بۆ خاوەنپیشەکان فەراهەم بکەن بۆ وشە سەرەکییەکان، هەڵسوکەوت و ئەو دەستەواژانەی کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا هاوپەیوەستن بە توندوتیژی سێکسییەوە، بەبێ گۆڕین یان دانانی کاریگەری لەسەر زانیارییەکان، هەر وەك لەلایەن دەربازبوان یان شایەتی دیکەوە فەراهەم کراون.

بەتایبەت لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا، وەرگێڕەکان پێویستە لەسەریان بتوانن بەشێوەیەکی هەستیارانە و پیشەگەرانە و بەگوێرەی پرەنسیپە ڕەوشتییەکانی "زیان بە کەس مەگەیەنە" کار بکەن. ئەوان هەروەها پێویستە لەسەریان بەتەواوی لە بیرۆکەی ڕەزامەندی هۆشیارانە تێبگەن و پەیرەوی ڕێساکانی نهێنیپارێزی تیمەکە بکەن.

بەتایبەت وەرگێڕەکان دەبێت:

- لە گۆشە نیگای ئاسایشەوە ئامادە بن لەو ناوچە و زەمینەیەدا کار بکەن کە خاوەنپیشەکان داوایان لێدەکەن کاری تێدا بکەن.
- لە زەمینەی خۆجێیی تێبگەن بەڵام لە ڕوانگەیاندا بابەتی بن.
- ئەزموونیان هەبێت لەسەر کارلێککردنی نێوان توندوتیژی سێکسی و کولتووری ناوچەیی و بەرانبەر بەوە هەستیار بن و لەوە تێبگەن کە ئەو کێشانە دەبێت چۆن کاریگەری لەسەر پێکگەیشتن دابنێن لەگەڵ ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.
- ئاسوودە بن بە هەموو وردەکارییەکانی بابەتی توندوتیژی سێکسی و پێشکەشکردنی ئیفادە سەبارەت بەوە، بە وشە و دەستەواژەکانی دەربڕینی جوان و بە ئەدەبانەی توندوتیژی سێکسیشەوە لە ناوچەی پەیوەندیداردا.
- تەنها ئەو وشانە بەکاربهێنێت کە دەربازبوو/ شایەت و چاوپێکەوتنکار بەکاریان دەهێنن، نابێت هیچ وشەیەکی خۆی لەکاتی چاوپێکەوتندا بەکاربهێنێت.
- هەستیار بێت بەرانبەر پێداویستییە تاکەکەسییەکان و تواناکانی منداڵان - لەوانە ڕاهێنان لەسەر تەکنیکەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە تایبەتەکانی پێکگەیشتنی منداڵان.
- نیشاندانی هاوسۆزی، بەڵام نەك بەزەیی، خوریە یاخود فەرمان بەسەردادان.
- هۆشیارییەکی هەستیارانەی هەبێت لەسەر ئەو کاریگەرییەی کە ئامادەبوونی ئەو لەوێ ڕەنگە هەیبێت لەسەر دەربازبوو/ شایەتەکە و بە وریاییەوە بچێتە ناو ژوورەکە، بەناو ژوورەکەدا بگەڕێت و دابنیشێت بە جۆرێك کە ئەوە نەبێتە هۆی ترساندن یان هەڵسوکەوتێکی هەڕەشەئامێز بۆ دەربازبوو/ شایەتەکە.

35 مەبەست لە MARA بۆ دڵنیاکردنی کۆکردنەوەی سیستماتیکی زانیاری بابەتی، جێگەی متمانە، ڕاست و دروست و گەرماوگەرمە لەسەر توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدارە بە ململانێوە لە دژی ژنان، پیاوان و منداڵان لە هەموو ئەو هەلومەرجانەدا کە مایەی نیگەرانین. ئەو زانیاریانەی کە لەرێگەی MARA ـەوە کۆدەکرێنەوە بۆ مەبەستی برەوپێدان بە ڕێکاری بەهێزتر و گەرماوگەرمە بۆ بەرلێگرتن و بەتەنگەوەچوون بە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێوە. بڕوانە تێبینی ڕێنوێنی کاتی: ڕاپەڕاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش 1960 (2010) لەسەر ژنان، ئاشتی و ئاسایش (توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێوە).

وەرگێر نابێت:

- هیچ وشەیەك ئاڵوگۆڕ بکات لە پەیوەندیدا بەو زانیاریانەوە کە لە دەربازبوو/ شایەتەکەوە فەراهەم کراون بێجگە لەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خاوەنپیشەکەوە وتراون. وەرگێڕ لایەنێك نیە لە گفتوگۆکەدا، بەڵام وەکتر هۆکارێکی بەنرخی گفتوگۆیە لەنێوان چاوپێکار و ئەو کەسەدا کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکات. ئەو قسانەی کە لەنێوان وەرگێر و دەربازبوو/ شایەتەکەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن دەبێت سنووردار بکرێن بۆ ئەو مەسەلانەی کە بنەڕەتی نین وەك ئەوەی کە لە کوێ دابنیشێت و کارلێککردنی دۆستانەی هاوبەش و دەبێت تەنها لەکاتی پشوودا لە پرۆسەی چاوپێکەوتندا ئاڵوگۆڕ بکرێن.
- هیچ شتێك بۆ دەربازبوو/ شایەتەکە یاخود چاوپێکار ڕوونبکاتەوە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە خاوەنپیشەکە بەبێ چەندوچوون پێی وتبێت کە بەو کارە هەستێت.
- قسەی هیچ کەسێك بگۆڕێت. ئەگەر دەربازبوو/ شایەت وشەی بریقەدار بەکاربهێنێت وەرگێڕەکە دەبێت هەمان ئەو زاراوەیە بە خاوەنپیشەکە بڵێت و پێشنیاری ئەوە بکات کە ئەوە ڕەنگە واتایەکی تری هەبێت بۆ ئەوەی خاوەنپیشەکە بتوانێت پرسیاری ئەوتۆ بکات کە داوای ڕوونکردنەوە بکات.
- ئەو بەشانەی چاوپێکەوتنەکە بپەڕێنێت کە بە بیروبۆچونی خۆی گرنگ نین.
- پێشنیار بکات دەربارەی ئەوەی کە چاوپێکەوتنەکە چۆن ئەنجام بدرێت.

## کاتێك کە وەرگێڕەکان هەڵدەبژێریت

- سەرچاوەی دارایی و سامانی مرۆیی پێویست تەرخان بکە بۆ دۆزینەوە و گرتنی وەرگێڕە ڕاهێنراو و بێلایەنەکان. ئەو کەسانە هەموو کاتێك یەکسەر دەستناکەون.
- هەرگیز ئەندامانی خێزان وەك وەرگێڕ بەکارمەهێنە لەبەر هۆکاری نهێنیپارێزی. لەبەر هەمان هۆ، وەرگێڕی هەمان کۆمەڵگەی دەربازبوان/ شایەتەکان دەبێت تەنها وەك دوا چارەسەر بەکار بهێنرێن - بەتایبەت کاتێك کە پەیوەندی بە کۆمەڵگە ڕەسەنەکانەوە هەبێت.
- پەلە مەکە لە هەڵسەنگاندنی وەرگێڕە چاوەڕوانکراوەکاندا. هەموو وەرگێڕە چاوەڕوانکراوەکان بپاڵێوە بۆ تۆماری تاوانکارانە، بێلایەنی، جێگەی متمانەبوون، توانای ئەو بۆ ئەو ڕۆڵە، وابەستەیی و توانستی بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ.
- ئاگات لەوە بێت کە ڕەگەز، تەمەن، ناسنامە، کولتوور و وابەستەیی سیاسی وەرگێڕەکە دەشێت فاکتەرێك بێت کە کاریگەری لەسەر پانتایی متمانەی دەربازبوو/ شایەت بەو دابنێت، بەڵام هەستیار بە لە ڕەچاوکردنی فاکتەری لەو جۆرەدا بۆ ئەوەی درێژە بە بیروبۆچوونە لەقاڵبدراوەکان یاخود ئایدیۆلۆژی چەوساندنەوە نەدەیت.
- هەمیشە بەر لە بەکرێگرتنی کاندیدەکە بیروبۆچونی تاکەکەسی ئەو هەڵبسەنگێنە لەسەر توندوتیژی سێکسی و یەکسانی ڕەگەزەکان. ئەوە دڵنیا بکە کە ئەو کەسانە هەتا ڕادەیەکی باش بە زاراوەسازی توندوتیژی سێکسی ئاسوودەن بۆ ئەوەی نائاسوودەیی خۆیان (بۆ نموونە پەرێشانی، خورپە) کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە دانەنێت.
- هەر کات بگونجێت با تیمەکەت وەرگێڕی نێر و مێی تێدا بێت.
- کاتێك کە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ ئەنجام دەدەیت، تەنها ئەو وەرگێڕانە بەکاربهێنە کە ڕاهێنانی تایبەتیان پێکراوە و ئەزموونی پێشتریان هەیە لەسەر کارکردن لەگەڵ منداڵ.

# بەشی 2:
## بەبەڵگەنامەکردن بەشێوەی کردارەکی



### 4.3 ڕێكخستنی زانیاری

ئەو ڕێگەیەی كە زانیارییەكانی پێ كۆدەكرێتەوە، ڕێكدەخرێت و ئەمبار دەكرێت ڕوویەكی گرنگی پرۆسەی بەبەڵگەنامەكردنە و پێویستی بەوەیە كە بەر لە بەرەوپێشچوونی هەر كارێكی بەبەڵگەنامەكردن بەباشی تاووتوێكرێت و بیری لێبكرێتەوە. لەباشترین باردا دەبێت بنكەی زانیاری (داتابەیس) ی ئەلكترۆنی بەكار بهێنرێت و هەموو ئەو زانیاریانەی كە كۆدەكرێنەوە بخرێنە ناو ئەو بنكەی زانیارییە. داتاكان دەبێت بە شێوەی ناوخۆیی پێكەوە ببەسترێنەوە و لانی كەم ئەم زانیاریانەی خوارەوەیان تێدا بێت **(بڕوانە برگەی 9، "ئەمباركردنی زانیاری"):**

- زانیاری تاكەكەسی هەر یەك لەو دەربازبوو/ شایەتانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.
- نیگەرانییە ئاسایشییەكانی هەر یەك لەو دەربازبوو/ شایەتانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.
- بەڵگەی ڕەزامەندی هۆشیارانە بۆ بەشداربوون لە چاوپێكەوتنەكەدا.
- زانیاری ئیفادەیی كە لەلایەن ئەو دەربازبوو/ شایەتەوە پێشكەش كراوە.
- زانیاری بەڵگەنامەیی كە لەلایەن ئەو دەربازبوو/ شایەتەوە پێشكەش كراوە.
- زانیاری سەبارەت بە هەبوونی تۆماری پزیشكی یاخود پۆلیس.
- زانیاری وێنەیی یاخود ڤیدیۆیی سەبارەت بەو دەربازبوو/ شایەتە.
- ئەگەر بەسەریدا بچەسپێت، وەرگێرانی هەر كام لەوانەی سەرەوە.

ئەگەر بە هیچ جۆرێك ئەوە بگونجێت، بنكەی زانیاری دەبێت بەگوێرەی پێویست گەشەی پێبدرێت بە جۆرێك كە داتاكان بە چەندەها جۆری جیاواز پێوەر بتوانرێت لەناویاندا گەڕان ئەنجام بدرێت.

## 5. دەستنیشانكردنی دەربازبوان و شایەتی دیكە

دەستنیشانكردنی دەربازبوان و شایەتی دیكەی توندوتیژی سێكسی هەندێك جار بۆی هەیە لە دەستنیشانكردنی دەربازبوان و شایەتی تاوانی دیكە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی سەختتر بێت. تەنانەت لەو ناوچانەشدا كە چەندەها ڕاپۆرت لەسەر بنەمای قسەی خەڵك لەسەر توندوتیژی سێكسی پێشكەش كراوە، دەربازبوان و شایەتی دیكە ڕەنگە ئامادەنەبن كە بە فەرمی بێنە پێشەوە و كەیسی خۆیان پێشكەش بكەن لەبەر چەندەها هۆكاری جیاواز. دەربازبوان ڕەنگە ئامادە نەبن كە خۆیان بخەنەوە بەر مەترسی بیرەوەری تاڵ و دڵڕاتەكێنی توندوتیژی سێكسی، لەو باوەڕەدابن كە توندوتیژی سێكسی خەتای خۆیان بووە، یاخود لەو باوەڕەداین كە ئەگەر بەڵگەیان بەدەستەوە نەبێت كەس باوەڕیان پێناكات. بەگوێرەی زەمینەی هاوبەش و نەریتی یاخود كولتووری، دەربازبوانی تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی دەشێت لەناو كۆمەڵگەكەی خۆیاندا بكەونە مەترسییەوە یاخود ئیستیغلال بكرێن. ئەوەش دەشێت لەلایەن ئەندامانی گرووپی ئەنجامدەرانی تاوانەكەوە بێت كە لەو نزیكە بژین، یاخود تەنانەت لە خەڵكی ناوچە یان خێزانەكەی خۆیانەوە بێت، كە ڕەنگە بەشێوازێك هەڵسوكەوت بكەن كە ئەو كەسانە خەتابار بكەن، وەهایان لێبكەن كە شەرمەزار بن، سزایان بدەن، یاخود توندوتیژی سێكسی وەك بیانوویەك بەكاربهێنن بۆ دابڕینی دەربازبوان لە ماڵ، خێزان، بژێوی و هەلی خوێندن. دەربازبوان ڕەنگە بیانەوێت قسە بكەن بەڵام نەتوانن. هەندێكیان ڕەنگە ئاستەنگی تایبەتیان هەبێت ئەگەر كەمئەندامی دەروونی یاخود جەستەییان هەبێت

كارێكی گرنگە كە كەش و هەوایەكی ئارام و پشتگیریكارانە دروست بكەیت كە لەوێدا دەربازبوان و شایەتەكان هەست بە سەلامەتی بكەن كە بێنە پێشەوە و تاوانەكان ڕاپۆرت بدەن. ئەگەر گەشتكردن بۆ شوێنی دووردەست كارێكی پەسەندكراو بێت، بڕیار لەسەر ئاستی ئەو گەشتكردنە بدە بۆ ئەو شوێنە دوورە دەستە كە پێویستە ئەنجام بدرێت بەر لە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی كەیسەكانی توندوتیژی سێكسی لە هەر كۆمەڵگەیەكدا. سەرباری ئەوەش، خاوەنپیشەكان دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت كە زانیاری بەسوود دەربارەی توندوتیژی سێكسی دەكرێت لە چەندەها سەرچاوەوە كۆبكرێنەوە، نەك تەنها لە دەربازبوان/ شایەتەكانەوە. **(بڕوانە برگەی 6، "ئیفادەی شایەت".)**

## 5.1 دەستنیشانکردنی ڕاستەوخۆ

دەربازبوان و شایەتەکانی تر هەندێك جار هەر بە ویستی خۆیان دێنە پێشەوە و پێشنیازی پێشکەشکردنی ئیفادەی خۆیان دەکەن. کاتێك ئەوە ڕوودەدات خاوەنپیشەکان دەبێت بەباشی ئامادە بن بۆ وەڵامدانەوەی خێرا، کارا و ئەمینانە. زۆربەی توێژینەوە، هەڵسەنگاندنی مەترسی و پلانەکان دەبێت بەرلەوەی کە خاوەنپیشەکان لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکان دەستبەکاربن ئامادە کرابن.

دەربازبوان هەندێك جار لەڕێگەی هەڵسەنگاندن، ئامرازەکانی پشکنین و ڕوپێوی ترەوە ڕاستەوخۆ دەستنیشان دەکرێن. کاتێك کە ئەوە ڕوودەدات، کارێکی گرنگە هەر گفتوگۆیەك کە لەلایەن دەربازبوان/ شایەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت هاوشان بێت لەگەڵ هەر ئاوات و خۆزگەیەکی ڕاشکاوانە کە لەلایەن ئەوانەوە دەربڕراوە کاتێك کە هاوڕا بوون لە هەڵسەنگاندنەکەدا بەشدار بن، بە هەر داخوازییەکیشەوە بۆ مانەوە بە ناوناداری یاخود هەر خۆپارێزییەکی سەلامەتی کە پێویست بێت بەر لە ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەك بگیرێتە بەر.

**دەستنیشانکردنی منداڵان.** دەبێت زۆر زۆر بە وریایی لە دەربازبوان و شایەتە منداڵەکان بچیتە پێشەوە و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن - ئەگەر خاوەنپیشەکان دڵنیا نەبن لەوەی کە ئاخۆ دەتوانن بە ڕێکوپێکی لەگەڵ منداڵان مامەڵە بکەن، نەتوانن گەرەنتی ئەوە بدەن کە منداڵەکان بە ڕێکوپێکی ڕەوانە دەکرێن بۆ جێگەی مەبەست، یاخود نەزانن چۆن دەستیان بە سەرچاوەی پێویست ڕادەگات بۆ پشتگیریکردنی منداڵان لەکاتی ڕوودانی تەنگژەدا، ئەوا نابێت هەوڵی ئەوە بدەن کە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن. خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها تێبینی ئەوە بکەن کە ئەگەر ڕوویان بێت بە ڕووی منداڵی ئەوتۆوە کە لەو باوەڕەدابن ئازاریان دراوە ئەوا ئەرکی سەرشانیانە ئەوە بە دەسەڵاتدارانی گونجاو ڕابگەیەنن.

لەکاتێکدا کە توندوتیژی سێکسی لەلایەن منداڵانەوە ئەنجام درابێت کە هاوپەیوەست بن بە گرووپ و هێزە چەکدارەکانەوە، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەو منداڵانەی کرداری توندوتیژی سێکسی ئەنجام دەدەن زۆرجار ئیستیغلال کراون یاخود زۆریان لێکراوە کە بەو کارانە هەستن و خۆیشیان قوربانین. منداڵ دەبێت وەك دەربازبوو/ شایەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەك وە ئەنجامدەری تاوان، بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی دادپەروەری کە پەیوەندی بە منداڵەوە بێت وەك قوربانی تاوان و شایەتی[36] تاوان و جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافەکانی منداڵ.[37]

## 5.2 نێوەندگیری

نێوەندگیرەکان ئەو کەسانەن کە خاوەنپیشەکان ڕەنگە ناونووسیان بکەن بۆ یارمەتیدانیان بۆ دەستنیشانکردن و هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، سەرکەوتن بەسەر بەربەستی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا و دەستنیشانکردنی دەربازبووە پێشبینیکراوەکان و شایەتەکانی تر. نێوەندگیرەکان دەکرێت لەو کەسانەدا بەکاربهێنرێن کە خاوەنپیشەکە شارەزای کۆمەڵگەکە و ئەندامەکانی هەڵسوکەوتیان نیە، کە لەوێدا دەربازبوان و شایەتەکانی تر ڕەنگە بکەونە مەترسییەوە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاوەنپیشەکان گفتوگۆ بکەن، یاخود کاتێك کە دەربازبوان و شایەتەکانی تر نیگەرانن سەبارەت بە کارلێککردن لەگەڵ خەڵکانێك کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیانن.

نێوەندگیرەکان دەکرێت وتەبێژی زۆر کاریگەری کۆمەڵگە بن، ئەگەرچی دەبێت زۆر بە وریایی لێیان بکۆڵرێتەوە بۆ دڵنیاکردنی بێلایەنییان. ئەوانە زۆرجار ئەندامی ڕێکخراوە میللی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان (NGO)، دابینکارانی خزمەتگوزاری و تۆڕی دیکەی کۆمەڵگە و دەزگای پشتگیری وەك کەنیسە و گرووپەکانی ژنان.

بەر لە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی دەربازبوان و شایەتەکانی تر لەڕێگەی نێوەندگیرەوە، خاوەنپیشەکان دەبێت:

- زانیاری بەدەست بهێنن دەربارەی هەموو ئەو چالاکەوانانەی کە لە کۆمەڵگەکەدا بوونیان هەیە لە دەوروبەری دەربازبوو/ شایەتەکان بۆ ئەوەی خاوەنپیشەکان بتوانن بەشێوەیەکی کارا نێوەندگیری ڕاست و دروست هەڵبژێرن. ئەوش نەخشەکێشانی هەرەمی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، بە سەرکردایەتی ژنانیشەوە لەناو کۆمەڵگەدا (بۆ نموونە بەساڵاچوان، مامانەکان، مامۆستایان، سەرکردەی مێینەی گوند یاخود سەرکردەی ئایینی ژن). هەموو کۆمەڵگەیەك پێکهاتەیەکی سەرکردەیی هەیە و هەموو کۆمەڵگەیەکی ژنان سەرۆکێك یان چەند سەرۆکێکی هەیە کە دەشێت یان ئاسانکاری بۆ خاوەنپیشەکان بکەن یاخود تەگەرە بخەنە بەردەمیان بۆ دەستراگەیشتن بە دەربازبوان/ شایەتەکان. زۆربەی جار سەرکردایەتی ژنان دەبن بە پاڵپشتێکی زۆر گرنگ بۆ ئەو کارانەی کە تیمەکە ئەنجامی دەدات، بەڵام تەنها کاتێك کە تیمەکە بەجۆرێك کارەکانی ئەنجام بدات کە بەگوێرەی پرەنسیپەکان بێت، بەڕێزانە بێت و شەفاف بێت.

36 UNICEF, UNODC, Guidelines on Justice Matters Involving Child Victims and Child Witnesses of Crime, 2005. بۆ وەشانی فەرمی ڕێبەری نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانە بڕیاری ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی 2005/20 لە 22 جوولای (تەمووز) 2005. ئەو وەشانەی سەرەوە، کە لەلایەن یونیسێف و UNODC ـەوە بەرهەم هاتووە بە پشتیوانی بنکەی توێژینەوەی ئینۆسێنتی و IBCR، وەك ڕێنوێنییەك دانراوە بۆ منداڵان و پیشەوەرانی منداڵان و بەڵگەنامەیەکی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە.

37 UN General Assembly, Convention on the Rights of the Child, 20 November 1989.

- کاتێك کە هەوڵ دەدەیت بۆ دەستنیشانکردنی دەربازبوانی نێرینە بەتایبەت، بەدوای نێوەندگیری گونجاودا بگەڕێ - بۆ نموونە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تەنها لەگەڵ دەربازبوانی نێرینە کار دەکەن - وە هەروەها ئاگاداری هەڵوێستی کولتووری تایبەت و ئەو هەستیارییە بە کە چواردەوری توندوتیژی سێکسییان داوە لە دژی پیاوان.
- بە وریایی ئەوە هەڵبسەنگێنە کە ئاخۆ هەوڵدانی پێشوەخت بۆ دۆزینەوەی دەربازبوان و شایەتەکانی تر لەرێگەی نێوەندگیرەکانەوە، دەربازبوان و شایەتەکانی تر، ئەندامانی تاکی کۆمەڵگە یاخود ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەوان دەچن بۆ لایان دەخەنە مەترسییەوە یان نا. بەتایبەت ئەوە هەڵبسەنگێنە کە ئاخۆ نێوەندگیرەکان بەشداربوان ناچار دەکەن بۆ ئەو کارە یاخود نهێنی دەربازبوان ئاشکرا دەکەن و بەگوێرەی ستاندارە بنەڕەتییە ئەدگارییەکان ناجوڵێنەوە.
- ئەوە دڵنیا بکە کە نێوەندگیرەکان بە تایبەت دەستنیشانی منداڵان دەخەنە پێش هەموو شتێکەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بەو گرووپانەن کە لە بارێکی ناسکدان وەك منداڵی دوور لە کەسوکار و ئەوانەی کە لە زێدی خۆیان دەرکراون و ئەو منداڵانەی کە هاوپەیوەستن بە گرووپ و هێزە چەکدارەکانەوە.
- ئاگاداری هەر دابەشبوونێك بە لەناو کۆمەڵگەدا و ئاخۆ ئەندامانی گرووپە نەیارەکان لەناو هەمان کۆمەڵگەدا پێکەوە بوونیان هەیە.
- ئەگەر بە سەلامەت دابنرێت، لە نزیکەوە هاوکاری بکە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە، سەرکردەکانی ناو کۆمەڵگە و دابینکارانی خزمەتگوزاری پزیشکی و گرووپ و دەزگا و دامەزراوەکانی پشتگیری لە پێناوی ئاسانکاریکردن بۆ دەستنیشانکردنی دەربازبوانی چاوەڕوانکراو و شایەتەکانی تر.
- لەگەڵ ڕێکخراوە خۆجێیەکان هاوپەیوەست بە و دەسپێشخەری ساز بکە بۆ ئەوەی دەربازبوان و شایەتەکان بتوانن بێنە پێشەوە و قسە بکەن، لەوانە گەشەپێدانی مەکۆی بەهێزکردنی ژنان و سەکۆی ئازاد و نهێنیپارێزی و پێوەری دیکەی پارێزگاریکردن.
- هەموو نێوەندگیرە چاوەڕوانکراوەکان بپاڵێوە (بۆ تۆماری تاوانکارانە، بێلایەنی، جێگەی متمانەبوون، توانای ئەو بۆ ئەو ڕۆڵە، وابەستەیی و توانستی بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ).
- هوشیار بە کە نە خاوەنپیشەکان خۆیان و نە هیچ نێوەندگیرێك بیر لەوە نەکەنەوە کە هیچ شتێکی بەنرخ پێشنیاز بکەن لەبەرانبەر پێشکەشکردنی ئیفادەدا، لەوانە پارمەتی دارایی و مادیی یاخود دەستراگەیشتنی باشتر بە کۆمەك. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە نابێت ببێت بە بەربەست لەبەردەم ڕەوانەکردن بۆلای خزمەتگوزارییەکان، کە دەبێت هەر کات بگونجێت ئەنجام بدرێت **(بڕوانە پاشکۆی 5 "ڕەوانەکردنی دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی بۆ یارمەتیدان").**
- کارێکی وەها بکە کە نێوەندگیرەکان بە ڕوونی بزانن ئاخۆ دەکرێت چاوەڕوانی چ شتێك بکەن سەبارەت بە ڕۆڵی خۆیان و سنووردارییەکانی و ئاستی ئەو پشتگیری و ڕێنوێنییەی کە دەبێت وەها پێشبینی بکەن خاوەنپیشەکان پێشکەشیان بکەن.
- ئەوە دڵنیا بکەن کە هەر یەك لە نێوەندگیرەکان ڕێگەیەکی جێگەی متمانەی لەبەردەستدا بێت بۆ پەیوەندیکردن بە خاوەنپیشەکانەوە.
- کارلێککردنی خۆیان لەگەڵ نێوەندگیرەکان بەبەڵگەنامە بکەن بەجۆرێك کە ئەوان لە پێگەیەکدا بن کە بتوانن پاساوی هەر بڕیارێك بدەنەوە کە سەبارەت بەو نێوەندگیرانە دەردەچێت.
- ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەوە دڵنیا بکەن نێوەندگیرەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆڵ و سەرپشککردنی خۆیاندا خۆیان لە لێکۆڵینەوەکە هەڵنەقورتێنن.
- بڕی ئەو زانیاریانە سنووردار بکەن کە دەدرێت بە هەر نێوەندگیرێك دەربارەی جۆری ئەو دەربازبوو/ شایەتانەی کە خاوەنپیشەکە بەدوایاندا دەگەڕێت.
- خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە ڕێگەدان بە هەر نێوەندگیرێك کە ڕاهێنان بە هەر دەربازبوو/ شایەتێك بکات کە لەلایەن ئەو نێوەندگیرەوە دەستنیشانکراوە دەربارەی ئەوەی کە چ شتێك باس بکات یان نەیکات.

## 6. ئیفادەی شایەت

ئیفادەی شایەت لە دەربازبوان/ شایەتەکانەوە زۆرجار جۆری ئەو زانیاریانەیە کە یەکسەر بۆ خاوەنپیشەکان بەردەستە، بەڵام ئەوە هەروەها ئەو جۆرەشە کە پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دەربازبوان/ شایەتەکان دەتوانن زانیاری زۆر گرنگ بۆ خاوەنپیشەکان فەراهەم بکەن لەسەر پەلامارەکە خۆی - ئیتر بەوەی کە خۆیان ئەوەیان بەسەر هاتبێت، یاخود لەوەی کە لەبەرچاویان ڕوویدابێت - بەڵام هەروەها دەتوانن زانیاری لەسەر پێکهاتەی زەمینەییش فەراهەم بکەن کە چواردەوری پەلامارەکە و ئەنجامدەرانی تاوانەکە و شێوازی بەشداری ئەنجامدەرانی تاوانەکەیان داوە لەو کردارە تاوانکارانەدا کە ئەوان بینیویانە. شایەتی "ڕوانگەی گشتی" وەك دوکتۆر، پەرستار، ڕێنیشاندەران و سەرکردە خۆجێییەکان کە ڕەنگە زانیارییان هەبێت لەسەر هەبوونی ژمارەیەکی زۆر دەربازبوو/ شایەت، کاتی ڕوودان و شوێنی کردارەکان هەر یەکەیان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لە یەکلاییکردنەوەی پێکهاتەی زەمینەیی تاوانە پێشبینیکراوەکان.

ئیفادەی شایەت دەکرێت لەمانەوە بێت:

- دەربازبوو/ شایەتی توندوتیژی سێکسی خۆی.
- ئەندامانی خێزان، خەڵکی ناوچەکە، دابینکارانی خزمەتگوزاری، کارمەندانی فریاکەوتن یاخود ئەوانەی لە ناوەوە بینیویانە یان زانیارییان هەیە لەسەر پەلامارەکە لەڕێگەی، بۆ نموونە، پەلامارەکە لەبەرچاویان ڕوویداوە، کە یان لە دەربازبوو/ شایەتەکانەوە بیستویانە یاخود دوای پەلامارەکە چارسەری دەربازبوو/ شایەتەکانیان کردووە.
- ئەندامانی خێزان، خەڵکی ناوچەکە، دابینکارانی خزمەتگوزاری و کارمەندانی فریاکەوتن کە بتوانن زانیاری فەراهەم بکەن لەسەر ئەو هەلومەرجەی کە پەلامارەکەی تێدا ئەنجام دراوە، بەردەوامی، بەرفراوانی یاخود ئەنجامدانی بە ئەنقەستی ئەو تاوانانە، شوێن و جۆری بەڵگەی زیاتر، ئەوانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن، هەیکەلی فەرماندەیی، سروشت و جۆری ململانێکە، دیمەنی سیاسی و بزوێنەرەکانی هێز لە ناوچەکەدا.
- کەسانی ناو ڕووداوەکان و ئەندامانی پێشووی هێزەکانی ئاسایش یاخود گرووپە چەکدارەکان، کە بتوانن زانیاری فەراهەم بکەن لەسەر ئەو هەلومەرجەی کە چواردەوری پەلامارەکەی داوە، بەردەوامی، بەرفراوان و ئەنجامدانی بە ئەنقەستی ئەو تاوانانە، شوێن و جۆری بەڵگەی زیاتر، ئەوانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن، هەیکەلی فەرماندەیی، سروشت و جۆری ململانێکە، دیمەنی سیاسی و بزوێنەرەکانی هێز لە ناوچەکەدا. بەشداران لە ئەنجامدانی تاواندا کە ئێستا پەشێمانن زۆرجار گرنگترین بەڵگە فەراهەم دەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبن بە ئەنجامدەرانی تاوانەوە - بەڵام پەیوەندیکردن بە شایەتەکانی ناو ڕووداوەکانەوە شتێکە کە دەبێت بە بەرزترین ئاستی وریاییەوە و تەنها لەلایەن لێکۆڵەرانی ڕاهێنراوەوە ئەنجام بدرێت.

سەرباری ئەوەش، خاوەنپیشەکان و نێوەندگیرەکان نابێت هەر بەدوای ئەو دەربازبوو/ شایەتانەدا بگەڕێن کە دەشێت زانیارییان لەلا بێت کە پەیوەندیدار بێت بە کردارە تاوانکارانەکە خۆیەوە بەڵکو دەبێت هەروەها بەدوای ئەو کەسانەشدا بگەڕێن کە دەشێت بۆ سەلماندنی پێکهاتەی زەمینەیی تاوانەکە بەسوود بن، یاخود بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرانی تاوان و دۆخەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی بەکەڵك بن. ئەنجامدەرانی تاوان دەبێت ئاگادار بن کە زانیاری بەسوود دەکرێت لەم کەسانەوە بەدەست بگات:

- هەموو خەڵکی ناوچەکە نەك تەنها ئەوانەی کە لە هەموان زۆرتر باسی مەسەلەکان دەکەن، کەسانی گرنگ و ناودارن، ڕۆشبیرن، ڕاشکاون یاخود سەرکردەی ئاساییین؛ و
- لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگەکە خۆیشی و بە پەلهاوێشتن بەرەو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ناوچەکەدا کار دەکەن، کە دەشێت خۆیان بە چاوی خۆیان ڕوداویان بینیبێت یاخود زانینی ئەوتۆیان لەلا بێت کە بە بەڵگە بسەلمێت بۆ پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردن بەسوود بێت.

## 6.1 ڕەزامەندی هۆشیارانە

چاودێریکردنی پرەنسیپی 'ڕەزامەندی هۆشیارانە' زۆر گرنگە کاتێک کە زانیاری دەربارەی توندوتیژی سێکسی کۆدەکەینەوە، بەبێ گوێدان بە سروشتی ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە. هەموو دەربازبوو شایەتەکان دەبێت ڕەزامەندی هۆشیارانەی خۆیان دەربڕن کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت و پشکنینیان بۆ بکرێت، وێنەیان بگیرێت، زانیارییەکانیان تۆمار بکرێت، ڕەوانە بکرێن بۆ لای هەر خزمەتگوزارییەکی پشتگیری و زانیارییەکانیان و وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ لایەنی دیکەی پەیوەندیدار هاوبەش بکرێن.

بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هۆشیارانە بەر لە بەبەڵگەنامەکردنی زانیارییەکانی ئیفادەی شایەت ئەوە دڵنیا دەکات کە دەربازبوو/ شایەت کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی تەواوی دەمێنێت بەسەر بەسەرهاتەکانی خۆیدا و ئەو کەسە بەشدارێکی خاوەن زانین و هۆشیار و ئامادەیە لە پرۆسەی دادپەروەریدا. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هۆشیارانە مافەکانی دەربازبوو/ شایەت پێشێل دەکات، بێڕێزی بەرانبەری دەکات و دەبێتە هۆی زیانپێگەیشتنی. ئەنجامەکانی چاوپێکەوتنێک کە بەبێ مسۆگەرکردنی ڕەزامەندی هۆشیارانە و ڕێکوپێک ئەنجام درابێت ڕەنگە هەروەها پەسەندکراو نەبێت لە گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێنی یاساییدا، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە زانیارییەکان لەژێر هەندێک زۆرەملێ و ناچارکردندا فەراهەم کراون، یاخود لەسەر بنچینەی دڵنیاکردنەوەی فریودەرانە بوون.

ڕەزامەندی هۆشیارانە تەنها پرەنسیپێکی بنەڕەتی نیە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی دادپەروەریدا؛ ئەوە ئەرکێکی ئەدگاری سەرشانە بۆ هەر یەکێک کە زانیاری کۆدەکاتەوە دەربارەی تاوان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، بە پێشێلکاری زۆر گەورەی مافی مرۆڤیشەوە، لە دەربازبوان/ شایەتەکان.

واتای ڕەزامەندی هۆشیارانە

هەموو ئەو کەسانەی کە زانیاری فەراهەم دەکەن سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی یاخود ڕەزامەندی دەدەن بۆ کۆکردنەوەی داتا دەبێت لەمانە ئاگادار بکرێنەوە و لێیان تێبگەن:

- مەبەست و ناوەرۆکی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری؛
- واتای نهێنیپارێزی و چۆن بەسەر ئەو زانیاریانەدا دەچەسپێت، یان ناچەسپێت، کە ئەوان فەراهەمی دەکەن؛
- ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیڕەو دەکرێن - بەوشەوە کە زانیارییەکان لەوانەیە لە داهاتوودا پێویست بێت ئاشکرا بکرێن و نیازیان وەهایە بۆ چ مەبەستێك بەکار بهێنرێن؛ و
- چ مەترسی و سوودێکی تێدایە بۆ خۆیان کە بەشدار بن.

**لەپێناوی دڵنیاکردنی ئەوەی کە ڕەزامەندی هۆشیارانە تێبینی کراوە، خاوەنپیشەکان دەبێت:**

**1. پەلە نەکەن لە ڕوونکردنەوەی هەموو فاکتەرە پەیوەندیدارەکان بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان**

- دەستنیشانکردنی ئەو ئەندامانەی تیمەکە کە لەوێ ئامادەن، چ کارێك ئەنجام دەدەن، بۆ کێ کاردەکەن و زانیارییەکان بۆ کێ کۆدەکرێنەوە.
- بەتەواوی مەبەست و سروشتی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری ڕوونبکەنەوە لەگەڵ پێکهاتە، وابەستەیی و سەرپشککرانی تیمەکە.
- هەموو بەکارهێنانە شیاوەکانی ئەو زانیاریانە وەسف بکەن کە فەراهەم دەکرێن، بە ئەگەری ئەوەشەوە کە ڕەنگە وا پێویست بکات زانیارییەکان ئاشکرا بکرێن، ئیتر ئەو کەسە داوای لێبکرێت کە لە هەر ڕێوشوێنێکی دادگەدا ئیفادە بدات یان نا.
- جۆری ئەو پرسیارانە ئاشکرا بکە کە لەوانەیە لە دەربازبوو/ شایەتەکان بپرسرێن.
- زانیارییەکان بەشێوەیەك پێشکەش بکەن کە بۆ دەربازبوو/ شایەتەکان ڕوون بێت و ئەوە دڵنیا بکەن کە لە زانیارییەکان تێگەیشتون. ئەوە کارێکی باشە بۆ خاوەنپیشەکان کە داوا لە دەربازبوو/ شایەتەکان بکەن کە بۆیان بڵێنەوە دەربازبوو/ شایەت چ شتێك دەربارەی پرۆسەکە تێگەیشتووە.

**2. ئەوە دڵنیا بکەن کە ئەو ڕەزامەندییەی کە لەلایەن دەربازبوو/ شایەتەوە دراوە پشتی بە ویستی ئازادی خۆی بەستووە**

- هەلومەرجی متمانەی ڕاستەقینە دروست بکەن کە وەها لە دەربازبوو/ شایەت بکات کە بە ویستی ئازادانە و بە شێوەیەکی خۆویستانە ڕازی بێت یاخود ئەوەندە هەست بە ئاسوودەیی بکات کە بتوانێت ڕەتیبکاتەوە. هەندێك پێشنیار دەربارەی ئەوەی کە چۆن ئەو متمانەیە بەڕاستی دروست بکەیت لە پاشکۆی 3 دا خراونەتە ڕوو **"چاوپێکەوتن: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و سەرەداوە کردارەکییە سەرەکییەکان".**
- بە ڕوونی ئەوە بۆ دەربازبوو/ شایەتەکان ڕوون بکەنەوە کە ئەوان ئارەزووی خۆیانە کە ئاخۆ دەیانەوێت لەگەڵ خاوەنپیشەکان قسە بکەن یاخود نا و لە سەرتاسەری ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا هەر کات بیانەوێت دەتوانن سوود لەوە وەربگرن ئەگەر بیانەوێت بیروڕای خۆیان بگۆڕن.
- پێگەی خۆت وەك خاوەنپیشە بە وریایی بەکاربهێنە و بەڕێزەوە لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەکان مامەڵە بکە.
- ئەوە دڵنیا بکە کە دەربازبوو/ شایەت کاتی تەواوی بەدەستەوەیە بۆئەوەی بڕیاری خۆی بدات. ئەوە دەبێت دەرەنجامە چاوەڕوانکراوە گرنگ و ئاڵۆزەکانی بەشداربوون ڕەچاو بکات بۆ دەربازبوان، خێزانەکانیان و کۆمەڵگەکەیان، لە ئێستا و لە داهاتووشدا. ئەوە هەروەها دەبێت بەها بۆ ئەو ئەرکە سەختە دابنێت کە دەبێت لە ڕەوشی ناسکدا و لە میانەی هەلومەرجی بە خێرایی گۆڕاوی ململانێکەدا مەترسی هەڵبسەنگێنن.
- هەموو جارێك کە تۆ پەیوەندی بە دەربازبوو/ شایەتێکەوە دەکەیت لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەکە ئەوە پشتڕاست بکەرەوە کە ئەو بیروڕای خۆی نەگۆڕیوە دەربارەی بەکارهێنانی ئیفادەکانیان یاخود سەبارەت بە گواستنەوەی زانیاری بۆ هەندێك لایەنی سێهەمی دیاریکراو.
- زمانێك هەڵبژێرن کە یەکسەر دەربازبوو/ شایەتەکان لێی تێبگەن و بەتایبەت هەموو فۆرمەکان با بە زمانی دەربازبوو/ شایەتەکان خۆیان بن.
- ئەو وەرگێرانە بەکاربهێنن کە لێهاتوون لە وەرگێرانی وشە بە وشەدا و ئەوە دڵنیا بکەن کە ئەوان بەتەواوی لە واتا و مەرجەکانی ڕەزامەندی هۆشیارانە تێگەیشتوون.

**3. ڕەزامەندی بەبێ چەندوچوون بۆ هەندێك چالاکی تایبەت بەدەست بهێنن**

- ڕەزامەندی پێویستە وەربگیرێت بۆ بەکارهێنانی ئامرازی وەك تۆمارکاری شریت یاخود کامێرای ڤیدیۆیی لەکاتی چاوپێکەوتندا. ئەوە دڵنیا بکە کە دەربازبوو/ شایەت دەزانێت کە تۆماری دەنگی یان ڤیدیۆیی ئەنجام دەدرێت.
- دەربازبوان/ شایەتەکان پێویستە بە ڕاشکاوی هاوڕابن لەسەر گواستنەوەی زانیاری ناسنامە، پەیوەندیکردن و بنەڕەتی بۆ لایەنی سێهەم، بەتایبەت بۆ لێکۆڵەرە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، دادگەکان و پۆلیس.

**4. کاتێك کە چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵ دەکرێت، دەبێت ڕەزامەندی بە ڕێکوپێکی مسۆگەر بکرێت**

- هەموو منالەکان دەبێت ڕەزامەندی خۆیان دەرببڕن بۆ بەشداربوون لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا.
- لەوە تێبگەن کە مسۆگەرکردنی ڕەزامەندی هۆشیارانە پێویستە دوای ڕەچاوکردنی تەمەنی تایبەتی منالەکە، پێداویستییەکانی و ئاستی تێگەیشتنی ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە ڕەزامەندی هۆشیارانە بەشێوەیەکی ئاسایی لە دایبابەکان وەردەگیرێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەرزەکارانەی کە گەورەترن خۆیان دەتوانن ڕەزامەندی هۆشیارانە بدەن.

- ڕەزامەندی هۆشیارانەی بەشداربوونی منالآن لە دایباب یاخود بەخێوکارێکی منالّەکەوە مسۆگەر بکەن.

- ئاگاداری ئەوە بن کە منالّ ڕەنگە زاتی ئەوەیان نەبێت کە لەگەڵ دایبابەکانیان بێنە پێشەوە و وردەکارییەکانیان باس بکەن و ڕەنگە بەو جۆرەش بن؛ بۆی هەیە کە نە منالّەکان و نە بەخێوکار یان دایباب دەرك بەوە نەکەن کە منالّەکە لەبارەی سێکسییەوە قوربانی بووە هەتا ئەو کاتەی کە خاوەنپیشەکە دەچێت بۆلایان.

- منالّ دەبێت بە شێوازێکی وریا و هەستیار و بەگوێرەی تەمەن لەو مەترسیانە ئاگادار بکرێنەوە کە هاوپەیوەستن بە فەراهەمکردنی زانیارییەوە لە پێناوی دوورکەوتنەوە لەوەی کە بەبێ ئەوەی پێویست بێت بیانترسێنین. وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ بەخێوکار یاخود دایباب دوور لە چاوی منالّەکە شتێکی باشە بەر لە دەستکردن بە هیچ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ منالّ.

- منالّ دەبێت هەموو بژاردە شیاوەکان و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بژاردەکانی بخرێتە بەردەست لەلایەن کارمەندانی ڕاهێنراوەوە کە بتوانن وەڵامدەرەوەی توانستی تاکەکەسی منالّەکە بن. منالآن مافی ئەوەیان هەیە کە پێیان بوترێت چ مافێکیان بۆ بەردەستە بەگوێرەی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافەکانی منالّ و بەڵێننامەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوان و خراپەکارهێنانی دەسەڵات.[38] خاوەنپیشەکان دەبێت بە وریایی ئەوە بۆ منالآن ڕوونبکەنەوە کە لە هەر قۆناغێکی پرۆسەکەدا چی ڕوودەدات و چ شتێکیان لێ چاوەڕوان دەکرێت.

## 6.2 نهێنیپارێزی

نهێنیپارێزی پرەنسیپێکی ئەدگارییە لە بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسیدا کە ئەرکی ئەوە دەخاتە سەرشانی خاوەنپیشەکان کە ئەو زانیاریانە بپارێزن کە کۆیاندەکەنەوە لەسەر توندوتیژی سێکسی و ئەو پرەنسیپە لە سەرتاسەری پرۆسەی ئەنجامدانی بەبەڵگەنامەکردندا بچەسپێنن. مەرجەکانی نهێنیپارێزی زۆرجار بنچینەیین بۆ بنیاتنانی متمانە لەگەڵ دەربازبوو/ شایەت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سنورداری هەیە بۆ نهێنیپارێزی و ئەوانە دەبێت بە جوانی بۆ دەربازبوو/ شایەت ڕوونبکرێنەوە.

بەتایبەت خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان:

**1.** ئەوە دڵنیا بکەن کە هەموو ئەندامانی تیمەکە لەو چوارچێوەیەی نهێنیپارێزی تێدەگەن کە لە پرۆسەی ئەنجامدانی بەبەڵگەنامەکردندا چەسپێنراوە و وردەکارییەکانی کەیس لەلای ئەو خێزان و کەسوکار، هاوڕێ و هاوەڵانە باس ناکەن کە بەشێك نین لە تیمەکە.

**2.** ئەوە دڵنیا بکەن کە پێوەرەکانی پاراستنی زانیاری جێگیر کراون سەبارەت بە هەموو زانیارییەکانی ناسینەوە دەربارەی دەربازبوو/ شایەتەکان و ئیفادەکانیان، هەروەها هەر بژاردەیەکی ڕەوانەکردن کە بۆ دەربازبوو/ شایەت ساز کرابێت یاخود پێوەری پاراستن کە جێگیر کرابێت **(بڕوانە برگەی 9 "ئەمبارکردنی زانیاری").**

**3.** مەرج و سنوورەکانی نهێنیپارێزی بەتەواوی و بەجوانی بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان ڕوونبکەنەوە؛ ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە:

- چ پێوەرێکی نهێنیپارێزی جێگیر کراوە و زانیارییەکانیان چۆن دەپارێزرێن؟

- سنوورەکانی نهێنیپارێزی کە دەکرێت لەلایەن ئەوانەوە دڵنیا بکرێن کە زانیارییەکان کۆدەکەنەوە - لەوانە جیاوازی نێوان پێوەرە کردارەکییەکان بۆ پاراستنی زانیاری بە نهێنی و بێتوانایی بۆ دڵنیاکردنی نهێنیپارێزی وەك مافێکی یاسایی.

- ئایا چۆن نهێنیپارێزی لەوانەیە پێشێل بکرێت ئەگەر مەترسی خۆکوشتن یاخود خۆئازاردان سەرهەڵبدات بۆ دەربازبوو/ شایەت یاخود ئەگەر کێشەیەکی پاراستنی منالّ بێتە ئاراوە.

- سنوورەکانی نهێنیپارێزی، لەوانە ئەو جۆرە تایبەتانەی کە زانیارییەکانی ڕەنگە بەو شێوەیە ئاشکرا بکرێن ئەگەر دەربازبوو/ شایەت ڕەزامەندی نیشان بدات کە ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە بگوێزرێنەوە بۆ کەسانی لایەنی سێهەم، لەوانە پۆلیس، لێکۆڵەر و دادگەکان **(بڕوانە برگەی 6.1 "ڕەزامەندی هۆشیارانە").**

38 UN General Assembly, Declaration of Basic Principles of Justice for Victims of Crime and Abuse of Power: ئەو بڕیارە لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەندکراوە، 29 نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم) 1985.

## 6.3 ڕەوانەکردن

بەر لە دەستدانە هەر پرۆسەیەکی بەبەڵگەنامەکردن، خاوەنپیشەکان دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدەن بۆ دەستنیشانکردنی بژاردە بۆ ڕەوانەکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان بۆ وەرگرتنی یارمەتی و پشتگیری و دانانی ڕێوشوێن بۆ پرۆسەی ڕەوانەکردنەکە خۆی. ئەو دەربازبوو/ شایەتانەی کە ئەوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە ڕەنگە پێویستییان بە یارمەتی دەمودەستی پزیشکی، دەرونکۆمەڵایەتی یاخود یارمەتی ئاسایشی بێت یاخود ڕەنگە هەروەها پرۆسەی ئاشکراکردنی زانیاری خۆی لەخۆیدا لەبارەی سۆزدارییەوە کارێکی سەخت، تاڵ و دڵڕاتەکێن بێت یاخود بیانخاتە بەر مەترسی زیاتر هەمو دەربازبوان و شایەتەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان بزانن چ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی، دەروونی، یاسایی و کۆمەڵایەتییان بۆ بەردەستە.

ئەگەر خزمەتگوزارییە فەرمییەکان بەردەست نەبن یاخود دەستیان پێڕانەگات، خاوەنپیشەکان دەبێت ئەوە هەڵبسەنگێنن کە چ سیستەمێکی نافەرمی جێگیر کراوە کە بۆی هەبێت پشتگیری دەربازبوو/ شایەتەکان بکات، بە سیستەمەکانی پشتگیری خێزان و خەڵکی ناوچەکەشەوە. ئەو شێوازانەی پشتگیری خێزانی و کۆمەڵایەتی پێویستە هەمیشە ڕەچاو بکرێن کاتێك کە دەربازبوو یان شایەتی منداڵ دەستنیشان دەکرێن.

خاوەنپیشەکان دەبێت تێبینی ئەوە بکەن کە توانای دەربازبوو/ شایەت بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی ڕەوانەکردن و یارمەتیدان ڕەنگە بەهۆی ڕەگەزەوە بڕیاری لەسەر بدرێت - قوربانیانی نێر و مێ هەندێك جار مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێت کاتێك کە هەوڵی بەدەستهێنانی یارمەتی دەدەن. خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها تێبینی ئەوە بکەن کە ئەگەر ڕوویان بێت بە ڕووی منداڵی ئەوتووە کە لەو باوەڕەداین ئازاریان دراوە ئەوا ئەرکی سەرشانیانە ئەوە بە دەسەڵاتدارانی گونجاو ڕابگەیەنن.

جۆری ئەو یارمەتیانەی کە دەشێت بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان بەردەست بن لە **پاشکۆی 5 دا خراونەتە ڕوو "ڕەوانەکردنی دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی بۆ یارمەتیدان"**. کاتێك کە هەوڵی ئەوە دەدەن دەربازبوان و شایەتەکان بۆ پشتگیری زیاتر ڕەوانە بکەن، خاوەنپیشەکان دەبێت:

**1. بزانن ئایا هیچ سیستەمێکی ڕەوانەکردن ئێستا هەیە. ئەوانە ڕەنگە ئەمانە بگرنەوە:**

- میکانیزمی ڕەوانەکردنی نیشتمانی، ناوچەیی یاخود خۆجێی لەسەر بنچینەی ڕەگەز لەناو دەزگا فریاگوزارییە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکاندا؛
- ڕێبازی ڕەوانەکردن بۆ ئەو منداڵانەی کە لە بارێکی ناسکدان، بە سەرکردەی نافەرمی کۆمەڵگە و کەسانی ناودار، ئەو گرووپانەی کە لەلایەن منداڵانەوە ڕێبەری دەکرێن و پشتگیری تایبەتمەندانەی کارساتی جەرگبڕیشەوە؛
- ڕێوشوێنی ستانداردی کارکردنی نیشتمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی؛
- بنکەی پەیوەندی یاخود هێڵی گەرمی دەربازبوو/ شایەت؛ و
- خزمەتگوزاری وەڵامدانەوەی فرە-لایەن کە لە بنکەکانی ڕەوانەکردنی پەلاماردانی سێکسی / "بنکەی کۆمەکی خێرا" جێگیر کراون.

**2. دامەزراندنی پەیوەست لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری:**

- پێکهێنانی ڕێکەوتننامە، ڕێوشوێنی ستانداردی کارکردن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ دابینکارانی خزمەتگوزاری لەپێناوی ئاسانکاری بۆ ڕەوانەکردنی بێ گرێ و کێشەدا.

  ئاگاداری سنوردرای لۆجستیکی، دارایی و ئەدگاری ئەو ڕێکخراوانە بە کە خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان دەستەبەر دەکەن و بەگوێرەی ئەوە پلانەکان دابڕێژە.

**3. سەلامەتی و لایەنی کردارەکی دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری هەڵبسەنگێنە:**

- ئەوە یەکلایی بکەرەوە کە سنوردارییەکانی توانای تۆ چین بۆ ڕەوانەکردن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و ئاخۆ ئەوە کاریگەری لەسەر توانستی تۆ دادەنێت بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکان. سنوردارییەکان ڕەنگە ئەمانە بگرنەوە:

سنوردارییەکانی سەلامەتی:

- ئایا ڕەوانەکردن بۆ لای خزمەتگوزاری پشتگیری دەربازبوان/ شایەتەکان دەخاتە مەترسی زیاترەوە؟ بۆ نموونە، لەوانەیە کێشە هەبێت کاتێك کە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و ئاسایش لەلایەن حکومەتەوە دەستەبەر بکرێن یاخود کاتێك زانیارییەکان بەگوێرەی ستانداردەکانی نهێنیپارێزی مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت.
- ئایا گرووپەکانی کۆمەڵگە یان کەسانی ناودار پشتگیری دەربازبوان و شایەتەکان دەکەن یاخود فشاریان دەخەنە سەر بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی ویستی خۆیانەوە بجوڵێنەوە؟

سنوردارییە لۆجیستیکی و داراییەکان؟

- ئایا خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری زۆر دوورە دەستن یاخود بەبارێکی تردا زۆر سەختن بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان کە دەستیان پێیان ڕابگات؟

سنورداری دیکە، وەك بیروباوەڕی کولتووری جیاکاری و هەڵوێستی هەڵاواردن:

- ئایا هیچ بیروباوەڕێکی کولتووری زاڵ هەیە، وەك لەقاڵبدان یان پەیڕەوی هەڵاواردن، کە بەر لە ڕەوانەکردنی دەربازبوو/ شایەتێك بگرێت بۆ لای خزمەتگوزارییە خۆجێییەکان؟

**4. چەسپاندنی ڕێوشوێنی کارکردنی ستانداردی ناوخۆیی بۆ ڕەوانەکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان:**

- ئەو پێوەرانە بچەسپێنە کە ئەمانە دەخەنە ڕوو:
  - خاوەنپیشەکان چ کەسانێك بەشێوەیەکی چالاکانە ڕەوانە دەکەن بۆ پشتگیری زیاتر - ئەوە ڕەنگە دەربازبوان/ شایەتەکان، ئەندامانی خێزان یاخود خەڵکی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی بگرێتەوە.
  - خاوەنپیشەکان بۆچی ڕەوانەکردن ئەنجام دەدەن.
  - ئایا خاوەنپیشەکان خەڵك بۆ چ جۆرە خزمەتگوزارییەك ڕەوانە دەکەن.
- ئەوە یەکلایی بکەرەوە کە پەیڕەوی گواستنەوەی دەربازبوان/ شایەتەکان چییە.
- ئەوە دەستنیشان بکە کە چۆن و کەی ڕەوانەکردن ئەنجام دەدرێت - لە چ قۆناغێکدا لە پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردن و چاوپێکەوتندا.

**5. بە ڕوونی لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکان پێکگەیشتن ئەنجام بدەیت:**

- سنورداری ئەو یارمەتیانەی کە خاوەنپیشەکان دەتوانن فەراهەمیان بکەن بە جوانی بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان ڕوونبکەرەوە.
- بژاردە بەردەستەکان بەتەواوی بە دەربازبوو/ شایەتەکان ڕابگەیەنە.
- ئەوە ڕوونبکەرەوە کە یارمەتی نەبەستراوەتەوە بە مەرجی پێشکەشکردنی ئیفادەی شایەتەوە و مەرجی ئەوەش بە هیچ جۆرێك نیە کە ئیفادەی شایەت بە جۆرێکی تایبەت بدرێت بۆ مسۆگەرکردنی یارمەتی.

**6. کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ دەربازبوان و شایەتە منداڵەکان دەکەن، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەوە دڵنیا بکەن کە منداڵەکان بۆلای خزمەتگوزاری گونجاو ڕەوانە دەکرێن.**

- لەوە تێبگەن کە پێداویستییە درێژخایەنەکانی منداڵان پێویستە بهێنرێنە دی بۆ دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی جەستەیی و سۆزداری منداڵەکە، بەبێ گوێدان بەوەی کە بڕیاری منداڵەکە چۆن دەبێت بۆ پێشکەشکردنی ئیفادەی شایەت. پێداویستییە درێژخایەنەکان ئەمانە دەگرنەوە:
  - جەستەیی: دوای ڕەوانەکردن بۆ چارەسەری پزیشکی کوتوپڕی منداڵەکان دەشێت کێشەی درێژخایەنی تەندروستییان ببێت و پێویستییان بە چارەسەری کاریگەر بێت.
  - دەروونی: منداڵ لەوانەیە پێویستییان بە پشتگیری بێت بۆ هەڵکردن لەگەڵ گوشاری دەروونی پاش زەبر و بنیاتنانی پردی متمانە و تێگەیشتن لە هەستەکانیان.
  - کۆمەڵایەتی: منداڵ ڕەنگە پێویستییان بە پشتگیری بێت بۆ سەقامگیربوونەوە لە خوێندنگە و پێویستییان بە یارمەتی بێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی ئەرێیی.
  - ڕێوشوێنی سەرپەرشتی: منداڵ پێویستییان بە شوێنێکی ئەمینە بۆ هاتنەوەسەرخۆ ئەگەر لە ماڵەوە ئاکاری خراپ ڕوویدابێت.
- بێجگە لە بژاردە تیروتەسەلەکانی ڕەوانەکردن کە لە **پاشکۆی 5 دا نەخشێنراون "ڕەوانەکردنی دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی بۆ یارمەتیدان"**، خزمەتگوزارییەکانی ڕەوانەکردن بۆ منداڵان دەبێت سەرباری ئەوانەش:
  - ڕوون و ئاشکرا بێت سەبارەت بە تەمەن و ڕەگەزی قوربانییە منداڵەکە:
  - دەستڕاگەیشتن بە شوێنی گونجاو بۆ منداڵ و هەرزەکار فەراهەم بکات؛ و
  - دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی پاراستنی منداڵلەسەر بنچینەی کۆمەڵگە فەراهەم بکات بە لیژنەکانی پاراستنی منداڵ و ئەو گرووپانەشەوە کە لەلایەن منداڵانەوە ڕێبەری دەکرێن.
- بە شێوازێکی گونجاو ڕەوانەکردن ئەنجام بدە کاتێك کە منداڵ لەبەر مەترسی پشتگیری کۆمەڵایەتی کەمکراوە یان نەبوونی ئەو پشتگیرییەدا بن، بە مەترسی ئەوەشەوە کە منداڵ لە خێزانەکانیان دابڕابن و ڕووبەڕووی لەکەی کۆمەڵایەتی ببنەوە.
- کرداری ڕوون و ئاشکرا پەیڕەو بکەن سەبارەت بە هاوبەشکردنی زانیاری نهێنی بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە هەمیشە ئەوپەڕی بەرژەوەندی منداڵەکان دەخرێتە پێش هەموو شتێکەوە.
- پشتگیریکردنی دایباب و سەرپەرشتیاران، ئاگادارکردنەوەیان لەو خزمەتگوزاریانەی کە بەردەستن بۆ یارمەتیدانی منداڵ و خێزانیش.

## 7. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

یەکسەر دوای ئەوەی کە دەربازبوان و شایەتەکانی تر دەستنیشان کران، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان باوترین و زۆرجار باشترین ڕێگەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵام ئەوە هەروەها زۆر لەوە دەچێت کە بەشێوەیەکی نەرێیی کاریگەری لەسەر خۆشگوزەرانییان دابنێت، بیانخاتە بەر مەترسی زیاتر و، ئەگەر بەڕێکوپێکی ئەنجام نەدرێت، کاریگەری لەسەر چۆنایەتی و جێگەی متمانەبوونی ئەو زانیاریانە دابنێت کە فەراهەم کراون.

هەندێك جار، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکان نە پێویستە و نە بەباش دادەنرێت و خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان کە بتوانن بە ڕوونی پاساو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بهێننەوە.

ئەگەر چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن، خاوەنپیشەکان دەبێت بە ڕێکوپێکی ڕاهێنانیان پێکرابێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، لەگەڵ ئەزموونی تایبەت لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکانی توندوتیژی سێکسی. بەتایبەت کاتێك کە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ ئەنجام دەدەن خاوەنپیشەکان پێویستە ڕاهێنانیان پێکرابێت لەسەر وەڵامدانەوەی ڕێکوپێك بە پێداویستییە تاکەکەسییەکان و توانستەکانی منداڵەکە.



## 7.1 ڕێکبەندی چاوپێکەوتن

### 1. شوێنی چاوپێکەوتنەکە ڕەچاو بکە:

- چاوپێکەوتنەکە لە شوێنێك ئەنجام بدە کە سەلامەت، تایبەت، گونجاو و ئاسوودە بێت بۆ دەربازبوو/ شایەت.
- بزانە هیچ شوێنێك هەیە کە لە دەرەوەی سنووردارییەکان بێت لەبەر هۆکاری ئاینی، بایەخی کولتووری یاخود چەمکی ڕێکوپێکی و گونجاوی.
- چاوپێکەوتنەکە لە شوێنێك ئەنجام بدە کە دەربازبوو/ شایەتەکە بتوانێت بە ئاسانی بیگاتێ و زۆر دوور نەبێت و بەتایبەت ئەمانە ڕەچاو بکە:
- ئایا دەربازبوو/ شایەتەکە دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ گەیشتن بەو شوێنە؟
  - ئایا خاوەنپیشەکان هۆکاری گواستنەوە بۆ ئەو شوێنە و لەوێشەوە فەراهەم دەکەن؟ ئەگەر وەهایە، ئەوە ڕەچاو بکە کە ئەوە چۆن لەوانەیە سەلامەتی و تایبەتێتی ئەو کەسە بخاتە مەترسییەوە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.
  - ئایا ئەو شوێنە سەلامەت نابێت بۆ دەربازبوو/ شایەتەکە کە بگاتە ئەوێ یان لەوێ دەربچێت؟ ئایا کاتێك کە چاوپێکەوتنەکە تەواو دەبێت ئەوێ تاریك دەبێت؟
- خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە:
  - بەکارهێنانی ئاشکرای شوێنە گشتییەکان لەبەر مەترسی چاودێری؛
  - بەکارهێنانی شوێنە گشتییەکان کاتێك کە مەترسی ئەوە هەبێت کە خەڵك گوێیان لە چاوپێکەوتنەکە بێت؛
  - بەکارهێنانی کلینیك، فەرمانگەی کارمەندانی فریاکەوتن، شوێنی کۆمەڵگە و بنکەکانی ژنان بەبێ ئەنجامدانی ڕێکەوتنی پێشوەخت و ڕێوشوێن لەگەڵ ئەو کارمەند و ئەندامانی کۆمەڵگەیە کە ئەو شوێنانە بەڕێوەدەبەن؛
  - چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان و شایەتەکانی تر لەبەردەم دەربازبوان/ شایەتەکانی تردا، بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی کە شێوازی گێڕانەوەیان بۆ ڕووداوەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دابنێت؛
  - چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان و شایەتەکانی تر لەبەردەم کەسانی تردا کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر چاوپێکەوتنەکە دابنێت یاخود بیانترسێنێت؛
  - چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان و شایەتەکانی تر لەبەردەم منداڵدا کە ڕەنگە پەرێشان و ناڕەحەتیان بکات یاخود لەوانەیە مەترسی پێشێلکاری نەهێنیپارێزی زیاتر بکات.

### 2. ئەوە ڕەچاو بکە کە ئاخۆ دەربازبوو/ شایەتەکان دەستیان بە پشتگیری ڕادەگات:

- دەربازبوو/ شایەت لەوانەیە داوای ئەوە بکات کە کەسێکی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی پشتگیری بکات. ئەو کەسە:
  - نابێت شایەتێکی تر بێت. ئەگەر دەربکەوێت کە ئەو کەسەش شایەت بێت، دەبێت بەجیا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدرێت.
  - دەبێت کەسێك بێت کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت متمانەی پێبکات کە سەرڕاست بێت و ئەوە ئاشکرا نەکات کە دیدەنی ئەنجام دراوە.
  - دەبێت تەنها لەکاتی پشوەکاندا لەوێ بێت نەك لەکاتی چاوپێکەوتنەکە خۆیدا.
  - دەبێت ئاسانکاری بۆ منداڵ بکرێت، چونکە منداڵ دەبێت ڕێگەی پێبدرێت کە کەسێکی نزیکی یاخود بەخێوکارەکەی لەگەڵی بێت ئەگەر ئەوە یارمەتی بدات.

**3. شارەزای جیاوازییە تایبەتە كولتووری و كۆمەڵایەتییەكان بە كە ڕەنگە كاریگەری لەسەر ئەوە دابنێت كە دەبێت كێ چاوپێكەوتنەكە ئەنجام بدات:**

- بزانە ڕۆڵی ڕەگەزەكان چۆنە، سنورداری سەبارەت بە كارلێككردن لەگەڵ ژنان و كچان و كارلێككردن لەگەڵ منداڵ بە چ شێوازێكە.

**4. ئەوە ڕەچاو بكە كە چاوپێكەوتنەكە لە چ ڕۆژێكدا و لە چ كاتێكی ڕۆژەكەدا دەبێت ئەنجام بدرێت:**

- بزانە ڕۆتینی تاكەكەسەكان و كۆمەڵگەكە بە چ جۆرێكە، چ جۆرە كاتێك بۆ ئەوان لە هەموو كاتێك لەبارترە، هەروەها هەر كات یاخود ڕۆژێك كە بۆ ئەوان دەستناداتن، نەگونجاوە یاخود ڕۆژێكی پیرۆزە دەبێت بگیرێتە بەرچاو.

## 7.2 لیستی پشكنینی سەرەكی چاوپێكەوتن

بەبێ گوێدان بە بابەتی چاوپێكەوتنەكە، هەموو چاوپێكەوتنەكان پێویستە لانی كەم ئەم ڕێكارانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:

1 خۆت و تیمەكەتیان پێبناسێنیت ڕۆڵی هەر یەك لە ئامادەبوان ڕوونبكەیتەوە لەگەڵ دەسەڵات و ئامانجەكانی ڕێكخراوەكەت.

2 بەتایبەتی وەرگێڕەكە بە دەربازبوو/ شایەتەكە بناسێنە و ڕۆڵی وەرگێڕەكەیان بۆ ڕوونبكەرەوە و ئەوەیان پێرابگەیەنە كە وەرگێڕەكە بەگوێرەی هەمان ڕێنوێنی نهێنیپارێزی سەرتاپای تیمەكە مامەڵە لەگەڵ چاوپێكەوتنەكە و ناوەڕۆكەكەی دەكات.

3 بەر لە دەستكردن بە چاوپێكەوتنە فەرمییەكە ڕەزامەندی هۆشیارانە لە دەربازبوو/ شایەتەكەوە مسۆگەر بكە **(بڕوانە برگەی 6.1 "ڕەزامەندی هۆشیارانە")**. خاوەنپیشەكان دەبێت هەم بەر لە ئەنجامدانی چاوپێكەوتن و هەم دوای ئەوەش ڕەزامەندی هۆشیارانە مسۆگەر بكەن.

4 جۆری ئەو پرسیارانە ڕوونبكەرەوە كە لەوانەیە لە دەربازبوو/ شایەتەكان بپرسرێن.

5 ئەگەر دەربازبوو/ شایەت ڕەزامەندی دەربڕیت لەسەر ئەوەی كە ئەو زانیاریانەی كۆكراونەتەوە بگوێزرێنەوە بۆلای لایەنی سێهەم، لەوانە پۆلیس، لێكۆڵەران و دادگاكان، سنوردارییەكانی نهێنیپارێزی بە جوانی ڕوونبكەرەوە بەو ڕێگە تایبەتانەشەوە كە ڕەنگە زانیارییەكانی ئەویان پێ ئاشكرا بكرێت.

6 ئەوە بە جوانی بۆ ئەو كەسانە ڕوونبكەرەوە كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت كە ئەوان بەدەست خۆیانە كە ئاخۆ بیانەوێت قسە لەگەڵ تۆ بكەن یان نا. ئەوە كارێكی گرنگە كە دەربازبوان/ شایەتەكان، بە منداڵانیشەوە، لە مافی خۆیان بۆ تایبەتێتی تێبگەن.

7 پێشبینییەكانی دەربازبوو/ شایەت سەبارەت بە پرۆسەكە هەڵبسەنگێنە لەگەڵ ڕۆڵی خۆت و ئەو زانیاریانەی كە ئەوان فەراهەمیان دەكەن و ئەو یارمەتییەی كە ڕەنگە ئەوان بەدەستیان بگات. ئەوە دڵنیا بكە كە ئەو پێشبینیانە ڕاستبینانەن و ئەگەر بەو جۆرە نەبن ڕاستیان بكەرەوە.

8 هەموو زانیارییەكانی تایبەت بە دەربازبوو/ شایەتەكە تۆمار بكە، لەوانە ناو، بەرواری لەدایكبوون، ڕەگەز و زانیارییەكانی پەیوەندیكردن و هاونیشتمانێتی، نەژاد و ئاین هەركات بەسەریدا بچەسپێت.

- كاتێك كە پەیوەندی لە دوورەوە نەبێت یان جێگای متمانە نەبێت و ناونیشانی نەریتی نارێكوپێك بێت، بە چەند ناوێكی جیاواز ناسرابێت یاخود ئەو ناوە هەر بوونی نەبێت، هۆكاری جێگرەوە بەكاربهێنە بۆ تۆماركردنی زانیاری پەیوەندیكردنی دەربازبوو/ شایەت، لەوانە ناوی بنەماڵە، خێڵ یاخود كۆمەڵگە، یاخود ناوی ڕێكخراو یان گرووپێك كە دەربازبوو/ شایەت پەیوەندی نزیكی هەیە پێیانەوە.

9 لە دەربازبوو/ شایەت بپرسە كە شێوازی پەسەندكراوی پەیوەندیكردن بەوەوە چییە.

10 ئەوە ڕەچاو بکە کە چۆن چەندەها مانگ یاخود ساڵێك دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان پەیوەندی بە دەربازبوو/ شایەتەکانەوە بکەیتەوە و بزانیت لە چ شوێنێکن. بۆ نموونە، لەسەر ڕەزامەندی دەربازبوو، ناوی ئەندامانی خێزان، هاوڕێ نزیکەکانی لەکۆمەڵگەدا تۆمار بکە، لەگەڵ کەنیسەی ناوچە یان گرووپەکەی - هەر کەسێك کە بتوانێت یارمەتی خاوەنپیشەکان بدات بۆ دۆزینەوەی دەربازبوان.

11 ئەوە ڕەچاو بکە کە دەربازبوو/ شایەت چۆن دەتوانێت پەیوەندی بە خاوەنپیشەکانەوە بکات.

## 7.3 جۆری پرسیارەکان

**"کارنامەی بەڵگە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی"، پاشکۆی 1 لە پرۆتۆکۆلەکە**، نموونەی پرسیار و وەڵامی تێدایە کە بەگوێرەی پێکهاتەی تاوانەکان ڕێکخراون، بۆ یارمەتیدانی بەبەڵگەنامەکاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە ماوەی پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردندا. کارنامەی بەڵگە نموونەی جۆری ئەو پرسیارانەی لەخۆگرتووە کە دەکرێت بۆ هەڵهێنجانی ئەو زانیاریانە بەکاربهێنرێن کە ڕەنگە هەر یەك لە پێکهاتەکانی هەر یەك لەو تاوانانە بسەلمێنن کە دەڵێن گوایە ئەنجام دراون. ئەو دەقەی خوارەوە تەنها پوختەیەکی چەند بەشێکی ئەو کارنامەیەیە، کە وەك پاشکۆ دانراوە بۆ ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی کردارەکی. خاوەنپیشەکان ڕێنمایی دەکرێن بۆ خوێندنەوەی هەموو کارنامەکە بە تێروتەسەلی لەپێناوی کۆکردنەوەی کاریگەرانەی بەڵگە لەسەر توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی.

کاتێك کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدەن، جۆری ئەو پرسیارانەی کە خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان لە دەربازبوو/ شایەتەکانی بکەن دەبێت زانیاری لەسەر هەر یەك یان زۆرتری ئەمانە هەڵبهێنجێت:

**(i) زانیاری بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کردارێکی تاوانکارانەی دیاریکراو (بۆ نموونە لاقەکردن، بە کۆیلەکردنی سێکسی، هتد.) ئەنجام دراوە.**

**(ii) زانیاری بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کرداری تاوانکارانە لە زەمینەیەکدا ڕوویداوە کە دەیکات بە تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، یاخود تاوانی جینۆساید.**

**(iii) زانیاری بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کەسێکی دیاریکراو بەشێوەی تاکەکەسی بەرپرسیاری تاوانکارانەیە لەو کردارە (لە ڕێگەی چ دۆخێکی بەرپرسیارێتی یاساییەوە - واتە ڕاستەوخۆ یاخود لەڕێگەی بەرپرسیارێتی فەرماندە/ کەسانی باڵادەستەوە؟).**

### (i) جۆری ئەو پرسیارانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارین لەسەر کردارە تاوانکارییەکە

لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتندا لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکان دەربارەی کردارە تاوانکارییەکە، خاوەنپیشەکان دەبێت ئەو پرسیارانە بپرسن کە بۆ سەلماندنی هەموو پێکهاتەکانی ئەو تاوانە دیاریکراوە بەسوودن.

بۆ نموونە، بۆ تاوانی لاقەکردن، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەو پرسیارانە بپرسن کە ئەو زانیاریانە هەڵدەهێنجێت کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکات کە:

1) ئەنجامدەری تاوانەکە دەستدرێژی کردۆتە سەر لەشی کەسێك بە ڕەفتارێك کە بووەتە هۆی چوونە ناوەوە، ئیتر هەرچەندە کەمیش بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی لەشی قوربانییەکە یاخود ئەنجامدەری تاوانەکەوە بەهۆی ئەندامێکی سێکسی لەشەوە، یاخود بۆ ناو کونی کۆم یان زێی قوربانییەکە بە هەر شتێك یان هەر بەشێکی تری لەش.

وە هەروەها:

2) دەستدرێژییەکە بەهۆی هێز یان هەڕەشەی هێز یان ناچارکردنەوە ئەنجام دراوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێی، ڕاگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێی، یاخود دەستدرێژییەکە لە دژی کەسێك ئەنجام دراوە کە توانای ئەوەی نیە ڕەزامەندی ڕاستەقینە بدات.

نموونەی پرسیار بۆ (1) و (2):

(1) ئەگەر دەگونجێت و بۆ تۆ زۆر سەخت نابێت، تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت بۆم باس بکەیت چییان لێکردیت؟ من دەزانم کە ئەمە لەوانەیە ئاسان نەبێت، تکایە هیچ پەلە مەکە. (ئەگەر ئەو بڵێت ئەوان یەك لەدوای یەك ئەویان "لاقە" کردووە یاخود جۆرە زاراوەسازییەکی زمانی ناو خەڵك یاخود باوی بەکارهێنا کە تۆ بزانیت واتای لاقەکردن ببەخشێت، پێویستە لەسەرت جارێکی تر بەدواداچونی بۆ بکەیت لەپێناوی بەدەستهێنانی وەسفی ڕاستەقینەی ڕووداوی چوونە ناوەوە.) کاتێك تۆ دەڵێیت لاقەیان کردویت، تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت پێمبڵێیت ئەوان چییان کرد کاتێك کە تۆیان لاقە کرد؟ چییان بەکارهێنا، ئەوان زیانیان بە چ بەشێکی لەشت گەیاند؟

(2) تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت باسی هەلومەرجی ئەو ناوەمان بۆ بکەیت کاتێك کە ئەو ڕووداوانە ڕوویان داوە؟ دەتوانیت پێمان بڵێیت تۆ لەکوێ بوویت، کێ لەو دەوروبەرە بوو، چی ڕوویدەدا و وەسفی ئەو دەوروبەرە بکەیت؟

**(ii) جۆری ئەو پرسیارانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارین دەربارەی زەمینەی ڕووداوەکە**

لەپێناوی یەکلاییکردنەوەی ئەوەدا کە ئاخۆ ئەو تاوانە بەتایبەت وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینۆساید ئەنجام دراوە، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەو پرسیارانە بکەن کە زانیاری هەڵدەهێنجێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەر یەك لە پێکهاتەکانی ئەو تاوانانە هاتوونەتە دی.

بۆ نموونە، بۆ تاوانی لاقەکردن وەك تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەو پرسیارانە بپرسن کە ئەو زانیاریانە هەڵدەهێنجێت کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکات کە:

1) تاوانەکان وەك بەشێك لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك ئەنجام دراون.

2) پەلامارەکە لە دژی هەر جۆرە دانیشتوانێکی مەدەنی ئەنجام درابێت.

3) ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە زانیویەتی پەلامارەکە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی بووە.

4) (پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری کە لەوانەیە پێویست بێت و لەوانەشە پێویست نەبێت لەو دەسەڵاتی دادوەرییەدا کە خاوەنپیشەکە کاری بەبەڵگەنامەکردنی تێدا ئەنجام دەدات): پەلامارەکە بەگوێرەی یان بۆ بەهێزکردنی پەیڕەوێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراوەیی ئەنجام درابێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە پەلامارە.

نموونەی پرسیارەکان:

(1) و (2) دەتوانیت پێمبڵێیت بەر لەو کردارە تاوانکارانانەی کە تۆ باست کردن و لەکاتی ڕوودانیاندا و دوای ئەوەش چ شتێکی تر ڕوویدا؟ دەتوانیت باسی ئەو کەسانەم بۆ بکەیت کە تۆ دەڵێیت پەلاماریان دراوە - چییان لەبەردا بوو، چ شتێکیان بە دەستەوە بوو؟ ئەوان لەکوێ دەمانەوە و ئایا هیچ هۆکار یان ئامێرێکی سەربازی یاخود هیچ جۆرە کەسانێکی تر لەو ناوە بوون؟ دەتوانیت باسی چۆنیەتی ڕوودانی ئەو پەلامارە بکەیت کە تۆ باست کرد؟ یەکەمجار چ شتێك ڕوویدا، دوای ئەوە چی و دواتریش چی ڕوویدا؟ ئایا تۆ توانیت هیچ شێوازێکی پەلامارەکە دیاری بکەیت؟ چ شتێك وەهای لێکردیت کە بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟ ئایا تۆ شایەتحاڵی هیچ ڕووداوێکی تر بوویت کە پەیوەندی بە پەلامارەکانەوە بێت وەك ئەوەی کە ئێستا باست کرد؟ (ئەو کەسە وردەکاری هەر یەك لەو ڕووداوانەت بۆ فەراهەم دەکات کە ئەو بە چاوی خۆی بینیوێتی بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت ئەمانە دیاری بکەیت کە کێ، چی، کەی، لە کوێ، بۆچی، چۆن و هەروەها ئەو چۆن ئەوانەی زانیوە.)

### (iii) جۆری ئەو پرسیارانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارین دەربارەی ئەنجامدەری تاوانەکە

لە پێناوی کۆکردنەوەی زانیاریدا لەسەر ئەو شێوازەی کە ئەنجامدەرێکی تاکی تاوان یان ئەنجامدەران (کە دەڵێن گوایە) ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە - خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان پرسیار بکەن بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە کێ وەك دەڵێن بەرپرسە و بەگوێرەی چ دۆخێکی بەرپرسیارێتی یاسایی - ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی بەرپرسیارێتی فەرماندە/ کەسانی باڵادەستەوە.

بۆ نموونە، بۆ یەکلاییکردنەوەی بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان پرسیار بکەن لەپێناوی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کەسی تۆمەتبارکراو کێیە و ئاخۆ ئەو کەسە:

ئەو تاوانەی ئەنجام داوە (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، یاخود وەك بەشدار لە ئەنجامدانی تاواندا)، فەرمانی بۆ ئەوە دەرکردووە، دەڵاڵی کردووە، هانی داوە، یارمەتی داوە و ئاسانکاری بۆ کردووە، یاخود بە جۆرێکی دیکە بەشداری کردووە بۆ بە ئەنجامگەیاندن (یاخود هەوڵی بە ئەنجامگەیاندنی) تاوانەکە لەلایەن گرووپێکەوە کە هەموویان یەك مەبەستی هاوبەش کۆیکردونەتەوە.[39]

نموونەی پرسیارەکان: ئایا دەتوانیت وەسفی ئەوانە بکەیت کە تۆ دەڵێیت ئەو کردارانەیان ئەنجام داوە کە تۆ بۆ منت باس کردن؟ تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت باسی جۆری جلوبەرگەکانیانم بۆ بکەیت؟ ئایا هیچ ڕەمز و نیشانێکی پلەدارییان پێوە بوو؟ چییان بە سەرەوە بوو چییان لەپێدا بوو، چییان بە دەستەوە بوو، هەر لایەنێکی تری جیاکەرەوەی ڕوخساریان؟ چەکەکانیان، ئامێرەکانیان، ئۆتومبێلەکانیان هتد. ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت لە کەسێکی کاربەدەست بێت؟ کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆچی، چۆن و ئەی تۆ چۆنت زانی، یاخود چ شتێك وەهای لێکردیت کە بگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو کەسە کەسێکی کاربەدەست بووە؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ گوێت لە دەنگی ئەو کەسە بێت (ئەو کەسانە بێت) هیچ شتێك بڵێت؟ ئەو وتی چی، ئەو قسەیەی بە کێ وت، لە چ هەلومەرجێکدا بوو و ئەنجام یان کارادانەوە چی بوو بۆ ئەو قسانەی کە ئەو کردنی؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت لە کارلێککردن بێت لەناو کەسانی ئەو گرووپەدا؟ ئایا تۆ توانیت چ شتێك تێبینی بکەیت سەبارەت بە کارلێککردنەکەیان؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ گوێبیستی ئەوان بیت یەکتر بانگ بکەن، بە ناو، بە نازناو/ پلە، بە پێگە هتد.؟

## 7.4 شێوازی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

بەکارهێنانی تەکنیکی ڕاست و دروست، هەڵسوکەوت و هەڵوێست لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتندا زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی وەها لە دەربازبوو/ شایەت بکات کە هەست بەوە بکات ڕێزی لێدەگیرێت، بێدەسەڵات نیە و ئاسوودەیە کە زانیاری هاوبەش بکات. لەپێناوی ئەو ئامانجەدا، خاوەنپیشەکان دەبێت:

**1. وریا و ستراتیژی بن سەبارەت بەوەی کە بە چ شێوازێك پرسیارەکان دەکەن:**

- هانی دەربازبوو/ شایەتەکان بدەن بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و ڕێگەیان پێبدەن کە زانیارییەکان بە شێوازێك فەراهەم بکەن کە خۆیان پێیان باشە بەر لە ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی کە تایبەتن بە کرداری توندوتیژی سێکسی.
- پرسیاری وەها مەکە کە وەڵامەکەی دیاریکراو بێت.
- هەر کات بگونجێت قسەکانی خۆی بۆ دووبارە بکەرەوە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە لێی تێگەیشتوویت - ئینجا ئەگەر هەر کام لەو وشانە پێویستییان بە بەدواداچوونی زیاتر بوو داوای ڕوونکردنەوە بکە. هەرگیز وشەکانی ئەو مەگۆڕە - ئەوە دەبێت بە دیاریکردنی وەڵامەکەی.
- هەمیشە بپرسە "چۆن دەزانیت" یاخود "چ شتێك وەهای لێکردیت بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟"
- هەر کات پێویست بکات پرسیاری زیاتر بکە بۆ پشتگیریکردن، بەهێزکردن، یاخود فراوانکردنی زیاتری ئەو ئیفادەیەی کە پێشکەش کراوە.
- هەرگیز یارمەتی دەربازبوو/ شایەت مەدە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکە یاخود بیرکەوتنەوەی ڕاستی ڕووداوێك.

39 ئەنجامدانی تاوان (پەیماننامەی ICC بەندی 25 3 (a)) دەکرێت تاکەکەس/ ئەنجامدانی ڕاستەوخۆی تاوانەکە بە دەستی خۆی یاخود ئەنجامدانی تاوانێك بێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی دیکە. بەشداری لە ئەنجامدانی تاواندا پشت بە کۆنترۆڵکردنی هاوبەش دەبەستێت بەسەر تاوانێکدا، یان ئەنجامدانی تاوانێك لەڕێگەی کەسێکی ترەوە. فەرمانپێکردن ئاراستەکردنی کەسێکی ترە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك. سازکردن/فریودان هاندانی کەسێکی ترە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك. کۆمەککردن و بزواندن یارمەتیدانە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بە جۆرێك کە کاریگەرییەکی بنەڕەتی هەبێت لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە.

- هەرگیز لەخۆتەوە گریمانە بۆ ڕاستی ڕووداوێك دامەنێ - تەنانەت ئەگەر ئەو 50 دەربازبوو/ شایەتانەی پێشووتر شوێنی ڕووداوێكی تایبەتیان دەستنیشان كردبێت، هەرگیز گریمانە دامەنێ كە دەربازبوو/ شایەتی ژمارە 51 هەمان شوێن ڕادەگەیەنێت. پرسیارەكە لە هەر یەك لە دەربازبوو/ شایەتەكان بكە.
- هەرگیز زۆر لە دەربازبوان/ شایەتەكان مەكە كە ئەو وردەكاریانەیان بێتەوە یاد كە ناتوانن یەكسەر بیریان بكەونەوە (ئەوە بۆی هەیە دەرەنجامی چاوەڕوانكراوی سەختی هەبێت بۆ دەربازبوان/ شایەتەكان).
- بەتایبەتی وریا بە سەبارەت بەوەی كە چاوپێكەوتنەكە چۆن كۆتایی پێدێت، بەتایبەتی كاتێك كە دەربازبوو/ شایەتەكە زۆر پەرێشان دەبێت یاخود هیچی دیكە تاقەتی نامێنێت. هەوڵ بدە گێرانەوەی بەسەرهاتەكە لە خاڵێكدا كۆتایی پێبهێنیت كە دەربازبوو/ شایەتەكە هەتا ڕادەیەك هەست بە سەلامەتی بكات.

**2. بەجۆرێك هەڵسوكەوت بكە كە ڕێز لە دەربازبوو/ شایەتەكە بگریت و بەهێزتری بكەیت:**

- دەربازبوو/ شایەتەكە بخەرە پێش زانیارییەكانەوە.
- لە هەمان ئاستی چاو یاخود نزمتر لە دەربازبوو/ شایەتەكە دابنیشە.
- بە شێوەیەكی شێلگیرانە دەسەڵاتی ئەوە بدە بە دەربازبوو/ شایەتەكە كە ڕازی بێت یاخود ڕازی نەبێت بۆ وەڵامدانەوە یاخود وەڵامنەدانەوە، كە بتوانێت پرسیار بكات و وەڵامەكە هەر چەندە پێویست بكات ئەوەندە جار دووبارە بكرێتەوە، یاخود چاوپێكەوتنەكە ڕابگرێت یان بەردەوام بێت لەسەری.
- ئەوەت لە بیر بێت كە ڕەزامەندی هۆشیارانە پرۆسەیەكە: بە شێوەیەكی شێلگیرانە زانیاری فەراهەم بكە بۆ دڵنیاكردنی ئەوەی كە ئەو بڕیارانەی كە ئەو دەیاندات بەر لە چاوپێكەوتنەكە و لەكاتی چاوپێكەوتنەكەدا و دوای ئەوش لەسەر بنچینەی زانیاری و ئاگاداری تەواوی ئەون. ئەگەر دڵنیا نیت كە ئایا ئەو تێگەیشتووە یان نا داوای لێبكە كە هەندێك لەو زانیاریانەت بە شێوازی خۆی بۆ ڕوونبكاتەوە.
- سەرسامبوون و ڕێز نیشان بدە نەك بەزەیی.
- هەمیشە بەئەدەب، بەڕێز و بە پەرۆش بە. بەتایبەتی ئاگاداری پێشبینییە كولتوورییەكانی ڕەفتارت بە لە پەیوەندیدا بە باری یاسایی كۆمەڵایەتی، ڕۆڵ و تایبەتمەندییەكانی ئەو كەسەی كە چاوپێكەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدەیت.
- پیشەگەر بە. بەتایبەتی ئاگاداری ئەوە بە كە لە هیچ كاتێكدا وەها دیار نەبیت كە ڕووشكێنیت، لەگەڵ بیروڕاكەی نیت یاخود باوەڕی پێناكەیت، بە هەر ئاماژەیەكیشەوە لە ڕێگەی زمانی لەش یاخود دەربڕینی ڕوخسارەوە كە ڕەنگە تۆ نیشانی بدەیت.
- با كاتی باشت بەدەستەوە بێت (لەبیرت بێت كە كاتی باش بۆ چاوپێكەوتنەكە تەرخان بكەیت) و ئارام و لەسەرخۆ بە سەبارەت بەوەی كە دەربازبوان/ شایەتەكان چۆن وەڵامی پرسیارەكانت دەدەنەوە.

**3. هیچ جۆرە بەڵێنێك مەدە. ئەوەت لەبیر بێت كە بەڵێن دەكرێت بە پشتڕاستكردنەوەی قسەیەك بدرێت، یاخود دەكرێت بەهۆی نەبوونی ڕوونكردنەوەیەكەوە وەها دابنرێت كە بەڵێنێك دراوە. بەڵێن مەدە (بە گوفتار یان بێدەنگی)، بۆ نموونە:**

- نهێنیپارێزی (**بڕوانە** برگەی **6.2 "نهێنیپارێزی"**).
- لە دابینكردنی هەر خزمەتگوزارییەكدا یارمەتی بدەیت.
- كە دادپەروەری بۆ بەدەست بهێنیت.
- كە خۆی یاخود خێزانەكەی بپارێزیت.
- كە جارێكی تر بگەڕێیتەوە و چاوت بەو بكەوێتەوە - ڕەنگە تۆ لەسەر دانیشتنێكی دواتر هاوڕا بیت، بەڵام بە ڕاشكاوی پێی بڵێ كە ئەوە مسۆگەر نیە.

**4. ئەو زمانە ڕەچاو بکە کە تۆ بەکاری دەهێنیت کاتێک کە مامەڵە لەگەڵ دەربازبوو/ شایەت دەکەیت:**

- بە ڕوونی قسە بکە و لێکدانەوە یان ڕوونکردنەوە فەراهەم بکە ئەگەر دەربازبوو/ شایەتەکە لە پرسیارەکان تێنەگەیشت.
- چاوپێکار و وەرگێڕەکان دەبێت پێکەوە هاوکاری بکەن لەپێناوی دروستکردنی لیستێکی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە لەلایەن دەربازبوان/ شایەتەکانەوە بەکاربهێنرێن بۆ وەسفکردنی توندوتیژی سێکسی یاخود ئەندامە سێکسییەکانی لەش.

**5. کاتێک کە وەرگێڕێك لە چاوپێکەوتنەکەدا بەکاردەهێنیت:**

- ئەوە دڵنیا بکە کە وەرگێڕەکە سەیری دەربازبوو/ شایەتەکە دەکات و ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ ئەو دەکات و ئاگاداری توندی، خێرایی و بەرز و نزمی دەنگی ئەو کەسەیە.
- ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەکە قسە بکە ("دوای ئەوە وتت چی؟") نەك لەگەڵ وەرگێڕەکە ("لێی بپرسە ئەو دوای ئەوە وتی چی").
- خۆت دوورەپەرێز بگرە لە نووسینی تێبینی لە کاتێکدا کە وەرگێڕەکە پرسیارەکانی ئەو وەردەگێڕێت (ئەوە کارێکی گرنگە کە چاودێری زمانی لەشی دەربازبوو/ شایەتەکە و ئاوازی دەنگی بکەیت).
- ئەوە دڵنیا بکە کە تۆ لە زمانی ئەو کەسەدا کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت شارەزای ئەو وشانەیت کە پەیوەندییان بە توندوتیژی سێکسییەوە هەیە بۆ ئەوەی کاتێك کە وتووێژ لەسەر توندوتیژی سێکسی دەکرێت بتوانیت کاردانەوەی ڕێکوپێکت هەبێت. گوێراگرتنی چالاك (بۆ نمونە، تەنانەت کاتێکیش کە دەربازبوو/ شایەتەکە بە زمانێکی جیاواز لەگەڵ خاوەنپیشەکە قسە دەکات) متمانە بەهێز دەکات و هانی ئاشکراکردنی زیاتر دەدات.

**6. ئاگاداری ئەوە بە کە دەربازبوو/ شایەتەکان بە شێوازی ناوازە و جۆراوجۆر کاردانەوەیان دەبێت کاتێک کە بەسەرهاتەکانیان دەگێڕنەوە یان دووبارەی دەکەنەوە. هەڵسوکەوتکردن تەنها "یەك" تاکە ڕێگەی نیە. وەها دامەنێ کە دەربازبوو/ شایەتە بە شێوازێکی تایبەت کاردانەوەی دەبێت:**

- دەربازبوان/ شایەتەکان ڕەنگە پەرێشان ببن، کێشەیان هەبێت لە دەربڕینی ئەوەی کە لە ناخیاندایە، یاخود زویر ببن و بکشێنەوە دواوە.
- دەربازبوان/ شایەتەکان ڕەنگە تووڕە ببن، ناخیان دەرببڕن، بەرگریکار بن، هەڵبچن، نەیانەوێت وەڵامی هەندێك پرسیار بدەنەوە، یاخود نەیانەوێت بە دوورودرێژی باسی ئەو وردەکاریانە بکەن کە وەها دیار بێت پەیوەندی بە باسەکەوە نەبێت.
- دەربازبوان/ شایەتەکان ڕەنگە هێمن و لەسەرخۆ بن و بتوانن بە ڕاست و دروستی شتەکانیان بیربکەوێتەوە و هەموو ئەو ڕووداو و هەلومەرجانەی کە چواردەوری کردارەکەیان داوە بە ڕیکوپێکی بگێڕنەوە.
- دەربازبوان/ شایەتەکان ڕەنگە بەلایانەوە سەخت بێت وردەکاری بچووکیان بیربکەوێتەوە و شێوازی هاتنی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا لەوانەیە بگۆڕێت. هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نیە لەنێوان ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن و جێگەی باوەڕبووندا - وە لەنێوان ئەوە و بیرگەدا. ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن بە شێوەی جیاواز کاریگەری لەسەر هەر تاکەکەسێك دادەنێت؛ تکایە لەخۆتەوە گریمانە دامەنێ.
- ئەوە بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان ڕوونبکەرەوە کە ئەوان هەر کات بیانەوێت دەتوانن بڕیار بدەن کە چاوپێکەوتنەکە ڕابگرن ئەگەر هەست بە ناڕەحەتی یاخود پەرێشانی بکەن.

**7. گریمانەی هیچ کام لەمانەی خوارەوە دامەنێ:**

- دەربازبوو/ شایەت شەرمەزار دەبێت.
- ئەو نایەوێت قسە بکات.
- ئەو کەسێکی زۆر زۆر لاوازە.
- ئەو دووچاری ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن بووە.

- ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵڕاتەکێنەی کە بەسەر ئەو هاتووە کاریگەری لەسەر جێگەی باوەڕبوونی ئەو دادەنێت.
- دەربازبوو/ شایەتە مێینەکان تەنها دیانەوێت لەگەڵ لێکۆڵەری مێینە قسە بکەن و دەربازبوو/ شایەتە نێرینەکانیش تەنها دیانەوێت لەگەڵ لێکۆڵەری نێرینە قسە بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کات ئەو بژاردەیە بەردەست بێت، دەبێت هەمیشە لێیان بپرسرێت کە دەربازبوو/ شایەتەکە لێکۆڵەری کام ڕەگەزی پێباشترە.
- توندوتیژی سێکسی لە گۆشە نیگای خۆیەوە "خراپترین" بەشی بەسەرهاتەکانی ئەو بووە.
- ئەو زامداری جەستەیی دەبێت.

## 8. کاتێک کە چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵ دەکەیت بەتایبەت وریا بە

ئەو خاوەنپیشانەی کە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە مناڵەوە بەبەڵگەنامە دەکەن پێویستە لەسەریان لەسەرتاسەری پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردندا ئەوپەڕی بەرژەوەندی مناڵەکە بخەنە پێش هەموو شتێکەوە. خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ئەوە دڵنیا بکەن کە مناڵ ئاگاداری مافی خۆیان کە بە شکۆمەندی و هاوسۆزییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، کە تایبەتێتیان هەبێت، کە ئاگادار بکرێنەوە، کە یارمەتی بدرێن، کە سەلامەت بن، کە چاکسازیان بۆ بکرێت و کە ڕێوشوێنی بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەیان بۆ دابنرێت. مناڵ پێویستە لە مافی خۆیان ئاگادار بکرێنەوە کە دەبێت گوێیان لێرابگیرێت و دەبێت بەتایبەت گرنگیان پێبدرێت بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە پرۆسەکە بەگوێرەی توانای تاکەکەسی مناڵەکە ڕوونکراوەتەوە.

کاتێک کە چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵ ئەنجام دەدەن، خاوەنپیشەکان دەبێت بەتایبەت ڕاهێنانیان پێکرا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە و دەبێت بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییە گشتگیرە کارلێککردن لەگەڵ مناڵ ئەنجام بدرێت کە لە ڕێکخراوەکانی یونیسێف و خاچی سوری نێودەوڵەتی، سەرپەرشتیکردنی دەربازبوانی مناڵی ئاکاری خراپی سێکسیدا خراونەتە ڕوو: ڕێبەر بۆ دابینکارانی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەرونکۆمەڵایەتی لە بواری مرۆڤدۆستانە و UNODC ،UNICEF دا، ڕێبەر بۆ ئەو پرسانەی دادپەروەری کە پەیوەندییان بە قوربانی و شایەتی تاوانەوە هەیە کە مناڵن.[40][41]

کاتێک کە چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵ ئەنجام دەدەن، خاوەنپیشەکان دەبێت لانی کەم:

- ئەوە ڕەچاو بکەن کە مناڵان ڕەنگە بەتەواوی لە سروشتی سێکسی هەندێك هەڵسوکەوتی تایبەت تێنەگەن و نەتوانن وەڵامدەرەوەی ئەو هەوڵانە بن کە بۆ ئەو مەبەستە دەدرێن.
- لەباتی ئەوەی کە هەوڵ بدەیت کردارێکی تاوانکارانەی تایبەت وەك لاقەکردن یان پەلاماردان بسەلمێنیت، پێ لەسەر وشەکانی وەسفکردن دابگرە بۆ وەسفکردنی بەشەکانی لەش و ئەو کردارانەی کە ئەنجام دراون.
- لەباتی ئەوەی کە لێی بپرسیت "ئایا ئەو ئازاری کۆئەندامی زاووزێی دایت؟" و لەڕێگەی زمانی لەشەوە وەها هەڵسوکەوت بکەیت وەك بزانیت ئەوە پرسیارێکی ترسێنەرە کە بپرسرێت یان وەڵام بدرێتەوە، یەکسەر بە سادەیی بە مناڵەکە بڵێ کە بە دووروودرێژی بۆت باس بکات چ شتێك ڕوویداوە.
- بەکارهێنانی هێڵکاری یان بووکەڵە بۆ یارمەتیدانی مناڵەکە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەدا کە بەسەری هاتووە.
- ئەوە دڵنیا بکە کە تۆ هەستێکی ترس و تۆقین یان دڵەخورپە ناهێنیتە ناو قسەکانی مناڵەکەوە - ئەوەی کە ڕەنگە بەلای بەبەڵگەنامەکارانەوە مایەی دڵەخورپە بێت مەرج نیە لەگەڵ بیروبۆچوونە سۆزدارییەکانی مناڵە دەربازبوو/ شایەتەکە یەکبگرنەوە.
- لە هەمان ئاستی بەرزی مناڵەکەدا دابنیشە؛ با چاوەکانت لەگەڵ چاوی مناڵەکە لە یەك ئاستادا بن و خۆت بەسەر مناڵەکەدا مەچەمێنەرەوە یاخود لە بەرزییەوە سەیری مناڵەکە مەکە بۆ ئەوەی پەرە بە هەستی ڕێزلێگرتن بدەیت و ترساندن بۆ نزمترین ئاست کەمبکەیتەوە.
- ژمارەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن پرسیارلێکردن لەگەڵ مناڵەکە سنووردار بکە و لە کەشوهەوایەکدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکە کە بۆ مناڵ لەبار بێت و لە کاتی گونجاودا، بە دڵنیاکردنی پشوو لە ماوەی وەرگرتنی ئیفادەدا.

40 IRC, UNICEF, Caring for Child Survivors of Sexual Abuse: Guidelines for Health and Psychosocial Service Providers in Humanitarian Settings, 2012.

41 UNICEF, UNODC, Guidelines on Justice Matters Involving Child Victims and Child Witnesses of Crime, 2005.

... وەك دەربازبوو ئێمە ڕووبەڕووی تاڵاوێکی زۆر بووینەوە لەسەر دەستی ئەوانەی کە وەهایان لێچاوەڕوان دەکرا کە ئێمە بپارێزن - ئیتر لەناو ململانێکەدا یاخود لە دەرەوەی. بەشداریکردن لە پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردندا نابێت ببێتە هۆی ئازاردانی زیاتر. بوێری قسەکردن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری دەبێت ئەزموونێکی بەهێزکردن بێت بۆ دەربازبوان.

**دەربازبوان بۆمان دەدوێن!**
**تۆڕ، 2014**

### 7.5 تۆماركردنی زانیاری چاوپێكەوتن

كاتێك كە چاوپێكەوتن لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەكان ئەنجام دەدەیت و تێبینی دەنوسیت، هەوڵ بدە لانی كەم ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:

1. هەتا دەتوانیت زانیاری تاكەكەسی زیاتر وەربگرە **(بڕوانە پاشكۆی 4 "كڵێشە بۆ زانیاری تاكەكەسی كە دەبێت لە دەربازبوان/ شایەتەكان كۆبكرێتەوە")**

2. سەرنج و بیروبۆچوون و شیكارییەكانی ئەو كەسەی كە چاوپێكەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت بە جیا لە سەرنجەكانی چاوپێكەوتنەكە هەڵبگرە.

3. سەرنجەكان بەناوی كەسی یەكەمەوە بنووسە هەر وەك دەربازبوو/ شایەتەكە دەیڵێت.

4. زانیارییەكانی دەربازبوو/ شایەتەكە كورت مەكەرەوە یاخود هیچ بەشێكی لێ مەكەرەوە یان كەمی مەكەرەوە.

5. بەر لە پاكنووسكردنی چاوپێكەوتنەكە ئیفادەكە بۆ دەربازبوو/ شایەتەكە بخوێنەرەوە. ئەگەرچی ئەوە كات زۆر دەبات زۆر گرنگە بۆ دڵنیاكردنی ئەوەی كە ئەو زانیاریانەی تۆ لە شایەتەكە كۆتكردونەتەوە ئەوەندەی كە بكرێت ڕاست و دروستن.

6. هەر بەڵگەیەكی تر لەلای خۆت بنووسە كە لەم دەربازبوو/ شایەتەوە وەرگیراوە - وێنەی بەڵگەی بەرجەستە كە گیرابێت، لە میانەی ئیفادەكەدا و سیستەمێكی ژمارە بەكاربهێنە بۆ ئەوەی بتوانیت لەگەڵ زانیارییەكانی تر بەرانبەریان بكەیت.

7. ناو و زانیاری تاكەكەسی تر بەجیا لە ئیفادەكان هەڵبگرە لەبەر هۆكاری ئاسایش.

8. سیستەمێكی ستاندارد بەكاربهێنە بۆ ناونانی ئەو ئیفادانەی كە لە چاوپێكەوتنەكاندا پێشكەش دەكرێن.

9. بەڵگەی هەر یەك لە دەربازبوو/ شایەتەكان بەجیا هەڵبگرە.

10. زانیاری دیكە سەبارەت بە دەربازبوو/ شایەتەكە بەجیا هەڵبگرە - نیگەرانییەكان سەبارەت بە ئاسایش، ڕەوشی ژیان، كێشە تەندروستییەكان یاخود كێشەی دیكە كە پەیوەندییان بە دەربازبوو/ شایەتەكەوە هەبێت.

11. ئەو سەرەداوانەی كە دەربازبوو/ شایەتەكان دەیدەن بەدەستەوە بەجیا هەڵبگرە - لیستی سەرەداوەكانت بەرهەمی كاركردنە و دەبێت لە شوێنێكی تایبەتی قایم هەڵبگیرێت.

## 8. سەرچاوەی زیاتری زانیاری

### 8.1 بەڵگەی بەرجەستە

بەڵگەی بەرجەستە ئاماژە بە هەر شت یاخود مادەیەكی بەرجەستە دەكات كە بۆی هەبێت زانیاری فەراهەم بكات و یارمەتی یەكلاییكردنەوەی ئەوە بدات كە تاوانێك ڕوویداوە، یاخود پەیوەستەیەك فەراهەم بكات لەنێوان تاوانێك و قوربانی ئەو تاوانە یاخود تاوانێك و ئەنجامدەری ئەو تاوانەدا.

وەك ڕێسایەكی گشتی، خاوەنپیشەكان نابێت هیچ شتومەكێكی بەڵگەی بەرجەستە كۆبكەنەوە تەنها لەكاتێكدا نەبێت كە ڕاهێنانیان پێ كرابێت وەك لێكۆڵەر یاخود وەك خاوەنپیشەی تەندروستی لەسەر كۆكردنەوەی ڕێكوپێكی بەڵگەی پزیشكیی دادوەری. ئەگەر خاوەنپیشەكان بڕیار بدەن بەڵگەی بەرجەستە كۆبكەنەوە بەبێ ئەنجامدانی ڕاهێنانی گونجاو، بۆی هەیە زیانی سەخت بە دەربازبوو بگەیەنن و لەوانەیە بەڵگەكان تێكبدەن و وەهایان لێبكەن بۆ بەكارهێنان نەشێن. لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەوە بەو جۆرەیە، لە هەندێك هەلومەرجی سنورداردا و كاتێك كە ئەوە سەلامەت بێت و كاتێك ئەوە تەنها بژاردەیەك بێت لە دەستی پێڕابگات، كۆكردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە لەوانەیە گونجاو بێت. بڕیاری كۆكردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە دەبێت بە ڕژدی و وریایی وەربگیرێت و زۆر بە وردی بیری لێبكرێتەوە.

خاوەنپیشەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی بەڵگەی بەرجەستەی توندوتیژی سێکسی ببنەوە:

- لەسەر جەستەی دەربازبوان/ شایەتەکان خۆیان، بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە بەسەریدا تێپەڕیوە و سروشتی زامدارییەکە؛ و
- لەو شوێنەی کە توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە.

بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە بەسەریدا تێپەڕیوە و سروشتی زامدارییەکان، دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی ڕەنگە نیشانەی جەستەیی بە لەشیانەوە بێت لە شێوەی جێگەی برین یان زامداری کە قسەکانی سەبارەت بە پەلامارەکە پشتڕاست بکاتەوە. ئەوان هەروەها ڕەنگە دەرەنجامی پزیشکییان هەبێت لە دەستدرێژییەکەوە، لەوانە زامداری جەستەیی ناوخۆیی، دووگیانبوون، ئەو نەخۆشیانەی کە لەڕێگەی سێکسەوە دەگوێزرێنەوە و ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێنی دەروونی. لە باشترین باردا، قوربانی تاوان دەبێت دوابەدوای دەستدرێژییەکی سێکسی بتوانێت دەستی بە یارمەتی پزیشکی دەموودەست ڕابگات و پسپۆڕانی ڕاهێنراوی کلینیك دەبێت هەموو زامدارییەکان و کاریگەری تەندروستی دیکە لە تۆمارێکی پزیشکی نهێنیدا تۆمار بکەن کە دەربازبوو هەر کات بیەوێت بتوانێت دەستی پێیڕابگات **(بڕوانە پاشکۆی 10 "نموونەی بڕوانامەی پزیشکی دەستدرێژی سێکسی")**.

تەنانەت بەر لە ڕەچاوکردنی کۆکردنەوەی هەر شتێك وەك بەڵگەی بەرجەستە، خاوەنپیشەکان دەبێت یەکەمجار:

- ئەو مادەیە یان مادانە لەلای خۆیان بنووسن کە دۆزیویانەتەوە؛
- هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بکێشن؛
- وێنەی ئەو مادەیە و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بگرن؛ و
- ئەگەر بگونجێت تۆماری ڤیدیۆیی ئەو مادەیە و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بگرن **(بڕوانە پاشکۆی 8 "ڕێنوێنی لەسەر وێنەگرتن، تۆماری ڤیدیۆیی و هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوان، بەڵگەی بەرجەستە و زامداری جەستەیی")**.

خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها، هەر کات بگونجێت و سەلامەت بێت، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر دەربازبوو/ شایەتێك لە نزیك شوێنی ڕوودانی تاوان ئەنجام بدەن و دوای سەرەداو بکەون بۆ لای هەر شایەتێکی تری تاوانەکە **(بڕوانە پاشکۆی 3، "ئەنجامدانی چاوپێکەوتن: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و سەرەداوە کردارەکییە سەرەکییەکان")**. زانیاری زیاتری ئەوتۆ - ئەگەر بە ڕێکوپێکی کۆبکرێنەوە - دەکرێت زۆر بەهێز بن و ڕەنگە ئیتر پێویست بە بەڵگەی بەرجەستە نەکات. کاتێك کە ئەو زانیارییە زیاترانە کۆدەکەنەوە، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان ڕێوشوێنی ئەوتۆ پەیڕەو بکەن کە بە هیچ شێوازێك دەستی لێنەدەن یان کاریگەری لەسەر دانەنێن، یاخود بەڵگەی بەرجەستە لەناونەبەن یان نەیگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر (نە لەناو ئەو شوێنەدا و نە بۆ شوێنێکی تەواو جیاواز).

ئەوە کارێکی زۆر گرنگە کە ئەوەت لەبیر بێت کە ئەگەرچی بەڵگەی بەرجەستە دەشێت وەها دیار بێت کە "باشترین" بەڵگەی تاوانێك بێت، ئەوە مەرج نیە بەو جۆرە بێت. بەڵگەی بەرجەستە بەبێ ئیفادەی دەربازبوو/ شایەتەکە وەسفی ئەسڵ، خاوەندارێتی و بەکارهێنانی ئەو مادەیە یاخود ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی کۆکردنەوەی ئەو مادەیە زۆر بەکەڵك نابن لە گۆشە نیگایەکی بەڵگەییەوە. لەکاتێکدا کە بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت دەکرێت جێگەی بەڵگەی بەرجەستە بگرێتەوە، پێچەوانەی ئەوە ڕاست نیە؛ بەڵگەی بەرجەستە زۆربەی جار ناکرێت جێگەی بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت بگرێتەوە. لەو سیستەمانەدا کە پێویستییان بە پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەی ئیفادەیی هەیە لەسەر توندوتیژی سێکسی (بۆ نمونە لە هەندێك دەسەڵاتی دادوەری نیشتمانیدا)، کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە لەوانەیە پێشترێتی زۆرتری هەبێت وەك لەو سیستەمانەدا کە پێویستییان پێیان نیە، (بۆ نمونە لەبەردەم دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا) **(بڕوانە پاشکۆی 9 "ڕێساکانی بەڵگە و ڕێوشوێنی یاسایی وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی دەربازبوان/ شایەتەکان")**. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، پۆلیس و خاوەنپیشە پزیشکییەکان هاوکاری زیاتر دەکەن لە کۆکردنەوەی بەڵگە لە شوێنی ڕوودانی تاوان و لە باشترین باردا پێکەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر باشترین کردار بۆ بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی بە شێوازێکی سەلامەت و کاریگەر کە ڕێز لە مافەکانی قوربانیانی تاوان بگرێت.

هەروەها ئەگەر خاوەنپیشەكان لێكۆڵەری ڕاهێنراو یاخود خاوەنپیشەی تەندروستی نەبن ئەوا ڕەنگە وەها باشتر بێت خۆیان نەخەنە بارێكی ئەوتۆوە كە وەك شایەت بانگبكرێن بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە ئەوان چۆن مادەیەكی بەڵگەی بەرجەستەیان دۆزیوەتەوە. لە هەندێك باردا، كۆكردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە لەلایەن هەر كەسێكەوە بێجگە لە پۆلیس كارێكی نایاساییە و ڕەنگە سزای لەسەر بێت.

لە هەلومەرجێكی زۆر نائاساییدا كاتێك كە خاوەنپیشەكان بڕیار دەدەن بەڵگەی بەرجەستە كۆبكاتەوە، دەبێت پرەنسیپی "زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان" پەیڕەو بكرێت كە لە پاشكۆی 6، **"بەڵگەی بەرجەستەدا خراوەتە ڕوو: پرەنسیپەكانی زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان"** بۆ زانیاری زیاتر.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەنپیشە پێویستە لەسەری تێبینی ئەوە بكات كە كۆكردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە هەموو كاتێك پێویستە كۆكردنەوەی بەڵگەی دیكەی سەلماندن و/یان ڕوونكردنەوەی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

### (i) شوێنی پەلامارەكان

خاوەنپیشەكان هەروەها ڕەنگە بگەنە ئەو شوێنانە، یان ئەو شوێنانە بدۆزنەوە، كە تاوانەكانی توندوتیژی سێكسییان تێدا ڕوودەدات. ئەوە تەنها شوێنی پەلامارەكە نیە كە بەكەڵكە وەك سەرچاوەیەكی چاوەڕوانكراوی بەڵگەی بەرجەستە بەنرخ، بەڵكو شوێنەكە و هەبوونی شوێنەكە خۆی لەخۆیدا دەتوانێت بۆ یەكلاییكردنەوەی هەبوونی ئەوانە بەسوود بێت لە ناوچەكەدا كە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن و بۆ پێكهاتەی زەمینەیی یاخود پێكهاتەی دۆخەكانی بەرپرسیارێتی یاساییش بەسوود بن. ئەوە كارێكی گرنگە كە تێبینی ئەوە بكەیت "شوێنی پەلامارەكە" ڕەنگە لاشەی قوربانیان یان لاشەی ئەنجامدەرانی تاوانەكەی لێبێت، ئیتر بە زیندوویی بێت یان بە مردوویی. هاوكاریكردن لەگەڵ پسپۆڕانی پزیشكی یاخود پزیشكیی دادوەری ڕەنگە زۆر گرنگ بێت بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو جۆرە بەڵگانە.

ئەو بەڵگە جەستەییانەی كە لە شوێنی ڕووداوەكە دەدۆزرێنەوە دەكرێت بەسوود بن بۆ یەكلاییكردنەوەی:

- ئەوەی كە پەلامارێك بۆ سەر خەڵكی مەدەنی ڕوویداوە؛
- كە كردارێكی توندوتیژی سێكسی ئەنجام دراوە؛
- ئەو هەلومەرجانەی كە چواردەوری كردارەكەیان داوە، بە شێوازی تاوانەكە و/یان ماوەی گرتن و بەكارهێنانی هێزیشەوە؛
- ناسنامەی ئەوانەی كە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن؛
- ڕێكخستن و بنیاتی گرووپی ئەنجامدەرانی تاوانەكە؛ و
- پشتڕاستكردنەوەی ئیفادەی دەربازبوو/ شایەتەكان (لەو سیستەمە یاساییانەدا كە داوای ئەوە دەكەن).

ئەو بەڵگانەی كە لە شوێنی ڕووداوەكە دەدۆزرێنەوە لەوانەیە ئەمانە بگرنەوە:

- جلوبەرگ، لەوانە پۆشاكی یەكپۆش یاخود هەندێك بەشی پۆشاكی یەكپۆش و جلوبەرگێك كە ڕەنگە لەلایەن دەربازبوو/ شایەتەكانەوە لەبەر كرابن، سەرچەف و پەتوو؛
- چەك، چەقۆ، فیشەك و قەوانی فیشەك؛
- پەڵە، خوێن، ڕشانەوە، تۆوی پیاو، شلەمەنی ناو زێ و/یان پیسایی؛
- بەڵگەی نووسراو؛
- كۆمپیوتەر و هۆكاری پەیوەندیكردن؛
- لاشە یان بەشەكانی لاشە؛
- هەر بەڵگەیەك كە ڕەنگە ئاماژە بەوە بكات كە ئەو شوێنە خەڵكی لێبووە یان لەوێ ژیاون؛ و
- بەڵگەی شێوە و ئەو وەسفە سروشتیانەی كە لەوانەیە لەگەڵ ئیفادەی شایەتەكان یەكبگرێتەوە.

کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ شوێنی ڕووداوی توندوتیژی سێکسی دەکەیت، هەر بەڵگەیەکی بەرجەستە کە لەو شوێنانەدا بدۆزرێتەوە خاوەنپیشەکان نابێت بەڵگەی بەرجەستە لە شوێنی خۆی لابەرن و لەباتی ئەوە دەبێت:

1 شوێنی ڕووداوی توندوتیژی سێکسی بە ڕاست و دروستی تۆمار بکەن؛

2 کەسێك دابنێن وەك کارگێڕی شوێنی ڕووداوەکە و تۆمارێکی هەموو ئەو کەسانە لەلای خۆیان ڕابگرن کە سەردانی شوێنی ڕووداوەکە دەکەن؛

3 هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە بکێشن، بە شوێنی چاوەڕوانکراوی بەڵگەی بەرجەستەشەوە؛

4 وێنەی شوێنی ڕووداوەکە بگرن، بە شوێن و وردەکارییەکانی هەر بەڵگەیەکی بەرجەستەی چاوەڕوانکراوەوە؛ و

5 شوێنی ڕووداوەکە یەکەمجار چۆن بووە وەها بەجێبهێڵن.

## 1. شوێنی چاوپێکەوتنەکە تۆمار بکە

خاوەنپیشەکان دەبێت بە ڕاست و دروستی ئەو شوێنە تۆمار بکەن کە ئەو توندوتیژی سێکسییە گومانلێکراوە لەوێ ڕوویداوە. ئەوە ڕێگە بە لێکۆڵەرەکان یاخود ئەوانە دەدات کە توانای ئەوەیان هەیە کە بەشێوەیەکی کارا بەڵگەکان لە شوێنی ڕووداوەکە تۆمار بکەن و کۆیانبکەنەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شوێنەکە بدۆزرێتەوە.

خاوەنپیشەکان دەبێت:

- لە ڕێگەی ڕێکخەری سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی (GPS) یاخود سەرچاوەی نەخشەوە شوێنەکە تۆمار بکەن؛
- هەر نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ناوچەکە تۆمار بکەن، لەوانە شوێنی دیار، پێکهاتەی سروشتی و ناوی شوێنەکە و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری، گوند و شارۆچکەکان ئەوەك سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی یاخود سەرچاوەی نەخشە بەردەست نەبێت یاخود ڕاست و دروست نەبێت؛ وە
- ئەو زانیاریانە بە سەلامەتی هەڵبگرە و شوێنی ڕووداوەکە یان ناوچەی شوێنی ڕووداوەکە لەلای خەڵکی ناوچەکە ئاشکرا مەکە.

## 2. کەسێك دابنێ وەك کارگێڕی شوێنی ڕووداوەکە و تۆمارێکی هەموو ئەو کەسانە لەلای خۆت ڕابگرە کە سەردانی شوێنی ڕووداوەکە دەکەن

کارگێڕی شوێنی ڕووداوەکە دەبێت:

- تۆمارەکە دابمەزرێنێت و هەڵبیگرێت؛ و
- ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئەگەر پێویست بکات چۆن شوێنی ڕووداوەکە دابخات.

## 3. هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە و شوێنی بەڵگەکە بکێشێت

خاوەنپیشەکان دەبێت هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە هەتا دەکرێت بە تێروتەسەلی بکێشن بە ڕەچاوکردنی ئاستەنگییەکانی کات، سامان و سەلامەتی.

خاوەنپیشەکان دەبێت:

- هێڵکارییەك لەشێوەی سەیرکردنی شوێنەکە لە بەرزییەوە بکێشە:
- هێڵکارییەکە با پێوەری وێنە و پێوانەکانی لەگەڵ بێت؛

- شوێنە سەرەکییەکان دیاری بکە؛
- شوێن و جۆری ئەگەری دۆزینەوەی بەڵگە دیاری بکە؛ و
- هێڵکارییەکە واژۆ بکە و بەرواری لێبدە.

### 4. وێنەی شوێنی ڕووداوەکە و بەڵگەکان بگرە

وێنەگرتنی شوێنی ڕووداوەکە، ناوچەکانی دەوروبەری و شوێنە سەرەکییەکان یاخود بەڵگەکان لە چوارچێوەی شوێنی ڕووداوەکەدا بەبەڵگە سەلماوە کە زۆر زۆر بەنرخە بۆ لێکۆڵەرانی داهاتوو یاخود ئەو پسپۆڕانەی کە بەڵگەکان شیکاری دەکەن.

خاوەنپیشەکان دەبێت:

- وێنەی شوێنی ڕووداوەکە و هەموو ئەو شتانەی کە لەوێن بگرن بەبێ تێکدان یان لابردنیان؛
- وێنەی گشتی، تایبەت بە زەمینەیەکی دیاریکراوی شوێنی ڕووداوەکە و نزیکی شوێنی ڕووداوەکە بگرن؛
- وێنەی گشتی دەبێت وێنەی ناوچەکانی دەوروبەری، تایبەتمەندی جوگرافی و ڕووی زەوی، بینا و شەقامەکان لەخۆبگرێت؛
- وێنەی تایبەت بە زەمینەیەکی دیاریکراو دەبێت پەیوەندی نێوان ئەو شوێنە دیارەی کە خاوەنپیشەکە وێنەی دەگرێت و شت و شوێنە دیارەکانی تر نیشان بدات؛ و
- وێنەی نزیك دەبێت وردەکارییەکانی ئەو بەڵگە یان شوێنە دیارە نیشان بدات کە خاوەنپیشەکە تۆماری دەکات؛
- هەر کات بگونجێت، وێنە بە پێوەری وێنەوە و بەبێ پێوەری وێنەش بگرە؛ و
- وێنەکان یەکسەر دوای گرتنیان بەڕیز تۆمار بکە. لە تۆمارەکەدا ناو و ڕۆڵی ئەو کەسەی کە وێنەکە دەگرێت؛ لەگەڵ بەروار، کات و شوێن؛ جۆری فیلمەکە و ڕێکبەندی کامێراکە بنووسە. کورتە باسێکی هەر یەك لە وێنەکان بنووسە.

### 5. شوێنی ڕووداوەکە یەکەمجار چۆن بووە وەها بەجێبهێڵە

ئەوە کارێکی گرنگە کە وریا بیت شوێنی ڕووداوەکە نەشێوێنیت، شت لەجێی خۆی نەجوڵێنیت یاخود هیچ بەڵگەیەك لە شوێنی ڕووداوەکە نەبەیتە دەرەوە. ئەنجامدانی ئەو کارانە دەشێت کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر بەکەڵکی و جێگەی سەرنجبوونی شوێنی ڕووداوەکە و ئەو شتانەی کە لەوێن و بەهای بەڵگەیی ئەو شوێنە. زۆربەی کات تەنها تۆمارکردنی ڕاست و دروستی ئەو بەڵگانەی کە دەکەونە بەرچاوی تۆ بەسە.

کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە لە شوێنی ڕووداوەکە دەبێت تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام بدرێت کە سەرپشککراون، توانا و کارامەییان هەیە کە بەو کارە هەستن. بەڵگەی بەرجەستە تەنها کاتێك دەبێت لە شوێنی ڕووداوەکە ببرێتە دەرەوە ئەگەر:

- خاوەنپیشەکان هیچ جۆرە هۆکارێکیان لەبەردەستدا نەبێت بۆ تۆمارکردنی بەڵگەکە و ئاگاداری ئەو مەترسییە گەورەیە بن کە لەسەرێتی بۆ لەناوچوون یاخود دەستتێوەردان؛ و
- خاوەنپیشەکان کارامەیی و توانای کۆکردنەوە و لابردنی بەڵگەکانیان هەیە لە شوێنی ڕووداوەکە؛ و
- خاوەنپیشەکان دەتوانن ئەوە دڵنیا بکەن کە بەبەڵگەنامەکردنی چرووپری تاووتوێکردن، گواستنەوە و ئەمبارکردنی ئەو بەڵگانەی کە لەوێ لابراون، بەو جۆرە دڵنیاکردنی چەسپاندنی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" بە ڕێکوپێکی بەسەریدا **(بڕوانە پاشکۆی 6، بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان").**

## 8.2 بەڵگەی نووسراو

بەڵگەنامەکان، فەرمی و نافەرمی، دەکرێت سەرچاوەی زانیاریی زۆر زۆر گرنگ و جێگای سەرنج بن کاتێك کە توندوتیژی سێکسی بەبەڵگەنامە دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەو زانیاریانەی کە لە بەڵگەنامەکاندا دەدۆزرێنەوە دەکرێت بەسوود بن بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە:

- شێواز، دووبارەبوونەوە و چرویری توندوتیژی سێکسی ڕاپۆرتدراو: ئەوە دەکرێت لەو تۆمارانەدا بدۆزرێتەوە کە لەلای فەرمانبەرانی پزیشکی و تەندروستی و لە شوێنی کارکردنیاندا دەپارێزرێن، ئاماری ڕێکخستنی کەیس، ئەو ڕاپۆرتانەی کە پشت بە بەڵگە دەبەستن، لەگەڵ ئەو ڕوپێو و توێژینەوانەی کە لەسەر توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراون.[42]
- ناسنامەی ئەنجامدەرانی تاوان و کەسانی باڵادەست: ئەو زانیاریانەی کە لە تۆمارە فەرمییە سەربازی و حکومییەکاندا دەدۆزرێنەوە جموجوڵ و هەبوونی ئەو کەسانە دەسەلمێنێت کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن، لەگەڵ ڕێکخستن، هەیکەلی فەرماندەیی و دەسەڵاتی فەرمی و نافەرمی؛ تۆمارەکانی ئیفادەی دەربازبوو/ شایەتەکان کە وەسفی ڕوخسار، جلوبەرگ و نیشانەی جیاکەرەوەی بەرچاوی ئەو کەسانە دەکات کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن و تۆمارەکانی ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان کە زانیاری، پرۆفایل و/یان جموجوڵی ئەو کەسانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن.
- هەبوونی پلان یان ستراتیژ و دۆخەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی: لە ڕوونووسی ئەو فەرمانانەدا کە دەرکراون، پلان دانراوە بۆ پەلاماردانی هەندێك ناوچەی دیاریکراو و تۆمارەکانی ئەو پەیوەندیانەی کە لەنێوان یەکە/ لقەکاندا ئەنجام دراون بەر لە پەلامارەکە یاخود دوای پەلامارەکە.
- بواری لێکۆڵینەوەی زیاتر: ئەو زانیاریانەی کە لە بەڵگەنامە فەرمی و نافەرمییەکاندا دەدۆزرێنەوە لەوانەیە خۆیان لە خۆیاندا هیچ ڕاستییەك بە شێوەیەکی بنەڕەتی یەکلایی نەکەنەوە بەڵام ڕەنگە زانیاری سەرەداو فەراهەم بکەن بۆ هەوڵەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا.

### (i) جۆری بەڵگەنامەکان

جۆری ئەو بەڵگەنامە بەسوودانەی کە خاوەنپیشەکان ڕەنگە بیاندۆزنەوە یاخود لەلایان بن، ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە.

#### فەرمی

- ئەو تۆمار و ڕاپۆرتانەی کە بەستراونەتەوە بە کرداری توندوتیژی سێکسییەوە و/یان ئەو کەسانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن، بە کەسانی باڵادەستیشەوە، وەك تۆمارە لۆجیستیکییەکان، تۆماری ئەرکەکان، ڕاپۆرتی ڕەوشی چالاکییەکان، تۆمارەکانی سنور، پلان یان ستراتیژە سەربازییەکان، تۆمارەکانی پەیوەندیکردن، ئاراستەکردن و فەرمانی نوسراو.
- بەڵگەنامەی فەرمی دیکەی وەك بڕوانامەی پزیشکی، تێبینی و ڕاپۆرت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە بەڵگەنامانە ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی هۆشیارانەی دەربازبووان بەدەست بهێنرێن و زۆر لە دابینکارانی تەندروستی بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئەو جۆرە بەڵگەنامانە هاوبەش نەکەن بەهۆی نیگەرانی سەبارەت بە تایبەتێتییەوە.
- لیستی بەندکراوەکان و تۆمارەکانی پۆلیس.

#### نافەرمی

- ڕاپۆرت و تۆمارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان، وەك تۆمارەکانی ناونووسکردن و پرۆفایلی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە لە زێدی خۆیان دەرکراون و میکانیزمەکانی چاودێریکردن و شوێنپێهەڵگرتن؛ زانیاری تایبەت بە ڕووداو و ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی ئەوانەی کە شیکاری ئەو پێشێلکاریانەیان تێدایە کە ئەنجام دراون، کاریگەری ئەو جۆرە پێشێلکاریانە، میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی زووبەزوو کە جێگیر کراون و ئیفادەی دەربازبوان و شایەتەکانی تر.

42 ئەگەرچی ئەم جۆرانەی زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی دەکرێت بەکەڵك بن وەك توێژینەوەی پێشینە، یاخود بۆ پشتیوانیکردنی تۆمەتێکی تایبەت یاخود تۆمەتەکانی توندوتیژی سێکسی، ئەو زانیاریانەی کە لەڕێگەی ڕوپێوەوە کۆکراونەتەوە، ڕاپۆرتی کەیس و هەڵسەنگاندنی دیکە نوێنەرایەتی کۆی گشتی هەموو ئەو ڕووداوانە ناکەن کە ڕوویانداوە. بۆ ڕێنوێنی زیاتر لەسەر ئەوەی کە چی بکەیت و چی نەکەیت سەبارەت بە بەکارهێنانی زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی، بڕوانە UN Action, Reporting and Interpreting Data on Sexual Violence from Conflict-Affected Countries: "Dos And Don’ts", 2008.

- تێبینی ڕاپۆرتدانی تاوان كە گەیشتوونەتە دەست سەركردە ناوچەییە نەریتی و ئاینییەكان و تێبینی هاوچەرخ كە لەلایەن دەربازبوان و شایەتەكانی ترەوە نوسراون.
- ڕوپێوی پشت بە بەڵگە بەستوو، ڕاپۆرت، توێژینەوە و هەڵسەنگاندن كە زانیارییان لە دوو توێدایە لەسەر جۆر، دووبارەبوونەوە و بەرفراوانی ئەو تاوانانەی توندوتیژی سێكسی كە ئەنجام دراون، ناسنامەی ئەو كەسانەی كە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن و كەسانی باڵادەست و كاریگەرییەكانیان لەسەر دەربازبوان/ شایەتەكان و پێداویستییەكانیان.
- وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و سەتەلایتی.

كاتێك كە مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی نووسراو دەكەن، خاوەنپیشەكان پێویستە لەسەریان لانی كەم:

1. ڕێز لە نهێنیپارێزی بگرن؛
2. بە ڕاست و دروستی تۆمار و ڕوونووسی بكەن ئەگەر بگونجێت؛ وە
3. دەست بەسەر بەڵگەنامەدا نەگرن.

## 1. ڕێز لە نهێنیپارێزی بگرە

- هەر هاوبەشكردنێكی تۆمار، ڕاپۆرت، توێژینەوە و ئاماری كەیسەكانی توندوتیژی سێكسی دەبێت بە شێوەیەكی سەلامەت و ئەدگاریانە ئەنجام بدرێت و ڕێز لە نهێنیپارێزی دەربازبوو/ شایەت بگیرێت بەو جۆرەی كە بەسەریدا دەچەسپێت **(بڕوانە برگەكانی 6.1 و 6.2)**.
- زانیاری ئامار پێویستە ناونادیار بێت، بەڵام خاوەنپیشەكان پێویستە ئەوە هەڵبسەنگێنن كە ئاخۆ تەنانەت زانیاری ناونادیاریش بۆی هەیە ببرێتەوە سەر گرووپ یان خەڵكی ناوچەیەكی دیاریكراو، كە ئەوەش دەربازبوان/ شایەتەكان دەخاتە مەترسییەوە.[43]
- زانیاری لەسەر ئاستی تاكەكەسی پێویستە تەنها دوای ڕەزامەندی هۆشیارانەی دەربازبوو/ شایەت هاوبەش بكرێت.

## 2. بە ڕاست و دروستی تۆمار و ڕوونووسی بكە ئەگەر گونجا

- وەك لانی كەمترین، تۆمارێكی ڕاست و دروست پێكبهێنە كە ناوەڕۆكی ئەو بەڵگەنامەیە وەسف بكات كە دۆزراوەتەوە یاخود بەدەست گەیشتووە، ئەو هەلومەرجەی ئەو بەڵگەنامەیەی تێدا دۆزراوەتەوە یان بەدەست گەیشتووە، ئەو شوێنەی كە تێیدا دۆزراوەتەوە، لە كێ وەرگیراوە و ئایا كێی تر لەوێ بووە كاتێك كە بەڵگەنامەكە دۆزرایەوە یاخود وەرگیراوە.
- ئەگەر بەڵگەی نووسراو لەلایەن كەسێكی لایەنی سێهەمەوە فەراهەم كراوە، ئیفادەیەك لەو كەسەی لایەنی سێهەم وەربگرە كە ئەو هەلومەرجە بخاتە ڕوو كە ئەو كەسەی لایەنی سێهەم بەو جۆرە ئەو بەڵگەنامەیەی بەدەست گەیشتووە؛ كەی و لە كێ وەرگیراوە؛ ئاخۆ بەڵگەنامەكە ئەسڵییە یان ڕوونووسە؛ شرۆڤەكردنێكی واتا یان بایەخی مۆر، واژۆ و ناوەكانی ناو بەڵگەنامەكە و ئەو كەسەی لایەنی سێهەم چۆن ئەو شتانەی زانیوە.
- ئەگەر بەڵگەنامەكە ڕوونووس بێت، ئەوە دڵنیا بكە كە ڕوونووسەكە ڕوونە و ئەگەر پێویست بكات هەر دوو دیوی پەڕەكان ڕوونووس بكرێت و ئەوە تۆمار بكرێت كە چۆن و كەی ڕوونووس كراوە و كێ بەو كارە هەستاوە.

43 بڕوانە UN Action, Reporting and Interpreting Data on Sexual Violence from Conflict-Affected Countries: “Dos And Don’ts”, 2008.

**3. دەست بەسەر بەڵگەنامەدا مەگرە**

- ئەوانەی کە لێکۆڵەر نین دەبێت، وەك ڕێسایەك، خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە دەستگرتن بەسەر بەڵگەنامەدا لە هەر ڕێکخراو، حکومەت یاخود دەزگایەکی سەربازی یاخود تاکەکەسێکەوە. خاوەنپیشەکان دەبێت ڕێوشوێنی ئەوتۆ دابنێن کە ئەوە بخاتە ڕوو چ هەنگاوێك بگرنە بەر ئەگەر بکەونە ڕەوشێکی ئەوتووە کە بەڵگەنامەی ئەوتۆیان بۆ فەراهەم بکرێت کە بۆ کارەکەیان بایەخی هەبێت. ئەگەرچی خاوەنپیشەکان نابێت هەرگیز بەبێ سەرپشککردنێکی ڕاست و ڕەوان بۆ ئەو کارە دەست بەسەر بەڵگەنامەدا بگرن، ڕەنگە شیاو بێت کە ئەو بەڵگەنامانە وەربگرن کە بە شێوەیەکی خۆویستانە دەدرێنە دەستیان، بەو مەرجەی ڕێوشوێنی پێویست گیرابێتە بەر و خاوەنپیشەکە زانیاری تەواو سەبارەت بە بەڵگەنامەکە خۆی کۆبکاتەوە **(بڕوانە سەرەوە برگەی 2. بە ڕاست و دروستی تۆمار و ڕوونووسی بکە ئەگەر گونجا)**.
- ئەمبارکردنی بەڵگەنامە تەنها دەبێت کاتێك ئەنجام بدرێت ئەگەر بەڵگەنامەکە دوزرابێتەوە یاخود درابێتە دەست خاوەنپیشەکان.
- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری ڕاست و دروست سەبارەت بە ناوەرۆك و شوێنی هەندێك تۆماری دیاریکراو دەشێت بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە بەسوود بن لە داهاتوودا کە سەرپشککرابن بۆ دەسبەسەراگرتنی بەڵگە.
- بڕوانە پاشکۆی 7، **"بەڵگەی نووسراو: پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان"** بۆ زانیاری زیاتر.

## 9. ئەمبارکردنی زانیاری

ئەگەر خاوەنپیشەکان زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی کۆبکەنەوە (بۆ نمونە وێنەی شوێنی ڕوودانی تاوان یاخود بەڵگەنامەیەك کە تۆماری چاوپێکەوتنەکەیانی لەسەر بێت لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتێك) ئەوە شتێکی زۆر زۆر گرنگە کە ئەوان ئەو زانیاریانە بەشێوازێك ئەمباربکەن و بیانپارێزن کە نیازپاکی ئەو بەڵگەنامانە نەخاتە مەترسییەوە و دەربازبوان و شایەتەکان نەخاتە بەر مەترسی زیانپێگەیشتن لە داهاتوودا.

سروشتی هەستیاری زانیاری توندوتیژی سێکسی و ئەو زیانە چاوەڕوانکراوەی کە بۆی هەیە ڕووبدات ئەگەر زانیارییەکان بۆ مەبەستی خراپ بەکاربهێنرێن زۆر زۆر گرنگە بۆ هەر کەسێك کە ئەو جۆرە زانیاریانە کۆدەکاتەوە کە بە شێوازێك ئەمباریان بکات کە سەلامەتی دەربازبوان/ شایەتەکان، خەڵکی ناوچەکە و ئەوانە دڵنیا بکات کە زانیارییەکان کۆدەکەنەوە

بۆ پاراستن و باشڕاگرتنی زانیاری لەسەر توندوتیژی سێکسی بە شێوازێکی سەلامەت، خاوەنپیشەکان دەبێت:

1. پلان بۆ ئەوە دابنێن کە زانیارییەکان لەکوێ ئەمبار دەکرێن و کێ کۆنترۆڵی دەبێت بەسەریاندا. لەباشترین باردا، خاوەنپیشەکان دەبێت شوێنێکی ئەمبارکردنی ناوەندی بەکاربهێنن کە لەژێر چاودێری پاسەوانێکی زانیاریدا بێت، تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوەکەشیان مافی "خاوەندارێتی" زانیارییەکان بۆ خۆی بپارێزێت.
2. ئەو زانیاریانە ئەمبار بکەن کە دەربازبوو/ شایەتێك بەجیا دەستنیشان دەکات و بە ئەمینی هەڵیان بگرن بەجیا لەو ئیفادە و بەڵگانەی کە لەلایەن ئەو دەربازبوو/ شایەتەوە پێشکەش کراون (بۆ نمونە پێرستێك بۆ پێکەوە گونجاندنی ژمارە کۆدەکان لەگەڵ زانیاری ناسینەوە/ ناوی دەربازبوان/ شایەتەکان).
3. هەر کات بگونجێت، خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە ئەمبارکردنی زانیاری گشتی و هەستیار پێکەوە، لەپێناوی دڵنیاکردنی پاراستنێکی باشتری زانیارییە هەستیارەکان.
4. زانیارییەکان بە جۆرێك ڕێکبخەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بە شێوەیەکی لۆژیکی بدۆزرێنەوە کاتێك دواتر پێویستیان پێیان دەبێت.
5. ڕاهێنان بە کارمەندەکان بکەن لەسەر ڕێوشوێنی گونجاو بۆ: (i) دۆزینەوەی زانیاری ئەمبارکراو یەکسەر دوای ئەوەی کە فایلەکان دادەخرێن؛ و (ii) قایمراگرتنی زانیارییەکان لەکاتی چۆڵکردنی کوتوپڕیدا.
6. کاتێك کە بە گەشتێك هەڵدەستن کە خاڵی پشکنینی لەڕێگەدا بێت تەنها ئەو زانیاریانە لەگەڵ خۆیان ببەن کە بەڕاستی پێویستن، چونکە ڕەنگە داوا لە خاوەنپیشەکان بکەن کە ئەو زانیاریانە ئاشکرا بکەن یاخود تەسلیم بکەن کە بە خۆیانە یان لە ئۆتومبێلەکەیاندا هەڵگیراوە. بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا ڕەچاو بکەن بۆ ئەمبارکردن و/یان بەجفرەکردنی زانیاری.

## 9.1 ئەمبارکردنی بەڵگەنامە و زانیاری بەرجەستەی تر

- ئەگەر خاوەنپیشەکان زانیاری لەشێوەی بەڵگەنامە و بابەتی بەرجەستەی تردا ئەمبار بکەن، ئەوان دەبێت زانیارییەکان لەناو دۆلابێکی داخراو یاخود قاسەیەکدا هەڵبگرن کە تەنها کەسانێکی دیاریکراو دەستی پێیان ڕابگات. دەبێت پەیرەوێکی ڕوون و ئاشکرا هەبێت لەسەر ئەوەی کە کێ دەتوانێت دەستی بە زانیارییەکان ڕابگات و بۆچی دەبێت دەستی پێیان ڕابگات.

- لە باری کوتوپڕیدا، ڕەنگە پێویست بکات کە سەلامەتی تاکەکەسی ئەو کارمەندانە زامن بکرێت کە دەستیان بە شوێنی ئەمبارکردن ڕادەگات.

- تۆمارێکی ئەو کەسانە ڕابگرە کە دەستیان بەو دۆلابە ڕادەگات (بۆ نمونە ناوی کەسەکە، بەروار، کات و مەبەست لە دەستڕاگەیشتنەکە دەبێت تۆمار بکرێن).

- ئەگەر زانیارییەکان ئەگەری خراپبوونیان هەبێت (بۆ نمونە جامی وێنەی نەریتی)، لە شوێنی گەرم و ڕوناکی بیانپارێزە.

- ئەگەر زانیارییەکان بەشێك بن لە تاقمێك (بۆ نمونە کۆبەندێکی بەڵگەنامە یاخود وێنەی چاپکراو)، هەموویان پێکەوە ببەستە و تێبینییەکی لەسەر بنووسە کە ئەوە دەربخات چی ئەوانەی کردووە بە تاقمێك.

- هەموو وێنە و تۆمارە ڤیدیۆییەکان (لەگەڵ زانیاری بەرجەستەی تر) دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمێکی هەژماری دامەزراودا پێرست بکرێن و ئەو سیستەمی هەژمارە دەبێت ببەسترێتەوە بە بەڵگەی پشتڕاستکردنەوەی دیکەی ئەو وێنە/ ڤیدیۆ دیاریکراوە (بۆ نمونە بەڵگەی دەرباز بوو/ شایەت).

- ئەگەر تۆماری دەنگی یان ڤیدیۆیی بۆ مەبەستێکی جیاواز لە تۆمارکردنێکی ئاسایی چاوپێکەوتنێك تۆمار کرابن، ئەو کەسەی کە بەرپرسە لەوە پێویستە بتوانێت پاساوی ئەمبارکردنی بەردەوامیان بدات و مەرجی یاسایی دەستەبەر بکات بۆ پاراستنی نهێنی ئەو کەسانەی کە لە تۆمارەکاندا باسکراون، بەتایبەتی ئەگەر تۆمارەکان وەها دابنرێت کە بۆ هەر ماوەیەك کە بتەوێت ئەمبار بکرێن.

## 9.2 ئەمبارکردنی زانیاری دیجیتاڵ

- لایەنە باشەکانی بەکارهێنانی سیستەمی ئەمبارکردنی دیجیتاڵ (کاتێك ئەوە بەردەست بێت) وەك لە سیستەمی ئەمبارکردنی دەستی ئەوەیە کە سیستەمی دیجیتاڵ ئەوەندە جێگە ناگرێت، بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانیت بە ئاسانی بەناویدا بگەڕێیت و شیکاری ئەنجام بدیت، بە شێوەیەکی ئاسایی ئاسانتر بەڕۆژ دەکرێت و ڕاپۆرتی لێ بەرهەم دەهێنرێت و هەتا ڕادەیەك دەکرێت بپارێزرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنە خراپەکانی سیستەمی ئەمبارکردنی دیجیتاڵ ئەوەیە کە بۆی هەیە کاتی زیاتری بوێت بۆ داخڵکردنی زانیاری، دەستڕاگەیشتن بەوە پشت بە هەبوونی کارەبا و هەندێك جار دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دەبەستێت و سیستەمەکە لەبەر مەترسی هاککردن و ڤایرۆسدایە. سەرباری ئەوەش، ئەگەر زانیارییەکان لەڕێگەی تەلەفونی مۆبایەڵ یاخود ئینتەرنێتەوە بگوێزرێنەوە مەترسی ئەوە هەیە کە دەسەڵاتداران دابینکاری خزمەتگوزاری مۆبایەڵ یاخود ئینتەرنێت ناچار بکەن کە زانیاری هەستیاریان تەسلیم بکەن.

- بەر لە دەستکردن بە کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەی دیجیتاڵ ئەمبار دەکرێن، دەبێت هەڵسەنگاندنی مەترسی ئەنجام بدرێت و پرۆتۆکۆلی ئاسایشی دیجیتاڵ دەبێت جێگیر بکرێت. تایبەتمەندانی ڕێکخستنی زانیاری و ئاسایشی دیجیتاڵ دەبێت بۆ ئەو مەبەستە ڕاوێژیان پێبکرێت.

- هەموو زانیارییە دیجیتاڵەکان دەبێت لەڕێگەی وشەی تێپەڕبوونەوە بپارێزرێن (وە دەبێت دەستڕاگەیشتن بەو وشەی تێپەڕبوونە سنووردار بێت) و بکرێت بە جفرە. هەر کات بگونجێت، خاوەنپیشەکان دەبێت ڕێوشوێنی زیاتر بگرنەبەر بۆ پاراستنی زانیاری هەستیار لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕێوشوێنی پێشکەوتوتر و ڕێبازی وەك دانانی جفرە بۆ دیسك درایڤەکان دڵنیاکردنی گواستنەوەی سەلامەتی زانیاری دیجیتاڵ.[44]

- لە باری کوتوپڕیدا، ڕەنگە پێویست بکات کە سەلامەتی تاکەکەسی ئەو کارمەندانە زامن بکرێت کە دەستیان بەو وشەی تێپەڕبوونانە ڕادەگات.

44 بۆ ڕێنوێنی زیاتر لەسەر پاراستنی زانیاری، بڕوانە ICRC, Professional Standards for Protection Work, 2013, revised edition, in particular Chapter 6 on managing sensitive information.

- ئەگەر زانیارییەکان دیجیتاڵ بن، هەمووی بگوێزرەوە بۆ سەر کۆمپیوتەرێك، لەسەر سی دی WORM (یەکجار لەسەری تۆمار دەکرێت، زۆرجار دەخوێندرێتەوە) تۆماری بکە یاخود زانیارییەکان لەسەر میمۆری ستیك ئەمبار بکە. دەبێت دوو ڕوونووسی لێ بگیرێتەوە.

- خۆپارێزی گونجاو بگرە بەر وەك نەرمەواڵای دژە ڤایرۆس و پاراستنی یەدەکی فایلەکانی بنکەی زانیاری لە شوێنی سەلامەت.

- بەکارهێنانی ئامرازی پێشکەوتووی کۆکردنەوەی زانیاری ڕەچاو بکە، وەك کامێرای سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی، کاربەرنامەی بەبەڵگەنامەکردنی گەڕۆك کە زنجیرەیەك مێتاداتا کۆدەکاتەوە (واتە زانیاری دەربارەی ئەوەی کە کەی، لەکوێ و چۆن زانیارییەکان کۆکراونەتەوە) و کاربەرنامەی بەبەڵگەنامەکردنی گەڕۆك کە خۆیان هەر لە بنەڕەتدا هەموو زانیارییەکان دەکەن بە جفرە.

- بەکارهێنانی ئەو کاربەرنامەی کۆکردنەوەی زانیاریانە ڕەچاو بکە کە ڕوونووسی زانیارییەکان لەسەر تەلەفونی مۆبایڵ ئەمبار ناکات، بەو جۆرە مەترسی ئەوەی کە زانیاری هەستیار دزە بکاتە دەرەوە دەهێنێتە نزمترین ئاست ئەگەر ئامێرەکە ونبێت، بدزرێت یان دەستی بەسەردا بگیرێت. بەهایەکی زیاتری بەکارهێنانی ئەو کاربەرنامانەی کە زانیاری دەگوێزنەوە بۆ ڕاژەکارێکی دوورەدەستی ئەمین پاراستنی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکانە".

- ڕەنگە شتێکی گونجاو بێت کە ڕێگاچارەی ئەمبارکردنی کڵاود بەکاربهێنرێت کاتێك کە زانیاری لە شوێنێکی مسۆگەر دەپارێزرێت. سوودەکانی ئەو جۆرە سیستەمانە ڕزگاربوونە لە کێشەی تێکشکانی ئامێرەکانی ئەمبارکردن، دەستڕاگەیشتنی دوورە دەست و پاراستنی بەردەوامی زانیارییەکانە. ئەگەر دابینکارێکی بازرگانی بۆ ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە بەکاربهێنیت، دەبێت زۆر زۆر هۆشیار بیت بۆ دڵنیاکردنی نیازپاکی زانیارییەکان، خاوەندارێتی و دەستڕاگەیشتنی بەبێ چەندوچوونی زانیارییەکان.

- هۆکاری شوێنپێهەڵگرتنی دەستکاریکردن لەسەر بنکەی زانیارییەکە هەبێت بۆ ئەوەی هەر دەستکاریکردنێکی تێبینی یان تۆمارەکان بە ناوی بەکارهێنەرێکی دیاریکراوەوە تۆمار بکرێت.

## 9.3 ئەمبارکردنی بەڵگەی پزیشکی-یاسایی/ پزیشکیی دادوەری

- تەنها ئەوانەی کە بە تایبەت ڕاهێنانیان پێکراوە لەسەر کۆکردنەوەی بەڵگەی پزیشکیی- یاسایی (بۆ نمونە خوێن، تۆو یاخود جلوبەرگی پیسبوو بە شلەمەنی لەش) دەبێت بەو کارە هەستن. ئەگەر خاوەنپیشەکان ڕاهێنانیان پێنەکرابێت لەسەر کۆکردنەوەی بەڵگەی پزیشکیی- یاسایی و پزیشکیی دادوەری لەوانەیە کۆکردنەوەی لەلایەن ئەوانەوە زیاتر ببێتە هۆی زیان وەك لەوەی بەسوود بێت **(بڕوانە پاشکۆی 6 "بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکان لەسەر زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان"وە پاشکۆی 10 "نموونەی بڕوانامەی پزیشکی پەلاماری سێکسی").**

- پشکنینی پزیشکیی دادوەری / کۆکردنەوەی بەڵگەی پزیشکیی- یاسایی دەبێت لە هەمان کاتی دابینکردنی سەرپەرشتی پزیشکیدا ئەنجام بدرێت - وە لەباشترین باردا لەلایەن هەمان کەسەوە بێت **(بڕوانە پاشکۆی 10 "نموونەی بڕوانامەی پزیشکی پەلاماری سێکسی").**

- ئەگەر بەڵگەکە بایۆلۆژی بێت (بۆ نمونە خوێن، تۆو یان جلوبەرگ) وە خاوەنپیشەکان ڕاهێنانیان پێکرابێت لەسەر کۆکردنەوەی، ئەوا ئەو زانیاریانە دەبێت لە دەفری جیاوازدا سەرمۆر بکرێن و یەکسەر دوای کۆکردنەوەیان ببرێن بۆ تاقیگە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە پێویستی بەوە بێت بخرێتە ناو بەفرگر یان فریزەر.

- بۆ ڕێنوێنی زیاتر لەسەر کۆکردنەوەی بەڵگەی پزیشکیی دادوەری، خاوەنپیشەکان دەبێت ڕاوێژ بە ڕێبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بکەن لەسەر چارەسەرکردنی کلینیکی دەربازبوانی لاقەکردن: ڕێنمایەك لەسەر گەشەپێدانی پرۆتۆکۆلەکان بۆ بەکارهێنانیان لە ڕەوشی پەنابەران و ئەو کەسانەدا کە لەناوخۆدا لە زێدی خۆیان دەرکراون، 2004؛ و PHR و OHCHR و پرۆتۆکۆلی ئەستەمول: نامیلکە لەسەر لێکۆڵینەوەی کاریگەر بۆ بەبەڵگەنامەکردنی ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزای دیکەی دڕندانە، نامرۆڤانە یان سوکایەتپێکردن، 1999.



# بیبلۆگرافیا

### سەرچاوەکان

1. Amnesty International, International Criminal Court: Updated Checklist for Effective Implementation, London 2010

2. Amnesty International, Agnes Callamard, A Methodology for Gender-Sensitive Research, 1999

3. ICC, Draft Policy Paper on Sexual and Gender Based Crimes, February 2014, www.icc-cpi.int/iccdocs/otp/otp-draft-policy-paper-february2014-eng.pdf

4. ICRC, Professional Standards for Protection Work, 2013, revised edition

5. ICRC, Sexual violence in armed conflict: questions and answers, 7 March 2014

6. Institute for International Criminal Investigations (IICI), Investigator's Manual 7th Edition, 2013

7. Institute of Medicine, Social and Economic Costs of Violence Against Women: The Value of Prevention, 2011

8. IRC, UNICEF, Caring for Child Survivors of Sexual Abuse: Guidelines for Health and Psychosocial Service Providers in Humanitarian Settings, 2012

9. OHCHR, PHR, Istanbul Protocol: Manual on the Effective Investigation and Documentation of Torture and Other Cruel, Inhuman or Degrading Treatment or Punishment, 1999

10. OHCHR, Monitoring the Convention on the Rights of Persons with Disabilities – Guidance for Human Rights Monitors (Professional Training Series No. 17

11. Save the Children, Children, Not Soldiers: Guidelines for Working with Child Soldiers and Children Associated with Fighting Forces, 2001

12. UN Action, Reporting and Interpreting Data on Sexual Violence from Conflict-Affected Countries: "Dos And Don'ts", 2008

13. UNHCR, Sexual and Gender-Based Violence against Refugees, Returnees, and Internally Displaced Persons: Guidelines for Prevention and Response, 2003

14. UNICEF, Innocenti Research Centre, Innocenti Insight: Birth Registration and Armed Conflict, 2007

15. UNICEF, The Paris Principles. Principles and Guidelines on Children Associated With Armed Forces or Armed Groups, February 2007

16. UNICEF, UNODC, Guidelines on Justice Matters Involving Child Victims and Child Witnesses of Crime, 2005

17. WHO, Ethical and Safety Recommendations for Researching, Documenting and Monitoring Sexual Violence in Emergencies, 2007

18. WHO, Clinical Management of Survivors of Rape. A Guide to the Development of Protocols for Use in Refugee and Internally Displaced Person Situations, 2004

19. Women's Initiatives for Gender Justice, Gender in Practice: Guidelines and Methods to Address Gender Based Crime in Armed Conflict, 2005

20. World Bank, The Costs and Impacts of Gender-Based Violence in Developing Countries: Methodological Considerations and New Evidence, 2004

## خوێندنەوەی زیاتر

21. Amnesty International, CODESRIA, Ukweli: Handbook on Monitoring and Documenting Human Rights Violations in Africa, 2000

22. Amnesty International, International Centre for Human Rights and Democratic Development, Investigating Women's Rights Violations in Armed Conflict, 2001

23. Amnesty International, Rape and Sexual Violence: Human Rights Law and Standards in the International Criminal Court, 2001

24. Bassiouni, M. Cherif, International Crimes: Jus Cogens and Obligatio Erga Omnes, Law and Contemporary Problems, 1996

25. Bergsmo, Morten (editor), Thematic Prosecution of International Sex Crimes, 2012

26. de Brouwer Anne-Marie, et al. (editor), Sexual Violence as an International Crime: Interdisciplinary Approaches, Intersentia, 2013

27. Hitesh, Raval, Tribe, Rachel, Working with Interpreters in Mental Health, 2002

28. Human Rights Council, Report of UN Special Rapporteur On Violence Against Women, 2010

29. IASC, Guidelines for Gender-Based Violence Interventions in Humanitarian Settings, Geneva 2005

30. ICTR, Best Practices Manual for the Investigation and Prosecution of Sexual Violence Crimes in Situations of Armed Conflict: Lessons from the International Criminal Tribunal for Rwanda, 2008

31. ICTR, Best Practices Manual for the Investigation and Prosecution of Sexual Violence Crimes in Post-Conflict Regions: Lessons Learned from the Office of the Prosecutor for the International Criminal Tribunal for Rwanda, 2014

32. ICTY-UNICRI, Manual on Developed Practices, 2009

33. Inter-Agency Standing Committee (IASC), IASC Guidelines on Mental Health and Psychosocial Support in Emergency Settings, 2007

34. Isikozlu, Elvan, Millard, Ananda S., Brief 43: Towards a Typology of War Time Rape, BICC, 2010

35. No Peace Without Justice, Closing the Gap: The Role of Non-judicial Mechanisms in Addressing Impunity, 2010

36. OHCHR, Training Manual on Human Rights Monitoring, PTS number 7, 2001 and 2011

37. Population Council, Ethical Approaches to Gathering Information from Children and Adolescents in International Settings: Guidelines and Resources, 2005

38. Redress/Vahida Nainar, Litigation Strategies for Sexual Violence in Africa, 2012

39. Redress, Nairobi Declaration on Women's and Girls' Right to Remedy and Reparation, March 2007

40. Sá Couto, Susana, Investigation and Prosecution of Sexual and Gender-Based Violence by the International Criminal Court: Mandate, Good Policy, or Both? 2012

41. Save the Children, Policy Brief – Unspeakable Crimes: Changing the Law, London 2013

42. Save the Children, So You Want to Involve Children in Research: A Toolkit Supporting Children's Meaningful and Ethical Participation in Research Relating to Violence Against Children, 2004

43. Schenk, Katie, Williamson, Jan, Ethical Approaches to Gathering Information from Children and Adolescents in International Settings: Guidelines and Resources, Population Council, 2005

44. Sivakumaran, Sandesh, Sexual Violence Against Men in Armed Conflict, The European Journal of International Law, Vol. 18, 2007

45. UN Action Against Sexual Violence in Conflict, Analytical and Conceptual Framing of Conflict-Related Sexual Violence, New York, May 2011

46. UNHCR, Working with Men and Boy Survivors of Sexual and Gender-Based Violence in Forced Displacement. Guidance Note (4), 2012

47. UNICEF, Children Participating in Research, Monitoring and Evaluation (M&E): Ethics and Your Responsibilities as a Manager, 2002

48. Women's Initiatives for Gender Justice, Modes of Liability: A Review of the International Criminal Court's current Jurisprudence and Practice, 2013

49. Women's Initiatives for Gender Justice, Sexual Violence and International Criminal Law: An Analysis of the Ad Hoc Tribunal's Jurisprudence and the International Criminal Court's Elements of Crimes, 2005

من دەمەوێت بە هەموو جیهان بڵێم کە ئێمە پێوستیمان بە ئاشتییە - جەنگ ڕابگرن

ئێمە دەبێت ئەوە دڵنیا بکەین کە ژنان و منداڵان پارێزراون

ئەوانەی کە تاوانی لاقەکردن ئەنجام دەدەن دەبێت دەستگیر بکرێن.

**فێلیسایت (Felicite) (ناوی ڕاستەقینە نیە، کۆماری دیموکراسی کۆنگۆ)**

# پاشکۆی 1

## کارنامەی بەڵگە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی: ئامڕازێك بۆ یارمەتیدانی لێکۆڵەرەکان لە پڕکردنەوەی کەلێنە بەڵگەییەکاندا

**هۆشداری: بەر لە بەکارهێنانی ئەم چوارچێوەیە بۆ ڕێکخستنی تاقیکردنەوەی بەڵگەنامەیی، کارێکی بنچینەییە کە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:**

**أ. بە وریایی ئەوە ڕەچاو بکە کە ئاخۆ تۆ کەسی شیاویت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی کارا و سەلامەت.**

**ب. بە وریایی هەموو لایەنەکانی مەترسی ئاسایش لەسەر دەربازبوو ڕەچاو بکە، زانیارییەکانی ئەو، خێزان یاخود کۆمەڵگەکەی، وە هەروەها مەترسی بۆ سەر تیمی بەبەڵگەنامەکردنیش ڕەچاو بکە.**

**ج. پرەنسیپە بنەڕەتییەکان ڕەچاو بکە هەر وەك لە پاشکۆی 3 دا پوختە کراون.**

## سەرەتا بۆ کارنامەی بەڵگە:

کارنامەی بەڵگە ئامڕازێکە کە وەك سەرچاوەیەك لەلایەن ئەوانەوە پێشنیار کراوە کە بەڵگەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان کۆدەکەنەوە. کارنامەی بەڵگە دەکرێت یارمەتی خاوەنپیشەکان بدات بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە لەکاتێکدا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە دەکەن کە دەڵێن گوایە ئەنجام دراون و بەبەڵگەنامەیان دەکەن، هیچ کەلێنێك بەجێناهێڵن ئیتر لەسەر ئاستی چاوپێکەوتن/ بەڵگەنامەیەکی تاکدا بێت یاخود لەسەر ئاستی شیکاری کەیسەکە بە شێوەیەکی گشتی. ناوەرۆکی ئەم کارنامەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنچینەی پێناسە تاوانەکان و پێکهاتەی تاوانەکانە، هەر وەك لە پەیماننامەی ڕۆمادا خراونەتە ڕوو لەگەڵ پێکهاتەکانی تاوان لە دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC). تەنانەت بەو جۆرەش، چوارچێوەکە هەموو جۆرەکانی بەڵگە لەخۆدەگرێت و دەکرێت بەگوێرەی زەمینەی پەیوەندیدار بگونجێندرێت. بەگوێرەی داڕشتنەکەی، کارنامەی بەڵگە دەکرێت بژار بکرێت بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی پێناسە و پێکهاتەی هەموو جۆرە پێشێلکارییەك بێت، ئیتر تاوانەکان لە ژێر هەر دەسەڵاتێکی دادوەریدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرابێت. ئەم ئامڕازە بە مەبەستی یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی ئاستی کارابوونی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەیە، بۆ پاراستنی شایەتەکان لە چاوپێکەوتنی یەك لەدوای یەك، بۆ ئاسانکاریکردن بۆ هەڵسەنگاندنی سەرەداوەکان و بۆ کەمکردنەوەی پێویستی گەڕانەوە بۆ مەیدانی ڕووداوەکە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان. ئەوانەی کە مافەکانی مرۆڤ بەبەڵگەنامە دەکەن دەتوانن کارنامەی بەڵگە وەك ئامڕازێک بەکاربهێنن بۆ ڕێکخستنی ئەو زانیاریانەی کە کۆیاندەکەنەوە - بەگوێرەی پێویست بیانگونجێنن و بەڵگە لەسەر بەرپرسیارێتی دەوڵەت کۆبکەنەوە، وەك لەوەی لەسەر بەرپرسیارێتی تاکەکەسی. بە کارکردن لە چوارچێوەی کارنامەکەدا و دەوڵەمەندکردنی بە هەرچی زیاتری بەڵگەی تێروتەسەلە، ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن ئەوانەوە کۆدەکرێنەوە کە مافەکانی مرۆڤ بەبەڵگەنامە دەکەن بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەکەڵك دەبن، ئەگەر لە ئەنجامدا میکانیزمێکی دادپەروەری یان دادپەروەری قۆناغی گواستنەوە هەبێت، ئیتر ئەوە نیشتمانی بێت یاخود نێودەوڵەتی.

کارنامەی بەڵگە دابەش کراوە بۆ سێ بەش، وەك لە خوارەوە هاتووە:

## بەشی أ: پێکهاتەکانی ئەو تاوانە دیاریکراوە

**چی ڕوویداوە (چ کردارێکی تاوانکارانە ئەنجام دراوە)؟**

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (بەوردی و بە دووروردرێژی، کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆچی، چۆن، وە تۆ چۆن ئەوە دەزانی؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ بەڵگە/ زانیارییەکت پێویستە بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1 ـی ئەم تاوانە؟ | ئایا چ پرسیارێك دەتوانیت بپرسیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1؟ | ئایا نمونەیەکی زانیاری چیە کە تۆ دەشێت بەدەستیبهێنیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1؟ |
| ئایا چ بەڵگە/ زانیارییەکت پێویستە بۆ هێنانەی پێکهاتەی 2 ـی ئەم تاوانە؟ | ئایا چ پرسیارێك دەتوانیت بپرسیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 2؟ | ئایا نمونەیەکی زانیاری چیە کە تۆ دەشێت بەدەستیبهێنیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 2؟ |

## بەشی ب: پێکهاتەکانی هاوپۆلی تاوانەکە (تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود جینۆساید)

**ئایا ئەو هەلومەرجە چۆن بووە کە ئەو کردارە تاوانکارییەی تێدا ئەنجام دراوە؟**

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەم کردارە گەیشتۆتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ یاخود تاوانی جینۆساید |
|---|---|---|
| ئایا چ بەڵگە/ زانیارییەکت پێویستە بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1 لە هاوپۆلی تاوان (واتە تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود جینۆساید)؟ | ئایا چ پرسیارێك دەتوانیت بپرسیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1لە هاوپۆلی تاوان؟ | ئایا نمونەیەکی زانیاری چیە کە تۆ دەشێت بەدەستیبهێنیت بۆ هێنانەی پێکهاتەی 1 لە هاوپۆلی تاوان؟ |

## بەشی ت: دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی

### ئایا ئەو کەسەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانەیە چۆن ئەنجامی داوە؟

| ئایا کێ لەوانەیە بەرپرسیار بێت، وە چۆن؟ | نمونەی پرسیار کە دەشێت ئەو زانیاریانە هەڵبهێنجێت کە سەبارەت بەوە دەبێت کێ بەرپرسیار بێت | نمونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك بێت کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکاریانە بەرپرس بن کە بەو جۆرە ئەنجام دراون |
| --- | --- | --- |
| ئایا چ بەڵگە/ زانیارییەکت پێویستە بۆ هێنانەدی پێکهاتەی 1 لە دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی (بۆ نمونە، فەرمانکردن یاخود بەرپرسیارێتی فەرماندەیی)؟ | ئایا نمونەی ئەو پرسیارانە چۆنە کە تۆ دەتوانیت بیانپرسیت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ هێنانەدی پێکهاتەی 1 لە دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی؟ | ئایا نمونەی ئەو پرسیارانە چۆنە کە تۆ دەتوانیت بیانپرسیت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ هێنانەدی پێکهاتەی 1 لە دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی؟ |

لە خوارەوە خشتە دێت بۆ بەشی أ، ب، ت لە ڕاهێنانی بەبەڵگەنامەکردن. ئەمانە نموونەی تیروتەسەلیان تێدایە لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەوە دڵنیا بکەیت کە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەدا هیچ لایەنێکی زانیاری فەرامۆش نەکراوە.

**تێبینییەکی گرنگ:** ئەم پرسیارانە - هەر وەك لە هەر سێ بەشەکەدا خراونەتە ڕوو - بە مەبەستی ئەوە دانەنراون کە ببن بە کلێشەیەك بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن. ئەگەر بەو جۆرە بەکاربێن، ڕەنگە وەها لە چاوپێکار بکەن کە زانیاری ناتەواو یاخود ناراست کۆبکەنەوە؛ یاخود تەنانەت لەوەش خراپتر، ئەوە بۆی هەیە ببێتە هۆی تێکدانی کۆتا بەرهەمی بەڵگەیی یاخود ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە شایەتەکە. هیچ کلێشەیەك ناکرێت ئامادەبکرێت کە هەموو لایەنەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتەکان لەخۆ بگرێت. ئەم پرسیارانە نموونەن، ئەمانە تەنها چەند ڕێگەیەکی چاوەڕوانکراو دەخەنە ڕوو کە لەوێدا ئەو بەڵگانەی کە بەدوایاندا دەگەڕێن دەکرێت لە شایەتەکە هەڵبهێنجرێن. چاوپێکارەکان بە زۆر بە ڕژدی ڕێنمایی دەکرێن کە ئەم کارنامەیە وەك ڕێنمایەك بەکاربهێنن بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە هەموو بوارە پێویستەکانی زانیاری چارەسەر کراون، وەك لەوەی کە وەك کلێشەیەك بۆ چاوپێکەوتن بەکاربهێنرێن و ئەوە دڵنیا بکەن کە ئەوان ئەو کارامەییانەی چاوپێکەوتن دەچەسپێنن کە لەرێگەی ڕاهێنانەوە بەدەست هاتوون و گوێرایەڵی ئەو پرەنسیپانەن کە لە پرۆتۆکۆلەکەدا هاتوون. هەمیشە شتێکی باش دەبێت کە پرەنسیپی "TED" (پ-ب-و) لەبیر بێت: "پێم بڵێ، بۆم ڕوونبکەرەوە، وەسفی بکە بۆم." ئەم پرەنسیپە بەسەر هەموو جۆرە چاوپێکەوتنێکدا دەچەسپێت - بەو چاوپێکەوتنانەشەوە کە پەیوەندییان بە بەڵگەی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزەوەیە.

ئەو سیناریۆیانەی تایبەت بە ڕاستییەکان کە لە ستوونی سێهەمدا خراونەتە ڕوو وێنەی جۆری ئەو بەڵگانەن کە دەشێت ببنە پاڵپشتی ئەو پێکهاتە دیاریکراوەی ئەو تاوانە.

## بەشی أ: چی ڕوویداوە (چ کردارێکی تاوانکارانە ئەنجام دراوە)؟

### ئەشکەنجە [45]

**پێکهاتەکان:**

1) ئەنجامدەری تاوانەکە ئازاری سەختی جەستەیی یاخود دەروونی یان دەردەسەری کەسێك یان زیاتری داوە.

45 لە هەندێك دەسەڵاتی دادوەریدا، ئەشکەنجەدان دەکرێت وەك تاوانێکی سەربەخۆ بدرێتە دادگە (واتە نەك تەنها لەژێر سەردێڕی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یاخود جینۆساید.) خاوەنپیشەکان لەو جۆرە دەسەڵاتی دادوەریانەدا پێویستییان بەوە دەبێت کە ئەو پێکهاتانە بگونجێنن کە ئەوان خەبات دەکەن بیانهێننە دی بەگوێرەی مەرجە یاساییە بەرقەرارە ناوخۆییەکان.

2) ئەو کەسە یان کەسانە لەژێر دەست یاخود لە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجامدەری تاوانەکەدا بوون.

3) ئەو ئازار یان دەردەسەرییە تەنها بەهۆی ڕێکاری بەرلێگرتنی یاساییەوە دروست نەبووە و وەك دەرەنجامێك یاخود ڕێکەوتێکی تایبەت بە بەرلێگرتنی یاساییەوە سەریان هەڵنەداوە.

4) ئەنجامدەری تاوانەکە ئازار یان دەردەسەری ئەو کەسەی داوە بۆ مەبەستی وەك: بەدەستهێنانی زانیاری یاخود دانپێدانان، سزادان، تۆقاندن یاخود ناچارکردن، یاخود لەبەر هەر هۆیەك لەسەر بنچینەی هەڵاواردن بە هەموو جۆرەکانییەوە (تەنها بەسەر ئەشکەنجەدا دەچەسپێت وەك تاوانی جەنگ).

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە ئەشکەنجە ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە ئازاری سەختی جەستەیی یاخود دەروونی کەسێك یان زیاتری داوە یاخود وەهای لێکردوون کە بەدەست ئەوانەوە بناڵێنن (یەکەم پێکهاتە)؟ | ئایا بە ئەرك نەبێت دەتوانیت پێمبڵێیت کە ڕێك چی ڕوویدا؟ ئەگەر دەتوانیت بە دووردرێژی وەسفی ئەوە بکەیت کە ئەو ڕێك دوای ئەوە چی کرد، وەك خۆت وتت، ئەو دایتی بە ئەرزەکەدا لەسەر خەرمانێکی جلوبەرگ، تکایە پێم بڵێ؟ ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت کاتێك کە ئەو کارە ئەنجام دەدرا هەستی تۆ چۆن بوو؟ | **ئیفادە:** 46 "ئەو پەلکێشی کردم بۆ ئەو سووچەی ژوورەکە و بە توندی دامی بە ئەرزەکەدا بۆ سەر خەرمانێکی جلوبەرگ. لەوکاتەدا من زیرەی زەردم کردبوو، زۆر بەباشی دەمزانی کە چی ڕوودەدات، وە ئەوەندە دەترسام کە کۆرپەکەم لەبار بچێت چونکە من سکم تەنها چوار مانگ بوو. من لە ترسا دەلەرزیم و دەستم کرد بە ڕشانەوە. ئەو جلوبەرگی کۆنی خستە سەر دەموچاوم بۆ داپۆشینی ڕشانەوەکە، لە ناوقەد بەرەوخوار جلوبەرگەکانمی لەبەر دادریم، شەقێکی تێهەڵدام بۆ ئەوەی بە قاچی بمخاتە سەر لا، چووکی دەرهێنا و چووکی کرد بە کۆممدا. ئازارەکەی لە ڕادەبەدەر بوو وە ڕشانەوەکەم ڕانەدەوەستا ئەگەرچی گەدەم بەتاڵ بوو. ئەوە تەنها خوا بوو کە کۆرپەکەمی پاراست و کۆرپەکەم نەمرد،" 47<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:**"ئەوان هەموو ڕۆژێك لە حەوشەکە کۆیان دەکردینەوە و فەرماندەکە دەهات و دەچوو سەیری دەکردین و پری پێدا دەکردین بەر لەوەی کە کچێك هەڵبژێرێت. ئەو پێی دەوتین ئەمڕۆ سەرەی ئەو کچەیە، بەڵام بەیانی یەکێك لە ئێمە دەبێت. |

46 سێ هاوپۆلی بەڵگە وەك نموونە لە هەندێك کارنامەی بەڵگەدا دەستنیشانکراون، بەڵام لە هەموو بڕگەکاندا نا. بۆ هەر تاکە پێکهاتەیەك و هەموو پێکهاتەکانی هەر یەك لەو تاوانانەی کە پێویستە بسەلمێندرێن، دەکرێت بەڵگەی ئیفادە، بەڵگەی نووسراو و وێنەیی/ ڤیدیۆیی هەبێت. هەتا بەڵگەی زیاتر هەبێت باشترە، بەڵام نەبوونی بەڵگەی نووسراو یان وێنەیی/ ڤیدیۆیی یاخود نەبوونی بەڵگەی ئیفادەیی پشتڕاستکردنەوە مەرج نیە واتای ئەوە بگەیەنێت کە بەڵگەی ئیفادەی دەربازبوو یان شایەتحاڵێك بەگوێرەی پێویست نەبێت وەك بناغەیەك بۆ قسەکانت بۆئەوەی کە بڵێیت پێشێلکاری یاخود تاوانێکی دیاریکراو ئەنجام دراوە. لەڕاستیدا، بەڵگەی ئیفادە زۆرجار تەنها بەڵگەیەکی بەردەستە لەسەر تاوانێکی توندوتیژی سێکسی و کەیسە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان تەنها لەسەر بنچینەی بەڵگەی ئیفادەی دەربازبوان یاخود شایەتحاڵەکان هێنراونەتە پێشەوە و (بەتاوانبارناساندنیش بەدەست هاتووە). لە بواری کردارەکی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی، پێویست بە پشتڕاستکردنەوەی ئیفادەی دەربازبوو ناکان، وەك ڕێسایەکی گشتی ڕێوشوێنی یاسایی و بەڵگە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار بەڵگەی پشتڕاستکردنەوە بەگوێرەی یاسای ناوخۆ پێویستە. لێکۆڵەرەکان دەبێت ئاگادار بن کە ئەو هاوپۆلە جۆراوجۆرانەی بەڵگە هەن و دەبێت هەر کات بگونجێت هەوڵی بەدەستهێنانی پشتڕاستکردنەوە بدەن، بۆ ڕەخساندنی بوار، هەر وەك کەیسەکە لەوانەیە بەو جۆرە بێت، بۆ بەدادگەیاندن لەسەر ئاستی ناوخۆیی کە لەوێدا زۆربەی هەرەزۆری کەیسەکان دەبێت بەدادگە بگەیەنرێن و بەدادگەش دەگەیەندرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەها ڕێنمایی دەکرێت کە خۆت دوورەپەرێز بگریت لە گەیشتنە کۆتابڕیار لەسەر ڕادەی بەهێزی بەڵگە تەنها بە پشتبەستن بە نەبوونی بەڵگەی نووسراو، وێنەیی/ڤیدیۆیی، یاخود بەڵگەی شایەتی پشتڕاستکراوە لەسەر پێشێلکارییەکە.

47 تێبینی ئەوە بکە کە مەبەست لە نموونەی بەڵگە ئەوە نیە کە هەموویان لە هەمان شایەتەوە بن، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی هەمان پێکهاتەی تاوانیشدا بن. مەبەست ئەوەیە کە هەتا دەکرێت ئەگەری زیاتر بخەیتە بەردەم خوێنەر سەبارەت بە سیناریۆی ڕاستی ڕووداوی کە ئەگەری هەبوونی هەبێت و بۆی هەبێت پێکهاتەیەکی دیاریکراو خاترجەم بکات.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوه؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە ئەشکەنجە ئەنجام دراوه؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوه' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوه |
|---|---|---|
| | | ئەو هەموو جلوبەرگەکانی لەبەر ئەو کەسە دادەکەند کە جیای کردبوەوە و دوای ئەوە دەیدا بە ئەرزەکەدا و ڕێگەی بە سەربازەکان دەدا پێشێلکاری بەرانبەر بکەن لەبەر چاوی هەموو کەس. ئەگەر هەوڵمان بدایە سەیری ئەولا بکەین یاخود دەموچاومان بشارینەوە پاسەوانەکان زللەیان لێدەداین یان لێیان دەداین."[48]<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە** "ئەوان هەموو ڕۆژێك دەیانبردم بۆ ژوورێك لە نهۆمی دووەم بۆ پرسیارلێکردنم. ئەوان دەیانبەستمەوە بە کورسییەکەوە کە پشتی دابوو بە دیوارەکەوە و دوای ئەوە پەتێکیان دەبەست بە دەوری چووك و گونمدا. ئەوسەری پەتەکە بەسترابوو بە دەسکی دەرگاکەوە، وە ئەگەر من وەڵامێکم بدایەتەوە کە بە دڵیان نەبوایە، ئەوا دەرگاکەیان بە توندی دادەخست. من ئازارێکی زۆرم هەبوو، بەڵام ئەگەر سکاڵام بکردایە یاخود ئەگەر چاویان لێبوایە کە خۆم لادەدەم ئەوا بە توندی پەتەکەیان ڕادەکێشا یاخود شەقیان لە کۆئەندامی زاوزێم هەڵدەدا. ڕۆژێکیان پەتەکەیان بەستەوە بە بلۆکێکەوە و هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە لە پەنجەرەکەوە فڕێی دەدەنە خوارەوە. ئەوان گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئاخۆ قورساییەکە بەس دەبێت بۆ قرتاندنی چووکم یاخود ئایا من دەمردم بەهۆی لەدەستدانی خوێنەوە. ئەوان بە چەقۆی گەرم منیان دەسوتاند و هەڕەشەیان دەکرد کە 'بمکەن بە ژن' ئەگەر ئەوەی کە دەیانەوێت پێیان نەڵێم."<br><br>بەڵگەنامەیی: شایەتەکە بەڵگەنامەی پزیشکی داوە بە تۆ کە لەلایەن دوکتۆری ئەوتۆوە ئامادە کراون کە ڕاهێنانیان پێ کراوە لەسەر دڵنیاکردنی هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو پیشەوەرە پزیشکی و یاساییانەدا کە پێکەوە کاردەکەن بۆ یارمەتدانی دەربازبوان. ئەو بەڵگەنامە پزیشکیانە بە دوورودرێژی حاڵەتی پزیشکی شایەتەکە لەو ڕۆژەدا دەخەنە ڕوو کە دوای ئەو ڕووداوانە بووە کە ئەو باسی کردوون، وە هەروەها زانیاری دەربارەی ئەوەی کە چی بووە کە ئەو وتویەتی بووەتە هۆی زامدارییەکانی. |

48 زۆرکردن لە کەسێك کە سەیری لاقەکردن یاخود دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر کەسێکی تر بکات دەرکەوتووە کە دەبێتە هۆی ئەوەندە ئازاری دەروونی یاخود دەردەسەری کە بەس بێت بۆ ئەوەی هەر خۆی بە تەنها بگاتە ئاستی کرداری تاوانی ئەشکەنجەدان. سەرباری ئەوەش، زۆرکردن لە کەسێك بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی لە بەرچاوی خەڵکدا (وەك ئەوەی کە دوو کەسی دیل زۆریان لێبکرێت لەبەرچاوی پاسەوانەکان بە نۆرە چووکی یەکتر بمژن) یاخود بەبەرچاوی خەڵکەوە یاخود لە بەردەم ئەندامانی خێزاندا لاقە بکرێن یاخود دەستدرێژی سێکسییان بکرێتە سەر دەکرێت هەروەها بگاتە ئاستی تاوانی کرداری ئەشکەنجەدان.

پشکۆ
1

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە ئەشکەنجە ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | | ڕاپۆرتە پزیشکییەکان، لە میانەی زامداری تردا باسی پەراسوی شکاو و شینبوونەوەیان کردبوو لە کەلەکەیدا، لەگەڵ دڕان لە دیواری کۆمیدا.<br><br>**وێنەیی/ ڤیدیۆ:** شایەتەکە وێنەی زامدارییەکانی داوە بە تۆ. **جەستەیی:** تۆ توانیوتە بگەیتە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە. تۆ وێنەی وردی شوێنی ڕوودانی تاوانەکە دەگریت. ئەگەر سەرپشککردنەکەت ڕێگە بەوە بدات، وە ئەگەر کارامەیی و هۆکاری ئەنجامدانی ئەوەت هەبوو، هەندێك جلوبەرگی کۆن کۆدەکەیتەوە، ئەو بەڵگەنامانە ئامادە دەکەیت کە پەیوەندییان بە بەڵگەی بەرجەستەوە هەیە و ئەو بەڵگانە لە شوێنێکی قایم و بە ڕێکوپێکی هەڵدەگریت بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لە هەر ڕێوشوێنێکی یاسایی تاوانکارانە لە داهاتوودا. 49 |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەو کەسە (یان کەسانە) لە بەردەست یان لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجامدەری تاوانەکەدا بوون (دووەم پێکهاتەی ئەشکەنجە)؟ | ئایا لە چ جۆرە هەلومەرجێکدا بوو کە تۆیان برد بۆ ئەو شوێنە؟ ئایا ئەنجامدەرانی تاوانەکە کێ بوون؟ ئایا دەتوانیت پێم بڵێیت ئەگەر لەو کاتەدا کە ئەوە ڕوویدا هیچ کەسێکی تر لە ژوورەکەدا بووبێت؟ ئایا دەتوانیت ئەوەم بۆ وەسف بکەیت کە ئەو کەسەی وەهای لە تۆ کرد چ شتێکی بە دەستەوە بوو، ئەگەر هیچ شتێکی بەدەستەوە بووبێت؟ ئایا ئەو چی بە تۆ وت؟ ئایا کێی تر لەوێ بوو، ئەگەر کەسی تری لێبووبێت؟ ئایا ئەوان چییان بە دەستەوە بوو؟ ئایا ئەوان چییان لەبەردا بوو؟ ئایا ئەوان چییان بە تۆ وت؟ ئایا دەتتوانی بڕۆیت؟ بۆچی، یاخود بۆچی نەتدەتوانی؟ | **ئیفادە:**"ئەو لەوێ لەگەڵ هاوڕێکەی بوو، وە پاسەوانێکی تر، کە لە دەرگاکەدا ڕاوەستابوو بە پاڵ ئەو کەسانەی دوور دەخستەوە کە هاتبوون بزانن ئەو قیژەیە چییە. هەردوکیان چەکدار بوون، ئەوەیان کە دەستدرێژی دەکردە سەر من چەکەکەی بە تەنیشت خەرمانی جلوبەرگەکانەوە دانابوو لە کاتێکدا کە دەستدرێژی دەکردە سەر من. ئەوەی کە دەستدرێژی دەکردە سەر من پێی وتم ئەگەر هەوڵ بدەم ڕابکەمە دەرەوە ئەو هەتا کۆرپەکەم دەمری هەر لێم دەدات. ئەو پێی وتم ئەوەی کە لە منی دەکرد ئەوە نیشانی پیاوەکانی کۆمەڵگەکەم دەدات کە دەبێت چاوەڕوانی چی بکەن ئەگەر ناوچەکە بەجێنەهێڵن" |

49 تکایە تێبینی ئەوە بکە کە بەشێوەیەکی گشتی وەها بەباش دانانرێت کە ئەو خاوەنپیشانەی کە سەرپشك نەکراون بەڵگەی بەرجەستە کۆبکەنەوە. بێجگە لەوەش، تەنانەت بە سەرپشککردنیشەوە، بەبێ هەبوونی ئەزموون دەربارەی کۆکردنەوە و ئەمبارکردنی بەڵگەی بەرجەستە، کۆکردنەوەی ئەو جۆرە بەڵگانە بە کارێکی باش دانانرێت. لە هەندێك هەلومەرجی دەگمەندا - وەك ئەوەی کە هیچ ئەگەرێکی ئەوە نەبێت کە بەڵگەی بەرجەستە کۆبکرێتەوە و ئەگەر ترسێکی ڕاستەقینە هەبێت کە بەڵگەکان ڕەنگە دەستکاری بکرێن یاخود تێکوپێکبدرێن - خاوەنپیشەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕەوشێك ببنەوە کە لەوێدا بڕیار بدەن بەڵگەی بەرجەستە کۆبکەنەوە. لەو ڕەوشانەدا، ئەو خاوەنپیشانە تکایان لێدەکرێت کە پەیڕەوی ڕێنماییەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە بکەن، هەر وەك لە پرۆتۆکۆلەکەدا خراوەتە ڕوو، دوای ئەوە توێژینەوە ئەنجام بدەن لەسەر ئەو شتانەی کە لە پشت ئەو مەرجە یاساییانەوەشن بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە بەڵگەکان پارێزراون.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوه؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە ئەشکەنجە ئەنجام دراوه؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوه' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوه |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەو ئازار یان دەردەسەرییە تەنها بەهۆی ڕێکاری بەرلێگرتنی یاساییەوە دروست نەبووە و وەك دەرەنجامێك یاخود ڕێکەوتێکی تایبەت بە بەرلێگرتنی یاساییەوە سەریان هەڵنەداوە (سێهەم پێکهاتەی ئەشکەنجە)؟ | ئایا لە چ جۆرە هەلومەرجێکدا بوو کە تۆیان برد بۆ ئەو شوێنە؟ ئایا ئەنجامدەرانی تاوانەکە کێ بوون؟ ئایا ئەوانە سەر بە چ گرووپ/ پێکهاتەیەکی دەسەڵات بوون و تۆ ئەوەت چۆنزانی؟ [50] ئایا ئەوان هەرگیز بۆیانڕوونکردوونەوە کە ئێوە بۆچی لەوێ ڕاگیراون و بۆ مامەڵەی خراپتان لەگەڵ دەکەن؟ | **ئیفادە:** "پەلاماری گوندەکەیان داین و هەموو پیاوەکانیان کۆکردەوە و بردنیان. لەوکاتەدا ئێمە نەمانزانی بۆ کوێیانبردن، بەڵام دواتر ئێمە زانیمان کە زۆربەیان گوللەباران کرابوون و فڕێدرابوونە ناو ڕوبارەکە. ژنەکان و کچە هەرزەکارەکان خرانە ناو خوێندنگەکە، ئێمە لەوێ بۆ چەندەها هەفتە ڕاگیراین لەژێر چاودێری پاسەوانی چەکداردا. پیرەکان و منداڵەکانی تر یان لە ماڵەکانیاندا بەجێهێڵران یاخود لەگەڵ ژنەکان و کچە هەرزەکارەکان خرانە ناو خوێندنگەکە؛ لەو خوێندنگەیەدا بوو کە ئەو ڕووداوانەی من باسمکردن ڕوویاندا." |

## لاقەکردن

### پێکهاتەکان:

3) ئەنجامدەری تاوانەکە دەستدرێژی کردۆتە سەر [51] لەشی کەسێك بە ڕەفتارێك کە بووەتە هۆی چوونە ناوەوە، ئیتر هەرچەندە کەمیش بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی لەشی قوربانییەکە یاخود ئەنجامدەری تاوانەکەوە بەهۆی ئەندامێکی سێکسی لەشەوە، یاخود بۆ ناو کونی کۆم یان زێی قوربانییەکە بە هەر شتێك یان هەر بەشێکی تری لەش.

4) دەستدرێژییەکە بەهۆی هێز یان هەڕەشەی هێز یان ناچارکردنەوە ئەنجام دراوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێی، ڕاگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێی، یاخود دەستدرێژییەکە لە دژی کەسێك ئەنجام دراوە کە توانای ئەوەی نیە ڕەزامەندی ڕاستەقینە بدات.

50 تێبینی ئەوە بکە کە زۆر لەو نموونانەی پرسیار کە لەم کارنامەدا خراونەتە ڕوو وەها دەنوێنن کە پێشتر لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا پرسیاری دیکە کراوە.

51 پێکهاتەی تاوانەکانی پەیماننامەی ڕۆما وەها دەردەخەن کە "بیرۆکەی 'دەستدرێژیکردن' بەو مەبەستە دانراوە کە ئەوەندە فراوان بێت کە سەر بە هیچ ڕەگەزێك نەبێت".

پاشکۆ 1

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە لاقەکردن ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە دەستدرێژی کردۆتە سەر لەشی کەسێك بە ڕەفتارێك کە بووەتە هۆی چوونە ناوەوە، ئیتر هەرچەندە کەمیش بێت، بۆ ناو هەر بەشێکی لەشی قوربانییەکە یاخود ئەنجامدەری تاوانەکەوە بەهۆی ئەندامێکی سێکسی لەشەوە، یاخود بۆ ناو کونی کۆم یان زێی قوربانییەکە بە هەر شتێك یان هەر بەشێکی تری لەش (یەکەم پێکهاتەی لاقەکردن)؟[52] | ئەگەر دەگونجێت و بۆ تۆ زۆر سەخت نابێت، تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت بۆم باس بکەیت چییان لێکردیت؟ من دەزانم کە ئەمە لەوانەیە ئاسان نەبێت، تکایە هیچ پەلە مەکە. (ئەگەر ئەو بڵێت ئەوان یەك لەدوای یەك ئەویان "لاقە" کردووە یاخود جۆرە زاراوەسازییەکی زمانی ناو خەڵك یاخود باوی بەکارهێنا کە تۆ بزانیت واتای لاقەکردن ببەخشێت، پێویستە لەسەرت جارێکی تر بەدواداچونی بۆ بکەیت لەپێناوی بەدەستهێنانی وەسفی ڕاستەقینەی ڕووداوی چوونە ناوەوە.) کاتێك تۆ دەڵێیت لاقەیان کردویت، تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت پێمبڵێیت ئەوان چییان کرد کاتێك کە تۆیان لاقە کرد؟ چییان بەکارهێنا، ئەوان زیانیان بە چ بەشێکی لەشت گەیاند؟ | **ئیفادە:**"ئەو بەزۆر خستمییە سەر ئەژنۆ و پێی وتم کە بۆی بمژم. ئەو چووکی ئەوەندە ڕەتکردبوو بۆ ناو دەمم کە هێڵنجم دەدا، وە هەموو جارێك کە هێڵنجم دەدا ئەو زللەیەکی لێدەدام."<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:**"کاتێك کە پیاوەکان هاتن بۆ گوندەکەمان، ئەوان بە خێزانەکەمیان وت کە لە پشت خانووەکەوە گردببنەوە، لەو شوێنەی کە خواردنمان دروست دەکرد. ئەوان بە قۆناغە تفەنگ ئەوەندەیان کێشا بە پشتی سەر و شانی دایکمدا هەتا کەوت بە ئەرزدا. هەمان شتیان لە خوشکەکەشم کرد. دوای ئەوە پەلی من و باوکمیان گرت و پێیانوتین جلوبەرگەکانمان دابکەنین و خۆمان بدەین بەسەر ئەواندا - من لەسەر دایکم و باوکیشم لەسەر خوشکەکەم. منداڵەکانی تریش لەوێ ڕاوەستابوون، تەماشایان دەکردین و دەگریان. دوای ئەوە ئەوان لەدوای ئێمەوە ڕاوەستان و لولەی تفەنگەکانیان کردبووە پشتی ملمان و پێیانوتین ئێمە دەبێت ئەوە بسەلمێنین کە پیاوی ڕاستەقینەن و دوژمن نین لەڕێگەی ئەنجامدانی سێکسەوە لەگەڵ ژنەکان. ئێمە هەموومان دەگریاین و دەپاڕاینەوە، بەڵام هەر کات ئێمە ئەوەمان ڕەتبکردایەتەوە ئەوان پێیاندا دەکێشاین و لێیان دەداین و پێیانوتین هەر لەسەر ئەو ئەرزەی کە لەسەری پاڵکەوتووین ئەوان گوللەبارانمان دەکەن ئەگەر چۆنمان پێدەڵێن وەها نەکەین. باوکم وتی ئەو پێیخۆشە بمرێت وەك لەوەی ئەوە لەگەڵ کچی خۆی بکات و هەوڵیدا بچێتەوە بەگژ پیاوەکاندا، لەبەر ئەوە ئەوان بەسەر لەشی خوشکەکەمەوە بە گوللە کوشتیان. من نازانم ئاخۆ خوشکەکەشم کوژرا یان نا، بەڵام ئەو نە دەجوڵا و نە قسەی دەکرد. ئەوان برا هەرە بچوکەکەمایان پەلکێش کرد و لولەی تفەنگێکیان خستە سەر سەری و وتیان ئەوان فیشەکێکی پێوە دەنێن ئەگەر ئەوەی کە بە منیان وتووە نەیکەم، لەبەر ئەوە من وەهام کرد چونکە من نەمویست کەسی دیکە لە خێزانەکەم بکوژرێت. |

52 دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەوەی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە کە پێکهاتەی چوونە ناوەوە مەرج نیە لەلایەن ئەنجامدەری تاوانەکە خۆیەوە ئەنجام بدرێت. ئەوە هەروەها دەکرێت ڕەوشی ئەوتۆ لەخۆ بگرێت کە لەوێدا ئەنجامدەری تاوان ئەو کەسە بێت کە شتێك چووە بەناو لەشی خۆیدا، یاخود کاتێك کە کەسێکی تر زۆری لێکرابێت کە ئەو شتە بکات بە لەشی قوربانییەکەدا.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە لاقەکردن ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی "ئایا چ شتێك ڕوویداوە" | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | | دوای ئەوە من دەمووت خۆزگە بیانکوشتمایە، چونکە دوای ئەوەی کە ئەوەم کرد ئیتر هیچی دیکە نەمدەتوانی لەگەڵ دایکم یاخود خێزانەکەم بژیم. خوایە لێم ببوورە. من نازانم دەبێت چ جۆرە کەسانێك بن کە بتوانن ئەوە لە دایکیان بکەن، بەڵام من هیچ ڕێگەیەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو." |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە دەستدرێژییەکە بەهۆی هێز یان هەڕەشەی هێز یان ناچارکردنەوە ئەنجام دراوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێیی، ڕاگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێیی، یاخود دەستدرێژییەکە لە دژی کەسێك ئەنجام دراوە کە توانای ئەوەی نیە ڕەزامەندی ڕاستەقینە بدات (پێکهاتەی دووەمی لاقەکردن)؟[53] | تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت باسی ئەو هەلومەرجەمان بۆ بکەیت کە ئەو ڕووداوانە تێیدا ڕوویان داوە؟ دەتوانیت پێمان بڵێیت تۆ لەکوێ بوویت، کێ لەو دەوروبەرە بوو، چی ڕوویدەدا و وەسفی ئەو دەوروبەرە بکەیت؟ | **ئیفادە:**"پیاوە چەکدارەکان دوو شەو لەوەپێش هاتبوونە ناو گوندەکەمان. پیاو و کوڕەکانی ئێمە لەناو دارستانەکەدا خۆیان شاردبوەوە ، لەبەر ئەوە تەنها ژنان، پیر و مناڵ لە گوندەکەدا بوون پیاوە چەکدارەکان دەیانقیڕاند و تەقەیان دەکرد بە ئاسماندا، ئاگریان لە ماڵەکان بەردەدا و تاڵانییان دەکرد. زۆر لە گوندنشینەکان لە یەك ژووری ماڵەکانیاندا کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی پێکەوە خۆیان بشارنەوە، زۆر دەترسان لەوەی کە بەڕێوە بوو. بە شەو ئێمە هەوڵماندا کە هەرچی خواردن و پاشماوەیەك کە بتوانین بیدۆزینەوە کۆبکەینەوە و ئێمە بە گرووپی بچووك بچووك بە متکە متکە دەهاتینە دەرەوە بۆ ئاوهێنان. ئەو ڕۆژە، پێنج پیاوی چەکدار هاتنە ناو ئەو ماڵەی کە من لەگەڵ خوشکەکەم و دایکم خۆم تێدا شاردبوەوە. ئەوان سێ کەسیان لە ئێمە برد، کچە گەورەکان و دایکم قیژاندیان. دایکم قیژاندی. ئەوان بە توندی شەقیان تێهەڵدا و کەوت بە ئەرزدا، ئەوان گوللەیەکیان نا بە سەقفەکەوە و پێیان وت ئەگەر یەک وشەت لە دەم دەربچێت هەر سێکمان لەبەرچاوی ئەو دەکوژن. ئەوان بردینیانە دەرەوە و کردینیانە پشتی ئۆتومبێلێکی بارهەڵگر لەژێر چاودێری پاسەوانی چەکداردا. ئەوان ئێمەیان برد بۆ ناو کۆخەڵیتەیەك لە ناو دارستانەکەدا و شەو لەوێ هێشتینیانەوە. هەر سێ کەسیان بە جارێك یەکێك لە ئێمەیان دەبرد بۆ ژوورێکی تر، لەوێ دۆشەکێکی پیس لەسەر ئەرزەکە بوو، لەو کاتەدا دوانەکەی تریان پاسەوانی دوو کچەکەی تریان دەکرد. وەها دیار بوو کە هەتا ئێمە زیاتر بمانقیژاندایە ئەوان زیاتر دەیانەویست ئازارمان بدەن." |

53 دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی لە کەیسی کەتەنگادا بڕیاری دا کە سەلماندنی هەر کام لەو پێکهاتانە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کردارێکی چوونە ناوەوە گەیشتۆتە ڕادەی تاوانی لاقەکردن. پێویست بەوە ناکات کە نەبوونی ڕەزامەندی لەلایەن قوربانییەکەوە بسەلمێنیت، تەنها لە هەلومەرجێکدا نەبێت کە ئەنجامدەری تاوانەکە ئەو کردارە تاوانکارییەی لە دژی کەسێکی تر ئەنجام دابێت "کە توانای ئەوەی نەبووبێت ڕەزامەندی ڕاستەقینە دەرببڕێت" بەهۆی تەمەن، بێتوانایی یاخود هەلومەرجی دیکەوە.

پاشکۆ
1

## کۆیلایەتی سێکسی [54]

### پێکهاتەکان:

1) ئەنجامدەری تاوان سوودمەند بووە لە هەر کام یان هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیوەندییان بە مافی خاوەندارێتییەوە هەیە بۆ کەسێك یان زیاتر، وەك کڕین، فرۆشتن، بەکرێدان یان گۆڕینەوەی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە، یاخود لەڕێگەی سەپاندنی پێوەری هاوشێوەی ئەوانەوە بۆ بێبەشکردن لە ئازادی.

2) ئەنجامدەری تاوان وەهای لەو کەسە یان ئەو کەسانە کردووە کە بەشدار بن لە کردارێك یان زیاتردا کە سروشتێکی سێکسی هەبێت.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە کۆیلایەتی ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی یەکەم پێکهاتەی کۆیلایەتی سێکسی بەکەڵکە (ئەنجامدەری تاوانەکە دەسەڵاتێکی بەکارهێناوە کە بەستراوە بە مافی خاوەندارێتییەوە)؟ [55] | ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت ئەنجامدەری تاوانەکە وتی چی، ئەگەر هیچ شتێکی وتبێت، سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی تۆ بەوەوە چی بووە؟ ئایا ئەو چۆن تۆی ڕەچاو دەکرد لەبەرانبەر خۆیدا؟ ئایا ئەو چۆن تۆی بە خەڵکانی تر دەناساند؟ ئایا ئەو بواری ئەوەی بۆ تۆ ڕەخساند کە نارەزایی دەرببڕیت یاخود ڕێگەی جیاواز هەڵبژێریت - وە ئەگەر وەهابووە، بەگوێرەی چ هەلومەرجێك بووە؟ ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە هیچ شتێکی تایبەتی نەوتووە، ئایا دەتوانیت باسی ئەوە بکەیت کە چ شتێك وەهای لێکردیت کە وەها هەست بکەیت نەتتوانیوە هیچ ڕێگەیەکی جیاواز هەڵبژێریت؟<br><br>ئایا هیچ کەسێکی تر هیچ شتێکی وتووە سەبارەت بە پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئەنجامدەری تاوانەکە؟ | **ئیفادە:** "ئەوەی کە دەستگیری کردبووم زۆرجار دەیووت من ناتوانم هیچ شتێك بکەم هەتا ئەو بڕیار نەدات کە من دەتوانم بەو کارە هەستم - ئەو وتی ئەو خاوەنی منە. ئەو وەها مامەڵەی لەگەڵ من دەکرد وەك ئەوەی کە خاوەنی من بێت، هەموو کاتێك پێیدەوتم چی بکەم و هەڕەشەی لێدەکردم کە ئەگەر ئەوەی ئەو پێیوتووم نەیکەم ئەو ئازاری خێزانەکەم دەدات."<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:**"دوو پیاو هاتن بۆ ئەو شوقەیەی کە ئێمەی لێ ڕاگیرابووین. پێیان وتم لەگەڵ کچێکی تر بچم بۆ چێشتخانەکە بۆ ئەوەی ئەوەی کە دەستگیری کردبووین بتوانێت لەگەڵ ئەو دوو پیاوە قسە بکات. ئێمە بە متەکە متەکە لە چێشتخانەکە هاتینە دەرەوە و لە ڕاڕەوەکەدا خۆمان شاردەوە بۆ ئەوەی بتوانین گوێ لە گفتوگۆکەیان بگرین. ئێمە گوێمان لێبوو ئەوەی دەستگیری کردبووین لەسەر ئەوە ڕێککەوت کە یەکی بە 50 دۆلار و پڕ بە ئۆتومبێلێکی بارهەڵگر تایت بمانفرۆشێت بەو پیاوانە. کاتێك کە گوێمان لە پیاوەکان بوو هەستانە سەرپێ کە بڕۆن، ئێمە ڕامانکردەوە بۆ چێشتخانەکە و لەوێ خۆمان شاردەوە. ڕۆژی دواتر، پیاوەکان بە ئۆتومبێلێکەوە هاتنەوە بۆ شوقەکە و من و کچەکەی تریان برد. کاتێك کە کردینیانە ناو ئۆتومبێلەکە، گوێمان لێبوو بەوە پێدەکەنین کە ئێمە بەو برە کەمە پارەیە و هەندێك تایت فرۆشراوین." |

54 تاوانی کۆیلایەتی سێکسی بەسەر قاچاخچێتی بە مرۆڤیشدا دەچەسپێت.

55 دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی پێناسەیەکی تێروتەسەلتری بۆ ئەو پێکهاتەیەی تاوانی کۆیلایەتی سێکسی فەراهەمکردووە لە فەرمانی دادبینی کەتەنگادا. دادگە وەهای دەرخست کە وەها پێویست دەکات ڕێبازی کەیس لە دوای کەیس بگیرێتە بەر کاتێك کە شیکاری بۆ جۆری ئەو کردارانە دەکەن کە ئەم پێکهاتەیەی تاوانەکەیان تێدا دەهاتە دی. بۆ بێبەشکردن لە ئازادی، دادگە تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو ڕاستیانەی پەیوەندییان بە ڕاگرتن یان بەنکردنەوە هەیە (بە ماوەکەشییەوە) جێگەی سەرنج دەبێت، هەر وەك ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بەو هەوڵانەوە هەیە کە دەدرێن بۆ سنوردارکردنی ئازادی هاتوچۆ یان ئازادی بڕیاردان و زانیاری سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی بەرگرتن لە هەوڵی ڕاکردن یان نائومێدکردنی ئەو جۆرە هەوڵانە، ئەو ڕاستیانەی کە بەکارهێنانی هەڕەشە، هێز یاخود جۆری دیکەی ناچارکردنی جەستەیی یان دەروونی نیشان دەدەن جێگەی سەرنجن بۆ سەلماندنی ئەم پێکهاتەیە، هەر وەك ئەو ڕاستیانەی کە بەکارهێنانی فشاری دەروونی نیشان دەدەن، لەگەڵ بێدەسەڵاتی قوربانییەکە یاخود ناچارکردن بۆ بەشداربوون لە کاری زۆرەملێدا. دادگە هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مافی خاوەندارێتی بەسەر کەسانی تردا یەکسەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناکاتە سەروسەودای بازرگانی - ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەی کە لە سایەی ئەوەدا دەسەڵاتی خاوەندارێتی پیادە کراوە فاکتەرێکی جێگەی سەرنجە، بەڵام سروشتی بنەڕەتی کۆیلایەتی لەسەر بناغەی بێتوانایی قوربانییەکە ڕاوەستاوە بۆ باشکردن یان گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی خۆی.

## هاوسەرگیری بەزۆر یان بەزۆر بەشوودان

**پێکهاتەکان:**

1) داسەپاندنی پەیوەندییەکی هاوسەرگیری بەزۆر لەلایەن ئەنجامدەری تاوانەکەوە بەسەر قوربانییەکەدا

2) بەهۆی هەڕەشە یاخود هێزی جەستەییەوە کە لە قسەکانی ئەنجامدەری تاوانەکە یاخود ڕەفتاری دیکەی ئەوەوە سەر هەڵدەدەن.[56]

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە کۆیلایەتی ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی دووەم پێکهاتەی کۆیلایەتی سێکسی بەکەڵکە (کرداری سێکسی)؟ | تۆ وتت نزیکەی هەموو شەوێك "ئەوان ئێوەیان دەهێنایە دەرەوە". ئایا دەتوانیت بە دووروردرێژی پێمبڵێیت کە تۆ مەبەستت لەوە چیە؟ ئایا ئەو ئێوەی لەکوێ هێنایە دەرەوە؟ ئایا ئەو چی لە تۆ کرد؟ تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت ڕێك باسی ئەوە بکەیت کە چی کرد؟ ئایا ئەو وەهای لەتۆکرد کە چ شتێك بکەیت؟ | **ئیفادە:** "ئەو وەهایلێدەکردم کە جلوبەرگەکانم دابکەنم هەتا بەتەواوی ڕووتدەبوومەوە و ئەو سوکایەتی پێدەکردم، پێیدەوتم [کەسێکی گەمژەی نەژادی] و دەستیدەبرد بۆ هەموو شوێنێکی لەشم." |

56 پەیماننامەی ڕۆما تاوانی بەزۆر بەشوودان یاخود هاوسەرگیری بەزۆری لەخۆنەگرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەزۆر بەشوودان وەها دادوەری کراوە کە کردارێکی نامرۆڤانە بێت وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە زەمینەی دادگەی تایبەتی سیرالیۆندا. تاوانەکە پێناسە کراوە لە ئەنجومەنی شۆڕشگێری هێزە چەکدارەکان (AFRC)، فەرمانی دادبینی، ڕاوبۆچوونی تاڕادەیەك جیاوازی دادوەر دۆهیرتی، بەندی 53. دادوەر دۆهیرتی لە بەندی 36 ـی ڕاوبۆچوونی تاڕادەیەك جیاوازی خۆیدا دەڵێت: "فڕاندنی کچان و ناچارکردنیان بۆ چوونە ناو پەیوەندی هاوسەرگیرییەوە، هەر وەك لەلایەن پسپۆڕی بەدادگەیاندن و شایەتەکانەوە وەسف کراوە، هەمان شت یان هاوشێوەی هاوسەرگیری سازکراو یان نەریتی نیە". لە بەندی 51-46 دا ئەو دەڵێت: "بەڵگەکان 'بەزۆر بەشوودان' نیشان دەدەن لە زەمینەی ململانێی چەکدارانەی سیرالیۆندا کە فڕاندنی بەزۆری کچان و ژنانی لەخۆ گرتبوو لەماڵەکانی خۆیان یاخود شوێنی دیکەی دالْدەوە و ڕاگرتنیان لەلای هێزەکانی AFRC کاتێك کە بە ناوچە جیاوازەکاندا سوڕاونەتەوە. کچەکان و ژنەکان، بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، هەر یەکەیان لەلایەن یاخییەکەوە کراوە بە 'ژن'ـی خۆی. ئەو کچ و ژنانەی کە بەزۆر بەشووردراون لەوەدا لە 'هاوسەرگیرییەکەیان' سوودمەند بوون کە خاوەندارێتی ئەوان لەلایەن یاخییەکی دیاریکراوەوە ڕەنگە جۆرە پاراستنێکی بۆ ڕەخساندبن لە لاقەکردن و جۆرەکانی دیکەی ئاکاری خراپ لەلایەن یاخییەکانی ترەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای زۆر سەختی ناچارکردن، من وەها دادەنێم کە ئەوە سوودمەندبوونێکی لاوەکی بێت یان هۆکارێکی مانەوە بێت لە ژیاندا، کە ناکرێت وەك نیشانەی ڕەزامەندی لێکبدرێتەوە یاخود بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی سەربەخۆیی لەلایەن قوربانییەکەوە لەقەڵەم بدرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییەکەدا کە بە هیچ جۆرێك لە تاڵاوی سەختی کردارە تاوانکارییەکە کەم ناکانەوە. ئەو ژن و کچانەی کە 'بەزۆر بەشوو دەدرێن' زۆرجار زۆر منداڵن و بەو جۆرە بەشێوەیەکی تایبەت لە بارێکی ناسکدا دەبن. جیاکردنەوەیان لە خێزانەکانیان و هێشتنەوەیان لە شوێنێك کە زەمینەی توندوتیژی جەستەیی و سێکسی هەیە هەلومەرجەکەیان ناسکتر دەکات. 'بەزۆر بەشوودان' زامداربوونی دەروونی و ئەدگاری سەختی بەدوادا دێت. ژنان و کچان ناچار دەکرێن کە لەگەڵ کەسێك پێکەوە بن و لە هەندێك باردا لەگەڵ پیاوی ئەوتۆ پێکەوە بژین کە لەوانەیە لێیان بترسن یاخود رقیان لێیان بێت. بێجگە لەوەش، مۆرکی 'ژن' ڕەنگە قوربانییەکان لەکەدار بکات و وەهایان لێبکات کە لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەکانیانەوە ڕەتبکرێنەوە و کاریگەری نەرێیی لەسەر توانستیان دابنێت بۆ سەقامگیربوونەوە لەناو کۆمەڵگەدا و بەو جۆرە تاڵاوی دەروونییان درێژتر بکاتەوە. لە بەڵگەکانەوە من بۆمدەرکەوت کە نیازی 'مێردەکە' ناچارکردنی قوربانییەکە بووە کە کاری بۆ بکات و ئاگاداری خۆی و ماڵەکەی بکات، کە پێداویستییە سێکسییەکانی تێر بکات، بە وەفا و ئەمەکدار بێت بۆ ئەو و منداڵی ببێت ئەگەر 'ژنەکە' دووگیان ببێت. لە بەرانبەردا، ئەو پاریزگاری لە 'ژنەکە' دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن پیاوانی ترەوە لاقەکردن نەکرێت، هەر کات خواردن بەردەست بووبێت خواردنی دەداتێ و بەگوێرەی پلەو پایەی خۆی پلەو پایەیەکیش بە ژنەکە دەبەخشێت. لەڕاستیدا، ئەوانە ئەو ماف و ئەرکانەن کە پسپۆڕی بەرگری ئاماژەی پێکردوون هەر وەك ئەوەی کە ئەو کەسە بەشێوەی نەریتی هاوسەرگیری کردبێت، بەڵام خێزان یان کەسوکاری 'ژنەکە' لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتوون و ئەو پلەو پایەیەش بە توندوتیژی و ناچارکردن بەسەر هاوسەرە مێیینەکەدا سەپێندراوە. لەبەرئەوە من دیاردەکە لە کۆیلایەتی سێکسی جیادەکەمەوە. بەڵگەی شایەتەکان ئەوەی دەرخستووە کە قوربانییەکان لە لاقەکردن نەپارێزراون و بۆ هەر یەك لە یاخییەکان بەردەست بوون کە ئامادە بووبێت بەڵام لەکەدار نەکراون وەك 'ژنانی یاخییەکان' یاخود 'ژنانی ناو دارستان' لەکەدار ناکرێن. بێجگە لەوەش، من لەسەر بنچینەی ئیفادەی شایەتی پسپۆڕی بەدادگەیاندن خاترجەمم کە بەکارهێنانی دەستەواژەی 'ژنی کەسێك' نیشاندەری باری یاسایی بەزۆر بەشوودانە کە کاریگەری درێژخایەن و ڕژدی هەیە لەسەر قوربانییەکان. من گەیشتومەتە ئەو دەرەنجامەی کە مۆرکی 'ژنی یاخییەك' بووەتە هۆی ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن، قوربانییەکانی لەکەدار کردووە و کاریگەری نەرێیی داناوە لەسەر توانستی ئەوان بۆ سەقامگیربوونەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەی خۆیاندا. لەبەر ئەوە من بۆمدەرکەوتووە کە کرداری تاوانکارانە و نیازی تاوانکارانە بۆ کردارێکی نامرۆڤانەی دیکە، بەزۆر بەشوودان، هاتوونەتە دی سەبارەت بەو بەڵگانەی کە لەسەرەوە باسکران."

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە كە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەكەن كە بەزۆر بەشوودان یاخود هاوسەرگیری بەزۆر ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە كە وەسفی ئەوە دەكەن كە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ زانیارییەك ئەوە نیشان دەدات كە هاوپەیوەستەی هاوسەرێتی بەسەر قوربانییەكەدا سەپاوە (یەكەم پێكهاتەی بەزۆر بەشوودان یاخود هاوسەرگیری بەزۆر)؟ | ئایا ئەو بە چی تۆی بانگ دەكرد؟ ئایا تۆ چ ئەركێكت لەسەر شان بوو بەرانبەر بەو؟ ئایا هەموو شەوێك و هەموو ڕۆژێك دەبوایە چیت بكردایە؟ ئایا خەڵكی تر چۆن مامەڵەیان لەگەڵ تۆ دەكرد یاخود هەڵسوكەوتیان بەرانبەر تۆ چۆن بوو - جەنگاوەرەكانی تر، ڕاگیراو/ دەسگیركراوەكانی تر، خەڵكی دیكەی ناوچەكە؟ ئایا دەتوانیت وەسفی ئەوە بكەیت كە ئەوەی تۆی دەستگیركردبوو چ پێگەیەكی بۆ تۆ دانابوو؟ ئایا چ شتێك لە تۆ چاوەڕوانی دەكرا؟ | **ئیفادە:** "من لە نیوەشەودا لە خێزانەكەم فڕێندرام. من برام بۆ شوێنێك لەناو قوڵایی دارستانەكەدا كە لەوێ یاخییەكان جێگیر بووبوون. من درامە دەستی نەقیب جۆن و پێیان وتم كە من ژنی ئەو دەبم. ئەو پلەیەكی بەرزی هەبوو لەبەر ئەوە من لەو ژنانەی تر سەلامەتتر بووم كە 'ژنی' یاخییەك نەبوون، ئەوان دوای هەموو شەڕێك بە كۆمەڵ لاقە دەكران. نەقیب جۆن ئەوەی كە خۆی بیویستایە لەبارەی سێكسییەوە لەگەڵ من دەیكرد و هەر كات بیویستایە ئەوەی دەكرد؛ بەڵام كەسی تر بۆی نەبوو پەنجە بۆ من بەرێت. من هەروەها بەگوێرەی پێویست خواردنم لەلا بوو، لەكاتێكدا كە زۆر لەوانی تر نەیانبوو. من بۆ ماوەی 1.5 ساڵ لەلای نەقیب جۆن مامەوە و من منداڵێكم بۆ هێنایە دنیا، كوڕ بوو، ئەو ئێستا تەمەنی 10 ساڵە. دوای تەواوبوونی جەنگەكە، هیچ كەسێك لە خێزانەكەمدا قسەی لەگەڵ من نەدەكرد. من لەگەڵ كوڕەكەم دوورخرامەوە. ئیتر لەو كاتەوە هەر بە تەنهام." |
| ئایا چ زانیارییەك ئەوە نیشان دەدات كە ئەو كردارە لەڕێگەی هەڕەشە یاخود هێزی جەستەییەوە ئەنجام دراوە كە لە قسەكانی ئەنجامدەری تاوانەكە یاخود هەر ڕەفتارێكی ترەوە سەری هەڵداوە (دووەم پێكهاتەی بەزۆر بەشوودان یاخود هاوسەرگیری بەزۆر)؟ | ئایا دەتوانیت ئەو هەلومەرجەم بۆ باس بكەیت كە تۆی تێدا دەستگیر كرایت؟ ئایا دەتوانیت ئەوەم بۆ باسبكەیت كە ئەو كەسەی دەستگیری كردبوویت وتی چی؟ ئایا تۆ ئازاد بوویت كە بڕۆیت؟ بۆچی، یاخود بۆچی نەتدەتوانی؟ | **ئیفادە:**"كاتێك كە هات بۆلای من ئەو پێنج پیاوی چەكداری دیكەی لەگەڵ بوو، وە زۆر پەلاماردەرانە بوون. ئەوان لە پەنجەرەكەوە تەقەیان دەكرد و بە قەمە ماڵەكەیان شیتاڵ شیتاڵ كرد. ئەوان بەناو خێزانەكەمدا چاویان گێرا و پەنجەیان بۆ من ڕاكێشا و وتیان، 'ئەمە دانەیەكی چاكە.' ئەوان بردمیان بۆ ناو دارستانەكە و نازانم لە چ شوێنێك بووم. ئەو پیاوانەی بە چواردەورمدا بوون چەكدار بوون لانی كەم هەندێكیان هەموو كاتێك لەو ناوە بوون. كاتێك كە نەقیب جۆن پێیدەووتم كە شتێك بكەم - ئیتر ئەوە خواردن دروستكردن، گسكدان، خزمەتگوزاری، پێڵاو بۆیاخكردن یاخود ئەو شتە سامناكانە بوایە كە بە شەو لە منی دەكرد - من نەمدەتوانی ئەوە ڕەتبكەمەوە. جارێكیان من مەلاریام بوو وە تایەكی زۆر بەرزم لێهاتبوو وە ئەگەر هەڵبسامایە سەر پێ دەبورامەوە - ئەو بانگی كردم كە بچم بۆلای وە كاتێك كە من نەچووم ئەو هات و ئەوەندە بە خراپی لێیدام بۆ چەندەها ڕۆژ نەمدەتوانی بجوڵێم." |

## لەشفرۆشی زۆرەملێ

### پێکهاتەکان:

1) ئەنجامدەری تاوانەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە کەسێك یان زیاتر لە کردارێك یان زیاتردا بەشداری بکەن کە سروشتێکی سێکسییان هەبێت لەرێگەی هێز یان هەرەشەی هێز یان ناچارکردنەوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێی، راگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسانە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێی، یاخود بێتوانایی ئەو کەسە یان کەسانە بۆ دەربڕینی رەزامەندی راستەقینە.

2) ئەنجامدەری تاوانەکە یاخود کەسێکی تر پارەی وەرگرتووە یاخود چاوەروانی وەرگرتنی پارە یان هەر سوودمەندییەکی تر بووە بۆ کردارێك کە سروشتێکی سێکسی هەبێت یان لە پەیوەندیدا بە کردارێکی لەو جۆرەوە.

| ئایا چ شتێك روویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە لەشفرۆشی بەزۆر ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك روویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە روویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ راستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە کەسێك یان زیاتر لە کردارێك یان زیاتردا بەشداری بکەن کە سروشتێکی سێکسییان هەبێت لەرێگەی هێز یان هەرەشەی هێز یان ناچارکردنەوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێی، راگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسانە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێی، یاخود بێتوانایی ئەو کەسە یان کەسانە بۆ دەربڕینی رەزامەندی راستەقینە (یەکەم پێکهاتەی لەشفرۆشی زۆرەملێ)؟ | ئایا، ئەگەر دەگونجێت، دەتوانیت پێمبڵێیت رێك چ شتێك روویدا؟ ئایا دەتوانیت رێك ئەوە روونبکەیتەوە کە تۆ مەبەستت لەوە چیە کاتێك دەڵێیت، "ئەو زۆرلێدەکردن کە دەستدرێژی بکەنە سەر یەکتر"؟ ئایا دەتوانیت رێك پێمانبڵێیت ئەو چی دەکرد و چی بەکاردەهێنا؟ ئایا ئەو فەرمانی بە چ شتێك کرد کە ئەنجام بدرێت؟ ئایا دەتوانیت باسی هەلومەرجەکە بۆ بکەیت، ئەوە لە چ شوێنێك ئەنجام درا؟ ئایا شوێنەکە چۆن چۆنی بوو؟ ئایا لەو کاتەدا تۆ لەکوێ بوویت کە بینیت ئەوە ئەنجامدرا؟ ئایا تۆ چ شتێکی ترت بینی؟ ئایا کێی تر لەوێ بوو؟ ئایا دەتوانیت وەسفی شوێنەکە و دەوروبەری بکەیت؟ ئایا ئەو شوێنە دەرگا و پەنجەرەی هەبوو؟ ئایا ئەو شوێنە لە چ بەشێکی گوند/ شارۆچکەکەدایە؟ ئایا ئەوە لەنزیکی چ شتێکە؟ ئایا چ شتێك لەناو ئەو شوێنە و لە دەوروبەریتی؟ | **ئیفادە:**"من لەناو گوندەکەی خۆماندا بووم و ئێمە هەموومان لەناو خوێندنگەکەدا گردبووینەوە. وەك مامۆستایەك، من هەموو شوێنەکانی خۆشاردنەوەم دەزانی لەناو خوێندنگەکەدا و هەوڵمدا ئەوە دڵنیا بکەم کە هەموو کەسێك سەلامەتە. بەڵام من بەرانبەر بەو مێلیشیایانە بێدەسەڵات بووم کە هاتنە ناو خوێندنگەکە. ئەوان لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر شاڵاویان دەهێنا و هاواریان دەکرد و وشەی بریندارکەریان بەکاردەهێنا وەك 'ئێوە هەمووتان کرمن، سەیری ئەو هەموو کرمە بکە لەم شوێنەدا!' بەر لەوەی کە من بزانم مێلیشیاکان بەپرتاو خۆیانکرد بەو ژووردا کە ئێمە خۆمان تێدا شاردبووەوە. یەکێکیان هەموو کچە هەرزەکارەکانی جیاکردەوە و فەرمانپێکردن لە بەردەم دیوارەکەدا ریز ببن. مێلیشیاکانی تر پێدەکەنین. ئەوان باسی ئەوەیاندەکرد کە چ جووتەیەك دەبێت بەرزترین بن.<br><br>دوای ئەوەی کە وەها دیار بوو چەندەها ساڵ بوو بێت، لەکاتێکدا کە هەموو کەس دەیقیژاند و دەگریا و مێلیشیاکان لولەی تفەنگەکانیان کردبووە هەموومان بۆ ئەوەی بێدەنگمان بکەن، مێلیشیایەکی کەتە کە بەئاشکرا دیاربوو کەسێکی کاربەدەست بوو - کاتێك کە هاتە ژوورەوە هەموو ئەوانیتر لەبەری هەستان و سڵاویان لێکرد و ئەویش وەك سەگ دەوەری و فەرمانی بە هەموویان دەدا - بە هەستێکی شانازی بەخۆکردن و لوتبەرزییەوە هاتە ژوورەوە و بزەیەك لەسەر دەموچاوی دیاربوو. ئەو وتی 'ئێستا کاتی حەشارەمیانی کرمەکانە'. ئەو چەقەنەیەکی لێدا و هەندێك لە مێلیشیاکان ئەو کورانەیان هێنایە ژوورەوە کە پێشتر لە ژوورەکە برابوونە دەرەوە. |

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە لەشفرۆشی بەزۆر ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | ئایا دەتوانیت باسی ئەوە بکەیت کە ئەو کەسانە چییان لەبەردا بوو؟ ئایا هیچ شتێکیان بەسەرەوە بوو؟ ئایا چ جۆرە پێڵاوێکیان لەپێدا بوو؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت بە هیچ ئۆتۆمبێلێك بکەوێت؟ ئایا دەتوانیت وەسفی ئۆتۆمبێلەکان بکەیت؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت بە هیچ چەکێك بکەوێت؟ ئایا تۆ توانیت گوێت لە هیچ شتێك بێت کە ئەوان بە یەکتریان دەووت؟ ئایا دەتوانیت هەموو ئەو قسانەمان پێبڵێیت کە تۆ گوێت لێیان بووە؟ ئایا کێ بەتایبەت ئەو قسەیەی کرد؟ | ئەوانیش هەموویان لە تەمەنەی هەرزەکاریدا بوون. ئەو وتی 'با دەست بکەین بە سەوداگەرییەکە!' دوای ئەوە ئەو دەستی کرد بە پرسیارکردن لە پیاوەکانی کە چ جووتەیەك زۆرترین قازانجیان دەهێنێتە دەست. پیاوەکانی ئەو کچەکان و کوڕەکانیان دوو دوو لە بەردەمیدا ڕیز کرد، وە هەندێك کچ لەگەڵ کچ و کوڕ لەگەڵ کوڕ. پیاوە مێلیشیاکان هەموویان بەو ناوەدا پێدەکەنین. سەرکردەکە پەنجەی بۆ دوو کوڕ ڕاکێشا و وتی 'ئەم دوانە جووتەی زێڕینن.' ئەو بە هەموو ئەوانی تری وت کە بازنەیەك دروست بکەن؛ مێلیشیاکانی بە چەکەوە بوون بە بازنەیەك و بازنەکەی ناوەوەش کوڕ و کچەکانی تێدا بوون. ئەو چەقەنەیەکی لێدا و یەکێك لە مێلیشیاکان چوو بۆلای دوو کوڕەکە و هەر لەوێدا و لە بەر چاوی هەموو کەس پانتۆڵەکانیانی داکەند. دایکی هەردوو کوڕەکە لە ژوورەکەدا بوون و خوشکی یەکێکیشیان لەوێ بوو. هەموو ئەوانەیان دا بە ئەرزەکەدا کە هاواریان دەکرد یان دەگریان و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردن. ئەو فەرمانی بە یەکێك لە کوڕەکان کرد کە چووکی کوڕەکەی تر بخاتە ناو دەمی و بیمژێت." |
| ئایا چ ڕاستییەك هەیە کە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەنجامدەری تاوانەکە یاخود کەسێکی تر پارەی وەرگرتووە یاخود چاوەڕوانی وەرگرتنی پارە یان هەر سوودمەندییەکی تر بووە بۆ کردارێك کە سروشتێکی سێکسی هەبێت یان لە پەیوەندیدا بە کردارێکی لەو جۆرەوە (دووەم پێکهاتەی لەشفرۆشی بەزۆر)؟ | ئەو پرسیارانەی سەرەوە کە پەیوەندییان بە یەکەم پێکهاتەوە هەیە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە وەڵام بوروژێنن سەبارەت بەم پێکهاتەیەش، بەو مەرجەی کە لێکۆڵەر بە وریایی بەدواداچوونی بۆ بکات. | **ئیفادە:**"هەتا زیاتر لەسەر ئەوە بەردەوام بوونایە، ئەوان پارەی زیاتریان دەهێنا - لەبەر ئەوە مێلیشیاکان هەتا دەهات دەنگیان بەرزتر دەکردەوە، دەیانقیژاند 'بەردەوام بن، بەردەوام بن!' کاتێك ئەو کوڕەی کە لەسەر ئەژنۆکانی بوو کەوت بە ئەرزدا - من نازانم لەو کاتەدا ئاخۆ بورایەوە یان نا - سەرکردەکە وتی، 'کرم بۆ کرم، خۆتان دەزانن چی دەکەن!' کوڕەکەی تر لەلایەن دوو مێلیشیاوە بە پاڵ درا بەسەر پشتی ئەو کوڕەدا کە کەوتبوو بە ئەرزدا و ناچار کرا کە چووکی بکات بە کۆمی ئەو کوڕەدا کە لەسەر ئەرزەکە بوو. هەموویان دەگریان و هاواریان دەکرد، بەڵام ئەو کوڕەی کە لەسەر ئەرزەکە بوو بێدەنگ بوو. سەرکردەکە وتی دوا بڕە پارە 500 بووە کەواتە کوڕە زێڕینەکان کاری خۆیان ئەنجام داوە. ئەوان بە شەق بران بۆ سووچی ژوورەکە و دوو کەسی تر هەڵبژێردران کە شایانی زێو بن. ئەوە بەردەوام بوو هەتا هەموو کچەکان و هەموو کوڕەکان دەستدرێژیان کرایە سەر، بۆ ماوەی چەندەها کاتژمێر." |

## دووگیانکردنی زۆرەملێ

### پێکهاتەکان:

1) ئەنجامدەری تاوانەکە بەشێوەیەکی نایاسایی ئافرەتێك یان زیاتری بەندکردووە و بەزۆر دووگیانی کردوون، بە مەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەژادی هەر کۆمەڵە خەڵکێك یاخود ئەنجامدانی هەر جۆرە پێشێلکارییەکی ترسناکی یاسای نێودەوڵەتی.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە بەزۆر دووگیانکردن ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە بەشێوەیەکی نایاسایی ئافرەتێك یان زیاتری بەندکردووە و بەزۆر دووگیانی کردوون، بە مەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەژادی هەر کۆمەڵە خەڵکێك یاخود ئەنجامدانی هەر جۆرە پێشێلکارییەکی ترسناکی یاسای نێودەوڵەتی (یەکەم پێکهاتەی بەزۆر دووگیانکردن)؟ | ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت کەی دووگیان بوویت؟ ئایا ئەنجامدەرانی تاوانەکە هیچ شتێکیان وت سەبارەت بە دووگیانبوونەکەت؟ ئەگەر وەهایە ئەوان وتیان چی؟ | **ئیفادە:**"ئەوەندە سەختە کە باسی ئەوە بکەیت، بەڵام هەوڵ دەدەم. ئەو کاتەی کە پێشتر بۆ ئێوەم باسکرد، کاتێك کە ئەو مێلیشیانە ئازاریان دام، لەکاتێکدا کە لاقەی دەکردم ئەو بەردەوام دەیووت، 'من کۆرپەیەك دروست دەکەم کە ڕەنگی پێستی کاڵ بێت!' من هەر دەگریام و دەگریام چونکە دەمزانی بەڕاستی ئەگەری ئەوە هەبوو کە دووگیان ببم، بەتایبەتی چونکە ئەو لە ماوەی سێ ڕۆژدا چەندەها جار وەهای لێدەکردم، من ئەوەندەم ئازار هەبوو، بەڵام ئەو هیچ گوێی لە هاوار و ناڵەی من نەگرت. ئەو بەردەوام دەیووت، 'کۆرپەیەکی کاڵ، کۆرپەیەکی کاڵ'. ئەوە بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە سوڕی مانگانەی داهاتووم نەهات. ئەو منی لەوێ هێشتەوە هەتا مناڵەکەم بوو چونکە ئەو لەوە دەترسا کە من بچم کۆرپەکە لەبارخۆم ببەم. من هەرگیز ئەوەم بە کەس نەوتووە و من مناڵەکەمم خۆشدەوێت و حەز دەکەم کە بیپارێزم. ئەو نازانێت باوکی بایۆلۆژی ئەو کێیە، وە من نیازم نیە ئەوەی پێبڵێم هەتا دەبێت بە 18. ئەگەر ناتوانیت گەرەنتی ئەوە بدەیت کە کچەکەم هەرگیز ئەوەی بۆ دەرناکەوێت، من ڕێگەت پێنادەم کە تێبینییەکانی دانیشتنەکەمان لەلای خۆت هەڵبگریت."<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:**"کاتێك کە تەمەنم 14 ساڵان بوو من کرام بە سەربازێکی مناڵ. منیان نارد بۆ ناو دوژمنەکان بۆ ئەوەی لەو یەکەیەی کە بۆم دانرابوو خزمەت بکەم. فەرماندەکە ژن بوو، وە هەر یەکسەر دوای ئەوەی کە گەیشتینە جێ ئەو هات بۆ ئەوەی سەیرمان بکات. ئەو یەکسەر سەرنجی خستە سەر من و وتی،<br>'ئەمە هی منە.' ئەو باقی یەکە سەربازییەکەی لەگەڵ عەریفێك نارد بۆ ئەولا. |

پاشکۆ
1

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە بەزۆر دووگیانکردن ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | | ئەو پێیوتم کە من دەبم بە پاسەوانی تایبەتی ئەو وە ئەو هەر شتێکی پێوتم دەبێت ئەنجامی بدەم - خواردن دروستکردن، گسکدان، شەڕکردن، هەر شتێك بێت. ئەو شەو هات بۆلام و خۆی دا بە سەرمدا و وەهای لێکردم کە شتی لێبکەم. ئەو وتی ئەگەر ئەوەی کە ئەو پێمدەڵێت نەیکەم، ئەگەر خۆشی بەو نەبەخشم، ئەوا ئەو بەبێ چەك دەمنێرێت بۆ هێڵی بەرگری و لەوێ بەجێمدەهێڵێت بۆئەوەی بکوژرێم. ئەوە هەموو شەوێك دووبارە دەبووەوە بۆ چەندەها هەفتە لەسەر یەك. ڕۆژێکیان پێیوتم کە بڕیاری داوە دەیەوێت کۆرپەیەکی ببێت، وە ئەوە ئیشی منە کە کۆرپەیەکی بدەمێ. ئەو زۆری لێکردم کە چەندەها جار لە ڕۆژێکدا لەگەڵ ئەو سێکس بکەم و پێیوتم ئەگەر دووگیان نەبێت ئەوا دەزانێت کە ئەوە سوچی منە و یان لێمدەدا یان دەمکوژێت. دوای چەند هەفتەیەك ئەو بۆیدەرکەوت کە دووگیانە و پێیوتم کە دەبێت لە ئۆردوگاکە لەگەڵ ئەو بمێنمەوە بۆئەوەی کە ئاگام لێی بێت و ئەوە دڵنیا بکەم کە کۆرپەکە تەندروستی باشە. من ئەوەندە زویر بووم کە ئەو ژنە کۆرپەیەکی لە من دەبوو لەکاتێکدا کە من ئەوەم نەدەویست، بەڵام ئەو فەرماندە بوو وە من هیچ شتێکم لەدەست نەدەهات. ئەو ناچاری کردم کە چەندەها مانگ لەگەڵ ئەو بمێنمەوە، بەڵام بەر لەوەی کە کۆرپەکە لەدایك ببێت ئەو دووری خستمەوە. من نازانم کە ئاخۆ منالّەکە کوڕ بووە یان کچ یاخود ئەگەر هەر ژیابێت، بەڵام من ئازارێك لەناو دڵمدا ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە منالێك کە لە منە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو ژنەدایە و تەنانەت هەر منیش ناناسێت." |

## بێبەرکردنی بەزۆر

### پێکهاتەکان:

1) ئەنجامدەری تاوانەکە کەسێك یان زیاتری لە توانای بایۆلۆژی زاووزێ بێبەش کردووە.

2) ئەو ڕەفتارە نە پاساوی چارەسەری پزیشکی یان نەخۆشخانەی هەبووە بۆ ئەو کەسە یان کەسانەی کە پەیوەندیدارن، نە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕاستەقینەی ئەوان ئەنجام دراوە.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە بێبەرکردنی بەزۆر ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە کەسێك یان زیاتری لە توانای بایۆلۆژی نەوەخستنەوە بێبەری کردووە (یەکەم پێکهاتەی بێبەرکردنی بەزۆر)؟ | لە ماوەی ئەو ڕووداوانەدا کە تۆ بۆ منت باسکردن، ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت ئەگەر هەرگیز داوات لێکرابێت جلوبەرگەکانت دابکەنیت؟ تۆ بۆ منت ڕوونکردەوە کە بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە کە پێنج ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵگەکەی تۆدا ڕوویانداوە، تۆ خۆت و ژنەکەت نەتانتوانیوە منداڵتان ببێت. ئایا دەتوانیت بۆم ڕوونبکەیتەوە ئەوە چی بووە کە بووەتە هۆی ئەوە؟ | **ئیفادە:**"ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە مێلیشیاکان دایان بەسەر هەموو گوندەکاندا و من و هەموو ئەو پیاو و کوڕانەیان فڕاند کە نەیانتوانیبوو ڕابکەن. ئێمە ڕاگیراین و براین بۆ شوێنێکی دووردەست لە دارستانەکەدا. مێلیشیای بێشومار لەوێ بوون و ئێمە یەك لەدوای یەك لە ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکە دابەزێندراین. کاتێك کە سەرەی من هات، ئەوان بەسەر مندا قیژاندیان و لە ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکە دەریانکێشامە دەرەوە. ئەوان بردمیان بۆ شوێنێك کە هەندێك درەختی لە تەنیشتەوە بوو وە هەموو شوێنێك بە خوێن داپۆشرابوو، ئاگرێك کرابووەوە و هەموو ئەو ناوە پڕ بوو لە کێرد کە هەموویان لە خوێن هەڵکشابوون. من بینیم کەسە نێرینەکانی تری دەوروبەرم هەر کەمێك لەوێوە دوور بوون و گوێم لە هاوار و قیژەیان بوو، لەکاتێکدا کە چواردەوریان بە مێلیشیا و هەندێك پیاوی تر تەنرابوو کە چاکەتی سپییان لەبەردا بوو وەك ئەوەی کە لە تاقیگەدا کاربکەن. ئەوان دایانم بە ئەرزدا و بە دەستەکانم بەستمیانەوە و پانتۆڵەکەمیان داکەند، ئەوان هەردوو قاچمیان بڵاو کردەوە و بەستنیانەوە. کاتێك کە یەکێك لە کێردەکانیان لە ئاگرەکە دەرهێنا، من بۆمدەرکەوت کە دەیانەوێت چی بکەن. ئەوان وتیان، 'تووی تۆ ئیتر هیچی دیکە بڵاو نابێتەوە!' کاتێك کە گونەکانیان بڕیمەوە هەستم بە سەختترین ئازار کرد؛ لەو کاتەوە هەتا ئێستا تەمی ئەو ئازارە نەڕەویوەتەوە. من دواتر بۆمدەرکەوت کە ئەو پیاوانەی چاکەتی سپییان لەبەردا بوو لەوێ بوون بۆ ئەوەی برینەکانمان بدرونەوە بۆ ئەوەی هەر خوێنمان لێنەڕوات هەتا دەمرین. ئەوان هەموومانیان بەجێهێشت کە لەوێدا لاڵ و پاڵ کەوتبووین و بێهۆش بووین، لەناو خوێنی خۆماندا گەوزابووین. دوای چەندەها کاتژمێر ژنەکانمان و ژنەکانی تر لە گوندەکەدا توانییان بێن بۆ ئەوێ و ئێمە بدۆزنەوە. |

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە كە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەكەن كە بێبەركردنی بەزۆر ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە كە وەسفی ئەوە دەكەن كە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | | دوان لە ئامۆزاكانم ڕزگاریان نەبوو." |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەكەڵكە كە ئەو ڕەفتارە نە پاساوی چارەسەری پزیشكی یان نەخۆشخانەی هەبووە بۆ ئەو كەسە یان كەسانەی كە پەیوەندیدارن، نە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕاستەقینەی ئەوان ئەنجام دراوە (دووەم پێكهاتەی بێبەركردنی بەزۆر)؟ | ئایا ئەوە لەكوێ ڕوویدا/ واتە بزانین ئاخۆ ئەوە لە نەخۆشخانەیەك ئەنجام دراوە یاخود لەژێر چاودێری پزیشكیدا ئەنجام دراوە؟ ئایا تۆ ڕەزامەندیت بۆ ئەو كارە دەربڕی؟ | (ئەو بەڵگانەی كە لەسەرەوە دراون ئەم پێكهاتەیەش دەهێننە دی.)<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:** "كاتێك كە گەیشتینە ئۆردوگاكە ئەوان پێیان وتین دەرمانمان دەدەنێ بۆ ئەوەی بمانپارێزێت لەو نەخۆشیانەی كە لە ئاوەكەدان، بۆ ئەوەی نەخۆش نەكەوین. كاتێك كە یەكەمجار گەیشتینە ئەوێ، ئەوان دەرزییەكیان لێداین و پێیان وتین دەتوانین ئاوەكە بخۆینەوە. دوای ئەوە، لێیان پرسین ئەگەر بە ئاوەكە نەخۆش كەوتبین و ئێمەش وتمان بەڵێ، لەبەر ئەوە پێیان وتین پێویستیمان بە نەشتەرگەرییە بۆ لابردنی هەندێك مشەخۆر. ئەوە نەشتەرگەرییەكی بچووك بوو، بەڵام دوای ئەوە هەندێك ئازارمان هەبوو. دواتر هەر لەو مانگەدا، من تێبینی ئەوەم كرد كە لەو كاتەدا كە بە شێوەیەكی ئاسایی خوێنم دەبوو ئێستا خوێنم نیە. هەندێك لە ژنەكانی تر باسی ئەوەیان كرد كە خوێنی كەمتریان هەبووە یاخود هەر نەیانبووە. ئێمە خەمی ئەوەمان بوو كە ئێمە ڕەنگە دووگیان بین، بەڵام كاتێك لەگەڵ تێپەڕینی كات سكمان گەورە نەبوو ئێمە وتمان ئەوە دەبێت بەهۆی نەخۆشییەكەوە بووبێت یاخود هەموو ئەو شتانەوە كە بەسەر ئێمە هاتوون. من نەمزانی چی بووە هەتا لەو شوێنە ڕامان نەكرد و نەچووین بۆ شارەكە و كاتێك كە چووم بۆ لای دوكتۆرێكی ژنان كە بۆ ڕێكخراوێكی خێرخوازی كاری دەكرد ئەو پێی وتم كە من ناتوانم هیچی دیكە منداڵم ببێت بەهۆی ئەوەوە كە لە منیان كردووە. ئەو دەرمان و نەشتەرگەرییەی كە ئەوان پێیان وتین بۆ پاراستنی ئێمە بووە بێبەری كردبووین و دوكتۆرەكە نەیدەتوانی هیچ شتێك بكات بۆ چاككردنەوەی. هیچكام لەو ژنانەی كە لە ئۆردوگاكە لەگەڵ من بوون ئیتر منداڵی تریان نەبوو، لەبەر ئەوە دەزانم كە ئەوان بوون وەهایان لە ئێمە كرد." |

## توندوتیژی سێکسی

### پێکهاتەکان:

1) ئەنجامدەری تاوانەکە کردارێکی ئەنجام داوە کە سروشتێکی سێکسی هەبووە لەدژی کەسێك یان زیاتر کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە یان کەسانە لە کردارێکدا بەشداری بکەن کە سروشتێکی سێکسی هەبێت لەڕێگەی هێز یان هەڕەشەی هێز یان ناچارکردنەوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێیی، ڕاگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسانە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێیی، یاخود بێتوانایی ئەو کەسە یان کەسانە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی ڕاستەقینە.

2) ئەو جۆرە ڕەفتارە بەبەراوردکردن لەگەڵ تاوانەکانی دیکە لە دژی مرۆڤایەتی قورسایی و سەنگی تایبەتی هەبووە.

3) ئەنجامدەری تاوانەکە ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستی ڕووداوەکان بووە کە قورسایی و سەنگی ڕەفتارەکەیان پێکهێناوە.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە کردارێکی ئەنجام داوە کە سروشتێکی سێکسی هەبووە لەدژی کەسێك یان زیاتر یان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە یان کەسانە لە کردارێکەوە تێوەبگلێن کە سروشتێکی سێکسی هەبێت لەڕێگەی هێز یان هەڕەشەی هێز یان ناچارکردنەوە، وەك ئەوەی کە بەهۆی ترس لە توندوتیژی، زۆرەملێیی، ڕاگرتن، چەوساندنەوەی دەروونی یاخود خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتەوە ئەنجام بدرێت دژی ئەو کەسە یان کەسانە یان کەسێکی تر، یاخود بە قۆزتنەوەی هەلومەرجێکی زۆرەملێیی، یاخود بێتوانایی ئەو کەسە یان کەسانە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی ڕاستەقینە یەکەم پێکهاتەی توندوتیژی سێکسی)؟ | بە ئەرك نەبێت، ئایا دەتوانیت بۆم باس بکەیت چی ڕوویدا؟ (بڕوانە پرسیارە پێشنیارکراوە زیاترەکانی سەرەوە.) ئایا ئەنجامدەری تاوانەکە وتی چی؟ | **نیفادە:**"ئێمە یەك بە یەك لە ڕاڕەوەکەدا ڕیز کراین و یەك بە یەك هەر یەکەمان براین بۆ ژوورێك. ئەوانمان کە چاوەڕوانیمان دەکرد گوێمان لەو کوڕانە بوو کە چوونە ژوورەوە لەناو ژوورەکەدا هاواریان دەکرد، وە کاتێك کە دەرپەڕینە دەرەوە، جلوبەرگەکانیان نەمابوو وە دەوروبەری ناوقەدیان تەنها پارچە جلێکی کۆن بوو بە خوێنەوە. ئەوان بە شەلە شەل هاتنەوە دەرەوە و هەر دەگریان و دەگریان، هەندێکیان بەهۆی ئازار و خورپەکەوە بورانەوە. دواتر ئێمە بۆماندەرکەوت کە یاخییەکان لەسەر چووکمان زامدارکردنێکیان ئەنجام دەدا کە هی ڕێوڕەسمێکی ئاینی بوو."<br><br>**نیفادەی جێگرەوە:**"ئەوان پیاو و ژنە هاوڕەگەزبازەکانیان لە هەموو ناوچەکەماندا جیاکردەوە و بردیانین بۆ خوێندنگەیەکی چۆڵکراوی لادێیەك، وە لەوێ لەژێر چاودێری پاسەواندا هێڵراینەوە. هەموو ڕۆژێك پیاوەکان دەبرانە دەرەوە بۆ ژوورێك کە ڕەفیەکی لێبوو، لەوێ ئەوان بە دەستەکانیان و قاچەکانیان هەڵدەواسران و لە کۆمەوە سێکسیان لەگەڵ دەکرا. ئەو پاسەوانانەی کە ئەویان لەگەڵ ئێمە دەکرد بەردەوام دەیانووت، 'ئەمە ئەو جۆرە نیە کە ئێوە حەزتان لێیەتی؟!' هەندێك جار ئەوان بەندی دیکەیان دەهێنا بۆ ئەوێ و زۆریان لێدەکردن کە شت لە ئێمە بکەن، وە ئەگەر پیاوەکان چووکیان هەستایە ئەوان پێدەکەنین و دەیانووت، 'ئێستا ئێوە هەمووتان گەین." |

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
| --- | --- | --- |
| | | **ئیفادەی جێگرەوە:**"ئەوان لە مەیدانی گوندەکە ئێمەیان کۆکردەوە و هەموو جلوبەرگەکانیان پێداکەندین، بە جلوبەرگی ژێریشەوە. ئێمە لەوێ بووین لە مەیدانی سەرەکی بەدیار چاوی هەموو کەسەوە. دوای ئەوە هەندێکیان لەنێوان ئێمەدا جیاکردەوە و ئەوانەمان کە جیاکرابوینەوە کراینە ناو ئۆتومبێلی بارهەڵگر. هەموومان ئافرەت بووین و هەموومان تەمەنمان لە دەوروبەری نێوان 14 و 22 ساڵاندا بوو. ئەوان بە ئۆتومبێل ئێمەیان برد بۆ ماوەیەك کە وەها دیار بوو چەندەها کاتژمێر بێت بۆ شوێنێکی دوورەدەست. لەوێ بردینیان بۆ ناو کۆخەڵیتەیەکی چۆڵ. لەوێ فەرمانیان پێکردین کە لەسەر دۆشەکێکی پیس لەسەر ئەرزەکە بەتەنیشت یەکەوە پاڵبکەوین. ئەوەی وەها دیار بوو کە سەرکردەی گرووپەکە بێت بە بزەیەکەوە لەسەر لێوی پارچە قوماشێکی لولکراوی لە ژوورەکەی ترەوە هێنا. پیاوە چەکدارەکانی تر فیکەیان لێدا و چەپڵەیان لێدا کاتێك کە قوماشەکەی کردەوە، شەش چەقۆی لەناودا دەرکەوت بە قەبارەی جیاواز، لە بچووکەوە بۆ گەورە. هەر یەك لە ئێمە لە ناوچەی کۆئەندامی زاوزێدا بە یەکێك لە چەقۆکان شوێنێکی بڕرا، لەکاتێکدا کە ئەوانی تر تەماشایان دەکرد و سەرنجیان دەخستە ڕوو لەسەر ئەنجامە جیاوازەکانی چەقۆ جیاوازەکان. من چوارەم کەس بووم لە ڕیزەکەدا." |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەو کردارانەی توندوتیژی کە سروشتێکی سێکسییان هەیە گەیشتوونەتە ئاستێکی بەهێزی هاوشێوەی تاوانەکانی دیکە لەدژی مرۆڤایەتی (دووەم پێکهاتەی توندوتیژی سێکسی)؟ | تکایە پێمبڵێ ئەوە چۆن بوو؟ ئایا لەبارەی جەستەییەوە چ شتێکت بەسەر هات؟ ئایا لەو ماوەیەدا لەبارەی دەروونییەوە هەستت چۆن بوو؟ ئایا تۆ دەتتوانی چ شتێك بکەیت و چ شتێك نەکەیت؟ ئایا ئەوە بووە هۆی چ دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو؟ | **ئیفادە:**"جێگە برینەکان چەندەها هەفتەی پێچوو هەتا چاکبوونەوە؛ سێ کەس لە کوڕەکان خەریکی زەوی هەڵکەندن بوون کە پێیانوتبووین هەموو ڕۆژێك ئەنجامی بدەین. هەتا کەمترمان هەڵبکەندایە خواردنی کەمتریان دەداینێ، بەڵام لە کاتێکدا کە زۆربەمان ئەوەندە نەخۆش بووین و ئەوەندە ئازارمان هەبوو نەماندەتوانی هیچ بکەین، ئێمە لە ئەنجامدا نەمانتوانی کەمترین هەڵکەندن ئەنجام بدەین و لە ئەنجامی ئەوەوە هەر ئەوەندە خواردنیان دەداینێ کە بەشی مەمرە و مەژی بکات. بۆ خۆشبەختی خۆمان ئاومان لەلا بوو، کە ئەگەرچی پیسبووبوو وە زۆرجار دەبووە هۆی سکچوون، من لەو باوەڕەدام کە ئەوە نەیهێشت بمرین." |

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
| --- | --- | --- |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستییەکان بووە کە ئەو کردارانەی وەها لێکردووە ئەوەندە سەخت بن کە بگەنە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی؟ (سێهەم پێکهاتەی توندوتیژی سێکسی)؟ | ئایا گوێت لە یاخییەکان بوو کە هیچ شتێك بڵێن کاتێك ئەو زامدارکردنانەیان ئەنجام دەدا؟ ئایا ئەوان لەکۆبوون کاتێك کە ئەوە ڕوویدا؟ ئایا هەموو جارێك هەمان ئەو یاخیانەی پێشو بوون کە ئەو کارەیان ئەنجامدەدا؟ | **ئیفادە:**"یاخییەکان لەو شوێنەدا ژمارەیان کەم بوو - لەوانەیە حەوت کەس بووبن - بەڵام ئەوان هەموو گیانیان چەك و تەقەمەنی بوو. مەبەستی سەرەکی لە بردنی ئێمە بۆ ئەوێ، وەك خۆیان وتیان، بۆ ئەوە بوو کە 'ئێمە وەك پیاو بناسێنن و وەك کۆیلە نیشانەمان بکەن'. ئەوان وەهایان دایەقەڵەم کە ئەوە 'نەریتی کولتووری' خۆیانە و وتیان ئەوان 'هەموو کۆیلەکان' وەهالێدەکەن." |

## چەوساندنەوە [57]

### پێکهاتەکان:

1) بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، ئەنجامدەری تاوانەکە کەسێك یان زیاتری بە سەختی لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کردووە.

2) ئەنجامدەری تاوانەکە ئەو کەسە یان کەسانەی کردۆتە ئامانج بەهۆی ناسنامەی گرووپێکەوە یاخود کۆمەڵە خەڵکێکەوە پێکەوە، یان ئەو گرووپە یان کۆمەڵە خەڵکەی بەو جۆرە کردۆتە ئامانج.

3) ئەو جۆرە کردنە ئامانجە پشتی بە بنەمای سیاسی، نەژادی، هاونیشتمانی، ئێتنی، کولتووری، ئاینی یان ڕەگەز بەستووە **(هەر وەك لە بەندی 7 پەرەگرافی 3 لە پەیماننامەکەدا پێناسە کراوە)** یاخود بنەمای دیکە کە لەسەر ئاستی جیهان وەها ناسراون کە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە پێنەدراون.

4) ڕەفتارەکە لە پەیوەندیدا بە هەر کردارێکەوە ئەنجام دراوە کە لە بەندی 7، پەرەگرافی 1 لە پەیمانامەکە ئاماژەیان پێکراوە یاخود هەر تاوانێك لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری دادگەکەدا.

57 تێبینی: هەر یەك لەو تاوانانەی کە لەسەرەوە باسکران، کاتێك کە بە شێوازێکی چەوسێنەرانە ئەنجام بدرێن، لەسەر بنەمای سیاسی، نەژادی، هاونیشتمانی، ئێتنی، کولتووری، ئاینی یان ڕەگەز، دەکرێت هەروەها بگەنە ئاستی چەوساندنەوە وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی. ئەوە کارێکی گرنگە کە پرسیار لە شایەتەکە بکەیت دەربارەی ئەو قسانەی کە کراون، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت کە ئایا هیچ نیازێکی چەوسێنەرانە هەبووە. کرداری چەوساندنەوە پێویست ناکات کە سروشتێکی سێکسییان هەبێت، بەڵام ئەگەر تاکەکەسەکان لەسەر بنەمای بیروبۆچونی سیاسی کرابنە ئامانج، یاخود لەسەر بنەمای سیاسی، نەژادی، هاونیشتمانی، ئێتنی، کولتووری، وابەستەیی ئاینی یان ڕەگەز و ئەگەر کردارەکان تاوانی توندوتیژی لە جۆری سێکسی بوون، تاوانی چەوساندنەوەش لەوانەیە پەیوەندیدار بێت.

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە چەوساندنەوە ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك دەبێت کە، بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، ئەنجامدەری تاوانەکە بە شێوەیەکی سەخت کەسێك یان زیاتری لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کردووە، (یەکەم پێکهاتەی چەوساندنەوە)؟ | هەر یەك لەو پرسیارانەی سەرەوە کە بەڵگە هەڵبهێنجێت لەسەر هەر یەك لەم تاوانانە یاخود پێشێلکاری ترسناکی دیکە هەروەها ئەم پێکهاتەیەی چەوساندنەوە دەهێنێتە دی). | (هەر وەسفکردنێك لەلایەن شایەتێکەوە بۆ کردارێکی لەو جۆرە هەر وەك لەو باسانەی سەرەوەی ئەم ستوونەدا خراونەتە ڕوو هەروەها ئەم پێکهاتەیەی چەوساندنەوە دەهێنێتە دی). |
| چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە ئەنجامدەری تاوانەکە ئەو کەسە یان کەسانەی کردۆتە ئامانج بەهۆی ناسنامەی گرووپێکەوە یاخود کۆمەڵە خەڵکێکەوە پێکەوە، یان ئەو گرووپە یان کۆمەڵە خەڵکەی بەو جۆرە کردۆتە ئامانج (دووەم پێکهاتەی چەوساندنەوە.) | ئایا بۆت دەرکەوت کە بۆچی پەلاماریان داویت؟ ئایا پەلاماردەرەکان هیچ شتێکیان وت دەربارەی ئەوەی کە کێ پەلاماری دراوە؟ ئەوان وتیان چی؟<br><br>ئەگەر شایەتەکە ئەوەی ڕوونکردەوە کە کەسانێکی دیاریکراو کرابنە ئامانج: ئایا بۆت دەرکەوت کە بۆچی تۆ کراویتە ئامانج؟ ئایا تۆ چۆن ئەوەت زانی؟ | **ئیفادە:**"ئێمە بە کۆیلە دانرابووین، ئێمە خاوەندارێتی بووین نەك خەڵك. ئێمە لە مرۆڤایەتی بێبەری کرابووین و هەموو جارێك کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکردین، ئیتر سێکسی بووبێت یان نا، بە ئێمەیان دەووت کە ژن و کچ بۆیە دروست بوون کە خزمەتی پیاو بکەن."<br><br>**ئیفادەی جێگرەوە:** "ئەوان بە ئێمەیان وت ئەوان زانیویانە ئێمە گەی (هاوڕەگەزباز) ین چونکە ئەوان سیخوڕییان لەسەر ئێمە کردووە لەکاتی کۆبوونەوەیەکدا. ئەوان هەتا ماڵەوە بەدوای ئێمەدا هاتن و پێیان وتین ئێمە 'نابێت هیچی دیکە جلوبەرگی وەها لەبەر بکەین و هەڵسوکەوتی ئەوتۆ بکەین کە لە هی هاوڕەگەزبازەکان بچێت' وە 'دەبێت ئێمە بەو کارانە هەستین کە لە پیاوی ڕاستەقینە چاوەڕوانی دەکرێت پێیان هەستن وە وەها نەنوێنین کە ئێمە ژنین'. ئەوان بە ئێمەیان وت کە ئێمە سروشتی نین و لاوازین وە ئەوەی ئێمە ئەنجاممان داوە گوناهە و قێزەونە، کە ئێمە هەڕەشەین بۆ سەر سەلامەتی وڵاتەکە چونکە ئێمە درۆزنین و متمانەمان پێناکرێت. ئەوان لە ئێمەیان دەدا و پێیان دەوتین ئەوان دەبێت سەیری کونی کۆممان بکەن 'بۆ ئەوەی بزانن ئێمە چەندە زیانمان گەیاندووە'. دوای ئەوە ئەوان دوو لەشفرۆشی مێینەیان هێنا و پێیان وتین ئەوانە 'جارێکی تر فێرتان دەکەنەوە کە چۆن دەبن بە پیاو'. ئەوان ژنەکانیان وەها لێکرد کە کرداری سێکسی لەسەر ئێمە ئەنجام بدەن و ئەگەر ئێمە زەوقمان هەڵنەسایە ئەوان لێیان دەداین و نەفرەتیان لێ دەکردین. دوای ئەوە وەهایان لێکردین کە لەبەرچاوی ئەوان لەگەڵ ژنەکان سێکس بکەین و لەو کاتەدا کە ئێمە وەهامان دەکرد هاواریان دەکرد و قسەیان دەکرد. ئەوان بە ئێمەیان وت کاتێك کە دەوڵەتە نوێکە دروست دەبێت 'شوێنی کچی وەك ئێوەی تێدا نابێتەوە، تەنها پیاوی ڕاستەقینەی لێدەبێت'." |

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە کە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکەن کە چەوساندنەوە ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە وەسفی ئەوە دەکەن کە ڕوویداوە |
|---|---|---|
| | | **ڤیدیۆ:** یەکێك لە ئەندامە هەرە لەکەدارکراوەکانی کۆمەڵگە ڕایکرد و توانی تەلەفونی یەکێك لە پاسەوانەکان لەگەڵ خۆی بهێنێت. ڤیدیۆکە فەرماندەی بنکەکەی نیشان دەدا کە بە دارەکەی دەستی لە کۆئەندامی زاوزێ و مەمکی ژنانی ئەو ناوچەیەی دەدا، لەکاتێکدا کە پێی دەووتن دز، خەڵك ڕفێن و بێڕەوشت. فەرماندەکە بەسەر ژنەکاندا دەیقیڕاند: "ئێمە بەو لێدانە خراپە و نەگریسی لە ئێوە دەردەکەین بۆ ئەوەی بەکەڵکی ئەوە بێن کە تۆوی ئێمە هەڵبگرن." ڤیدیۆکە ئەو بەروار و کاتەی لەسەر مۆر کراوە کە تێیدا گیراوە. |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵکە کە کردنە ئامانجی گرووپەکە یان ئەندامانی گرووپەکە پشتی بە زمینە یان تایبەتمەندی پارێزراو بەستووە (سێهەم پێکهاتەی چەوساندنەوە)؟ | ئایا سەرنجی تۆ لەسەر چ بناغەیەکە کە ئێوە بۆیە بەو جۆرە مامەڵەتان لەگەڵ کراوە چونکە ئێوە ژن/ کچ بوون؟ | **بەڵگەنامەیی:** پۆلیسێکی شایەتی ناو ڕووداوەکان بەڵگەنامەیەکی داوە بە تۆ کە لاپەڕەکە سەردێڕی لقێکی وەزارەتی ناوخۆی پێوەیە کە ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە کە لەوێدا ژنان و کچان وتوویانە کە ئەوان براون بۆ چەندەها خانووی جۆراوجۆر، ڕاگیراون، دەستدرێژی سێکسی یان جۆری تریان کراوەتە سەر، وە ناچار کراون کە خزمەتی پۆلیسەکان بکەن، جلوبەرگیان بۆ بشۆن، خواردنیان بۆ دروست بکەن، خواردنەوەیان پێشکەش بکەن، هتد. بەڵگەنامەکە لە سەرۆکایەتی ئەو لقەی پۆلیسەوەیە و ڕێنوێنییەکانی ئەوانی تێدا خراوەتە ڕوو بۆ ئەو هەفتەیە، بەم پەرەگرافەشەوە: "سەرپشککردن بۆ خستنەگەڕی کارکردنی مێیینە بە هەر جۆرێك بێت بۆ پشتگیریکردنی جەنگەکە بەخشراوە بە هەموو لقەکان. هەر مێینەیەك کە بەوە ناڕازی بێت بە ناپاك دادەنرێت بەرانبەر بە ئامانجەکانمان و بەگوێرەی ئەوە سزا دەدرێت." بەڵگەنامەکە لەلایەن پایەبەرزترین فەرمانبەری پۆلیسی ئەو لقەوە واژۆ کراوە و بە مۆری فەرمی لقەکە مۆرکراوە. |

پاشكۆ
1

| ئایا چ شتێك ڕوویداوە؟ (ئایا تۆ ئەو زانیاریانەت دەستگیر بووە كە پشتگیری ئەو تۆمەتە دەكەن كە چەوساندنەوە ئەنجام دراوە؟) | نموونەی پرسیار دەربارەی 'ئایا چ شتێك ڕوویداوە' | نموونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە كە وەسفی ئەوە دەكەن كە ڕوویداوە |
| --- | --- | --- |
| ئایا چ ڕاستییەك بۆ سەلماندنی ئەوە بەكەڵكە كە ئەو ڕەفتارە سەبارەت بە هەر تاوانێك لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە (چوارەم پێكهاتەی چەوساندنەوە)؟ | ئایا بە بیروڕای خۆت بۆچی بەو جۆرە مامەڵەت لەگەڵ كراوە؟ تۆ باسی ئەوەت كرد كە چۆن مامەڵەی خراپت لەگەڵكراوە، وە تۆ پێشتر بە ئێمەت وت كە تۆ گەیشتویتە ئەو باوەڕەی كە ئەوە لەبەر ئەوە بووە كە ئێوە ژن بوون. [58] چ شتێك وەهای لێكردیت كە بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟ ئایا چ شتێكیتر بەسەر تۆ و دەوروبەری تۆ هات؟ ئایا ئەوانیتر چییان بەسەر هات - پیاوەكان، ژنەكان، كوڕەكان، كچەكان، پیرو پەككەوتەكان ...؟ | **ئیفادە:**"لە سەرتاسەری ئەو ماوەیەدا كە ئێمە ڕاگیرابووین، ئیتر ئەوان دەستدرێژییان كردبێتە سەر ئێمە، یاخود لێیاندابین، یاخود فەرمانیان پێكردبین ئەرزەكە پاكبكەینەوە، یاخود هەر چالاكییەكی تر ئەنجام بدەین، ئەوان بەردەوام توانجی بریندارکەریان لێداوین و سوكایەتییان پێكردوین، پێیاندەووتین 'قاحبە چەپەڵەكان' یاخود 'دێڵەسەگە بۆگەنەكان'. ئەوان تەنها ژنان و كچانیان لەو هەلومەرجەدا ڕادەگرت، وە بەردەوام ڕق و نەفرەتی خۆیان بۆ ژنان و كچان دەردەبڕی. ئێمە هەر ئاواتەخوازبووین كە ڕۆژێك ئەوەندە لەبەرچاویان قێزەون ببین كە ڕێگەمان بدەن بڕۆین؛ بەڵام لەباتی ئەوە، ئەوان هێشتینیانەوە، گاڵتەیان پێدەكردین كە ژن و كچی لاوازین، وە ئازاری جەستەیی زۆر خراپیان دەداین و ڕۆژانە ترسی ئێوارانمان هەبوو، كە ئەو كاتە زۆربەی دەستدرێژییە سێكسییەكان ڕوویاندەدا." |

58 ئەم تەكنیكە بە "ڕەنگدانەوە" ناسراوە. زۆرجار، بە دووبارەكردنەوەی قسەكانی شایەتەكە، تۆ تەنانەت پێویست ناكات هیچی تر بۆ پرسیارەكە زیاد بكەیت: ئەوە وەها لە شایەتەكە دەكات كە شتی زیاتر بڵێت. تەنانەت ئەگەر پێویست بە پرسیاری زیاتریش بكات، دووبارەكردنەوەی ئەو قسانەی كە شایەتەكە هەر ئێستا كردوونی میكانیزمێكی بەكەڵكە بۆ دروستكردنی متمانە و ڕێزی دووسەرە؛ ئەوە ئەوە نیشان دەدات كە بە جوانی گوێی لێرادەگریت و وەها لە شایەتەكە دەكات كە هەست بكات قسەكانی بەڕاستی بیستراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە شتێكی بنچینەییە كە قسەكانی خۆی چۆنی كردوون هەر بەو جۆرە دووبارە بكرێنەوە. ئەگەر چاوپێكار دەستكارییان بكات، ئەوە كاریگەری لەسەر بەڵگەی شایەتەكە دادەنێت. ئەوە بە پرسیارێك دادەنرێت كە وەڵامەكەی دیاریكراو بێت.

## بەشی ب: ئایا سروشت/ شێواز/ زەمینەی تاوانەکە چۆن بووە (ئایا ئەو تاوانە وەك تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جینۆساید ئەنجام دراوە یاخود وەك زیاتر لە یەکێك لەوانە)؟

### تاوان لە دژی مرۆڤایەتی

**پێکهاتەکان:**

5) تاوانەکان وەك بەشێك لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود سیستماتیك ئەنجام دراون.

6) پەلامارەکە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام درابێت.

7) ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە زانیویەتی پەلامارەکە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی بووە.

8) پەلامارەکە بەگوێرەی یان بۆ بەهێزکردنی پەیرەوێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراوەیی ئەنجام درابێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە پەلامارە (پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی دادوەری کە لەوانەیە پێویست بێت و لەوانەشە پێویست نەبێت لەو دەسەڵاتی دادوەرییەدا کە تۆ کاری بەبەڵگەنامەکردنی تێدا ئەنجام دەدەیت).

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نموونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەو کردارە (بۆ نموونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی |
|---|---|---|
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەو کردارە (بۆ نموونە کۆیلایەتی سێکسی) بەشێك بووە لە پەلامارێکی بەرفراوان یاخود ڕێکخراو؟ | دەتوانیت پێمبڵێیت بەر لەو کردارە تاوانکارانانەی کە تۆ باست کردن و لەکاتی ڕووودانیاندا و دوای ئەوەش چ شتێکی تر ڕوویدا؟ دەتوانیت باسی چۆنیەتی ڕوودانی ئەو پەلامارە بکەیت کە تۆ باست کرد؟ یەکەمجار چ شتێك ڕوویدا، دوای ئەوە چی و دواتریش چی ڕوویدا؟ ئایا تۆ توانیت هیچ شێوازێکی پەلامارەکە دیاری بکەیت؟ چ شتێك وەهای لێکردیت کە بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟ ئایا تۆ شایەتحاڵی هیچ ڕووداوێکی تر بوویت کە پەیوەندی بە پەلامارەکانەوە بێت وەك ئەوەی کە ئێستا باست کرد؟ (ژنەکە وردەکاری ئەو ڕووداوانەت بۆ فەراهەم دەکات کە ئەو بە چاوی خۆی بینیونی بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت ئەمانە یەکلایی بکەیتەوە: کێ بووە، چی کردووە، کەی بووە، لە کوێ بووە، بۆچی وەهای کردووە، چۆن ئەو کارەی ئەنجامداوە و هەروەها ئەو چۆن ئەوانەی زانیوە.) | **ئیفادە:** شایەتەیە باسی ئەوەی کرد کە چۆن، لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا کە ئەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕایکردووە، ئەو گەلێك گوندی بینیوە کە پەلاماریان دراوە و شایەتحاڵی چەندەها ڕووداوی کوشتن و لێدان، ڕاگرتن و ڕاگواستن بووە بە نوکی تفەنگ. شایەتەکە وتی لە چەندین گونددا ئەو بینیویەتی کە یەکەمجار هێرشی ئاسمانی بووە؛ دوای ئەوە هێزە زەمینییەکان کشاون بۆ ناو گوندەکە و فەرمانیان بە هەموو کەس کردووە کە یەکسەر ئەوێ بەجێبهێڵن؛ وە لە ئەنجامدا پیاوانی چەکدار بە پێ و بە سواری ئەسپ هاتن و تەقەیان لەو گوندنشینانە کرد کە دەیانویست ڕابکەن. ئۆتومبیلی بارهەڵگر هاتوو گوندنشینە دەستگیرکراوەکان بران. شایەتەکە لەو کاتەوە ئەوانی نەبینیوەتەوە. (ژنەکە وردەکاری ئەو ڕووداوانەت بۆ فەراهەم دەکات کە ئەو بە چاوی خۆی بینیونی بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت ئەمانە یەکلایی بکەیتەوە: کێ بووە، چی کردووە، کەی بووە، لە کوێ بووە، بۆچی وەهای کردووە، چۆن ئەو کارەی ئەنجامداوە و هەروەها ئەو چۆن ئەوانەی زانیوە.)<br><br>**بەڵگەنامەیی:** ڕاپۆرتی پەیامی ڕۆژانەی چاودێرێکی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی پەلاماری چەکداری کردووە کە بەرانبەر چەندەها ناوچەی نیشتەنی دوور لە ناوچەی نەبەردەکان ئەنجام دراون، کە لە هەمان کاتدا ئەنجام دراون و وەها دیارە بە هاوئاهەنگی یەکتر بوون. |

پاشکۆ 1

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵک بن کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی |
| --- | --- | --- |
| | | **ڤیدیۆیی/ وێنەیی:** شایەتێك ڤیدیۆیەك دەدات بە تۆ کە ئەو گرتویەتی و لەوێدا ژنان بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لەلایەن پیاوانی چەکدارەوە دەستگیر دەکرێن. ئەو ڤیدیۆیە ناوچەیەکی فراوان نیشان دەدات، دواتر ناوچەیەکی نزیك، هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەگونجێت، وە ڤیدیۆکە بەروار و کاتی تۆمارکردنی لەسەرە. شانبەشانی ڤیدیۆکە شایەتەکە ڕاپۆرتێکی داوە بە تۆ کە باسی ئەوە دەکات کێ بووە، چی بووە، کەی بووە، لەکوێ بووە، کەی بووە و چۆن بووە و هەروەها ئەو چۆن ئەوانەی زانیوە. ئەوە هەموو وردەکارییەکانی تێدایە دەربارەی ئەو هەلومەرجەی کە ڤیدیۆکەی تێدا تۆمار کراوە.<br>**سەتەلایت:** وێنەکانی سەر سەتەلایت بۆ ماوەیەکی باش بەر لە پەلامارەکە گوندەکانی نیشان داوە (کە لەوێدا خەڵکەکە مەڕوماڵاتەکانیان بەخێو دەکەن و سەرقاڵی کێڵگەکانیانن) وە دوای ئەوەش گوندەکان نیشان دەدەن لە دوای پەلامارەکە. هەر یەك لە وێنەکانی دوای پەلامارەکە هەمان وردەکاری ئاشکرا دەکەن، بە ستوونی ژنان و کچانیشەوە کە بەڕیز لە گوندەکە ڕاپێچ دەکرێنە دەرەوە. |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە پەلامارەکە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام دراوە؟ | تکایە باسی ئەوە بکە کە چ شتێکی تر لەو کاتەدا ڕووی دا کە تۆ ئەو ڕووداوە سامناکانەت بینی/ بەسەر هات. ئایا لەو ناوچەیەدا کە تۆ لێی دەژیت چ شتێك ڕوویدا؟ ئایا چ جۆرە خەڵکێك لەوێ دەژیان؟ ئایا ئەوان چییان کرد؟ دەتوانیت باسی ئەو کەسانەم بۆ بکەیت کە تۆ دڵنییت پەلاماریان دراوە - چییان لەبەردا بوو؟ ئایا ئەوان چییان بەدەستەوە بوو؟ ئەوان لەکوێ دەمانەوە و ئایا هیچ هۆکار یان ئامێرێکی سەربازی یاخود هیچ جۆرە کەسانێکی تر لەو ناوە بوون؟ بەگوێرەی زانیاری خۆت، ئایا لە کاتی ئەو ڕووداوانەدا کە تۆ باسیان دەکەیت هیچ جەنگاوەرێك لە ناوچەکەتاندا بوونی هەبوو؟ | **ئیفادە** شایەتێك وەها باسی قوربانییەکانی گوندەکانی خۆیانی کرد کە جلوبەرگی مەدەنییان لەبەردا بووە. ئەوان هیچ جۆرە چەکێکیان پێ نەبوو، وە لە کاتی پەلامارەکەدا سوپا یان هیچ گرووپێکی چەکداریشی لێنەبوو:<br>"لەو ڕۆژ و هەفتانەدا کە ئێمە هێشتا دەستگیر نەکرابووین و لەلای ئەوان نەهێڵرابووینەوە، گوندەکەی ئێمە و هەموو گوندەکانی پارێزگاکەمان پڕبووبوون لە پیاوی چەکدار. جەنگاوەرە خۆماڵییەکان ماوەیەکی دوورودرێژ لەوە پێش ناوچەکەمانیان بەجێهێشتبوو، بەڵام پیاوە چەکدارەکان وەها هەڵسوکەوتیان دەکرد وەك ئەوەی ئێمە هەموومان بەشێك بین لە بەرگری گوندەکە. ئەوان تانکەکانیان بەناو گوندەکەماندا لێخوڕی، هەموو مەڕوماڵاتەکانیان کوشتین و کێڵگەکانیان وێران کردین. دوای ئەوە ئەوان بە بیلدۆزەر دەستیان کرد بە ڕوخاندنی خانووەکان، ئەوە وەهای لە زۆربەی ئێمە کرد کە بە ڕاکردن لە خانووەکانمان بچینە دەرەوە بۆ ئەو شوێنە چۆڵەی کە پەلامارەکە تێیدا ڕووی دەدا. ئەوان ژنەکان و کچەکانیان جیاکردەوە، لەگەڵ کورە منداڵەکانیش، هەموومانیان ترنجاندە دوای ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکان." |

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی |
|---|---|---|
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەكات کە ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە زانیویەتی پەلامارەکە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی بووە؟ | ئایا دەتوانیت بە ئێمە بڵێیت، کە ئەوەندەی تۆ ئاگاداریت، ئەگەر هیچ پەیوەستەیەك هەبوویێت لەنێوان ئەو پیاوانەی کە هاتن بۆ گوندەکەتان و ئەو تاوانانەیان ئەنجام دا کە تۆ باست کردن، وە ئەو پیاوانەی کە تۆ باست کردن لە ژووری قفڵدراودا ئێوەیان ڕاگرتووە بە شەو مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کردوون؟ | **ئیفادە:** "پیاوەکان هەمان جۆر جلوبەرگیان لەبەردا بوو، وە هەمان زمانیان بەکاردەهێنا، وە ئەوانە لەگەڵ ئەوانە بوون کە دەستیان گرت بەسەر گوندەکەماندا - بە جۆرێکی تر بڵێین، هەندێك لەو پیاوانەی کە گوندەکەیان داگیر کرد لە شێوەی گرووپێکدا گردبوونەوە و دەستیان کرد بە بارکردنی ئێمە لە ئۆتومبێلی بارهەڵگردا. ئەوان دوای ئەوە هەر ئەوانە بوون کە لەو شوێنە ئێمەیان ڕاگرتبوو، کە ئەویَ، هەر وەك دوایی دەرکەوت، بنکەی ئەوانی لێ بوو." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەكات کە پەلامارەکە بەگوێرەی، یان بۆ بەهێزکردنی پەیرەوێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراوەیی ئەنجام درابێت لەسەر ئەنجامدانی ئەو جۆرە پەلامارە (پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی دادوەری)؟ | ئایا تۆ دەتتوانی بگەیتە هیچ دەرەنجامێك سەبارەت بە هەر شێوازێك بۆ پەلامارەکە؟ ئایا تۆ دەتتوانی گوێبیستی هیچ ڕێسایەك بیت کە پەیرەو دەکرا یان چاوت لەوە بێت؟ ئایا هیچ ڕێکارێك هەبوو کە بەردەوام دووبارە ببێتەوە؟ ئایا بۆت دەرکەوت کە بۆچی ئەو پەلامارە ئەنجام دراوە؟ ئایا هەر ئەوە هۆکار بووە لە سەرتاسەری پەلامارەکەدا؟ ئایا، ئەوەندەی تۆ ئاگاداریت، هیچ ئامانج یان هیوایەك هەبوو بۆ پەلامارەکە؟ ئایا کێ ئەو ئامانج یان هیوایەی دانا و تۆ چۆن ئەوە دەزانیت؟ | **ئیفادە:** "ئێمە / شایەتەکە 'کەسێکی ناو ڕووداوەکانە' لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەوانەوە کە دەڵێن گوایە گرووپی ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن وتووێژیان لەسەر پلانەکە دەکرد لەسەر شێوازی دڵنیابوونەوە لە ئامانجە هەرێمییەکانمان. لەو کۆبوونەوەیەدا، ئێمە بڕیارماندا کە پەیرەوێك دابنێین بۆ وەدەرنانی هەر کەسێك کە سەر بە گرووپی [X] بێت. ئامانجی ئێمە دروستکردنی نەتەوەیەکی پوختە بوو، کە هیچ کەسێکی لە [X] تێدا نەبێت. ستراتیژی سەربازی ئێمە شانبەشانی ئەو ئامانجە دارێژرا بوو."<br><br>**بەڵگەنامەیی:** فەرمانێکی سەربازی کە ئاماژە بە ستراتیژی سەربازی بکات بە شێوەیەکی گشتی، بۆ نمونە، بۆ پەیرەوی زەوی سوتاو. |

پاشکۆ
1

## تاوانی جەنگ

### پێکهاتەکان:

1) تاوانەکە لە ماوەی ململانێی چەکدارانەی (نێودەوڵەتی یاخود ناوخۆیی) دا ئەنجام دراوە.

2) تاوانەکە پەیوەستەیەکی هەیە لەگەڵ ململانێ چەکدارانەکە.

3) قوربانییەکە کەسێکی پارێزراو بووە (ئەوە پێکهاتەیەك نیە بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز (SGBV).[59]

4) ئەنجامدەری تاوانەکە زانیویەتی کە قوربانییەکە کەسێکی پارێزراو بووە.
وە

5) ئەنجامدەری تاوانەکە ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستی ڕووداوەکان بووە کە قورسایی و سەنگی ڕەوشەکەیان کردووە بە هی ململانێییەکی چەکدارانە.

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەو کرداره (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
|---|---|---|
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کۆیلایەتی سێکسی) لە ماوەی ململانێی چەکدارانەی (نێودەوڵەتی یاخود ناوخۆیی) دا ئەنجام دراوە؟ | تکایە باسی ئەوە بکە کە لە ناوچەکەی دەوروبەری شارۆچکەکەتاندا چی ڕوویدەدا کاتێك کە ئەو ڕووداوەی کە تۆ باسی دەکەیت ڕوویدا. تۆ باسی تەقەکردن و تەقینەوەت کرد: ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت چەند جار تۆ گوێت لەوانە بوو، وە ئەو تەقەکردن و تەقینەوانە چەندە بەهێز بوون؟ | **ئیفادە:** "لەو ڕۆژانەی بەر لە داگیرکردنەکەدا بەردەوام دەنگی تەقەکردن و تەقینەوە دەهات. ئێمە بەردەوام گوێمان لە ڕادیۆ دەگرت و گوێبیستی ژمارەی کوژرا و بریندارەکان دەبووین لە هێڵەکانی پێشەوە، وە ئێمە دەمانزانی کە شەڕەکە بەرەو لای ئێمە دەهات. ئێمە هەوڵماندا لە شوێنێکەوە بچین بۆ شوێنێکی تر، بەڵام لە کۆتاییدا هیچ شوێنێك سەلامەت نەبوو." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە تاوانەکە پەیوەستەیەکی هەیە بە ململانێی چەکدارانەوە؟ | ئایا دەتوانیت باسی ئەوەم بۆ بکەیت کە ئەو کردارانەی تۆ باسیان دەکەیت لە چ هەلومەرجێکدا ڕوویانداوە؟ تۆ پێشتر باسی ئەوەت کرد کە گوێت لە تەقەکردن و تەقینەوە بووە و گوێبیستی هەواڵی شەڕ بوویت لە هێڵەکانی پێشەوە. ئایا چ شتێك ڕوویدا کاتێك کە پەلاماری شارۆچکەکەیان دان؟ ئایا بە بیروڕای تۆ پەیوەندی نێوان ئەو شەڕەی کە تۆ بیستت و ئەوەی کە لە شارۆچکەکەی خۆتان ڕوویدا چۆن بوو؟ | **ئیفادە:**"کاتێك کە سوپا هاتە ناو شارۆچکەکە، شتی زۆر ترسناك ڕوویدا. سوپا چواردەوری شارۆچکەکەیان دا، وە بە پیادە و بە تانك و بە سواری ئەسپ هاتنە ناو شار. ئەوان شەقامێکیان دادەخست و لە هەردوو لاوە دەهاتنە ناوەوە؛ خەڵك دەستیان کرد بە ڕاکردنە دەرەوە لە خانووەکان، بەڵام ئەوەندەی سەرباز لێبوو زۆربەیان کاتێك کە هەوڵیان دەدا ڕابکەن تەقەیان لێدەکرا. ئەوان بە هەموو شوێنێکدا تەقەیان دەکرد، ئاگریان لە ماڵەکان و دار و دەوەن بەردەدا، ئاگریان لە هەموو شوێنێك بەردەدا. ئەوان هەندێك کوڕ و پیاویان دەستگیر کرد، دەستیان لە پشتەوە بەستنەوە، بە شەق دایانن بە ئەرزدا و شەقیان لە دەموچاویان هەڵدەدا. |

59 کەسانی پارێزراو ئەو کەسانەن کە یان مەدەنین یاخود بەشێوەیەکی چالاکانە لە کاری نەیارانەدا بەشداری ناکەن.

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
|---|---|---|
| | | ئێمە دواتر بۆماندەرکەوت کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەیانتوانیبوو شارۆچکەکە بپارێزن وە زۆربەیان هەر لەبەردەم شارۆچکەکەدا یان کوژرابوون یاخود دەستگیرکرابوون، شارۆچکەکە هیچ بەرگرییەکی نەمابوو. لەو ڕەوشەدا بوو کە سەربازەکان لە ژێرزەمینی بینایەکدا ئێمەیان دۆزییەوە کە پڕ بوو لە شوقەی چۆڵکراو، ئێمە لەژێر مێزەکەدا لە سوچی دواوە خۆمان شاردبووەوە. ئەوان ئێمەیان هێنایە دەرەوە، لەبەر تیشکی لایتی دەستی سەیریان کردین و دەستیان کرد کە بە پێکەنین. یەکێکیان وتی، 'با بەزمەکە دەستپێبکات! ئێمە فێرتان دەکەین کە پشتگیری ئۆپۆزیسیۆن بکەن؛ ئێمە نیشانتان دەدەین کە ڕژێم چی بە ناپاکەکان دەکات!" |
| چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە قوربانییەکە کەسێکی پارێزراو بووە (ئەمە پێکهاتەیەك نیە بۆ تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای ڕەگەز (SGBV) | ئایا دەتوانیت وەسفی ئەو پیاوانە بکەیت کە، تۆ دەڵێیت، دەستگیرکرابوون، دەستیان بەسترابوو، بە شەق دابویانن بە ئەرزدا و شەقیان لە دەموچاویان هەڵدەدا؟ ئایا دەزانیت ئەوانە کێ بوون؟ ئایا دەزانیت ئەگەر ئەوانە هەرگیز ئەندامی چالاکی هیچ گرووپێکی چەکدار بووبن یان بە هیچ شێوازێك پەیوەندییان بە هیچ جۆرە گرووپێکی چەکدارەوە بووبێت؟ | **ئیفادە:** "ئەو پیاو و کورانە ئەوانە بوون کە ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون کە پێی دەڵێن نیشتەجێیان لەپێناوی ئاشتیدا. ئەوان ئەویان ڕەتکردەوە کە بچنە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنەوە - من ئەوە دەزانم چونکە براکەم و مامم لەناو ئەواندا بوون. ئەوان نەیانویست چەك هەڵبگرن. ئەوان ئاشتییان دەویست و ئەویان ڕەتکردەوە کە بجەنگن. ئەوان لە گردبوونەوەیەکی خواپەرستیدا بوون کاتێك کە شارۆچکەکە درا بە دەستەوە؛ بەگوێرەی زانینی من، لەو شوێنەی کە ئەوانی لێبوون هیچ جۆرە چەکێکی لێنەبوو، وە ئەوان هەموویان جلوبەرگی مەدەنییان لەبەردا بوو، چونکە ئەوان وەك پرەنسیپێك ئەویان ڕەتکردبوەوە کە هیچ جلوبەرگێك لەبەر بکەن کە لە هی سەربازی بچێت." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەنجامدەری تاوانەکە ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستی ڕووداوەکان بووە کە قورسایی و سەنگی ڕەوشەکەیان کردووە بە هی ململانێیەکی چەکدارانە؟ | ئایا تۆ هەرگیز توانیوتە بزانیت چ شتێك ڕوویداوە کاتێك کە سەربازەکان چونە ئەو شوێنەی کە نیشتەجێکان لەپێناوی ئاشتیدا بۆ خواپەرستی تێیدا گردبوونەتەوە؟ | **ئیفادە:**"براکەم دواتر ئازاد کرا، بەڵام من هەرگیز جارێکی تر چاوم بە مامم نەکەوتەوە. براکەم بە منی وت کە سەربازەکان چوونە ژوورەوە و ئەوانیان لەسەر ئەرزەکە بینی کە بە شێوەی بازنەیی خواپەرستییان دەکرد. ژوورەکە ڕوناك بوو وە کارەبا هێشتا نەکوژابووەوە، براکەم و ئەوانی تر گوێیان لێبوو کە سەربازەکان هاتبوون، بەڵام ئەوان خواپەرستی خۆیان بەهێزتر کردبوو و باری خواپەرستی خۆیان تێکنەدابوو. براکەم وتی کاتێك کە سەربازەکان هاتنە ژوورەوە ئەو هەستاوەتە سەرپێ بۆ ئەوەی بچێت بۆلای مامم چونکە زۆر ترساوە. مامم وەها دیارە بە دەنگی بەرز بە براکەمی وتووە، 'خەمت نەبێت کورەکەم، ئەو پیاوە سەربازانە هەرگیز ئازاری کەسانی ئاشتیخواز نادەن لەکاتی خواپەرستیدا' |

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەكدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی كە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی كە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە كەڵك بن كە ئەو كردارە (بۆ نمونە كرداری كۆیلایەتی سێكسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
| --- | --- | --- |
| | | تەنها ئەو كاتە ئەوان هەموویان دەركێشرانە دەرەوە، دەستیان بەسترا بوو، شەقیان تێهەڵدەدان، وە لە پشتی ئۆتومبێلێكی بارهەڵگردا برانە دەرەوە. ئەوە ئەوە بوو كە براكەم پێیوتم كاتێك كە گەڕایەوە." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەكات كە ئەنجامدەری تاوانەكە ئاگاداری هەلومەرجی ڕاستی ڕووداوەكان بووە كە قورسایی و سەنگی ڕەوشەكەیان كردووە بە هی ململانێیەكی چەكدارانە؟ | ئایا هیچ شتێكت دەربارەی ئەو پیاوانە زانی كە پەلاماری گوندەكەیان دا؟ ئایا پەلاماردەرەكان هیچ شتێكیان باس كرد سەبارەت بەو شەڕە لەدەوری گوندەكەتان؟ ئایا ئەوان ئاماژەیان بە هیچ ڕێكارێك كرد (هی خۆیان یان هی هەڤاڵەكانیان) بێجگە لە ڕووداوەكانی گوندەكەتان لەو ڕۆژەدا؟ | **ئیفادە:**"هەموو ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە كە ئەوانە پیاوانی هێزەكانی ڕژێم بوون: پۆشاكە یەكپۆشەكانیان نیشانی ڕژێمیان پێوە بوو وە ئەوان پۆستاڵی جۆری سوپایان لەپێدا بوو. ئۆتومبێلەكانیان پڕبوون لە چەكی سوپا - من نازانم چی بوون، بەڵام ئەوانە زۆر گەورە بوون و ئەو چەكانە بەكار نەدەهاتن كاتێك كە شارۆچكەكە پەلاماری درا لەو ناوچەیەدا كە منی لێبووم - لانی كەم، من ئەو چەكە قورسانەم نەبینی كە بەكار بهێنرێن. بەزۆری تەنها چەكی ڕیز، دەمانچە و نارنجۆك وەها دیار بوو كە ئامرازەكانی پەلاماردانیان بن بۆ سەر نیشتەجێكان، بەڵام بێگومان تێڵا و قاچەكانیشیان، كاتێك كە شەقیان لە خەڵك هەڵدەدا. ئەو ژن و كچانەی كە دەستگیركرابوون نەك تەنها دەستدرێژی سێكسییان كرابووە سەر بەڵكو هەروەها سوتێنرابوشن. من ئەوە دەزانم چونكە خۆم یەكێك بووم لەوان: دوای ئەوەی كە دوای داگیركردنی گوندەكەمان من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی كە هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو، من دەستگیركرام و شانبەشانی ئەوانی تر مامەڵەی خراپم لەگەڵ كرا. زۆربەی سەربازەكان پێدەكەنین. هەتا زیاتر بگریاینایە، ئەوان زیاتر پێدەكەنین." |

## جینۆساید [60]

### پێكهاتەكان: [61]

هەر یەك لەم كردارانەی خوارەوە كە بە نیازی تێكوپێكدانی هەموو یان بەشێكی گرووپێكی نەتەوەیی، ئێتنی، نەژادی یاخود ئاینی بێت وەك:

1) كوشتنی ئەندامانی گرووپەكە.

2) زیانگەیاندنی ڕژدی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەكە.

3) سەپاندنی مەرجی ژیان بەسەر گرووپەكەدا بە بەدەستی ئەنقەست بە مەبەستی وێرانكردن و تێكوپێكدانی جەستەیی هەموو یان بەشێكی گرووپەكە.

4) سەپاندنی پێوەری ئەوتۆ كە بە نیازی بەرگرتن بێت لە منداڵبوون لەناو گرووپەكەدا.

5) بە زۆرەملێ منداڵانی گرووپەكە بگوێزرێتەوە بۆ لای گرووپێكی تر.

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەكدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی كە تێیدا ڕوویداوە | نموونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی كە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە كەڵك بن كە ئەو كردارە (بۆ نمونە كرداری كۆیلایەتی سێكسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
|---|---|---|
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرئەنجامە دەكات كە ئەو كردارە (بۆ نمونە كرداری كۆیلایەتی سێكسی یاخود كرداری توندوتیژی كە سروشتێكی سێكسی هەبێت) بەتایبەت بە مەبەستی تێكوپێكدانی ئەندامانی گرووپەكە ئەنجام دراوە (وە چ زانیارییەك هەیە كە ئەوە نیشان بدات ئەم گرووپە تایبەتمەندی هاوبەشی گرووپێكی نەتەوایەتی، ئێتنی، ئاینی یاخود نەژادییان هەبووە)؟ [62] | ئایا لەو ماوەیەدا كە تۆ لەوێ ڕاگیرابوویت كاتی ئەوتۆ هەبووە كە تۆ چاوت لە كەسێك بێت كە وەها دیار بێت بەرپرس بێت بەناو قاوشەكاندا بگەڕێت؟ ئەگەر وەها بووە، تۆ چۆنت زانی كە ئەو كەسە بەرپرسە؟ چ شتێك وەهای لێكردیت كە بگەیتە ئەو دەرئەنجامە؟ ئایا كاتی ئەوتۆ هەبووە كە تۆ گوێت لە هەر كەسێكیان بێت هیچ شتێك بڵێت؟ تۆ باسی ئەوەتكرد كە بە تۆ و ئەوانەشیان دەووت "قالۆنچەكان" كە لەگەڵ تۆ ڕاگیرابوون. ئایا دەزانیت مەبەستیان لەوە چی بوو؟ | **نیاده:** "لەڕاستیدا من بەرپرسێكی پایەبەرزم بینی [63] كە لەو 10 مانگەدا كە من لەوێ ڕاگیرابووم دووجار هات بۆ قاوشەكان. یەكێكیان لە جەژنی ئاینیی هاندا بوو، كە جەژنێكە لەلایەن ئەو گرووپی ئاینی و نەژادییەوە ڕێوڕەسمی بۆ ساز دەكرێت كە مێلیشیاكان وابەستەبوون بەوانەوە، واتە هۆزی هان. ئەویتریان لە ڕۆژی پشكنینی هێزە چەكدارەكاندا بوو. لە هەردوو ڕۆژەكەدا من داواملێكرا كە خۆمبگۆڕم و جلوبەرگی جوانیان دامێ كە لەبەری بكەم؛ تەنها لەو كاتانەدا بوو كە من جلوبەرگی جوانم پێدرابێت. ئەوەی كە دەستگیری كردبووم (كە بە ژنی خۆی بانگی دەكردم) هێنامیە دەرەوە بۆئەوەی بە 'ژنی ناو دارستان' ـە جوانەكەیەوە خۆی بنوێنێت وە منیش دەبوایە بۆ ئەو مەبەستە خۆم بگۆڕم. من حەزم لەو ڕۆژانە بوو چونكە، بۆ چەند ڕۆژێك بەر لەوە، ئەوەی كە دەستگیری كردبووم وازیلێدەهێنام و منیش دەمتوانی لەبەردەم میوانە گرنگەكاندا 'بەرێكوپێكی ئەركی خۆم جێبەجێبكەم'؛ |

60 ئەم كارنامەی بەڵگەیە تیشكۆی خستۆتە سەر تاوانەكانی توندوتیژی سێكسی؛ بەو واتایە هەندێك كرداری دیاریكراو لێرەدا دانەنراون، وەك كوشتن و گواستنەوەی زۆرەملێ.

61 جینۆساید ڕەنگە پێویستی بە دوو هەنگاوی جیاواز بێت: 1) بەڵگە كە ئەوە نیشان بدات كە كرداری توندوتیژی سێكسی یەكێك لە پێنج كرداره ڕیزبەندكراوەكەی تاوانی جینۆسایدی تێدا هاتۆتە دی وە 2) بەڵگە كە ئەوە نیشان بدات ئەو كەسەی كە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانەیە ئەو كردارە تاوانكاریانەی بە نیازی ئەوە ئەنجام داوە كە هەموو یان بەشێكی گرووپێكی تایبەت تێكوپێكبدات لەسەر بنەما ڕیزبەندكراوە قەدەغەكراوەكان. ئەو خشتەیەی خوارەوە كردارێكی توندوتیژی سێكسی وەك نموونەیەك دەستەبژێر دەكات و پێكهاتەكانی لەسەر تاقیدەكاتەوە.

62 ئەم پێكهاتەیە پێكهاتەی نیازی تایبەتی جینۆسایدە، كە دەبێت بهێنرێتە دی لە پێناوی ئەوەدا كە كەسێك بە تاوانبار بناسرێت لەسەر هەر یەك لە كردارە بنەڕەتییەكانی تاوانی جینۆساید. نیازی تایبەت بۆ تێكوپێكدانی گرووپەكە پێویستە بە بەڵگەی دیاریكراوەوە نیشان بدرێت. ئەوە سەرباری هێنانەدی دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی، هەر وەك لە بەشی (ت) دا هاتووە.

63 پێویست بەوە ناكات كە ئەو كەسەی كە دەڵێن گوایە بەرپرسیارە لەو كردارە تاوانكاریانەی كە دەگەنە ئاستی جینۆساید كاربەدەستێكی پایەبەرز بێت. ئەمە تەنها یەك نموونەیە بۆ مەبەستی ئەم كارنامەیە.

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵك بن کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
|---|---|---|
| | ئایا ئەو کەسانە کێ بوون کە پێیان دەووتن "قالۆنچەکان"؟ ئایا دەکرێت مەبەستیان کەسێکی تر بووبێت؟ ئایا هیچ شتێك دەزانیت دەربارەی ئەوەی کە ئەندامەکانی تری گرووپەکە چییان بەسەر هات؟ | مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە ئەو ئەوەندە لەگەڵ من دڕندە بوو کاتێك کە دەستدرێژی دەکردمە سەر زۆرجار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەوەدوا نەمدەتوانی بەباشی بڕۆم و زۆرجار نەخۆش دەکەوتم نەمدەتوانی بە هیچ جۆرێك هەستمە سەرپێ. بەڵام لەکاتێکدا کە پێشبینی سەردانیان دەکرد لە ئاستێکی وەها بەرزدا، ئەوەی کە منی گرتبوو خواردنی باشی دەدامێ، ڕێگەی پێدەدام کە بەتەنها بخەوم و پەنجەی بۆ نەدەبردم. ئەو ڕێگەی پێدەدام کە خۆم بشۆم و پۆشاکی جوان لەبەر بکەم و بۆ ماوەیەك لە مامەڵەی خراپی ئەو دوور دەکەوتمەوە. کاتێك کە سەردانکارە پایە بەرزەکە دەگەیشتە جێگە، ئەوان پێیان دەووت 'پاشا'. من نازانم ئەو چ پایەیەکی هەبوو، بەڵام ئەو کەسێکی گرنگ بوو، چونکە ئەو بە قافڵەیەکی تەواوی ئۆتومبێلەوە دەگەیشتە ئەوێ و زیاتر لە 20 مێلیشیای چەکدار لە دەوروبەری بوون. ئەو زنجیری ئاڵتونی لە ملدا بوو. کاتێك کە گەیشتە ئەوێ، ئەو بە دەنگی بەرز و بە ڕوونی شتی وەك ئەمانەی وت، بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێی لێ بێت: 'باشە، کەوابێت ئەمە ژنە قالۆنچەکەی تۆیە! من شتی باشم دەربارەی ئەو بیستووە. هەموو ژنە قالۆنچەکان بۆ من بهێننە دەرەوە بۆ ئەوەی پشکنینێك ئەنجام بدەم. دەمەوێت ئەوە دڵنیا بکەم کە پیاوەکانم باشترین جۆری جڕوجانەوەرەکانیان لەلایە بۆ ئەوەی هەتا دەکرێت بەهێزتریان بکەن لە پاککردنەوەی شوێنەکەدا. با ژنە قالۆنچەکانتان نیشانتان بدەن هەموو قالۆنچەکان لەکوێ خۆیان دەشارنەوە؛ یەکسەر دوای ئەوەی کە کارەکەتان تەواو بوو ئێوە لانی کەم جیهانتان پڕکردووە لە کۆرپەی نیوە- هان و هەموو ئەو قالۆنچانەی دەوروبەری خۆتانتان کوشتووە کە هەموو خوێنەکەیان هەر هی قالۆنچەیە.' کاتێك کە ناویان نابن قالۆنچەکان ئەوان مەبەستیان هۆزەکەی من بوو؛ خەڵکی ئێمە خانووەکانیان لەناو زەویدا دروست دەکەن، ئەوە دابونەریتی ئێمەیە. هیچ کەسێك کە بە 'قالۆنچە' ناوبرابێت ئەندامی هیچ گرووپێکی نەژادی تر نەبوو." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) بە نیازی گەیاندنی زیانی جەستەیی یاخود دەروونی ترسناك ئەنجام دراوە بە ئەندامانی گرووپەکە؟ | ئایا تۆ لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەوانە تێگەیشتیت کە گرتبویانیت یاخود شێوازی بیرکردنەوەیانت زانی، وە ئەو دەیویست چ شتێك بەدەست بهێنێت، ئەگەر هەر شتێك بووبێت، لەو شێوازی ئازاردانەی کە مامەڵەی لەگەڵ تۆ دەکرد؟ ئایا ئەو هیچ کاتێك باسی ئەوەی دەکرد کە بۆچی مامەڵەی خراپ لەگەڵ تۆ دەکات؟ | **ئیفادە:**"من نەمدەتوانی مێشکی ئەو بخوێنمەوە. بەڵام دەتوانم پێتان بڵێم ئەو بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کە زۆر لەگەڵ من خراپ بێت وە ئاستی نوێی دڕەندەیی لەگەڵ من تاقیدەکردەوە. بۆ نمونە، ئەو جارێکیان هەوڵی دا بزانێت دەتوانێت مۆمێکی داگیرساو بکات بە زێمدا بەبێ ئەوەی کە بکوژێتەوە. ئەو بەر لەوەی کە کۆڵ بدات شەش جار هەوڵیدا بەو کارە هەستێت، وە کاتێك دوای ئەوە لاقەی کردم، ئازارەکەی لەڕادەبەدەر بوو. قیژاندنی من وەها دیاربوو کە وەهای لێبکات ڕێگەی زیاتر بدۆزێتەوە بۆ ئازاردانی من. ئەو باسی هەموو ئەو ئەندامانەی هۆزەکەی خۆمی بۆ دەکردم کە ئەو ڕۆژە کوشتبوونی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وزەیەوە کە من بە شەو 'بەوم دەبەخشی'. |

پاشکۆ 1

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نموونەی پرسیار دەربارەی ئەو زەمینەیەی کە تێیدا ڕوویداوە | نمونەی پرسیار لەسەر ئەو بەڵگە/ زانیاریانەی کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بە کەڵک بن کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ |
|---|---|---|
| | | ئەو هەندێك جار ناوی ئەو خێزانانەی دەبرد کە خۆی و جەنگاوەرەکانی هاوڕێی کوشتبوویانن و بە منی دەووت ئەگەر هەرگیز "ئەو بەجێبهێڵم" ئەو دەچێت ڕاوی هەر تاکە ئەندامێك و هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەم دەکات. |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەو کردارە (بۆ نمونە کرداری کۆیلایەتی سێکسی) بە نیازی گەیاندنی زیانی جەستەیی یاخود دەروونی ترسناك ئەنجام دراوە بە ئەندامانی گرووپەکە؟ | ئایا تۆ لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەوانە تێگەیشتیت کە گرتبویانیت یاخود شێوازی بیرکردنەوەیانت زانی، وە ئەو دەیویست چ شتێك بەدەست بهێنێت، ئەگەر هەر شتێك بوو بێت، لەو شێوازی ئازاردانەی کە مامەڵەی لەگەڵ تۆ دەکرد؟ ئایا ئەو هیچ کاتێك باسی ئەوەی دەکرد کە بۆچی مامەڵەی خراپ لەگەڵ تۆ دەکات؟ | **ئیفادە:**"لە ڕاستیدا ئەوەی مایەی گاڵتەجارییە ئەوەیە کە من یەکێك بووم لەوانەی کە پێیان دەڵێن 'خۆشبەختەکان'. زۆربەی کچ و ژنەکانی تر لەگەڵ مێردەکانیان و باوکیان بران بۆ شوێنێکی تر، کە لەوێ بە مەبەست لەیەك جیاکرانەوە. ئەو پلانی جیاکردنەوەیە ئەوەندە زۆری خایاند وە دوای ماوەیەك دەرکەوت کە جیاکردنەوەکە بە مەبەستی ئەوە بووە کە ئەوە دڵنیا بکەن کە نەژادەکەمان هیچی دیکە منداڵیان نەبێت. ئەوان یەکتربینینیان لە پیاوەکان و ژنەکان قەدەغە کرد، بێجگە لە هەفتەی جارێك بۆ ماوەی 30 خولەك لەو دیو تەلبەندێکەوە. ئەوان دوای ئەوە ژنەکانی هۆزی (هان) یان نارد کە پیاوەکان لاقە بکەن و پیاوانی هۆزی هانیش کە ژنەکان لاقە بکەن، بەو جۆرە ژمارەیەکی زۆری ژنانی هان و ژنانی هۆزەکەمان لە ئەنجامی ئەو لاقەکردنیانەوە دووگیان بوون. ژنە دووگیانەکانیان لە شوێنێکی تر هێشتەوە و ئەگەر ڕەنگی کۆرپەکان زۆر تۆخ بوایە هەر لەوێدا دەیانکوشتن. دوای ماوەیەك ئەوە بۆ هەموو کەس ڕوونبوەوە کە ئەوان سیستەمێکیان دامەزراندبوو بۆ بەرهەمهێنانی کۆرپە کە ڕەنگی پێستیان کاڵتر بێت و بەرگرتن لە ئێمە کە منداڵی هۆزی خۆمانمان ببێت. من ئەوە دەزانم چونکە هەموو ژنەکانی تری خێزانەکەم، بێجگە لە خوشکە گەورەکەم، لەو شوێنە هێڵرابوونەوە. کاتێك کە جەنگەکە لە کۆتایی نزیك بووبوەوە، ئەوانەی کە ئێمەیان گرتبوو نائومێد بوون، وە پلانەکەیان بۆ بەرهەمهێنانی کۆرپە کە ڕەنگی پێستیان کاڵتر بێت و بۆ بنەبڕکردنی هۆزەکەمان هەر بوو بە بنەبڕکردن: ئەوان دەستیان کرد بە شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی هەموو دەستگیرکراوەکانی گرووپە نەژادییەکەی من. زۆریان لە پرۆسەکەدا مردن و ئەوانی تریش هەتا ماون هەر زامەکانیان دیار دەبێت." |
| ئایا چ زانیارییەك پشتگیری ئەو دەرەنجامە دەکات کە ئەو کردارە بە نیازی سەپاندنی پێوەری ئەوتۆ ئەنجام دراوە کە مەبەست لەوە بەرگرتن بووە لە منداڵبوون لەناو گرووپەکەدا؟ | بڕوانە ئەو پرسیارانەی سەرەوە. | (ڕاستییەکان وەك لەسەرەوە خراونەتە ڕوو وەها دیاران کە ئەم پێکهاتەیەش بهێننە دی.) |

پاشکۆ 1

## بەشی ت: ئایا کێ (وەك دەڵێن گوایە) ئەو تاوانەی ئەنجام داوە؟ (ئایا کێ دەڵێن گوایە لەوە بەرپرسیارە و لە ڕێگەی چ دۆخێکی بەرپرسیارێتی یاساییەوە [64] - واتە ڕاستەوخۆ یاخود لەڕێگەی بەرپرسیارێتی فەرماندە/ کەسانی باڵادەستەوە؟ [65])

### بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ

**پێکهاتەکان:**

تۆمەتبارکراو ئەو تاوانەی ئەنجام داوە (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، یاخود وەك بەشدار لە ئەنجامدانی تاواندا)، فەرمانی بۆ ئەوە دەرکردووە، دەڵاڵی کردووە، هانی داوە، یارمەتی داوە و ئاسانکاری بۆ کردووە، یاخود بە جۆرێکی دیکە بەشداری کردووە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی تاوانەکە (بە ئەنقەست یان بەهۆی کەمتەرخەمییەوە) - یاخود هەوڵی بە ئەنجامگەیاندنی تاوانەکەی داوە (بە ئەنقەست یان بەهۆی کەمتەرخەمییەوە) لەلایەن گرووپێکەوە کە هەموویان یەك مەبەستی هاوبەش کۆیکردونەتەوە. [66]

| ئایا کێ لەوانەیە بەرپرسیار بێت، وە چۆن؟ | نمونەی پرسیار کە دەشێت ئەو زانیاریانە هەڵبهێنجێت کە سەبارەت بەوەن دەبێت کێ بەرپرسیار بێت وە چۆن | نمونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك بێت کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکاریانە بەرپرس بن کە بەو جۆرە ئەنجام دراون |
|---|---|---|
| ئایا چ ڕاستییەك بەکەڵکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تاکەکەس(انە) و گرووپ(انە) کە دەڵێن گوایە ئەو تاوانانەیان ئەنجامداوە؟ ئایا چ ڕاستییەك هەیە کە ئەوە نیشانبدات کە کەسێکی دیاریکراو پلانی بۆ ئەو تاوانە داناوە (بۆ نمونە کۆیلایەتی سێکسی) وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی؟ ئایا چ ڕاستییەك هەیە کە ئەوە نیشانبدات کە کەسێکی دیاریکراو دەشێت ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت، فەرمانی دابێت بۆ ئەنجامدانی، دەڵاڵی بۆ کردبێت، هانی ئەنجامدانی دابێت، یارمەتی دابن بۆ ئەنجامدانی یاخود ئاسانکاری بۆ کردبن و بزواندبنی بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە؟ | ئایا دەتوانیت وەسفی ئەوانە بکەیت کە تۆ دەڵێیت ئەو کردارانەیان ئەنجام داوە کە تۆ بۆ منت باس کردن؟ تکایە بە ئەرك نەبێت دەتوانیت باسی جۆری جلوبەرگەکانیانم بۆ بکەیت؟ ئایا هیچ ڕەمز و نیشانێکی پلەداریان پێوە بوو؟ ئەوەی بە سەریانەوە بوو/ ئەوەی کە لەپێیاندا بوو، ئایا چییان بەدەستەوە بوو، هەر نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ڕوخساریان - چەکەکانیان، ئامێرەکانیان، ئۆتومبێلەکانیان، بە چ زمانێك قسەیان دەکرد، هتد.؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت لە کەسێکی کاربەدەست بێت؟ ئایا تۆ ئەوە چۆن دەزانیت، یاخود چ شتێك وەهای لێکردیت بگەیتە ئەو دەرەنجامە، کە ئەو کەسە کەسێکی کاربەدەست بوو؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ گوێت لە دەنگی ئەو کەسە بێت (ئەو کەسانە بێت) هیچ شتێك بڵێت؟ | **نیفادە:** دەربازبویەکی کۆیلایەتی سێکسی وە تاوان لە دژی مرۆڤایەتی وەها باسی ئەوانەی کرد کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن کە پۆشاکی یەکپۆشی شینیان لەبەردابووە، کێرد و نارنجۆکیان بەدەستەوە بووە، دەستکێشیان لەدەستدا بووە و بێرییان لەسەردا بووە و ئامێری بێتەلیان بەدەستەوە بووە. ئەو باسی ئەوەی کرد کە ئەوانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن سڵاویان بۆ کەسێکی دیاریکراو کرد کە ئەوان پێیاندەوت بەڕێز X، وە ئەو چاوی لێیبووە فەرمانی پێکردوون و ئەوانیتریش کە سڵاویان بۆ کردبوو ئەو فەرمانانەیان بۆ جێبەجێدەکرد. ئەو بە شەو ئەوەندە لێیان نزیك بوو گوێی لێیان بوو و چاوێشی لێیان بوو کاتێك بەڕێز X و ئەوانیتر دادەنیشتن و پلانیان بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژی دواتر دادەنا. ئەو چەندەها جار لەوێ بووە کاتێك بەڕێز X لەڕێگەی ئامێری بێتەلی هۆکی تۆکییەوە فەرمانی لە کەسێکی ترەوە پێگەیشتووە.<br><br>**بەڵگەنامەیی:** |

64 ئەم هاوپۆلەی بەڵگە بە شێوەیەکی نەریتی لاوازترین پێکهاتەی بەدادگەیاندنی توندوتیژی سێکسی بووە و هۆکاری پشت زۆربەی هەرە زۆری بڕیاری بێتاوانی یاخود لابردنی تۆمەتە لەسەر تۆمەتبارانی توندوتیژی سێکسی. کارێکی باش دەبێت کە هەندێك کات بۆ دۆخی بەرپرسیارێتی یاسایی دابنێیت و پرسیاری هۆشیارانە بکەیت، چونکە بەبێ ئەوە بەڵگەکانی تر هیچ بەرهەمێکیان نابێت. گەلێك ڕەوش هەبووە کە لەوێدا دادوەرەکان وتوویانە "ئێمە بەبێ هیچ گومانێکی ڕەوا خاترجەمین کە بە دڵنیاییەوە توندوتیژی سێکسی ڕوویداوە، بەڵام ئەوەندە بەڵگە لەبەردەستدا نیە بۆ سەلماندنی بەرپرسیارێتی تاکەکەسی داوالەسەرکراو بۆ ئەو کردارانە." ئەم بەشەی پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردن زۆر گرنگە.

65 زۆرجار خەڵک لەو باوەڕەدان کە تەنها "جۆر" یان "هاوپۆل" ێکی دیاریکراوی شایەتەکان (وەك شایەتی ئاستی بەرزی ناو ڕووداوەکان) زانیاری لەلا دەبێت دەربارەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن گوایە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو ئەنجامدەری تاوانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لە تاوانەکانەوە دوور بێت و پەیوەستەی نێوان کردارەکە و ئەنجامدەری تاوانەکە ڕاستەوخۆ نەبێت. ڕێنمایی بەو جۆرەیە کە بەبەڵگەنامەکاران و لێکۆڵەران ئەوپەڕی هەوڵ بدەن کە خۆیان بەدوور بگرن لە دانانی گریمانە سەبارەت بە هەر شایەتێکی دیاریکراو. ئەو شایەتانەی قوربانی تاوان کە پێشتر هەرگیز چاویان بەو کەسانە نەکەوتووە کە لە ئاستێکی بەرزدان و لەوێوە دوورن (کە دەڵێن گوایە) ئەنجامدەری تاوانەکانن زۆرجار بەهێزترین بەڵگەی ئەڵقەی پەیوەندی دەدەن بەدەستەوە لە پەیوەندیدا بەو بەرپرسە گەورانەوە کە بە ئەنجامدانی تاوان لە مەیدانی ڕووداوەکاندا تۆمەتبارکراون. هەر یەك لە شایەتەکان دەبێت سەبارەت بەو پرسانە پرسیاریان لێبکرێت؛ پرسیار لێنەکردنیان لەدەستدانی بەڵگەی ئەڵقەی پەیوەندی زۆر گرنگ دەخاتە مەترسییەوە.

66 ئەنجامدەری تاوان (پەیماننامەی دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی بەندی 25(3)(أ) دەکرێت یان تاکەکەس/ ئەنجامدانی ڕاستەوخۆ و بەدەستی خۆی بێت یاخود ئەنجامدانی تاوانێك بێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تر؛ بەشداری لە ئەنجامدانی تاواندا پشت بە کۆنترۆڵکردنی هاوبەش دەبەستێت بەسەر تاوانەکەدا، یاخود ئەنجامدانی تاوان لەڕێگەی کەسێکی ترەوە؛ فەرمانپێکردن ئاراستەکردنی کەسێکی ترە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك؛ سازکردن/فریودان هاندانی کەسێکی ترە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك؛ کۆمەککردن و بزواندن فەراهەمکردنی یارمەتی کردارەکییە (بۆ نمونە لەڕێگەی فەراهەمکردنی هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانەکەوە) یاخود فەراهەمکردنی هاندان یاخود پشتگیری ئەدگاری بۆ ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە.

| ئایا کێ لەوانەیە بەرپرسیار بێت، وە چۆن؟ | نمونەی پرسیار کە دەشێت ئەو زانیاریانە هەڵبهێنجێت کە سەبارەت بەوەن دەبێت کێ بەرپرسیار بێت وە چۆن | نمونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك بێت کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکاریانە بەرپرس بن کە بەو جۆرە ئەنجام دراون |
|---|---|---|
| | ئەو وتی چی، ئەو قسەیەی بە کێ وت، لە چ هەلومەرجێکدا بوو و ئەنجام یان کارادانەوە چی بوو بۆ ئەو قسانەی کە ئەو کردنی؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ چاوت لە کارلێککردن بێت لەناو کەسانی ئەو گرووپەدا؟ ئایا تۆ توانیت چ شتێك تێبینی بکەیت سەبارەت بە کارلێککردنەکەیان؟ ئایا کاتی ئەوتۆ هەبووە کە تۆ گوێبیستی ئەوان بوو بێت یەکتر بانگ بکەن، بە ناو، بە نازناو/ پلە، بە پێگە هتد.؟ | تۆ دەستت بە ئەرشیفی گرووپێکی چەکدار ڕادەگات کە سەدەها ڕاپۆرتی نەبەردی ڕۆژانە و هەفتانەی لەخۆگرتووە لە کاربەدەستە باڵاکانەوە بۆ هێزەکان لە مەیدان، بێجگە لە ڕاپۆرتی نەبەرد لە هێزەکانەوە لە مەیدان بۆ فەرماندە یاخود کاربەدەستە باڵاکان.<br>**تۆماری ڤیدیۆیی/ دەنگی:** "تۆ تۆمارێکی دەنگیت دەستدەکەوێت کە بەڕێز X فەرمان لە ئامێرە بێتەلە دەستییەکەوە وەردەگرێت، لەلایەن شایەتێکی ناو ڕووداوەکانەوە تۆمارکراوە. شانبەشانی تۆمارە دەنگییەکە، ئەو شایەتە ئیفادەیەکت دەداتێ کە هەموو وردەکارییەکانی ئەوەی لەخۆگرتووە کە کێ بووە، چی بووە، کەی بووە، لەکوێ بووە، بۆچی بووە و چۆن بووە و هەروەها ئەو چۆن ئەوەی زانیوە کە ئەوە بەڕێز X بووە فەرمانی بەدەستگەیشتووە، لەگەڵ هەموو ئەو زانیاریانەی کە ئەو لەلای بووە سەبارەت بەو کەسەی کە ئەو فەرمانانەی دەرکردووە - وە چ شتێك وەهایلێکردووە بگاتە ئەو دەرەنجامە. |

## بەرپرسیارێتی فەرماندە/ کەسانی باڵادەست

### پێکهاتەکان:

فەرماندە سەربازییەکان

- فەرماندە سەربازییە یاساییەکان یان ڕاستەقینەکان فەرماندەیی و کۆنترۆڵی کاریگەریان هەیە بەسەر ئەوانەدا کە لەژێر فەرمانیاندان.
- ئەو زانیویەتی یان دەبوایە بیزانیایە کە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان تاوان ئەنجام دەدەن.
- ئەو ڕێوشوێنی ماقوڵی نەگرتوتە بەر بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی تاوانەکان، بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکان، یاخود ڕادەستکردنیان بۆ بەردەم دەسەڵاتدارانی لێهاتوو بۆ لێکۆڵینەوە.
- لە ئەنجامی ئەوەوە، تاوانەکە ئەنجام دراوە.

فەرماندە مەدەنییەکان

- پەیوەندی نێوان کەسانی باڵادەست و ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیاندان بە دەسەڵات و کۆنترۆڵێکی چالاکی باڵادەستان ناسراوە بەسەر ئەوانەدا کە لەژێر فەرمانیاندان.
- ئەو زانیویەتی یاخود بە هۆشیارییەوە ئەو زانیاریانەی فەرامۆشکردووە کە بە ڕوونی ئەوەی نیشانداوە کە ئەوانەی لەژێر فەرمانیدان تاوان ئەنجام دەدەن.
- تاوانەکان چالاکی بوون لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی و کۆنترۆڵی کارای کەسی باڵادەستدا.
- ئەو هەموو ڕێوشوێنە پێویست و ماقوڵەکانی نەگرتوتە بەر بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی تاوانەکان، یاخود بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکان، یاخود ڕادەستکردنیان بۆ بەردەم دەسەڵاتداران بۆ لێکۆڵینەوە.
- لە ئەنجامی کۆنترۆڵنەکردنی گونجاو بەسەر ئەوانەدا کە لەژێر فەرمانیدان، تاوانەکە ئەنجام دراوە.

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نمونەی پرسیار کە دەشێت ئەو زانیاریانە هەڵبهێنجێت کە سەبارەت بەوەن دەبێت کێ بەرپرسیار بێت وە چۆن | نمونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك بێت کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکاریانە بەرپرس بن کە بەو جۆرە ئەنجام دراون |
|---|---|---|
| چ ڕاستییەك ئەوە نیشان دەدات کە کەسێکی دیاریکراو کۆنترۆڵی کاریگەری هەبووە (بۆ سەرکردەیەکی سەربازی) یاخود پەیوەندی نێوان کەسانی باڵادەست و ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیاندان (بۆ سەرکردەیەکی مەدەنی) بەسەر ئەواندا کە لەژێر فەرمانیدان؟ | ئایا تۆ توانیت بگەیتە هیچ دەرەنجامێك سەبارەت بە هیچکام لە پیاوە چەکدارەکان کە ڕەنگە بەرپرسیارێتی هەبووبێت بەسەر ئەوانی تردا؟ ئایا دەتوانیت بە من بڵێیت چ شتێك بەتایبەت وەهای لێکردیت کە بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟ ئایا دەتوانیت ئەوە ڕوونبکەیتەوە؟ ئایا تۆ چاودێری هیچ کارلێککردنێکت کرد لەنێوان ئەو کەسانەی کە وەهایان لە تۆ کرد و ئەوانی تر لەناو گرووپەکەیاندا کە لەوانەیە هاتبن و چووبن؟ ئایا تۆ چیت بینی و چیت بیست؟ ئایا کەسێك، یاخود چەند کەسێکی کەم هەبوو کە وەها دیار بوون هێز و دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت وەك لەوانی تر؟ تکایە ڕوونی بکەرەوە. | **ئیفادە:**"من فەرماندە ئەلێکسم بینی کە هات بۆ ئەو بنکەی ڕاگرتنەی کە منی لێ ڕاگیرابووم. من لانی کەم مانگی دووجار ئەوەم دەبینی. ئەو هەموو کاتێك دوو پاسەوانی تایبەت بەملاو ئەولایەوە بوون؛ ئەو لە دوای جیپەکەدا سوار دەبوو وە هەر کات دەگەیشتە ئەوێ پاسەوانە تایبەتەکانی دەرگاکیان بۆ دەکردەوە. من دەمتوانی هەموو شتێك ببینم و ببیستم، چونکە ئەوان هەمیشە شیرینی و خواردنەوەی بەهێزیان بە من ئامادە دەکرد و بۆم دەهێنانە دەرەوە کاتێك کە فەرماندەکە دەگەیشتە جێ. هەموویان هەستانە سەرپێ بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکەن، بەپێوە ڕاوەستان بۆ ئەوەی ئامادە بن و داوای هەر شتێك بکات ئەنجامی بدەن. من نازانم پاشناوی ئەو چی بوو، بەڵام ئەوانی تر پێیان دەووت فەرماندە ئەلێکس. تەنانەت سەرکردەی پاسەوانەکان لە بنکەی ڕاگرتن - کە ناوی مایڵۆ ئۆمین بوو - بە ئاشکرا لەژێر فەرمانی ئەلێکسدا بوو - ئۆمین بەپێوە ڕاوەستا بۆ ئەوەی ئامادە بێت و کاتێك کە فەرماندە ئەلێکس بە ئۆمینی ڕاگەیاند 'گەشتەکە'، ئۆمین یەکسەر دەرپەڕی بۆ ئەوەی پێشی فەرماندە ئەلێکس بکەوێت و بەناو ئەو شوێنەدا بیگێڕێت." |
| ئایا چ ڕاستییەك ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسە بە تایبەت زانیویەتی یان دەبوایە بیزانیایە (بۆ فەرماندە سەربازییەکان) کە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان تاوان ئەنجام دەدەن (لەم کەیسەدا توندوتیژی کە سروشتێکی سێکسی هەبێت)، یاخود بە هۆشیارییەوە (بۆ فەرماندە مەدەنییەکان) ئەو زانیاریانەی فەرامۆش کردووە کە بە ئاشکرا ئەوەی دەرخستووە کە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان تاوان ئەنجام دەدەن؟ | بە گوێرەی بەسەرهاتەکانی خۆت، ئایا هیچ هۆکارێکت بەدەستەوەیە کە لەو باوەڕەدابیت فەرماندە ئەلێکس زانیویەتی کە تۆ و ژنە گەنجەکانی تر مامەڵەی خراپتان لەگەڵ کراوە، ئیتر ئەوە سێکسی بێت یان بە جۆرێکی تر؟ ئایا چ شتێك وەهای لێکردیت کە بڵێیت ئەو زانیویەتی؟ ئایا ئەوە چی بوو کە تۆ بینیت یاخود بیستت کە وەها دەربخات فەرماندە ئەلێکس زانیویەتی؟ یاخود چ شتێك وەهای لێکریت کە بڵێیت کە ئەو دەبوایە بیزانیایە، یاخود ئەو بە هۆشیارییەوە ئەو زانیاریانەی فەرامۆش کردووە کە بە ئاشکرا وەهایان دەردەخست کە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان تاوانیان ئەنجام داوە (لەم کەیسەدا توندوتیژییەك کە سروشتێکی سێکسی هەبێت)؟ | **ئیفادە:**"ئۆمین فەرماندە ئەلێکسی بەناو بنکەکەدا گێڕا و زانیاری نوێی پێدا سەبارەت بەو کەسانەی کە لەو شوێنە ڕاگیرا بوون. فەرماندە ئەلێکس هەموو جارێك کە دەگەیشتە ئەوێ چاوی بە من دەکەوت و بەناو ئەو ژوورەدا دەگەڕا کە من لەگەڵ ژنە گەنجەکانی تر لەوێ ڕاگیرا بووم. ئێمە بۆ دووروبەری ساڵێك لەوێ ڕاگیراین و ئەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بەردەوام سەردانی ئەوێی دەکرد و هەموو جارێك بەو ناوەدا دەگەڕا. دەرگاکەمان قفڵێکی پێوە بوو. ژوورەکە زۆر ناخۆش بوو وە ژمارەیەکی زۆری ئێمە لەوێ ڕاگیرابووین، هەر وەك بە ژمارەی دۆشەکەکانی سەر ئەرزەکە و چەند شتێکی کەمی ناو ژوورەکەدا دیاربوو، هەروەها بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ژمارەیەکی زۆر ژنی گەنج لەوێ بوون کاتێك کە فەرماندە ئەلێکس بەو ناوەدا دەگەڕا. لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو هەمان ئەو ژنانەی لەوێ دەبینییەوە. ئەو بینیوێتی کە تەندروستیمان خراپ بووە و کێشمان دابەزیوە. ئەو بینیوێتی کە ئێمە لەناو ئەو ژوورەدا بووین پێکەوە، وە ئەو دەبێت ئاگادار بووبێت کە ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان لە ماڵی خۆیان دوور بوون. |

| ئایا ئەوە لە چ زەمینەیەکدا ڕوویداوە؟ | نمونەی پرسیار کە دەشێت ئەو زانیاریانە هەڵبهێنجێت کە سەبارەت بەوەن دەبێت کێ بەرپرسیار بێت وە چۆن | نمونەی ئەو بەڵگە/ زانیاریانە کە دەشێت بۆ سەلماندنی ئەوە بەکەڵك بێت کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ئەو کردارە تاوانکاریانە بەرپرس بن کە بەو جۆرە ئەنجام دراون |
| --- | --- | --- |
| | | ئەو هەروەها لەکاتی گەڕانیدا بەو ناوەدا ژوورەکانی لێکۆڵینەوەی بینیوە، وە لە ژوورەکانی لێکۆڵینەوەدا دۆشەك، هەموو جۆرە جلوبەرگێك و سەتڵە ئاوی لێبوو." |
| ئایا چ ڕاستییەك ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسە بەری لە ڕوودانی ئەو کردارە نەگرتووە (لەم کەیسەدا کرداری توندوتیژی سێکسی)، بە سزادانی ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی تاوانەکە (ئەوانەی کە لەژێر فەرمانیدان)، یاخود کە داوا پێشکەش بە دەسەڵاتداران بکات بۆ لێکۆڵینەوە؟ | ئایا دەتوانیت پێمبڵێیت ئەگەر تۆ بینیبێتت هیچکام لە پاسەوانەکان سەرکۆنە کرابێت، یاخود بە هەر جۆریکی تر ڕووبەڕووی هەر دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو بووبنەوە لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ تۆ و ژنەکانی تر ئەنجامیان داوە؟ ئایا تۆ هەرگیز چاوت لەوە کەسە بووە کە بەرپرس بووە بە هیچ جۆرێك پاسەوانەکان ڕاستبکاتەوە یان جڵەوگیرییان بکات؟ تکایە بۆم ڕوونبکەرەوە چی ڕوویدا. ئایا ئەو هەرگیز هیچ شتێکی وتووە یان کردووە سەبارەت بە مامەڵەی ئەوان بۆ تۆ و ژنەکانی تر؟ ئەگەر وەها بووە، چی ڕوویدا؟ | **ئیفادە:**"لە ماوەی ڕاگرتنماندا لەوێ، کە زیاتر لە یەك ساڵ بوو، هیچکام لەو پاسەوانانەی کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، کە لە ئێمەیان دەدا و برینداریان دەکردین، کە دەستدرێژی سێکسییان دەکردە سەر ئێمە- ئەوەندەی من ئاگادارم، هیچکامێکیان هەرگیز سزا نەدراون. لەڕاستیدا، دوای سەردانەکەی فەرماندە ئەلێکس، وە لەگەڵ تێپەڕینی کات، هەمان ئەو پاسەوانانە وەها دیار بوون کە زیاتر لەگەڵ ئێمە ئازاد بن، وە ئێمە زیاتر لە جاران بە شەو دەهێنراینە دەرەوە، ژمارەیەکی زیاتری ئێمەیان بە یەکجار دەهێنایە دەرەوە و ئەوە لەچاو جاراندا زووزوو دووبارە دەبوەوە.<br>هیچکام لەوانە نەگوێزرایەوە بۆ شوێنی تر؛ لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ ڕاگیرابووین یەکێك لەوانە پلەی بەرزکرایەوە بۆ جێگری سەرۆکی ئەو شوێنە. یەکسەر دوای ئەوەی کە فەرماندە ئەلێکس سەردانی ئەوێی کرد و چاوی بە ژوورەکەمان و بە ئێمەش کەوت لەناویدا، ئەو پێکەنی و بە ئۆمینی وت، 'من ئیرەیی بەو ڕابواردنە دەبەم کە بۆ تۆ لواوە، کوڕی گەنج!" |
| ئایا چ ڕاستییەك ئەوە نیشان دەدات کە، بەهۆی نەگرتنبەری هەنگاوی پێویستەوە بۆ بەرگرتن لە تاوانەکان، بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوان، یاخود بە پێشکەشکردنیان بۆ دەسەڵاتداران بۆ لێکۆڵینەوە، ئەو تاوانە ئەنجام دراوە؟ | ئایا بە بیروڕای تۆ چ شتێك ڕووی دەدا ئەگەر ئەو کارێکی بکردایە بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکە؟ ئایا چۆن دەبوو ئەگەر بەر لەوەی ئەوان بەو کارە هەستن فەرمانی پێبکردنایە کە ئەو کارە نەکەن؟ | **ئیفادە:**"ئیفادە: "ئەو کۆنترۆڵێکی ئەوەندە توندی هەبوو بەسەر ئەوانی تردا، ئەوان بەڕەهایی هەموو شتێکیان دەکرد بۆ دڵخۆشکردنی. من دەمبینی کە دەترسان هەرگیز بەبێ فەرمانی ئەو یەك هەنگاو هەڵبنێن. هیچ گومانێك نیە کە ئەوان پەیڕەوی فەرمانەکانی ئەویان دەکرد ئەگەر پێیبوتنایە ئەو کارە مەکەن؛ ئەگەر ئەو پێیبوتنایە هەناسە مەدەن ئەوان هەناسەیان نەدەدا، ئەو ئەوندە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو. من زۆر جار چاوم لێی بوو کە لە پیاوەکانی خۆی دەدا لەسەر ئەوەی کە لە قسەی دەردەچوون؛ بەڵام هەرگیز لەسەر ئازاردانی ژنان وەهای لێنەدەکردن." |

# پاشکۆی 2

## پێکهاتە بنەڕەتییەکانی وەڵامدانەوەی فرە-لایەن بە توندوتیژی سێکسی



# پاشکۆی 3

## ئەنجامدانی چاوپێکەوتن: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و سەرەداوە کردارەکییە سەرەکییەکان

ڕێنوێنی تیروتەسەل لەسەر ئەو پرەنسیپە بنەڕەتیانەی کە بەسەر ئەو خاوەنپیشانەدا دەچەسپێن کە چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبوان/ شایەتەکانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی ئەنجام دەدەن لە برگەی 7 لە پرۆتۆکۆلەکەدا خراوەتە ڕوو. ئەم پاشکۆیە ئەو ڕێنوێنییە لە ژمارەیەك سەرەداوی سەرەکی کردارەکیدا پوختە دەکات:

### ڕەچاوکردنە ئامادەکارییەکان

1. ئەوە ڕەچاو بکە کە چ سیستەمێکی ڕەوانەکردن و پشتگیری/ پاراستن بۆ دەربازبوو/ شایەت بەردەستە (وە سنوردارییەکانی ئەو پشتگیری/ پاراستنە بە جوانی بۆ دەربازبوو/ شایەت ڕوونبکەرەوە). بەتایبەتی، ڕەوانەکردن بۆ پشتگیری دەرونکۆمەڵایەتی و پاراستنی شایەت بدۆزەرەوە، ئەگەر هەبن.
2. مەترسی ئەو فاکتەرانە هەڵبسەنگێنە کە پەیوەندییان بە دانیشتنی دەربازبوو/ شایەتەوە هەیە لەگەڵ تۆ وە هەڵسەنگاندنێکی مەترسی گشتگیر ئەنجام بدە.
3. تێگەیشتنێکی گونجاو بەدەست بهێنە لەسەر ئەو زەمینەیەی کە توندوتیژی سێکسی تێیدا ڕوودەدات و لەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی تاوانەکان بەگوێرەی یاسای نیشتمانی و نێودەوڵەتی.
4. ئاگاداری چالاکی تایبەت بە ڕەگەز بە لەو وڵاتە یان ناوچەیەدا کە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی تێدا ڕوودەدەن.

### کارمەندانی ڕاهێنان و پشکنین

5. ڕاهێنانێکی هەتا دەتوانیت بەرفراوان و بەهێز بۆ ئەندامانی تیمەکەت بەدەست بهێنە (بۆ نمونە چاوپێکاران و وەرگێڕەکان) (بۆ نمونە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی و/یان چاوپێکەوتن لەگەڵ مناڵ، ئەگەر وەها پێویست بکات).
6. پشکنین بۆ کارمەندانی پشتگیری خۆت ئەنجام بدە (بۆ نمونە وەرگێڕەکان، هەر نێوەندگیرێك و هەر شۆفێرێك کە کارت بۆ بکات) وە وتووێژیان لەگەڵ بکە سەبارەت بە کێشەی وەك نهێنیپارێزی و مەبەست/ ڕێبازی چاوپێکەوتنەکە. ئەوە دڵنیا بکە کە ئەوان ئەوە دەگرنە ئەستۆ کە پابەند بن بەو ڕێنوێنیانەی نهێنیپارێزی و پاراستنی زانیارییەوە کە تۆ گەڵاڵەت کردوون. پشکنین دەبێت بەتایبەتی تۆماری تاوانکارانەی کەسەکە ڕەچاو بکات، بەڵام هەروەها (هەر کات بەردەست بێت) هەر تۆمارێکیش ڕەچاو بکات کە بە تایبەت لە توانستی کەسێك دەکۆڵێتەوە بۆ کارکردن لەگەڵ مناڵ؛ هاوپەیوەستبوونی ئێستا یان پێشتری ئەو کەسە بە هەر گرووپێکی چەکدارەوە؛ هاوپەیوەستبوون بە کەسانی ترەوە کە پەیوەندییان بە گرووپە چەکدارەکانەوە هەیە؛ بابەتی بوون و هەستیاربوون؛ وریایی و ڕێزگرتنی لە دەسەڵات؛ لەگەڵ توانای بۆ وەلانانی خووە هاوبەش و نەریتییەکان کارکردن لەناو چوارچێوە و بەگوێرەی ئەو سەرپشککردنەی کە لەلایەن تیمی خاوەنپیشەکەوە دانراون.

### خۆئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتنەکە

7. پلانێکی چاوپێکەوتن ئامادە بکە (بۆ نمونە "کلێشە" یاخود هێڵی گشتی چاوپێکەوتنێکی ئامادەکاری لەگەڵ لیستێکی پرسیار/ بابەت تایبەت بە پێکهاتەکانی ئەو تاوانانەی کە بەسەر ئەو زەمینەیەدا دەچەسپێن کە تۆ بەبەڵگەنامەی دەکەیت). ئەوە دڵنیا بکە کە هەموو ئەو پرسیارانە بکەیت دەربارەی تاوانەکە "کێ"، "چی"، "لەکوێ"، "کەی"، و "چۆن" (لەکاتێکدا کە خۆت دوورەپەرێز بگریت لە پرسیاری "بۆچی"، بۆ ئەوەی کە لۆمەی ئەو ڕووداوە نەخەیتە ملی دەربازبوو/ شایەتەکە). (ئەوەت لەبیر بێت کە نابێت زۆر بەتوندی خۆت بەم لیستەوە ببەستیتەوە و دەبێت ئەوە دڵنیا بکەیت کە کاردانەوەت هەبێت بۆ ئەوەی کە لە دەربازبوو/ شایەتەکەوە گوێبیستی دەبیت.) لەبیرت نەچێت کە بپرسیت "چۆن دەزانیت" یاخود "چ شتێك وەهای لێکردیت بگەیتە ئەو دەرەنجامە؟" وەڵامی ئەو پرسیارانە زۆرجار گرنگترین بەڵگەت بۆ دەستەبەر دەکەن.
8. ئەو زمانە ڕەچاو بکە کە لەکاتی چاوپێکەوتندا بەکاریدەهێنیت و لەگەڵ وەرگێڕەکە لەو بارەیەوە وتووێژ بکە. بەتایبەتی، زاراوەسازی گونجاو دەستنیشان بکە بۆ کاری سێکسی و بەشەکانی لەش. ئەوە وەبیر خۆت و وەرگێڕەکە بهێنەرەوە کە ئامادە بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە زاراوەسازی لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەکە، ئەگەر کێشەی ئەوتۆ لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا سەر هەڵبدات.

9. هەر بەڵگەنامە، هێڵكاری، وێنە، نەخشە، ڤیدیۆ هتد. ئامادە بكە كە بۆی هەبێت نیشانی دەربازبوو/ شایەتەكەی بدەیت. كاغەزی هێڵكاری و قەڵەم ئامادە بكە. كامێرایەك و ڕاستەیەك لەگەڵ خۆت بهێنە نەوەك پێویستیت بە وێنەگرتنی زامارییەكان بێت. (بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وریا بە كە هیچ هێڵكاری یاخود وێنە یاخود ڤیدیۆیەك نیشانی دەربازبوان/ شایەتەكان نەدەیت كە وەهایان لێبكات بەڵگەكانیان بگۆڕن. ئەگەر دڵنیا نەبوویت كە ئاخۆ هەر شتێك كە تۆ نیشانی دەربازبوو/ شایەتەكەی بدەیت ڕەنگە وەهای لێبكات بەڵگەكانی بگۆڕێت، نیشانی مەدە.)

10. ئەوندە كات تەرخان بكە كە چاوپێكەوتنێكی تەواو ئەنجام بدەیت (واتە لانی كەم 6-3 كاتژمێر، بە كاتی پشوویەكەوە). ئەوانە جۆرە چاوپێكەوتنێك نین كە هەوڵ بدەیت بیانترجێنیتە نێوان چاوپێكەوتنی ترەوە؛ بۆی هەیە دوورودرێژ بن. لەوە دوودڵ مەبە كە ڕۆژی دواتر بگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی بەردوام بیت، لە پێناوی ئەوەدا كە شەكەت نەبیت یاخود ڕۆتینە ڕۆژانەكانی دەربازبوو/ شایەتەكە زۆر نەشێوێنیت.

11. لە دەربازبوو/ شایەتەكە بپرسە كە ئاخۆ ئەو وەهای بەلاوە باشترە كە چاوپێكارەكەی و/یان وەرگێڕەكەی نێر بێت یان مێ. (ئەوەت لە بیر بێت كە وەها دانەنێیت هەموو دەربازبوو/ شایەتە مێینەكان چاوپێكار/ وەرگێڕی مێینەیان بەلاوە باشترە یاخود هەموو دەربازبوو/ شایەتە نێرینەكان چاوپێكار/ وەرگێڕی نێرینەیان بەلاوە باشترە؛ هەر یەك لە دەربازبوان/ شایەتەكان ئارەزووی خۆیەتی چۆن بڕیار دەدات. هەر كات بگونجێت، هەمیشە لە دەربازبوو/ شایەتەكە بپرسە كە ئەو چ كەسێكی بەلاوە باشترە.

12. سەبارەت بە شوێنی چاوپێكەوتنەكەت، شوێنێك هەڵبژێرە كە سەلامەت بێت، تایبەت بێت و لەبارەی كولتوورییەوە گونجاو و ئاسوودە بێت (بۆ نمونە ئەو شوێنانە بەكارمەهێنە كە خەڵكی زۆر هاتوچۆی دەكات). شوێنی چاوپێكەوتنەكە ئامادە بكە (بۆ نمونە ئەگەر هەلومەرجەكە ڕێگە بدات، با ژوورەكە ئاوی خواردنەوەی لێبێت، لەگەڵ دەستراگەیشتن بە ئاودەست؛ تەلەفونەكەت بكوژێنەرەوە و ئەوە دڵنیا بكە هیچ شتێك قسەكانتان پێنابڕێت). ئەگەر بگونجێت، شوێنی دانیشتن ساز بكە (بۆ نمونە كورسی و مێز بۆ هەر یەكەتان كە لێی دابنیشێت) بۆ ئەوەی دەربازبوو/ شایەتەكە و چاوپێكار هەست بە حەوانەوە و ئارامی بكەن. ئەوە ڕەچاو بكە كە دەربازبوو/ شایەتەكەت چۆن دەگاتە شوێنی چاوپێكەوتنەكە و چۆن لەوێوە دەگەڕێتەوە (بۆ نمونە سەلامەتی، دووری و تێچووی گەشتكردنی دەربازبوو/ شایەتەكە و چ كاتێكی ڕۆژ دەبێت ڕەچاو بكە). سازكردنی سەرپەرشتی مناڵ ڕەچاو بكە.

13. سیستەمێكی سەلامەت و نهێنی ئامادە بكە بۆ تۆماركردنی ئەو زانیاریانەی كە لەكاتی چاوپێكەوتنەكەدا بەدەست دەهێنرێن. ئەگەر ئەو كەسەی كە چاوپێكەوتنی لەگەڵ دەكرێت زانیاری هەستیاری لەلا بێت سیستەمێك دابمەزرێنە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەو كەسە (**بڕوانە** پاشكۆی **4**).

## دەستكردن بە چاوپێكەوتن

14. ڕەزامەندی هۆشیارانەی دەربازبوو/ شایەت بۆ چاوپێكەوتنەكە وەربگرە (بۆ نمونە باسی مەبەست/ سروشتی چاوپێكەوتنەكەی بۆ بكە لەگەڵ هەموو ئەگەرەكانی بەكارهێنانی ئەو زانیاریانەی كە لە دەربازبوو/ شایەتەكەوە بەدەست دەهێنرێن، بە سنورداری نهێنیپارێزیشەوە) وە هەر نیگەرانییەك چارەسەر بكە كە دەربازبوو/ شایەتەكە دەشێت بیانوروژێنێت. بەجوانی ئەوە ڕوونبكەرەوە كە دەربازبوو/ شایەت ئارەزووی خۆیەتی كە لەگەڵ تۆ قسە بكات یان نا وە ئەو دەتوانێت بەر لە چاوپێكەوتنەكە و لەكاتی چاوپێكەوتنەكەدا و دوای ئەوەش لەو مافەی خۆی سوودمەند بێت. سەبارەت بە پرسی ڕەزامەندی هۆشیارانە لەگەڵ وەرگێڕەكە وتوویژ بكە. بەر لەوەی دەستپێبكەن پرسیار لە دەربازبوو/ شایەتەكە بكە ئایا هیچ پرسیارێكی هەیە.

15. پرسیار لە دەربازبوو/ شایەتەكە بكە ئەگەر پێشتر هیچ ئیفادەیەكی دابێت یاخود چاوپێكەوتنی لەگەڵ ئەنجام درابێت و/یان لێی بپرسە لەگەڵ كێی تر باسی ئەو مەسەلانەی كردووە.

16. هەموو ئەو كەسانەی كە لە ژووری چاوپێكەوتنەكەدان بە دەربازبوو/ شایەتەكە بناسێنە و بەجوانی ڕۆڵی هەر یەكەیان ڕوونبكەرەوە و هەر نیگەرانییەك چارەسەر بكە كە سەر هەڵدەدات.

17. لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەكە باسی ئەوە بكە كە چاوپێكەوتنەكە دەشێت چەند بخایەنێت و جەخت لەسەر ویستی خۆت بكەرەوە كە لە هەموو ماوەی چاوپێكەوتنەكەدا نەرم و نیان بیت (بۆ نمونە كە وتوویژەكان لە یەك دانیشتن زیاتردا ئەنجام بدەیت، ئەگەر وەها بەباش دابنرێت). هەروەها ئەوە ئاشكرا بكە كە دەربازبوو/ شایەتەكە دەتوانێت هەر كات بیەوێت پشوو وەربگرێت یاخود كۆتایی بە چاوپێكەوتنەكە بهێنێت.

**لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا**

18. ئەوەت لە بیر بێت کە ئاگاداری ڕەفتاری خۆت بیت بەرانبەر دەربازبوو/ شایەتەکە بەر لە چاوپێکەوتنەکە و لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا و دوای ئەوەش (واتە بە ئەدەب، بەڕێز، لەسەرخۆ و بەدیقەت بە؛ ڕێك سەیری ئەو بکە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەربازبوو/ شایەتەکە قسە بکە و ئاگات لە توندی/ خێرایی دەنگی خۆت و وەرگێڕەکەش بێت). لە هەمان ئاستی چاوی دەربازبوو/ شایەتەکە (یان نزمتر) دابنیشە.

19. بەردەوام دەسەڵاتی ئەوە بە دەربازبوو/ شایەتەکە ببەخشە کە لەگەڵ قسەکە هاوڕا بێت/ هاوڕا نەبێت، وەڵام بداتەوە/ وەڵام نەداتەوە، پرسیار بکات یان زانیارییەکانی بۆ دووبارە بکرێتەوە. ئەوەندە زانیاری بدە بە دەربازبوو/ شایەتەکە کە بڕیاری هۆشیارانە بدات.

20. هاوسۆزی و ڕێز نیشان بدە نەك بەزەیی. خۆت دوورەپەرێز بگرە لە هەر جۆرە پەیماندانێك (بۆ نموونە سەبارەت بە نهێنیپارێزی). لە هەموو ماوەی پرۆسەکەدا نەرم و نیان بە.

21. دەربازبوو/ شایەتەکە هانبدە بۆ فەراهەمکردنی زانیاری بەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێت بەر لە ئاراستەکردنی پرسیاری تایبەت بە کردارەکانی توندوتیژی سێکسی (واتە دۆستایەتی بەدەست بهێنە، خۆت لەو پرسیارانە بەدوور بگرە کە وەڵامەکەیان دیاریکراوە، بەر لەوەی کە بچیتە سەر مەسەلە هەستیارەکان وتووێژ لەسەر ئەو پرسانە بکە کە بەرفراوانترن و کەمتر هەستیارن، داوای ڕوونکردنەوە و زانیاری زیاتر بکە، بە نەرم و نیانی بمێنەرەوە).

22. ئەوەت لە بیر بێت کە هەرگیز هیچ شتێك بە گریمانەیی دانەنێیت سەبارەت بە هەست و بیروبۆچوونەکانی دەربازبوو/ شایەتەکە دەربارەی ڕاستییەکان، دەربارەی ئەوەی کە خۆی بەباشتری دەزانێت، یاخود دەربارەی ئەوەی کە ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن چۆن کاریگەری لەسەر ئەو داناوە.

23. ئەوە وەبیری خۆت بهێنەرەوە کە دەربازبوو/ شایەتەکان بە شێوازی ناوازە و جۆراوجۆر کاردانەوەیان دەبێت کاتێك کە بەسەرهاتەکانیان دەگێڕنەوە یان دووبارەی دەکەنەوە.

ڕەنگە:

- پەرێشانە/ زویرە/ گۆشەگیرە؛ یاخود
- تووڕەیە/ بەرگریکارە/ ڕەتکەرەوەیە؛ یاخود
- هێمنە/ لەسەرخۆیە/ دڵنیایە.

هەڵسوکەوتکردن تەنها "یەك تاکە ڕێگە" ـی نیە.

24. ئەوەت لە بیر بێت کە گریمانەی ئەوە دانەنێیت کە دەربازبوو/ شایەت:

- شەرم دەکات/ دەترسێت قسە بکات؛ یاخود
- لاوازە/ تووشی خورپە بووە/ باوەڕی بەخۆی نیە/ لە پیاو بەپارێزە؛ یاخود
- زۆر زۆر زویرە سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی (پێچەوانەی لایەنەکانی تری ئەو بەسەرهاتانەی کە بەسەری هاتوون)؛ یاخود
- لەبارەی جەستەییەوە ئازاری دراوە.

**کۆتاییهێنان بە چاوپێکەوتنەکە**

25. زانیاری پێویست دەربارەی دەربازبوان/ شایەتەکان تۆمار بکە بۆئەوەی ئەگەر زانیاری زیاتر پێویست بێت بتوانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت، وە هەروەها ئەوەندیان زانیاری بدەرێ کە ئەوانیش بتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن. شێوازی پەسەندکراوی پەیوەندیکردن دڵنیا بکە (**بڕوانە پاشکۆی 4**).

26. نیگەرانییەکانی دەربازبوان/ شایەتەکان و ئەو زانیاریانەی کە ئەوان فەراهەمیان کردووە بۆیان دووبارە بکەرەوە و هەر کێشەیەکیان وروژاندبێت چارەسەری بکە (بۆ نموونە نیگەرانی سەلامەتی، ڕێوشوێنی پەیوەندیکردن لە داهاتوودا و ڕەوانەکردن). پێزانینی خۆت دەربڕە بۆ بەشداری دەربازبوو/ شایەتەکە لە چاوپێکەوتنەکەدا.

27. جارێکی تر لە دەربازبوو/ شایەتەکە بپرسە کە ئاخۆ ئەو ڕەزامەندی هۆشیارانەی خۆی دەدات بۆ چاوپێکەوتنەکە (بۆ ئەوەی بتوانن بیروڕای خۆیان بگۆڕن یاخود ڕەزامەندی خۆیان بکشێننەوە ئەگەر بیانەوێت).

28. سوپاسی دەربازبوو/ شایەتەکە بکە بۆ ئەوەی کە قسەی لەگەڵ کرووێت.

29. ئەگەر دەربازبوو/ شایەتەکە وەها دیار بێت کە بەهۆی چاوپێکەوتنەکەوە پەرێشان بووبێت، هەوڵ بدە کە بیگێڕیتەوە بۆ کاتی ئێستا و بیخەیتە بارێکی ئەرێی بیرکردنەوەوە.

30. ئەوەت لە بیر بێت کە هێمای گونجاو لەبارەی کولتوورییەوە بەکاربهێنیت (بۆ نمونە تەوقەکردن، هتد.)

# پاشکۆی 4

## کلێشە بۆ زانیاری تاکەکەسی کە دەبێت لە دەربازبوان/ شایەتەکانەوە کۆبکرێتەوە

ئەمە لیستێکی ئەو زانیارییە بنەڕەتیانەیە کە خاوەنپیشەکان دەبێت لە دەربازبوو/ شایەتەکانەوە کۆیان بکەنەوە کاتێك چاوپێکەوتنێك ئەنجام دەدەن:

1. کۆد (ئەمە ئەو سیستەمەی کۆد دەبێت کە خاوەنپیشەکە و تیمەکەی بەکاری دەهێنن بۆ مەبەستی ئاسایش بۆ ئەوەی ئەم پەڕەی زانیاری تاکەکەسییە لەگەڵ ئیفادەی ڕاستەقینەی دەربازبوو/ شایەتەکە یەکبگرێتەوە).
2. ناوی دەربازبوو/ شایەت (ناوی یەکەم و کۆتایی و هەر ناوێکی پێشووتر یاخود جێگرەوە کە دەربازبوو/ شایەتەکەی پێناسراوە).
3. ڕەگەزی دەربازبوو/ شایەت.
4. بەرواری لەدایکبوونی دەربازبوو/ شایەت.
5. شوێنی لەدایکبوونی دەربازبوو/ شایەت.
6. ناوی باوکی دەربازبوو/ شایەت.
7. ناوی دایکی دەربازبوو/ شایەت.
8. ئەو زمانانەی کە دەربازبوو/ شایەت قسەیان پێدەکات (بەو زمانەشەوە کە دەربازبوو/ شایەت لەلای پەسەندە).
9. زمانی چاوپێکەوتنەکە.
10. ناونیشانی نیشتەجێبوونی ئێستای دەربازبوو/ شایەت.
11. ناونیشانی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دەربازبوو/ شایەت.
12. ژمارە تەلەفون یاخود ئیمەیڵی دەربازبوو/ شایەت.
13. پیشە/ کاری دەربازبوو/ شایەت - هی ئێستا یان پێشوو.
14. باری خێزانی (ناو، تەمەن و شوێنیان ئەگەر زانرابێت، هی هەر ئەندامێکی خێزان کە باسکرابێت).
15. هاونیشتمانێتی دەربازبوو/ شایەت.
16. ئاینی دەربازبوو/ شایەت (ئەگەر پەیوەندیدار بێت و لەگەڵ زەمینەی باسەکە بگونجێت).
17. ڕەسەن/ خێڵی ئەسڵی دەربازبوو/ شایەت (ئەگەر پەیوەندیدار بێت و لەگەڵ زەمینەی باسەکە بگونجێت).
18. بەروار. شوێن و کاتی چاوپێکەوتنەکە.
19. ئەو کەسانەی کە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا لەوێ ئامادە بوون لەگەڵ پلەو پایە/ ڕۆڵیان.
20. هەر بەڵگەیەکی تر کە لەلایەن دەربازبوو/ شایەتەکەوە لە زەمینەی چاوپێکەوتنەکەدا فەراهەم کرابێت (بۆ نمونە وێنە، هێڵکاری، نەخشە، ڤیدیۆ، ڕاپۆرتی پزیشکی، هەر بەڵگەنامەیەکی تر، هتد.) لەگەڵ کۆدەکانیان.

21. زانیاری سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ دەربازبوو/ شایەت لەسەر ئەوە هاوڕایە کە جارێکی تر پەیوەندی پێوە بکرێتەوە.

22. زانیاری سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ دەربازبوو/ شایەت پێویستی بە پشتگیری دەرونکۆمەڵایەتی هەیە.

23. زانیاری سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ دەربازبوو/ شایەت هاوڕایە کە بەڵگەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری نیشتمانی هاوبەش بکرێن (دەستنیشانی بکە کامیانە).

24. زانیاری سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ دەربازبوو/ شایەت هاوڕایە کە بەڵگەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری نێودەوڵەتی هاوبەش بکرێن (دەستنیشانی بکە کامیانە).

25. واژۆ ی دەربازبوو/ شایەت دوای ئەوەی کە بۆی دەخوێندرێتەوە (ئەگەر خاوەنپیشە وەها بڕیار بدات کە ئیفادەکان واژۆ بکرێن).

# پاشکۆی 5

## ڕەوانەکردنی دەربازبوانی توندوتیژی سێکسی بۆ وەرگرتنی یارمەتی

بەر لە دەستدانە هەر پرۆسەیەکی بەبەڵگەنامەکردن، خاوەنپیشەکان دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدەن بۆ دەستنیشانکردنی بژاردە بۆ ڕەوانەکردنی دەربازبوان/ شایەتەکان بۆ وەرگرتنی یارمەتی و پشتگیری و دەبێت ڕێوشوێن دابنێت بۆ پرۆسەی ڕەوانەکردنەکە خۆی. هەمو دەربازبوان و شایەتەکان بەر لە چاوپێکەوتن مافی ئەوەیان هەیە کە بزانن چ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی، دەروونی، یاسایی و کۆمەڵایەتییان بۆ بەردەستە.

خاوەنپیشەکان دەبێت هەوڵی ماقوڵ بدەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئاخۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی ئەوان دەربازبوانیان بۆ ڕەوانە دەکەن گونجاون و دەتوانن دەستیان پێیان ڕابگات. ئەوە بەتایبەتی ڕاستە بۆ ڕەوانەکردنی منداڵان، چونکە ئەوان دەبێت پێداویستییە درێژخایەنەکانیان بهێنرێنە دی بۆ دڵنیاکردنی سەلامەتی جەستەیی و سۆزداری ئەوان.

خاوەنپیشەکان دەبێت تێبینی ئەوە بکەن کە توانای دەربازبوو/ شایەت بۆ دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی ڕەوانەکردن و یارمەتیدان بەهۆی ڕەگەزەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت - قوربانیانی نێر و مێ مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێت کاتێک کە هەوڵی بەدەستهێنانی یارمەتی دەدەن.

جۆری ئەو یارمەتیانەی کە لەوانەیە بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان بەردەست بن لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

| یارمەتی پزیشکی | یارمەتی دەرونکۆمەڵایەتی |
| --- | --- |
| نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی و کلینیک بە شوێنی گونجاوەوە بۆ چارەسەرکردن و یارمەتیدانی دەربازبوان/ شایەتەکانی لاقەکردن. ئەو شوێنانە دەبێت لانی کەم ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش بکەن:<br>• چارەسەر و ڕەوانەکردن بۆ ئەو بارە ئاڵۆزانەی کە هەڕەشە لە ژیان دەکەن؛<br>• چارەسەرکردن یاخود چارەسەری بەرلێگرتن بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە لەڕێگای سێکسەوە دەگوێزرێنەوە؛<br>• هۆکاری کوتوپڕی بەرگرتن لە منداڵبوون؛<br>• برینپێچی؛<br>• ڕێنیشاندانی پشتگیریکراو؛ وە<br>• ڕەوانەکردن بۆلای پشتگیری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی ڕێنیشاندانی دەرونکۆمەڵایەتی. | خزمەتگوزارییەکانی ڕێنیشاندان، گرووپەکانی پشتگیری قوربانیانی تاوان، ئەو ڕێکخراوانەی کە توانستی ڕێکخستنی کەیسیان هەیە و بنکەی کۆمەڵایەتی کە دەشێت ئەمانە پێشکەش بکەن:<br>• پشتگیری سۆزداری نهێنی و ڕێنیشاندانی ڕاستەوخۆ؛<br>• نێوانگیری خێزان و ڕێنیشاندان؛<br>• یارمەتی سەقامگیربوونەوە و بژێوی؛ وە/یان<br>• ڕاهێنانی کارامەییەکان و بەرنامەکانی پەرەپێدانی درامەت. |
| **یارمەتی یاسایی** | **یارمەتی پاراستن** |
| دانیشتنی یاسایی، گرووپەکانی پشتگیری قوربانیانی تاوان، ئەو بەرنامانەی کە ئەمانە پێشکەش دەکەن:<br>• پەروەردەی یاسایی لەسەر مافەکانی دەربازبوان/ شایەتەکان بەگوێرەی یاسا؛<br>• ڕێنمایی نهێنی سەبارەت بە مافە یاساییەکان و بژاردەکان، وە/یان<br>• نوێنەرایەتی یاسایی بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان. | ئەو ڕێکخراو، گرووپی پشتگیری قوربانیانی تاوان و بنکانەی کە ئەمانە پێشکەش دەکەن:<br>• داڵدەی سەلامەت؛<br>• یارمەتی شوێنگۆڕین و هاتوچۆ؛ وە/یان<br>• بەرنامەکانی پاراستنی شایەت. |

# پاشکۆی 6

## بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان

1. کاتێك کە خاوەنپیشەکان لە مەیدانن ڕەنگە شتێك ببیننەوە کە وەها نیشان بدات کردارێکی توندوتیژی سێکسی ڕووی داوە، یاخود ئەوە ڕەنگە پەیوەستەیەك فەراهەم بکات لەنێوان تاوانێك و یان قوربانی یاخود ئەنجامدەری تاوانەکەدا. بۆ نموونە، لە شوێنی ڕوودانی تاوانێك ئەوان لەوانەیە پارچە جلوبەرگێکی خوێناوی یاخود پیسبوو بە شلەمەنی لەش بدۆزنەوە؛ یاخود ڕەنگە چەکێك درابێت بەوان کە دەربازبوو/ شایەتەکە بڵێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی لاقەکردن بەکارهاتووە؛ یاخود ئەوان ڕەنگە تۆماری دەنگی ئەفسەرێکی سوپایان دەستبکەوێت کە فەرمانی بە ئەنجامدانی لاقەکردن کردبێت وەك بەشێك لە هەڵمەتێکی سەربازی.

2. هەر یەك لەو مادانە دەشێت "بەڵگەی بەرجەستە" بن لەسەر ئەوەی کە تاوانێکی توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە. وەك ڕێسایەکی گشتی، خاوەنپیشە نابێت هیچ شتومەکێکی بەڵگەی بەرجەستە کۆبکاتەوە تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ڕاهێنانی پێکرابێت وەك لێکۆڵەر یاخود وەك خاوەنپیشەی تەندروستی لەسەر کۆکردنەوەی ڕێکوپێکی بەڵگەی پزیشکیی دادوەری. ئەگەر خاوەنپیشەکان بەڵگەی بەرجەستە کۆبکەنەوە بەبێ ئەنجامدانی ڕاهێنانی گونجاو، بۆی هەیە زیانی سەخت بە دەربازبوو بگەیەنن و لەوانەیە بەڵگەکان تێکبدەن و وەهایان لێبکەن بۆ بەکارهێنان نەشێن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە بەو جۆرەیە، لە هەندێك هەلومەرجی زۆر سنورداردا، ئەگەر ئەو کارە سەلامەت بێت و تاکە بژاردەیەك بێت کە شایانی ئەنجامدان بێت، کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە ڕەنگە کارێکی گونجاو بێت. بڕیاری کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە دەبێت بە ڕژدی و وریایی وەربگیرێت و زۆر بە وردی بیری لێبکرێتەوە.

3. تەنانەت بەر لە ڕەچاوکردنی کۆکردنەوەی هەر بەڵگەیەکی بەرجەستە، خاوەنپیشەکان دەبێت بەر لە هەموو شتێك: هەر مادەیەك بدۆزنەوە لەلای خۆیان تۆماری بکەن؛ هێڵکاری بۆ شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بکەن؛ وێنەی ئەو مادیە و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بگرن و ئەگەر بگونجێت، تۆماری ڤیدیۆیی ئەو مادەیە و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بگرن **[پەیوەستی بکەن بە پاشکۆکانی ترەوە]**.

4. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان کە خاوەنپیشەکان دەبێت ئەو تۆمارانە ئەنجام بدەن ئەوەیە کە ئەو ڕێبازەی ئەوان بەکاری دەهێنن لەوانەیە دواتر ببێتە بابەتی هەڵسەنگاندنی بێلایەن - بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئاخۆ ڕێکارەکانی ئەوان بووەتە هۆی دەستکاریکردنی بەڵگەکان. ئەوان هەروەها دەبێت چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر شایەتێك ئەنجام بدەن کە لە نزیکی شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بێت و دوای سەرەداو بکەون بۆلای هەر شایەتێکی تری تاوانەکە **[پەیوەستی بکەن بە پاشکۆکانی ترەوە]**. بەڵگەی زیاتر - ئەگەر بە ڕێکوپێکی کۆبکرێنەوە - دەکرێت زۆر بەهێز بن و ڕەنگە ئیتر پێویست بە بەڵگەی بەرجەستە نەکات.

5. ئەوە کارێکی زۆر گرنگە کە ئەوەت لەبیر بێت کە ئەگەرچی بەڵگەی بەرجەستە دەشێت وەها دیار بێت کە "باشترین" بەڵگەی تاوانێك بێت، ئەوە مەرج نیە بەو جۆرە بێت. بەڵگەی بەرجەستە بەبێ ئیفادەی دەربازبوو/ شایەتەکە کە وەسفی ئەسڵ، خاوەندارێتی و بەکارهێنانی ئەو مادیە یاخود ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی کۆکردنەوەی ئەو مادەیە زۆر بەکەڵك نابن لە گۆشە نیگایەکی بەڵگەییەوە. لەکاتێکدا کە بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت دەکرێت جێگەی بەڵگەی بەرجەستە بگرێتەوە: پێچەوانەی ئەوە ڕاست نیە؛ بەڵگەی بەرجەستە زۆربەی جار ناکرێت جێگەی بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت بگرێتەوە.

6. هەروەها ئەگەر خاوەنپیشەکان لێکۆڵەری ڕاهێنراو یاخود خاوەنپیشەی تەندروستی نەبن ئەوا ڕەنگە وەها باشتر بێت خۆیان نەخەنە بارێکی ئەوتووە کە وەك شایەت بانگبکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەوان چۆن مادەیەکی بەڵگەی بەرجەستەیان دۆزیوەتەوە.

7. لە هەلومەرجێکی زۆر نائاساییدا کاتێك کە خاوەنپیشەکان بڕیار دەدەن بەڵگەی بەرجەستە کۆبکەنەوە، دەبێت پرەنسیپی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" پەیڕەو بکرێت کە لەم پاشکۆیەدا خراوەتە ڕوو.

8. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەنپیشەکان پێویستە لەسەریان تێبینی ئەوە بکەن کە کۆکردنەوەی بەڵگەی بەرجەستە هەموو کاتێك پێویستە کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ بێت کە فەرمیبوونی بەڵگەکان پشتڕاست بکاتەوە و/یان بەڵگەی ڕوونکردنەوەی لەگەڵ بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت. "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" شێوازێکی نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو مادیە لەکوێوە هاتووە. ئەوە هەروەها شێوازێکی نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو مادیە لەو ماوەیەدا کە کەوتۆتە نێوان کۆکردنەوەی لەلایەن خاوەنپیشەکەوە و بەکارهێنانی وەك بەڵگەی تاوانی توندوتیژی سێکسی هیچ دەستکارییەکی نەکراوە. "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" زۆر گرنگە، چونکە بەبێ ئەوە دادگە یاخود ترایبیوناڵێك ڕەنگە

ئەوە ڕەتبکاتەوە کە ئەو مادەیە وەك بەڵگە ڕەچاو بکات لە بەدادگەیاندنی تاوانی توندوتیژی سێکسیدا، یاخود دەشێت دادگە بگاتە ئەو بڕیارەی کە ئەو مادەیە بەڵگەیەکی زۆر باش نیە لەسەر تاوانەکە. ئەوە مەسەلەی جێگەی متمانەبوونە - ئەوەی ئەو ڕاستییە دەدۆزێتەوە پێویستە باوەڕی تەواوی هەبێت کە ساخکردنەوەی بەڵگەیەك کارێك بێت کە پشتی پێببەسترێت، کە ئەو مادەیە شتێکی هەڵبەستراو نیە، یاخود دەستکاری نەکراوە یاخود بە سەهو پیس نەکراوە. ڕێوشوێنی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" پێویستە ڕێگە بە خاوەنپیشەکان بدات کە بەو کارە هەستن - بەو جۆرە بەڵگەکە دەکرێت قورسایی خۆی پێببەخشرێت.

## پرەنسیپەکان

9. بۆ پەیڕەوکردنی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" بۆ مادەیەك، خاوەنپیشەکان پێویستە ئەمانە تۆمار بکەن:

أ. ئەو مادەیە چۆن کۆکراوەتەوە؛ و

ب. ئاخۆ (وە چۆن) ئەو مادەیە لە نێوان کەسان و/یان ڕێکخراوە جیاوازەکاندا دەستاودەستی کردووە.

خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها ئاگاداری پێداویستییە یاساییەکان بن لە دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندیداردا سەبارەت بە "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان".

### أ. ئایا ئەو مادەیە چۆن کۆکراوەتەوە؟

ئەگەرچی ڕێبازەکانی کۆکردنەوە بەگوێرەی جۆری ئەو مادەیە جۆراوجۆر دەبن (بۆ نمونە شلەمەنی لەش بەشێوەیەکی جیاواز هەڵدەگیرێنەوە و بەستەبەندی دەکرێن وەك لە پارچە جلوبەرگێك یاخود بەڵگەنامەیەك)، پرەنسیپی گشتی ئەوەیە کە هەر یەك لەو مادانە دەبێت لانی کەم ئەم زانیاریانەی خوارەوەی لەسەر بنوسرێت:

1. ناسێنەری کەیس - ژمارەیەك کە دەدرێت بە کەیسێکی دیاریکراو کە دەکرێت هەموو ئەو زانیاریانە پێکەوە ببەستێتەوە کە پەیوەندییان بەو کەیسەوە هەیە؛

2. بەرواری کۆکردنەوە؛

3. ناوی ئەو خاوەنپیشەیەی کە ئەو مادەیەی کۆکردۆتەوە و ناوی هەر کەسێکی تر کە لەکاتی کۆکردنەوەیدا لەوێ بوون؛

4. شوێنی ڕاست و دروستی ئەو مادەیە کاتێك کە کۆکراوەتەوە؛ و

5. جۆری ئەو بەڵگەیەی کە کۆکراوەتەوە.

خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها تێبینی بنووسن لەسەر ئەوەی کە چ پێوەرێك دانراوە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئەو مادەیە بە قایمی هەڵگیراوە کاتێك کە لەلای ئەوان بووە (بۆ نمونە ئەوە لە دۆلابێکی داخراودا هەڵگیراوە کە تەنها تیمی خاوەنپیشەکە دەستیان پێی ڕاگەیشتووە).

خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها ئەوە تۆمار بکەن کە چەندە زوو دوای ڕووداوی توندوتیژی سێکسی ئەو بەڵگەی بەرجەستەیە دۆزراوەتەوە؛ چەند لە نزیکی شوێنی ڕووداوەکە ئەو بەڵگەی بەرجەستەیە دۆزراوەتەوە و ئەو ڕاستیانەیان چۆن زانیوە.

ئەگەر خاوەنپیشەکە خۆی بەشێوەی تاکەکەسی بەڵگەکەی کۆنەکردبێتەوە، دەبێت هەروەها وردەکارییەکانی هەر ڕێکەوتن، مەرج یاخود وتووێژێك بخاتە ڕوو سەبارەت بە بەکارهێنانی بەڵگەکان لەنێوان ئەو کەسەدا کە بەڵگەی بەرجەستە تەسلیم دەکات و خاوەنپیشەکەدا.

هەر مادەیەك کە خاوەنپیشەکە کۆیبکاتەوە دەبێت بخرێتە ناو کیسێکی بەڵگەوە (کیسێکی پلاستیکی کە بە ئاسانی دابخرێت بەس دەبێت ئەگەر ئەو مادەیە تەڕ/ شێدار نەبێت؛ ئەگەر تەڕ/ شێدار بوو زەرفێکی کاغەزی بێ ئەسید بەباشتر دادەنرێت). ئەو کیس/ زەرفە دەبێت سەرمۆر بکرێت و مۆرەکە دەبێت لەلایەن ئەو کەسەوە واژۆ بکرێت کە ئەو مادەیەی کۆکردۆتەوە. ئەو کیس/ زەرفە نابێت هیچ کاتێك بکرێتەوە.

لەباشترین باردا دەبێت کە هەموو ئەو زانیاریانە لەسەر یەك لاپەڕە بنووسرێنەوە و ئەو لاپەڕەیەش بدرێت لەو کیس/ زەرفی بەڵگەیە کە ئەو مادەیەی تێکراوە.

پاشكۆ
6

ئەو زانیاریانە پێویست ناكات بۆ هەر یەك لەو مادانە پڕبكرێنەوە كە كۆدەكرێنەوە ئەگەر سەرچاوە، بەروار و شوێنەكەیان وەك یەك بێت و ئەو كەسەش كە بە كاری كۆكردنەوە هەڵدەستێت هەمان كەس بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، كاتێك هەر كام لەوانە جیاواز بێت پرۆسەكە دەبێت دووبارە بكرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەرچاوەی بەڵگەنامەكان جیاواز بێت.

**ب. ئایا ئەو بەڵگەنامەیە هەرگیز لەنێوان تاكەكەسەكان یاخود ڕێكخراوەكاندا دەستاودەستی پێكراوە.**

ئەگەر بەڵگەنامەیەك هەرگیز لەنێوان تاكەكەس یاخود ڕێكخراوەكاندا دەستاودەستی پێكرابێت، زۆر گرنگە كە تۆمارێكی وردەكارییەكانی ئەو دەستاودەستكردنە ڕابگریت. ئەوە دەكرێت بە ئاسانی لە "تۆمارێكی دەستاودەستكردندا" نیشان بدرێت.

ئەو تۆماری دەستاودەستكردنە دەبێت بۆ دەستاودەستكردنی هەر بەڵگەنامەیەك ئەمانە بخاتە ڕوو:

1. ناسێنەری كەیس - ژمارەیەك كە دەدرێت بە كەیسێكی دیاریكراو كە دەكرێت هەموو ئەو زانیاریانە پێكەوە ببەستێتەوە كە پەیوەندییان بەو كەیسەوە هەیە؛
2. جۆری ئەو بەڵگەنامەیەی كە كۆكراوەتەوە؛
3. بەرواری دەستاودەستكردن؛
4. هۆكاری پشت دەستاودەستكردنەكە؛ و
5. واژۆی هەردوو لایەنی دەستاودەستكردنەكە: ئەوەی كە داوێتیە دەستی و ئەوەش كە وەریگرتووە.

لەباشترین باردا، تۆمارەكە دەبێت هەروەها مەرجەكانی ئاسایش بخاتە ڕوو لەكاتێكدا كە بەڵگەنامەكە تاووتوێ دەكەن یاخود ئەمباری دەكەن.

بەشێوەیەكی گشتی، باشترین كار ئەوەیە كە ژمارەی ئەوانەی ئەو مادەیە دەستاودەست دەكەن بۆ كەمترین ئاست كەمبكەیتەوە.

# پاشکۆی 7

## بەڵگەی نووسراو: پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان

1. کاتێك خاوەنپیشەکان لە مەیدانن، ڕەنگە بەڵگەنامەی جێگەی سەرنجیان بکەوێتە بەرچاو. بۆ نموونە، ئەوان لەوانەیە لە بینایەکی چۆڵکراوی سوپادا بەڵگەنامەیەك بدۆزنەوە کە هەیکەلی فەرماندەیی تیمێکی دەرچوونی سوپای تێدا خرابێتە ڕوو لە کاتێکی دیاریکراودا، یاخود ئەوان ڕەنگە لە ئۆردوگایەکی پەنابەراندا چاویان بە دوکتۆرێك بکەوێت کە فۆڕمی پشکنینی پزیشکی دەربازبویەکی لاقەکردنی بەدەستەوە بێت، یاخود لەوانەیە چاویان بە کاربەدەستێکی حکومەت بکەوێت کە بتوانێت بەڵگەنامەیەکیان بۆ فەراهەم بکات کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرێکی تاوان بەسوود بێت. هەر یەك لەو مادانە دەشێت "بەڵگەی نووسراو" بن لەسەر ئەوەی کە تاوانێکی توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە.

2. بەشێوەیەکی گشتی، خاوەنپیشەکان دەتوانن ئەو بەڵگەنامانە کۆبکەنەوە تەنانەت ئەگەر وەك لێکۆڵەری تاوانکاریش ڕاهێنانیان پێنەکرابێت. بەو واتایە ئەو ڕێبەرانەی کە بەسەر "بەڵگەی نووسراو" دا دەچەسپێن جیاوازن لەوانەی کە بەسەر "بەڵگەی بەرجەستە" دا دەچەسپێن (**بڕوانە پاشکۆی 6، "بەڵگەی بەرجەستە": پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان"**). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك ئاستەنگی هەیە:

- ئەگەر خاوەنپیشەکان لێکۆڵەری تاوانکاری ڕاهێنراو نەبن ئەوا ڕەنگە وەها باشتر بێت خۆیان نەخەنە بارێکی ئەوتۆوە کە وەك شایەت بانگبکرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەوان چۆن بەڵگەنامەیەکی جێگەی سەرنجیان دۆزیوەتەوە.

- بەڵگەنامە ئەسڵییە جێگەی سەرنجەکان دەبێت تەنها لە هەندێك هەلومەرجی دیاریکراودا کۆبکرێنەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی، باشترین کار ئەوەیە کە ڕوونووسی ئەو بەڵگەنامە جێگەی سەرنجانە بەدەست بهێنیت کە بەڵگەی ساخکردنەوەیان لەگەڵە. بەبەکارهێنانی ئەو نموونانەی کە لەسەرەوە خراونەتە ڕوو:

  أ. ئەگەر خاوەنپیشەکان لە بینایەکی چۆڵکراوی سوپادا بەڵگەنامەیەکیان دۆزییەوە کە هەیکەلی فەرماندەیی تیمێکی دەرچوونی سوپای تێدا خرابێتە ڕوو لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەوان ڕەنگە پاساوی ئەوەیان بە دەستەوە بێت کە لەو باوەڕەدابن ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیە لە بیناکەدا بەجێبهێڵرێت ڕەنگە لەناو ببرێت. لەم بارەدا، خاوەنپیشەکان دەبێت ئامانجیان ئەوە بێت کە ڕوونووسێك لە بەڵگەنامەکە بگرنەوە و بەڵگەی ساخکردنەوە بەدەست بهێنن (واتە بەڵگەیەك کە زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکە و هەلومەرجی دۆزینەوەی بە تێروتەسەلی بخاتە ڕوو، وەك ئیفادەی شایەت). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەوە نەگونجا، دەکرێت بەڵگەنامە ئەسڵییەکە کۆبکرێتەوە.

  ب. ئەگەر خاوەنپیشەکان لە ئۆردوگایەکی پەنابەراندا چاویان بە دوکتۆرێك بکەوێت کە فۆڕمێکی پشکنینی پزیشکی قوربانییەکی لاقەکردنی پێبێت، نابێت بەڵگەنامە ئەسڵییەکە کۆبکەنەوە. نەخۆشەکە ڕەنگە پێویستی بە بەڵگەنامە ئەسڵییەکە بێت بۆ مەبەستەکانی خۆی و بە هەر جۆر بێت فۆڕمی پشکنینی پزیشکی بەڵگەی ئەوەندە گرنگی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی نین وەك بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت خۆیان. تیشکۆی خاوەنپیشەکان دەبێت لەسەر وەرگرتنی ڕوونووسێکی ساخکراوەی بەڵگەنامەکە بێت (ئەگەر ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بەدەست هاتبێت) و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتۆر، دەربازبوو هەر شایەتێکی پەیوەندیداری دیکە (**بڕوانە پاشکۆی 3، "ئەنجامدانی چاوپێکەوتن: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و سەرەداوە کردارەکییە سەرەکییەکان"**).

  ت. ئەگەر خاوەنپیشەکان چاویان بە کاربەدەستێکی حکومەت بکەوێت کە بتوانێت بەڵگەنامەیەکیان بۆ فەراهەم بکات کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرێکی تاوان بەسوود بێت و پاساوی ئەوەیان بە دەستەوە بێت کە لەو باوەڕەدابن دەتوانن ئەو بەڵگەنامەیە بە سەلامەتی کۆبکەنەوە، ئەمباری بکەن و بیپارێزن هەتا لە هەر ڕێوشوێنێکی دادپەروەری پاشەڕۆژدا پێویست دەبێت و پاساوی ئەوەیان بەدەستەوە بێت کە لەو باوەڕەدابن وەشانێکی تری ئەو بەڵگەنامەیە دەکرێت لەلایەن ئەو کاربەدەستەوە پێشکەش بکرێت ئەگەر پێویست بکات، ئەوا دەتوانن بەڵگەنامە ئەسڵییەکە کۆبکەنەوە.

3. لە هەلومەرجێکدا کە خاوەنپیشەکان بڕیار بدەن بەڵگەنامە کۆبکەنەوە (ئیتر بەڵگەنامە ئەسڵییەکە بێت یاخود ڕوونووسێکی ئەو بەڵگەنامەیە بێت)، پرەنسیپەکانی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" کە لەم پاشکۆیەدا خراونەتە ڕوو دەبێت پەیڕەو بکرێن. "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" شێوازێکی نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو بەڵگەنامەیە لەکوێوە هاتووە. ئەوە هەروەها شێوازێکی نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو بەڵگەنامەیە لەو ماوەیەدا کە کەوتۆتە نێوان کۆکردنەوەی لەلایەن

خاوەنپیشەکەوە و بەکارهێنانی وەك بەڵگەی تاوانی توندوتیژی سێکسی هیچ دەستکارییەکی نەکراوە. "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" زۆر گرنگە، چونکە بەبێ ئەوە دادگە یاخود ترایبیونالێك ڕەنگە ئەوە ڕەتبکاتەوە کە ئەو بەڵگەنامەیە وەك بەڵگە ڕەچاو بکات لە بەدادگەیاندنی تاوانی توندوتیژی سێکسیدا، یاخود دەشێت دادگە بگاتە ئەو بڕیارەی کە ئەو بەڵگەنامەیە بەڵگەیەکی زۆر باش نیە لەسەر تاوانەکە. بۆ پەیڕەوکردنی "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" بۆ بەڵگەنامەیەك، خاوەنپیشەکان پێویستە ئەمانەی خوارەوە تۆمار بکەن:

## پرەنسیپەکان

أ. ئەو بەڵگەنامەیە چۆن کۆکراوەتەوە.

ب. ئاخۆ (وە چۆن) ئەو بەڵگەنامەیە لە نێوان کەسان و/یان ڕێکخراوە جیاوازەکاندا دەستاودەستی کردووە.

### أ. ئایا ئەو بەڵگەنامەیە چۆن کۆکراوەتەوە؟

پرەنسیپی گشتی ئەوەیە کە بەڵگەنامەکان دەبێت لانی کەم ئەم زانیاریانەی خوارەوەیان لەسەر بێت:

1. ناسێنەری کەیس - ژمارەیەك کە دەدرێت بە کەیسێکی دیاریکراو کە دەکرێت هەموو ئەو زانیاریانە پێکەوە ببەستێتەوە کە پەیوەندییان بەو کەیسەوە هەیە؛

2. بەرواری کۆکردنەوە؛

3. ناوی ئەو کەسەی کە ئەو بەڵگەنامەیەی کۆکردۆتەوە و ناوی هەر کەسێکی تر کە لەکاتی کۆکردنەوەیدا لەوێ بوون؛

4. شوێنی ڕاست و دروستی ئەو بەڵگەنامەیە کاتێك کە کۆکراوەتەوە؛ و

5. جۆری ئەو بەڵگەنامەیەی کە کۆکراوەتەوە.

6. خاوەنپیشەکان دەبێت هەروەها تێبینی بنووسن لەسەر ئەوەی کە چ پێوەرێك دانراوە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئەو بەڵگەنامەیە بە قایمی هەڵگیراوە کاتێك کە لەلای ئەوان بووە (بۆ نمونە ئەوە لە دۆلابێکی داخراودا هەڵگیراوە کە تەنها تیمی خاوەنپیشەکە دەستیان پێی ڕاگەیشتووە).

7. ئەگەر خاوەنپیشەکان خۆیان بەڵگەنامەکەیان کۆنەکردبێتەوە، دەبێت هەروەها وردەکارییەکانی هەر ڕێکەوتن، مەرج یاخود وتووێژێك بخەنە ڕوو سەبارەت بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان لەنێوان ئەو کەسەدا کە بەڵگەنامەکان تەسلیم دەکات و خۆیاندا.

8. هەر بەڵگەنامەیەك کە خاوەنپیشەکان کۆیانبکەنەوە دەبێت (بە وریایی) بخرێتە ناو کیسێکی بەڵگە (کیسێکی پلاستیکی کە بە ئاسانی دابخرێت بەس دەبێت ئەگەر ئەو مادەیە تەڕ/ شێدار نەبێت؛ ئەگەر تەڕ/ شێدار بوو زەرفێکی کاغەزی بێ ئەسید بەباشتر دادەنرێت). ئەو کیس/ زەرفە دەبێت سەرمۆر بکرێت و مۆرەکە دەبێت لەلایەن ئەو کەسەوە واژۆ بکرێت کە ئەو بەڵگەنامەیەی کۆکردۆتەوە. ئەو کیس/ زەرفی بەڵگەیە نابێت هیچ کاتێك بکرێتەوە.

9. لەباشترین باردا دەبێت کە هەموو ئەو زانیاریانە لەسەر یەك لاپەڕە بنووسرێنەوە و ئەو لاپەڕەیەش بدرێت لەو کیس/ زەرفی بەڵگەیە کە ئەو بەڵگەنامەیەی تێکراوە.

ئەو زانیاریانە پێویست ناکات بۆ هەر یەك لەو مادانە پڕبکرێنەوە کە کۆدەکرێنەوە ئەگەر سەرچاوە، بەروار و شوێنەکەیان وەك یەك بێت و ئەو کەسەش کە بە کاری کۆکردنەوە هەڵدەستێت هەمان کەس بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك هەر کام لەوانە جیاواز بێت پرۆسەکە دەبێت دووبارە بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەرچاوەی بەڵگەنامەکان جیاواز بێت.

### ب. ئایا ئەو بەڵگەنامەیە هەرگیز لەنێوان تاکەکەسەکان یاخود ڕێکخراوەکاندا دەستاودەستی پێکراوە.

ئەگەر بەڵگەنامەیەك هەرگیز لەنێوان تاکەکەس یاخود ڕێکخراوەکاندا دەستاودەستی پێکرابێت، زۆر گرنگە کە تۆمارێکی وردەکارییەکانی ئەو دەستاودەستکردنە ڕابگریت. ئەوە دەکرێت بە ئاسانی لە "تۆمارێکی دەستاودەستکردندا" نیشان بدرێت.

ئەو تۆماری دەستاودەستکردنە دەبێت بۆ دەستاودەستکردنی هەر بەڵگەنامەیەك ئەمانە بخاتە ڕوو:

1. ناسێنەری کەیس - ژمارەیەك کە دەدرێت بە کەیسێکی دیاریکراو کە دەکرێت هەموو ئەو زانیاریانە پێکەوە ببەستێتەوە کە پەیوەندییان بەو کەیسەوە هەیە؛
2. جۆری ئەو بەڵگەنامەیەی کە کۆکراوەتەوە؛
3. بەرواری دەستاودەستکردن؛
4. هۆکاری پشت دەستاودەستکردنەکە؛ و
5. واژۆی هەردوو لایەنی دەستاودەستکردنەکە: ئەوەی کە داوێتیە دەستی و ئەوەش کە وەریگرتووە.
6. لەباشترین باردا، تۆمارەکە دەبێت هەروەها مەرجەکانی ئاسایش بخاتە ڕوو لەکاتێکدا کە بەڵگەنامەکە تاووتوێ دەکەن یاخود ئەمباری دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی، باشترین کار ئەوەیە کە ژمارەی ئەوانەی ئەو مادەیە دەستاودەست دەکەن بۆ کەمترین ئاست کەمبکەیتەوە.

# پاشکۆی 8

## ڕێنوێنی لەسەر وێنەگرتن، تۆماری ڤیدیۆیی و هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوان، بەڵگەی بەرجەستە و زامداربوونی جەستەیی

کاتێك کە لە مەیدانیت، ڕەنگە ڕووبەڕووی شوێنی ئەوتۆ ببیتەوە کە لەوانەیە وەها دیار بن کە ئەو شوێنە بن کە تاوانێکی توندوتیژی سێکسی تێدا ئەنجام دراوە (بۆ نموونە ژوورێك کە ئەرزەکەی هەمووی پەڵەی خوێن بێت دۆشەکی تێدا بێت کە بە شلەمەنی لەش پیسبووبێت)، مادەیەك کە وەها دەخاتە پێشچاوی تۆ کە کردارێکی توندوتیژی سێکسی ئەنجام دراوە (بۆ نموونە چەکێك کە شایەتێك بە تۆی وتووە بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی لاقەکردن بەکار هاتووە) یاخود قوربانییەك کە زامدارییەکانی توندوتیژی سێکسی بە ئاشکرا دیارن (بۆ نمونە ژنێك کە پشتی سوربوونەوە و ڕووشانی پێوەیە و بە تۆی وتووە ئەو زامداریانە بەهۆی کردارێکی توندوتیژی سێکسییەوە ڕوویانداوە).

شانبەشانی ئەو زانیاریانەی کە تۆ لە دەربازبوان/ شایەتەکانەوە کۆیان دەکەیتەوە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە، کارێکی گرنگە کە وێنە و هێڵکاری ئەو زانیاریانە بگریت و (هەر کات بگونجێت) تۆماری ڤیدیۆییشیان بگریت. ئەو زانیارانە - ئەگەر بە ڕێکوپێکی کۆبکرێنەوە - دەکرێت بەڵگەی زۆر بەهێز بن لە هەر ڕێوشوێنێکی دادپەروەری پاشەڕۆژدا.

بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە بەڵگەی بەرجەستەوە، زۆر باشترە کە وێنە، تۆماری ڤیدیۆیی یاخود هێڵکاری بەڵگەکان بکەیت وەك لەوەی کە کۆیانبکەیتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، نابێت هیچ بەڵگەیەکی جەستەیی کۆبکەیتەوە تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هەلومەرجی نائاسایی هەبێت و ڕاهێنانی گونجاوت پێکرابێت **(بڕوانە پاشکۆی 6، "بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکان لەسەر زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان")** وە تۆ توانای گواستنەوە و قایمکردنی ئەو بەڵگانەت هەبێت.

لەکاتی هەبوونی زامداری جەستەییدا، بەشێوەیەکی گشتی وەها بەباش دادەنرێت کە پشکنەرانی پزیشکی ڕاهێنراو وێنەی ئەو زامداریانە بگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەسانی دیکەش دەشێت (ئەگەر ئەو ڕێنوێنیانەی کە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو پەیرەو بکرێن) وێنەی زامداری سەرەتایی بگرن کە نەکەوتبنە شوێنی شاراوە و تایبەتی لەشەوە، دوای ڕێپێدانی ڕاشکاوانەی کەسی زامداربوو.

ئەو ڕێنوێنیانە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر هەر کەسێکدا دەچەسپێن کە بڕیار بدات وێنە یان تۆماری ڤیدیۆیی بگرێت یاخود هێڵکاری ئەنجام بدات بۆ شوێنی ڕوودانی تاوان، هی پارچەیەك بەڵگەی بەرجەستە یاخود زامداربوونی جەستەیی قوربانییەك. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك کەس ڕەنگە سەرپشك نەکرابن کە وێنە بگرن، تۆماری ڤیدیۆیی ئەنجام بدەن یاخود هێڵکاری بکێشن، لەبەر ئەوە کارێکی گرنگە کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کەسانی تر لە مەیدان ڕێبازەکەت ئەنجام بدەیت بۆ دڵنیاکردنی هاوبەشکردنی بنەڕەتی زانیاری و بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی هەوڵەکان. کلیلی سەرەکی ئەوە دەبێت کە لە سەرپشککردن و پەیڕەوی ڕێکخراوەکەتدا خراونەتە ڕوو لە پەیوەندیدا بەو ڕەوشانەوە کە ڕەنگە کارکردنی کاتی لە دەرەوەی ئەو سەرپشککردنە بکەن بە کارێکی پێویست.

ئەوەت لە بیر بێت کە لە ڕەوشی ترسانکدا، پێشتریتی پلە یەك سەلامەتی دەربازبوان/ شایەتەکان و کۆمەڵگەکەیانە؛ ئەگەر نەتتوانی وێنە/ ڤیدیۆیەك بەدەست بهێنیت کە هەموو ئەو پێشنیارانەی تێدا هاتبێتە دی، ئەوە ئەوە ناگەیەنێت کە وێنە/ ڤیدیۆکە هەرگیز ناکرێت وەك بەڵگە پێشکەش بکرێت.

## وێنەگرتن و تۆماری ڤیدیۆیی شوێنی ڕوودانی تاوان، بەڵگەی بەرجەستە و زامداربوونی جەستەیی

وێنە دەکرێت بەڵگەی زۆر بەسوود بێت لە هەر ڕێوشوێنێکی دادپەروەری پاشەڕۆژدا ئەگەر بتوانرێت "ساخکردنەوە"ی ئەو وێنانە بخرێتە ڕوو. "ساخکردنەوە" واتە ئەو وێنەیە یاخود هەر بەڵگەیەکی تر دەکرێت نیشان بدرێت کە ڕەسەنن. دڵنیاکردنی ئەوەی کە تۆ زانیاری تەواوت بەدەستەوەیە بۆ نیشاندانی ساخکردنەوە هەمیشە کارێکی ئاسان نیە و هەنگاوی پێویست هەیە کە دەکرێت بهاوێژرێن بۆ کەمکردنەوەی هەل لەبەردەم کەسانی تردا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ساخکردنەوەی بەڵگەکان.

بەر لە لێکۆڵینەوە:

1. فێری ئەوە ببە کە چۆن کامێرا و ئامێرەکانی تری وێنەگرتن بەکاردەهێنیت. بەتایبەتی فێری ئەوە ببە کە چۆن بەروار و کات لەسەر کامێراکەت دەخەیتە کار و چۆن تەرازوی ڕەنگ و ڕوناکی ڕادەگریت. ئەگەر کارەکەت بگاتە چەندین ناوچە کە کاتەکانیان جیاواز بێت، دەبێت کامێراکەت لەسەر کاتی گرینویچ GMT دابنێیت.

2. لەرێگەی ڕاهێنانەوە ئاماژە بەو ڕێنوێنیانەی ئێستا بکە.

ئەگەر بڕیارتدا وێنە بگریت:

3. ئەگەر وێنەگرتنەکە پەیوەندی بە هەر تاکەکەسێکەوە هەبوو، ڕەزامەندی هۆشیارانەی ئەو کەسە وەربگرە بۆ گرتنی وێنەکان.

- ئەوە ڕەنگە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕێگەپێدان لەخۆ بگرێت بۆ وێنەگرتنی: کۆمەڵگەیەك کە کۆنترۆڵیان بەسەر شوێنی ڕوودانی تاواندا هەیە؛ دەربازبوو/ شایەتێك کە پارچەیەك بەڵگەی بەرجەستەی لەلا بێت؛ یاخود قوربانییەك کە بەدەست زامداری جەستەییەوە ناڵاندویەتی.

- ئاسوودەی و تایبەتێتی تاکەکەسەکە بەباشی ڕەچاو بکە. وێنەگرتن لە هەندێك کولتووردا دەکرێت بە هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو دابنرێت. ئەوە بەتایبەتی گرنگە کاتێك کە وێنەی زامداری جەستەیی دەگریت.

- ئەو کەسانەی کە وێنەیان دەگیرێت لە مەبەست لە بەکارهێنانی وێنەکان ئاگادار بکەرەوە. بەتایبەتی، باسی کێشەی ناوناریاری بکە: بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بێت کە شایانی ئەوەبێت لە هەر ڕێوشوێنێکی دادپەروەری پاشەڕۆژدا بەکاربهێنرێت، هەر کەسێك کە وێنەی گیرابێت (بۆ نمونە قوربانییەکی توندوتیژی سێکسی) بەشێوەیەکی گشتی ناتوانێت بە ناوناریاری بمێنێتەوە.

- ئەگەر ئەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن ڕەزامەندییان دەرنەبڕی، هیچ وێنەیەك مەگرە. دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی وێنەنەگرتن بۆ ئەو کەسانە ڕوونبکەرەوە کە پەیوەندیدارن.

- ئەگەر وێنەکان بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە پاشماوەی لاشەی مرۆڤەوە بوو، کارێکی گرنگە کە بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانە و هەر دابونەریتێکی کولتوری بکەیت کە هاوپەیوەست بێت بەوانەوە.

- یەکسەر دوای ئەوەی کە وێنەکان گیران، ناسنامەی کەسەکە ببەسترەوە بە وێنەکانەوە (بۆ نمونە ئەوە دڵنیا بکە کە هەر یەك لە وێنەکان ناسێنەری کەیسی لەسەر بێت، یاخود لەبری ئەوە، ناسێنەری کەیسەکە لەسەر لاپەڕەیەك بنووسە یان چاپ بکە و ئەو لاپەڕەیە لە سەرەتا و کۆتایی فیلم یان میمۆری کارتەکەدا وێنە بگرە - تێبینی ئەوە بکە کە ئەو ناسێنەری کەیسە نابێت وردەکاری ئەوتۆی لەسەر بێت کە ناو و ناونیشانی ئەو کەسە ئاشکرا بکات).

4. وێنەکان یەکسەر بگرە.

- ئەگەر تۆ وێنەی شوێنی ڕوودانی تاوان یاخود پارچە بەڵگەیەکی بەرجەستە دەگریت، وریا بە بەر لە وێنەگرتنی نەیشێوێنیت.

- تۆ وێنەی زامداربوونێکی جەستەیی دەگریت و ئەگەر توندوتیژی سێکسی بەم زوانە ڕوویدابێت، وێنەکان دەبێت بە زووترین کاتی گونجاو بگیرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ هەروەها دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەیت کە ئاخۆ دواتر لە قۆناغی دیکەدا وێنەی زامدارییەکان دەگریت، چونکە هەندێك شینبوونەوە دوای ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن چەندەها کاتژمێری پێدەچێت هەتا دەردەکەون.

5. لە چەندەها گۆشەی جیاوازەوە وێنەکان بگرە و پێوەری وێنە بەکاربهێنە.

- بۆ شوێنی ڕوودانی تاوان و بەڵگەی بەرجەستە:

i. یەکەمجار وێنەیەکی هەموو شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بگرە، مادەیەکی ئاسایی ڕۆژانە بۆ پێوەری وێنە بەکاربهێنە (بۆ نمونە ڕۆژنامەیەك).

ii. وێنەی دووری مامناوەنجی یاخود زەمینەیی هەر مادەیەکی جیاواز بگرە بۆ نیشاندانی شوێنی ئەو مادەیە لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکەدا.

iii. وێنەی نزیکی هەر مادەیەکی جێگەی سەرنج بگرە کە ئومێدی ئەوەی هەبێت کە زەمینەی تاوانی توندوتیژی سێکسی بدات بە دەستەوە (بۆ نمونە جلوبەرگ، پەڵەی خوێن، یاخود ئەو ئامرازانەی کە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی سێکسی بەکارهاتوون).

- بۆ زامداری جەستەیی:

i. لەکاتی وێنەگرتندا ڕێڕەوێکی شێلگیرانە پەیڕەو بکە: بۆ نمونە هەموو وێنەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە سەرەوە بۆ خوارەوەی قوربانییەکە بگرە بۆ مەبەستی گشتگیری.

ii. لەکاتی وێنەگرتندا تایبەتێتی و شکۆی قوربانییەکە بپارێزە.

iii. یەکەم وێنەی دەموچاوی قوربانییەکە بگرە بۆ مەبەستی ناسینەوە. ئەوە پێویست ناکات ئەگەر ئەو کەسەی کە وێنەی دەگیرێت بە ڕوونی لە هەر یەك لە وێنەکاندا بناسرێتەوە.

iv. لانی کەم دوو وێنەی هەر یەك لە زامدارییەکان بگرە لە گۆشەی جیاوازەوە. وێنەیەکی زامەکە لە گۆشەیەکی 90 پلەوە هەمیشە دەبێت بگیرێت.

v. وێنەی نزیکی هەر یەك لە زامداری یان زامەکان بگرە و پێوەری وێنە بەکاربهێنە بۆئەوەی ئەو زامداریانەی کە ڕوویانداوە بتوانرێت بەرێکوپێکی بپێورێن.

vi. وێنە لە دووری مامناوەندی بۆ هەر یەك لە زامدارییەکان بەجیا بگرە بۆ ئەوەی بە ڕوونی ئەوە نیشان بدات کە چ شوێنێکی لەش زامدار بووە.

vii. کاتێك کە وێنەی سەرتاپای قوربانییەکە دەگریت بۆ ئەوەی پانتایی زامدارییەکان نیشان بدەیت، ئەوە ڕەچاو بکە کە قوربانییەکە جلوبەرگی شایستەی لەبەردا بێت یاخود داپۆشرا بێت.

6. ئەوەت لە بیر بێت کە تەنها وێنەی ڕوون و ڕاست و دروست لە هەر ڕێوشوێنێکی یاسایی داهاتوودا داخڵ دەکرێت.

- ئەگەر بگونجێت، وێنەکان دەبێت بە ڕۆژ بگیرێن یاخود تیشکی باکگراوندیان بۆ دابنرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە گرتنی وێنەی زۆر کاڵ.
- باکگراوندی وێنەکە دەبێت هەتا دەکرێت با بێڕەنگ بێت: دەبێت خۆت لە باکگراوندی ڕەنگاوڕەنگ یاخود قەرەباڵخ بەدوور بگریت چونکە ئەوانە بۆی هەیە کاریگەری لەسەر ڕاست و دروستی وێنەکان دابنێن.
- کامێرای دیجیتاڵ دەبێت لانی کەم توانای 4 مێگاپیکسڵ یان زیاتری هەبێت بۆ قەبارەی وێنە. گرتنی وێنە بە تەلەفۆنی زیرەك بە کارێکی باش دانانرێت تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هیچ جێگرەوەیەکی تر نەبێت.
- هەر کات بگونجێت، با وێنەکە هێڵێکی ڕەنگی لەسەر بێت بۆ دڵنیاکردنی بەرهەمهێنانەوەی ڕاست و دروستی ڕەنگەکان.
- وێنە و ڤیدیۆ بە دەگمەن خۆیان خۆیان ساخدەکەنەوە - بەشێوەیەکی تر بڵێین، بەبێ ئیفادەی دەربازبوو/ شایەت و کەسانی تر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لە وێنە/ ڤیدیۆکەدایە و فەراهەمکردنی زەمینەیەك بۆ ئەوەی کە دەبینرێت، وشە/ ڤیدیۆکە مەترسی ئەوەی لەسەر دەبێت کە بەهای بەڵگەیی زۆر کەم بێت.

7. بەروار لە وێنەکان بدە.

- دانەری بەروار و کات لەسەر کامێراکە، یاخود، ئەگەر ئەوە نەبوو، لە سەرەتای فیلم یان میمۆری کارتەکەدا وێنەیەکی ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژە بگرە. ئەگەر کارەکەت بگاتە چەندین ناوچە کە کاتەکانیان جیاواز بێت، کامێراکەت لەسەر کاتی گرینویچ GMT دابنێ.
- بەو کارە تۆ بەهای بەڵگەیی وێنەکە بەرزدەکەیتەوە و بۆ ساخکردنەوەی بەڵگەکەش بەسوود دەبێت.

8. "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" پەیڕەو بکە.

- بڕوانە **پاشکۆی 6**، **"بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان")**.
- پێویستە بتوانیت وێنەکان ساخبکەیتەوە کە ئەسڵی بن و دەستکاری نەکرابن. ئەگەر دەستکاری کرابێت - بۆ نمونە لە وێنە لەسەر باری شاقوڵییەوە کرابێت بە ئاسۆیی - ئەوە بنووسە و ئامادە بە کە بتوانیت هۆکارەکەی ڕوونبکەیتەوە.
- هەموو وێنەکان دەبێت بە ڕوونی نیشانە بکرێن و "زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان" دەبێت پەیڕەو بکرێت.
- هەموو وێنە و بەڵگە ڤیدیۆییەکان دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمێکی هەژماری دامەزراودا پێرست بکرێن و ئەو سیستەمی هەژمارە دەبێت ببەسترێتەوە بە بەڵگەی پشتڕاستکردنەوەی دیکەی ئەو وێنە/ ڤیدیۆ دیاریکراوە (بۆ نمونە بەڵگەی دەرباز بوو/ شایەت).
- ئەوە دڵنیا بکە کە هەموو ئەو زانیاریانە بنووسیت کە پەیوەندییان بەو وێنە/ ڤیدیۆیەوە هەیە- کێ گرتویەتی، کەی، لە کوێ، بۆچی و چۆن، کێ ئەو زانیاریانەی فەراهەم کردووە کە وەهای لە وێنەگر/ فیلمساز کردووە ئەوە تۆمار بکات و ئایا کێی تر لەو شوێنە ئامادە بووە.
- بۆ ئەو وێنانەی کە لەگەڵ فیلم گیراون، ژمارە زنجیرەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە بنووسە لەگەڵ ژمارەی ئەسڵی مادەکە بۆ هەر ڕاوەستانێك لە فیلمەکەدا لە پەیوەندیدا بە هەر وێنەیەکەوە کە گیرابێت.
- بۆ کامێرای دیجیتاڵ، چارەسەرێکی تەکنیکی بەکاربهێنە کە (کۆد یان لۆگۆیەکی ناسینەوە) دەکات بە مۆرك یان نیشانەی ئاوی لەسەر وێنەکان لەکاتی گرتنیاندا و دواتریش دەکرێت بۆ ساخکردنەوەی وێنەکان بەکاربهێنرێت. هەر یەك لە فایلەکانی وێنەی دیجیتاڵ بە شێوەیەکی ئاسایی مێتاداتای لەگەڵ دەبێت کە بڕێکی زۆری زانیاری تێدا جێگەدەبێتەوە (بۆ نمونە بەروار و کاتی گرتنی، بەروار و کاتی دەستکاریکردنی، جۆری کامێرا، دووری کامێراکە و تیشکۆی هاوێنەکەی).
- بۆئەوەی وێنەیەك وەك بەڵگە بەکار بهێنرێت پێویستە ئەسڵی بێت. نابێت هیچ شتێك لە وێنە ئەسڵییەکە سڕرابێتەوە و نابێت هیچ شتێکیش بۆ وێنە ئەسڵییەکە زیاد کرابێت. ئەگەر تەنها ڕوونووسێکی وێنەیەکت هەیە، پێویستە لەسەرت بتوانیت ئەوە نیشان بدەیت کە ئەوە ڕوونووسێکی ڕەسەن و دەستکارینەکراوی وێنە ئەسڵییەکەیە.
- هەر کات بگونجێت، کاتێك کە ڤیدیۆیەك تۆمار دەکەیت، هەوڵ بدە کە زۆر ڕانەوەستیت و دەستپێبکەیتەوە بۆ خۆپاراستن لەوەی کە نەوەك کەسێك بڵێت تۆمارەکە شتێکی لێ دەرکراوە.

9. وێنەکان بەشێوازێکی سەلامەت ئەمبار بکە و بەباشی بیانهێڵەرەوە.

- جامی فیلم دەبێت لە گەرمی و ڕوناکی بەدوور بگیرێن چونکە ئەوە لەوانەیە ببێتە هۆی خراپبوونی فیلمەکان.
- وێنەی چاپکراو، ئیتر فیلم بێت یان دیجیتاڵ، دەبێت تێبینییەکی پێوە بێت کە ئەوە بخاتە ڕوو هەموو دەستەکە لە چەند وێنە پێکهاتووە.
- بۆ وێنەی دیجیتاڵ، هەموو ئەوەی کە لەسەر فلاش کارتە بخەرە سەر کۆمپیوتەرێك، لەسەر سی دی WORM (یەکجار لەسەری تۆمار دەکرێت، زۆرجار دەخوێندرێتەوە) تۆماری بکە یاخود زانیارییەکان لەسەر میمۆری ستێکێك ئەمبار بکە کە بە وشەی تێپەڕبوون پارێزراو بێت. دوو ڕوونووس بگرەرەوە.
- لولەی فیلم، وێنەی چاپکراو، سی دی و فلاش کارت لە دۆلابێکی قفڵدراودا هەڵبگرە کە کەسانێکی کەم دەستیان پێی ڕابگات و تۆماری ئەوانە ڕابگرە کە دەستیان پێی ڕادەگات (ناوی ئەو کەسە، بەروار، کات و مەبەست لە دەستڕاگەیشتنەکە دەبێت تۆمار بکرێت).
- پلان بۆ ئەوە دابنێ کە بەڵگەکان لەکوێ ئەمبار دەکرێن و کێ کۆنترۆڵی دەبێت بەسەریاندا. لەباشترین باردا، شوێنێکی ئەمبارکردنی ناوەندی بەکاربهێنە کە لەژێر چاودێری پاسەوانێکی بەڵگەدا بێت، تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوەکەشت مافی "خاوەندارێتی" وێنەکان بۆ خۆی بپارێزێت.

- كاتێك كە بە خاڵی پشكنیندا تێدەپەڕیت وریا بە، چونكە ڕەنگە داوات لێ بكرێت كە هەر وێنەیەكت پێبێت (چاپكراو یاخود دیجیتاڵ) یان جام نیشانیان بدەیت.
- جارێكی تر، هەموو وێنە و تۆمارە ڤیدیۆییەكان دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمێكی هەژماری دامەزراودا پێڕست بكرێن و ئەو سیستەمی هەژمارە دەبێت ببەسترێتەوە بە بەڵگەی پشتڕاستكردنەوەی دیكەی ئەو وێنە/ ڤیدیۆ دیاریكراوە (بۆ نمونە بەڵگەی دەربازبوو/ شایەت).

10. كاتیك كە تۆماری ڤیدیۆیی ئەنجام دەدەیت:

- هەوڵ بدە خۆت لە گێڕانەوەی بەسەرهات بەدوور بگریت ئەگەر گونجا؛ لەبری ئەوە بەڵگە ڤیدیۆییەكان بە بەڵگەی دەربازبوان/ شایەتەكان پشتقایم بكە. بە جۆرێكی تر بڵێین، كاتێك كە فیلمی زیندوی بەسەرهاتێكی بەردەوام دەگریت، ئەوە بە بێدەنگی ئەنجام بدە وەك ئەوەی كە بەبێ هیچ گێڕانەوەیەك ئەنجام بدرێت. دوای ئەو چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەو شایەتحاڵانە ئەنجام بدە كە ئاگاداری ئەوەن چی ڕوویداوە وەك ئەوەی كە لە تۆمارە ڤیدیۆییەكەدایە و ئەوە دڵنیا بكە كە ڕێڕەوێكی پێكەوەبەستنەوەی ئیفادەی دەربازبوان/ شایەتەكان هەیە بە تۆمارە ڤیدیۆییەكەوە. تۆماری ڤیدیۆیی و ئیفادەی دەربازبوان/ شایەتەكان پێكەوە دەبن بە بەڵگەكە.
- ئەوە دڵنیا بكە كە هەموو ئەو زانیاریانە بنووسیت دەربارەی ئەوەی كە كێ فیلمەكە دەگرێت، كێی تر لەوێ بووە، بەروار، كات و شوێنی تۆماركردنەكە و ناوی هەموو ئەوانە تۆمار بكە كە ئاگاداری فیلمەكە دەكەن هەر لە ساتی خستنە فایلەوە هەتا دوایی **(بڕوانە پاشكۆی 6، "بەڵگەی بەرجەستە: پرەنسیپەكانی زنجیرەی قۆناغەكانی تاوتوێكردنی بەڵگەكان")**. هەروەها تێبینی هەر ڕوونووسێكی ڤیدیۆكە بنووسە لەگەڵ ناوی ئەو كەسەی كە ڕوونووسەكەی گرتۆتەوە یاخود لەلای خۆی هەڵیگرتووە.
- تكایە تێبینی ئەوە بكە كە بەڵگەی ناونادیار تەنها بۆ سەرەداو بەسوودە.
- هەتا ئەو ڕادەیەی كە دەگونجێت، هەوڵ بدە كرداری فیلمسازی زۆر زوو زوو ڕانەگریت و دەستی پێنەكەیتەوە كاتێك فیلمی هەمان ڕووداو یاخود شوێن دەگریت. ئەوە بۆ خۆ دوورەپەرێز گرتن بەسوود دەبێت لە پچڕانی هەر بەشێكی ڤیدیۆكە.
- هەتا ناوەرۆكی ڤیدیۆكە شوێنەكە، كاتی ڕۆژەكە، بەروار، دەوروبەرەكەی زیاتر نیشان بدات لەسەر ئاستی فراوان و وردەكارییەكان لەسەر ئاستی بچووك بخاتە ڕوو، ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێت كە ئەوە دەبێت بە بەڵگەیەكی بەنرخ. بەڵگەی پشتڕاستكراوەی دەربازبوو/ شایەت دەكرێت بۆ پاڵپشتكردنی بەڵگەی ڤیدیۆیی بەسوود بێت.
- خۆت دوورەپەرێز بگرە لە خۆنواندن - وەها فیلمسازی بكە وەك ئەوەی كە خۆت لەوێ نەبیت، وەك ئەوەی كە تۆ كامێرایەك بیت بەڵام نەك كەسێك كە هەوڵ بدات پەیامێكی دیاریكراو بگەیەنێت بە خەڵك. هەتا دەتوانیت زیاتر لە تەواوی بەسەرهاتەكە نیشان بدە؛ بەڵگە زیاتر جێگەی متمانە دەبێت ئەگەر زۆر سادە و ساكار نەبێت، چونكە ئەو بەسەرهاتانە زۆر بە كەمی سادە و ساكار دەبن.
- كاتێك كە فیلمی كردارێكی توندوتیژی دەگریت كە لەو كاتەدا بەردەوامە، ئاسایشی خۆت بخەرە پێش بەڵگەكەوە. ئەگەر بڕیاری ئەوەت دابوو كە هەلومەرجەكە ئەوەندە سەلامەتە فیلم بگریت، هەوڵ بدە ئەوەندەی دەتوانیت فیلمی ناوچەیەكی فراوان بگریت و دوای ئەوە تیشكۆ بخەرە سەر ناوچەیەكی دیاریكراو بەبێ ڕاگرتن و دەستپێكردنەوەی فیلمسازییەكە.
- كاتێك كە فیلمی قوربانییەك دەگریت (كە مردبێت) یاخود شوێنی ڕوودانی تاوانی دیكە، 360 پلە بە چواردەوریدا بگرە، لە دوورەوە و لە نزیكەوە، وە ئەگەر گونجا بە دەوری لاشەكەدا بسوڕێرەوە لەكاتێكدا كە بەردەوامیت لە فیلمسازی، وردە وردە هەرچی زیاترە خۆت لە لاشەكە نزیك بكەرەوە لە كاتێكدا كە بە دەوریدا دەسوڕێیتەوە و لە ئەنجامدا هەر بەڵگەیەكی ناسینەوە و برینێك هەبوو بیهێنەرە پێشەوە.
- هەمیشە بیرۆكەیەكی باشە كە كاتێك فیلم دەگریت بەروار و كاتەكە لەسەر شاشەكە نیشان بدرێت؛ بەڵام ئەوەت لەبیر بێت كە ئەوە دەكرێت دەستكاری بكرێت لەبەر ئەوە ئەوە دڵنیا بكە كە بەروار و كاتەكە بە ڕاست و دروستی دانرابێت.

## هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوان، بەڵگەی بەرجەستە و زامداربوونی جەستەیی

هێڵکاری دەتوانێت جێگرەوە یاخود پاڵپشتێکی بەسوود بێت بۆ وێنە چونکە ئەوەش تۆمارێکی هەمیشەیی قەبارە و پەیوەندی دوورییە لەنێوان شوێنی ڕوودانی تاوان و ئەو بەڵگەی بەرجەستەیەدا کە لەناویدایە. ئەگەرچی ئەم هێڵکارییە ڕەنگە لە ئەنجامدا وەك شێوازێکی سەرەتایی بەڵگە بەکارنەیەت، ئەوە یارمەتیت دەدات کە ڕووداوەکانت بیر بکەوێتەوە.

ڕەنگە بڕیار بدەیت کە هێڵکارییەك بکێشیت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە هەر یەك لەو وێنانەدا هەن کە تۆ گرتووتن (بە شوێنی کامێرا و وێنەگریشەوە، هتد.).

11. دوای ئەوەی کە وێنەکان گیران و بەر لەوەی کە هەر شتێك لەوێ دەستی لێبدرێت هێڵکارییەکەت بکێشە.

12. هێڵکاری هەموو شوێنی ڕووداوەکە، ئەو تەنانەی کە لەوێن و ئەو زانیاریانەی کە لەگەڵیاندان بکێشە (بۆ نموونە ناسنامەی ئەو کەسانەی کە سەروساختیان هەبووە لەگەڵی).

13. دەتوانیت یان "هێڵکارییەکی سادە" بکێشیت (بۆ نموونە دیمەنی سەرەتایی شوێنی ڕوودانی تاوان بگریت و پێوانەی مادە و پێکهاتەکان بگریت، لەگەڵ دووری نێوان مادەکان)، یاخود "هێڵکارییەکی کۆتا/ تەواوکراو" (بۆ نموونە ئامادەکارییەکی تەواوی هێڵکارییەکی سادە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماوەی هەر ڕێوشوێنێکی دادپەروەری پاشەڕۆژدا بەرهەم دێت).

14. ئەگەر تۆ هێڵکاری شوێنی ڕوودانی تاوان دەکێشیت، دەتوانیت یان هێڵکارییەکی "دیمەن لە ئاسمانەوە" (کە باوترین شێوازی هێڵکارییە بەڵام ناتوانێت بەرزی مادەکان نیشان بدات) یاخود دیدگای دیکە لەگەڵی پێکەوە گرێ بدەیتەوە (بۆ نموونە تێڕوانین لە تەنیشتەوە).

15. دڵنیا بە کە ئەمانەی تێدا بێت:

- ناونیشانێك کە ئەوە ڕوونبکاتەوە هێڵکارییەکە چی دەنوێنێت؛
- کلیلی نەخشە کە هەموو ئەو هێمایانە ڕوونبکاتەوە کە لە هێڵکارییەکەدا بەکارهاتوون؛
- بەروار، کات و شوێنی هێڵکارییەکە (لەگەڵ هەر زانیارییەکی گرنگی دیکەی دەستنیشانکردن)؛
- ناوی ئەو کەسەی کە هێڵکارییەکەی کێشاوە؛
- نیشاندەری ئاراستە (بۆ نموونە باکور)؛
- پێوەری وێنەی هێڵکارییەکە (بۆ نموونە 1:1)؛ وە
- خشتەی پێوانە (کە ئەو دووری و پێوانانە ڕوونبکاتەوە کە هاوپەیوەستن بە هێڵکارییەکەوە - ئەگەرچی دەبێت تێبینییەك بنوسرێت کە هەموو پێوانەکان نزیکەیین).

16. ئەگەر توانای ئەوەت هەیە، "نەخشەکێشانی" شوێنی ڕوودانی تاوانەکە ڕەچاو بکە، کە دەتوانێت ئەمانە بخاتە گەڕ:

- نەخشەکێشانی هێڵی بنەڕەتی (لەڕێگەی بەکارهێنانی هێڵی بنەڕەتییەوە بۆ نموونە پەرژینێك بۆ پێوانی شوێنی ڕووداوەکە بە ڕاست و دروستی)؛
- نەخشەکێشانی لاکێشەیی هاوئاهەنگی (لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو هێڵی بنەڕەتییەوە)؛
- بە سێگۆشەکردن (لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو خاڵی چەسپاوەوە)؛ وە/یان
- نەخشەکێشانی هاوئاهەنگی جەمسەر/ تان و پۆ (لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاڵێکی چەسپاو یان زانراوەوە بۆ نیشاندانی گۆشە و دووری) بۆ تۆمارکردنی شوێنی ڕووداوەکە.

هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی (GPS) و ئامێری پێوانەی دووری ئەلکترۆنی (EDM) ڕەچاو بکە کە سیستەمی نەخشەکێشانی ئەوتۆن کە دەتوانن پێوانە لە هاوئاهەنگی جەمسەریدا وەربگرن و دوای ئەوە پێوانەکان بگۆڕن بۆ هاوئاهەنگی تۆڕ. ئەوە لەلایەن پیشەوەرەکانەوە بە باشترین شێوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی بەکاردەهێنیت بپشکنە بۆ پلەی ڕاست و دروستی (ئەوە خوێندنەوەیەکی دەبێت - کەمیان پلەی ڕاست و دروستی لە مەترێك کەمتر نیشان دەدەن).

باشتری کار ئەوەیە کە هاوئاهەنگی سیستەمی شوێندۆزیی جیهانی بۆ تەنێکی چەسپاو و نەجوڵاو بگریت و دوای ئەوە لەوێوە بە شێوەی بەرجەستە مادەکان بپێویت.

### نموونەی وێنە، هێڵکاری و نەخشەکێشان

شوێنی ڕوودانی تاوانی دەشت و دەر




وێنەگرتنی لاواز لە بەرانبەر وێنەگرتنی باش



بەکارهێنانی پێوەری وێنە و قەڵەمی نیشانکار



بەکارهێنانی پێوەری وێنە و قەڵەمی نیشانکار



# پاشکۆی 9

## ڕێساکانی بەڵگە و ڕێوشوێن وەك ئامرازی پاراستنی دەربازبوان/ شایەتەکان

میکانیزمی دیاریکراو هەیە کە دەکرێت لە هۆڵی دادگەدا لەلایەن خاوەنپیشەکانەوە بچەسپێنرێن بە ئامانجی پاراستنی دەربازبوان/ شایەتەکان لەکاتی ئیفادەداندا. هەموو دەسەڵاتە دادوەرییەکان جیاوازن و هەر دادگەیە ڕێسای خۆی هەیە بۆ ڕێوشوێنی دادگە و بەڵگە. ئەم بڕگەیە هەندێك نموونە بە کورتی دەخاتە ڕوو لەسەر ڕێوشوێنی چاوەڕوانکراوی پاراستن لە هۆڵی دادگەدا کە خاوەنپیشەکان دەتوانن خەبات بکەن بۆ چەسپاندنیان لە زەمینەی دادبینییەکانیاندا (ئەگەر ئەو ڕێسایانەی ڕێوشوێنی دادگە و بەڵگە ڕێگە بەوە بدەن). هیوادارین کە ئەم پێشنیارانە چەسپاندنی چارەکردنی داهێنەرانەش بوروژێنن لەلایەن داواکارانی گشتی و دادوەرەکانەوە بۆ ئەو دەربازبوو/ شایەتانەی کە لە دادگە ئیفادە دەخەنە ڕوو.

کرداری تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەم ڕێسایانەی خوارەوەی داناوە بۆ ڕێوشوێنی دادگە و بەڵگە: [67]

### 1. بۆ تاوانی توندوتیژی سێکسی پێویست بە پشتڕاستکردنەوە ناکات

بەگوێرەی پرەنسیپەکانی ڕێوشوێنی یاسایی تاوانکاری نێودەوڵەتی، لە کەیسەکانی توندوتیژی سێکسیدا پێویست بە پشتڕاستکردنەوە ناکات. واتای ئەمە لە کرداردا ئەوەیە کە ئیفادەی دەربازبوو خۆی دەکرێت بەڵگەی تەواو بێت لەسەر ڕوودانی تاوانێکی توندوتیژی سێکسی، بەبێ هەبوونی هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی تر لە شایەتەکانەوە، بەڵگەنامە، ڕاپۆرتی پزیشکی، وێنە، یاخود هەر بەڵگەیەکی پشتڕاستکردنەوەی تر. [68]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە لەوانەیە زۆرجار واتای ئەوە بگەیەنێت کە جێگەی باوەڕبوونی دەربازبوو لە پرسیارلێکردنی لایەنی بەرانبەردا دەخرێتە ژێر پرسیار لە هەوڵێکدا بۆ بێبایەخکردنی ئیفادەکەی. خاوەنپیشەکان دەبێت ئاگاداری یاسای کەیسی نێودەوڵەتی و نیشتمانی بن کە ئەوەی خستۆتە ڕوو ئیفادەی دەربازبوو وەها نیە کە هەر لە سەرچاوەوە کەمتر جێگەی باوەڕ بێت، کە پێویست بە پشتڕاستکردنەوە ناکات بۆ ئەوەی جێگەی باوەڕبوون نیشان بدات و بۆچی ئەوە بەو جۆرەیە، لەبەر تیشکی سروشتی تایبەتی تاوانەکەدا.

### 2. نابێت هیچ پرسیارێك سەبارەت بە ڕەزامەندی لە شایەت بکرێت بەبێ ڕێپێدانی ڕاشکاوانەی دادگە

لە زەمینەی ناوخۆییدا، دەربازبوانی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی زۆرجار ناچار دەکرێن ئەوە نیشانی دادگە بدەن کە ئەوان ڕەزامەندییان بۆ کاری سێکسی دەرنەبڕیوە. نەبوونی ڕەزامەندی پێکهاتەیەکی توندوتیژی سێکسی نیە وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. لە بواری کردارەکی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، یاسای مافناسی پەرەی پێدراوە بۆ پاراستنی دەربازبوو لەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە ڕەزامەندییەوە هەیە. ئەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەوەیە کە توندوتیژی سێکسی کاتێك لە زەمینەی ململانێی چەکدارانە، کارەساتی جەرگبڕی بە کۆمەڵ و جینۆسایددا ئەنجام دەدرێت ئەو تاوانە لە هەلومەرجێکدا ئەنجام دەدرێت کە خۆی لەخۆیدا ڕەزامەندی وەلا دەنێت. هەموو کەس ئەوە پەسەند دەکات کە مەسەلەیەکی گاڵتەجاڕی دەبێت ئەگەر پرسیار سەبارەت بە ڕەزامەندی لە دەربازبوانی ئەو تاوانانە بکەیت کە لە زەمینەی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام دراون و ئەو زیانپێگەیشتنە چاوەڕوانکراوەی کە هێنانە پێشەوەی ڕەزامەندی دەکرێت بۆ دەربازبووی دروست بکات زۆر زۆر گەورەتر دەبێت لە هەر سوودێکی پرسیارکردنەکە خۆی. لە هەلومەرجی توندوتیژی بەکۆمەڵ، زۆرەملێی، ڕاگرتن، هەڕەشە، ناچارکردن و هەموو ئەو هەلومەرجانەی کە تاوانە نێودەوڵەتییەکانیان تێدا ئەنجام دەدرێت وەها چاو لە ڕەزامەندی ڕەسەن دەکرێت کە لە بنەڕەتدا ئەستەم بێت.

67 ئەو بیرۆکانە لە ڕێساکانی ڕێوشوێنی یاسایی و بەڵگەدا لە دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC)، ترابیبونالی تایبەت و ترابیونالی دوولانەدا بە چەندەها شێوە ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم بڕگەیەی پرۆتۆکۆلەکە بیرۆکەکان زاراوەی گشتی دەخاتە ڕوو بەبێ ئاماژەی تایبەت بە دەسەڵاتێکی دادوەری دیاریکراو. خاوەنپیشەکان دەتوانن ئەم بڕگەیە وەك سەرچاوەیەکی داکۆکی بەکاربهێنن بۆ چەسپاندنی ئەو ڕێسایانە و ڕێسای دیکەش کە دەکریت بۆ باشترکردنی بەشداری دەربازبوو/ شایەتێك بەکاربهێنرێن لە پرۆسەی دادپەروەری و بەرپرسیارێتیدا بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەو ئیفادەیان لەسەر دەدات.

68 تێبینی ئەوە بکە کە ڕێساکانی دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC) بۆ ڕێوشوێنی یاسایی و بەڵگە بەبێ چەندوچوون دەڵێت هەر تاوانێك کە بەگوێرەی پەیماننامەی ڕۆما بدرێتە دادگە پێویست بە پشتڕاستکردنەوە ناکات. بەشێوەی کردارەکی بێگومان پشتڕاستکردنەوە دەکرێت کەیس بەهێز بکات، بەڵام نەبوونی پشتڕاستکردنەوە وەها ناگەیەنێت کە بەڵگەکان بەگوێرەی پێویست نەبن بۆ ئەوەی ببن بە بناغەی تۆمەتبارکردنی فەرمی یاخود بەتاوانبارناساندنیش.

ڕێساکانی ڕێوشوێنی یاسایی و بەڵگە ڕەنگە تیمی بەرگری ناچار بکات کە بەر لە هاتنەژوورەوەی دەربازبوو بۆ ناو هۆڵی دادگە، دادوەر ئاگادار بکەنەوە کە ئەوان وەها پلانیان داناوە کە پرسیار سەبارەت بە ڕەزامەندی لە دەربازبوو بکەن؛ لەو بارەدا دادوەر بەر لە هاتنەژوورەوەی دەربازبوو بۆ ناو هۆڵی دادگە بەو بەڵگەیەدا دەچێتەوە کە وەها دراوەتە قەڵەم هی ڕەزامەندی بێت و ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە ئاخۆ بەرگری دەشێت ڕێگەی پێبدرێت کە پرسیار لە شایەتەکە بکات.

لە بەرانبەردا، تیمی بەدادگەیاندن ڕەنگە لە دژی ئەوە مشتومڕی خۆیان بکەن و دادگە بڕیار دەدات. لە پێناوی سەلماندنی ئەوەدا کە ئەو هەلومەرجەی کە ئەو کردارە تاوانکارییەی تێدا ئەنجام دراوە بە جۆرێك بووە کە ڕەزامەندی ئەستەم بووە، داواکاری گشتی پێویستە لەسەری ئەوە دڵنیا بکات کە ئەو بەڵگەی پێویست پێشکەش دەکات لەسەر ئەو هەلومەرجەی کە کارێکی ئەوتۆی کردووە ڕەزامەندی ئەستەم بێت.

لە بواری کردارەکی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، ئەگەر دادگە ڕێگە بە پرسیارکردن بدات دەربارەی ئەو ڕەزامەندییەی کە دەڵێن گوایە وەرگیراوە ئەوا لە دانیشتنی تایبەتی دادگەدا ئەنجام دەدرێت، واتە کۆمەڵانی خەڵك لە هۆڵەکانی دادگە دوور دەخرێنەوە و هەر جۆرە پەخشکردنێکی دەنگ و ڕەنگ ڕادەگیرێت. وەك مەسەلەیەکی کرداری باش، دانیشتنی داخراو دەبێت هەروەها بۆ گوێراگرتن لە مشتومڕی لایەنەکان بەکاربهێنرێت سەبارەت بە ڕێپێدانی پرسیارکردن دەربارەی ئەو ڕەزامەندییەی کە دەڵێن گوایە دراوە.

### 3. ئامادەبوونی کەسانی پشتگیری لە هۆڵی دادگەدا

لە هەندێك زەمینەدا ڕەنگە بتوانرێت هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێپێدان بدرێت لە دادوەرەوە کە کەسێکی پشتگیری لە هۆڵی دادگە ئامادە بێت لە ئاستێکدا کە شایەتەکە بتوانێت چاوی لێی بێت بۆ ئەوەی هەستێکی پشتگیری بۆ فەراهەم بکات. ئەوە مەسەلەیەکە کە دەکرێت کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی شایەتەکە هەست بە بارسوکی بکات لە ڕەوشێکدا کە هەتا ڕادەیەك ناخۆشە.

### 4. قەدەغەکردنی پرسیار لەسەر ڕەفتاری سێکسی پێشتر و دواتر

زۆربەی ترایبیوناڵەکانی تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەو پرسیارانە قەدەغە دەکەن کە پەیوەندییان بە ڕەفتاری پێشتر یان سێکسی دەربازبووەوە هەیە. ڕێساکانی دادگەی تاوانکاری نێودەوڵەتیش هەروەها پرسیارکردنی قەدەغە کردووە لەسەر ڕەفتاری سێکسی دواتر. ئەو پرسیارانە دەشێت بەشێوەیەکی تایبەت ئابڕووبەرانە بن، وە لە زەمینەی تاوانی جەنگ، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایددا، ئەوانە وەها دێنە بەرچاو کە ناپەیوەندیدار و ناقۆڵا بن. بۆ نموونە، پرسیاری وەك "ئایا تۆ کچێت/ ئایا تۆ ئەو کاتە کچ بوویت؟" نابێت ڕێگەیان پێبدرێت چونکە بۆی هەیە بۆ دەربازبوان مایەی پەرێشانی بن و هیچ پەیوەندییان بە سەلماندن یان بەدرۆخستنەوەی ئەو تاوانانەوە نیە کە دەڵێن گوایە ئەنجام دراون. خاوەنپیشەکان دەتوانن کرداری نێودەوڵەتی وەك بنچینەیەك ببیننەوە بۆ داکۆکیکاری لەو ڕێوشوێنە یاساییانەدا کە بەر لەو جۆرە پرسیارانە دەگرن.

### 5. پێوەری دیکەی پاراستن

قوربانیان، بەتایبەت (یاخود خێزانەکانیان و کەسانێك کە پەیوەندی نزیکیان هەیە لەگەڵیان) نابێت هەرگیز بخرێنە بەردەم مەترسی تۆڵەسەندنەوە یاخود جارێکی تر ڕووبەڕووی ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێن بکرێنەوە لە ئەنجامی ئەوەوە کە وەك شایەت هاوکارییان کردووە. هەر یەك لە سیستەمەکانی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت پێوەری پاراستنیان هەبێت بۆ دەربازبوان/ شایەتەکان. ئەو جۆرە پێوەرانە ڕەنگە ئەمانەی خوارەوە بگرنەوە.

پاراستنی شایەت بە شێوەی بەرجەستە/ لە دەرەوەی دادگە

- بەرنامەکانی شوێنگۆڕینی شایەت.
- گواستنەوە وە/یان شوێنی نیشتەجێبوونی قایمی شایەت لەکاتی ئیفادەداندا.

پاراستنی شایەت لە ڕێوشوێنی یاساییدا/ لەناو دادگەدا

- داخستنی دەرگای دانیشتنی دادگە بەڕووی کۆمەڵانی خەڵکدا.
- ئیفادەوەرگرتن لە دوورەوە، بۆ نموونە لەڕێگەی بەستەری ڤیدیۆییەوە.
- وەرگرتنی ئیفادە بە ناوی خوازراوەوە.
- وەرگرتنی ئیفادە لەڕێگەی شێواندنی دەنگ و وێنەوە.

- دەروازە و شوێنی چاوەڕوانی جیاواز بۆ شایەتەکان.
- دواخستنی پەخشکردن (بۆ ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە لە تەلەفیزیۆنەوە پەخش دەکرێن).

پشتگیری شایەت

- ڕێنمایی یاسایی دەربارەی ماف و ئەرکەکانی شایەت.
- ڕوونکردنەوە دەربارەی پرۆسەی ئیفادەوەرگرتن لەلایەن کەسانێکی بێلایەنەوە.
- ڕێنیشاندان.
- پشتگیری بەڕێوەبردن بە یارمەتی لۆجیستیکییەوە، بۆ نمونە وەرگێڕان، گەشتکردن و وەرگرتنەوەی تێچوونەکان.
- فەراهەمکردنی "هاوەڵ" ێك کە لە سەرتاسەری پرۆسەی دادبینیدا وەك پشتگیرییەکی زیادە لەگەڵ شایەتەکە بێت.

ئەوە ئەرکی خاوەنپیشەکەیە کە بەدوای پانتایی ئەو پێوەرانەدا بگەڕێت و داکۆکی لە فراوانبوونیان بکات بۆ دەربازبوان/ شایەتەکانی ئەو جۆرە تاوانانە.

# پاشکۆی 10

## نموونەی بڕوانامەی پزیشکی پەلاماری سێکسی

ئەم بڕوانامە پزیشکیی دادوەرییە نموونەیەکە لەسەر ئەوەی کە دەکرێت لەلایەن ئەو دوکتۆر و پەرستارانەوە بەکاربێت کە ڕاهێنانیان پێکراوە لەسەر ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پزیشکیی دادوەری و بەبەڵگەنامەکردنی چاودێری جەستەیی و هەڵسوکەوتی لە نۆرینگە تەندروستییەکانیاندا، هەر کات بگونجێت.

**بڕوانامەی پزیشکی بۆ پەلاماری سێکسی**

**بەڵگەنامەی نهێنی**

بەرواری ئەمڕۆ ___ / ___ / ___   کات ___ : ___   شوێنی پشکنینی پزیشکی

### أ. زانیاری نەخۆش

**1.** ناوی کۆتایی

**2.** ئەوەی لە دوای ناو دێت

**3.** ناوی یەکەم

**4.** ناونیشان

**5.** ڕەگەز — ☐ مێ ☐ نێر

**6.** تەمەن — ☐ نەزانراوە

**7.** بەرواری لەدایکبوون ___ / ___ / ___ — ☐ نەزانراوە

**8.** شوێنی لەدایکبوون — ☐ نەزانراوە

**9.** باری هاوسەرگیری — ☐ زوگورد (سەڵت) ☐ شووی کردووە یان ژنی هێناوە ☐ بێوەژن یان بێوە پیاو ☐ تەڵاق دراو ☐ جیابووەوە

*تێبینی: ئەگەر نەخۆشەکە نێرینەیە، بچۆ پرسیاری 14.*

**10.** بەرواری دوا سوڕی مانگانە ___ / ___ / ___ — ☐ هێشتا نەکەوتۆتە سوڕی مانگانەوە ☐ لە سوڕی مانگانە چۆتەوە ☐ نەزانراوە

**11.** ژمارەی سککردن

**12.** ژمارەی ئەو مناڵانەی کە بەزیندوویی لەدایکبوون

**13.** ئێستا دووگیانە — ☐ بەڵێ ☐ نەخێر ☐ نەزانراوە

**14.** نەخۆشەکە لە ماوەی 7 ڕۆژدا بەر لە دەستدرێژییەکە بە ڕەزامەندی خۆی کاری سێکسی ئەنجامداوە — ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

**15.** لە ماوەی 60 ڕۆژدا بەر لە دەستدرێژییەکە نەخۆشەکە برین و زامداربوونی کۆم/ زێی هەبووە، ڕێوشوێنی دەستنیشانکردنی نەخۆشی یاخود چارەسەری بۆ ئەنجامدراوە کە دەکرێت کاریگەری لەسەر شرۆڤەکردنی ئەم پشکنینە پزیشکییەی ئێستا دابنێت — ☐ بەڵێ ☐ نەخێر *ئەگەر وەڵامەکە 'بەڵێ" ـە ڕوونبیکەرەوە:* ___________

**16.** کات و بەرواری دەستدرێژییەکە ___ / ___ / ___   ___ : ___ — ☐ نەزانراوە

**17.** شوێنی دەستدرێژییەکە — ☐ نەزانراوە

**18.** بەکارهێنانی هێز، هەڕەشە یاخود چەك *(هەموو ئەوانە بپشکنە کە بەسەریدا دەچەسپێت)* — ☐ هێزی جەستەیی ☐ بەکارهێنانی چەك ☐ هەڕەشە بۆ سەر نەخۆشەکە ☐ هەڕەشە بۆ سەر کەسانی تر ☐ هیچ هێزی جەستەیی بەکارنەهاتووە ☐ نەزانراوە

**19.** جۆری هێز/ چەك *(هەموو ئەوانە بپشکنە کە بەسەریدا دەچەسپێت)* — ☐ دار ☐ چەقۆ ☐ چاوبەستنەوە ☐ دەست ☐ نەزانراوە ☐ هی دیکە (وەك بەزۆر ڕووتکردنەوە، هەڵواسین، ئەشکەنجەی کارەبایی، شایەتحاڵبوون یان بەشداریکردن لە ئەشکەنجەی کەسانیتردا، هتد.): ___________ ☐ تفەنگ ☐ ڕێگەلێگرتن ☐ دەمبەست ☐ قاچ

**20.** ژەهراویکردنی کیمیاوی نەخۆش *(هەموو ئەوانە بپشکنە کە بەسەریدا دەچەسپێت)* — ☐ نەخێر ☐ دەرمان و مادەی هۆشبەر ☐ ئەلکهول ☐ نەزانراوە ☐ هی دیکە: ___________

### ب. زانیاری لەسەر گومانلێکراو

**1.** ژمارەی گومانلێکراوەکان — ☐ یەك (1) ☐ دوو (2) ☐ سێ (3) ☐ لە سێ زیاتر *ئەگەر "لە سێ زیاتر" ـە، ژمارەکەی دەستنیشان بکە:* ___________ ☐ نەزانراوە

*گومانلێکراوی یەکەم: لە پرسیاری 2 بۆ 6 وەڵامبدەرەوە.*

**2.** پەیوەندی گومانلێکراو بە نەخۆشەوە — ☐ ناسیاو ☐ خزم ☐ نامۆ ☐ هاوسەری گیانی بەگیانی / هاوسەری پێشوو ☐ نەزانراوە ☐ هی دیکە: ___________

**3.** ڕەگەزی گومانلێکراو — ☐ مێ ☐ نێر ☐ نەزانراوە

**4.** تەمەنی نزیکەیی گومانلێکراو — ☐ نەزانراوە

**5.** گومانلێکراو — ☐ مەدەنییە ☐ پۆلیسە ☐ سەربازە ☐ مێلیشیایە ☐ نەزانراوە

**6.** ئەو زمان(انەی) کە گومانلێکراو قسەی پێدەکات — ☐ نەزانراوە

*گومانلێکراوی دووەم: لە پرسیاری 7 بۆ 11 وەڵامبدەرەوە.*

**7.** پەیوەندی گومانلێکراو بە نەخۆشەوە — ☐ ناسیاو ☐ خزم ☐ نامۆ ☐ هاوسەری گیانی بەگیانی / هاوسەری پێشوو ☐ نەزانراوە ☐ هی دیکە: ___________

**8.** ڕەگەزی گومانلێکراو — ☐ مێ ☐ نێر ☐ نەزانراوە

**9.** تەمەنی نزیکەیی گومانلێکراو — ☐ نەزانراوە

**10.** گومانلێکراو پۆلیس/ سوپا/ مێلیشیایە — ☐ مەدەنییە ☐ پۆلیسە ☐ سەربازە ☐ مێلیشیایە ☐ نەزانراوە

**11.** ئەو زمان(انەی) کە گومانلێکراو قسەی پێدەکات — ☐ نەزانراوە

*ئەگەر سێ گومانلێکراو یان زیاترە، وەڵامی پرسیاری 12 بدەرەوە.*

**12. بە دوورودرێژی وەسفی گومانلێکراوەکان بکە** *( بە پەیوەندی لەگەڵ نەخۆش، ڕەگەز، تەمەنی نزیکەیی، ئاخۆ گومانلێکراوەکان پۆلیس/ سوپا/یاخییەکانن، ئەو زمانانەی کە قسەیان پێکراوە، هتد.):*

___________

___________

___________

ناوی پسپۆڕی کلینیك ___________   NºC.N.O.M. ___________

واژۆی پسپۆڕی کلینیك ___________   لاپەڕە لە   بەروار ___ / ___ / ___

## بڕوانامەی پزیشکی بۆ پەلاماری سێکسی (بەردەوامە)

### ج. پوختەی ئەو ڕووداوانەی کە لەلایەن نەخۆشەکەوە ڕاپۆرتدراون

| 1. چوونەناوەوە بۆ ناو زێی مێینە بە: | بەڵێ | نەخێر | هەوڵی ئەنجامدانی دراوە | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|---|
| أ. چووك | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. پەنجە (چەند پەنجەیەك) | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. تەنێکی نامۆ | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

| 2. چوونەناوەوە بۆ ناو کۆم بە: | بەڵێ | نەخێر | هەوڵی ئەنجامدانی دراوە | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|---|
| أ. چووك | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. پەنجە (چەند پەنجەیەك) | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. تەنێکی نامۆ | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

| 3. بەریەککەوتنی دەم لەگەڵ کۆئەندامی زاوزێ: | بەڵێ | نەخێر | هەوڵی ئەنجامدانی دراوە | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|---|
| أ. گومانلێکراو بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. کەسێکی لایەنی سێهەم بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. نەخۆش بۆ گومانلێکراو | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| د. نەخۆش بۆ کەسێکی لایەنی سێهەم | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

| 4. بەریەککەوتنی دەم لەگەڵ کۆم: | بەڵێ | نەخێر | هەوڵی ئەنجامدانی دراوە | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|---|
| أ. گومانلێکراو بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. کەسێکی لایەنی سێهەم بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. نەخۆش بۆ گومانلێکراو | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| د. نەخۆش بۆ کەسێکی لایەنی سێهەم | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

| 5. دەستلێدان/ بەریەککەوتنی کۆئەندامی زاوزێ: | بەڵێ | نەخێر | هەوڵی ئەنجامدانی دراوە | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|---|
| أ. گومانلێکراو بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. کەسێکی لایەنی سێهەم بۆ نەخۆش | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. نەخۆش بۆ گومانلێکراو | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| د. نەخۆش بۆ کەسێکی لایەنی سێهەم | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| هـ. نەخۆش بۆ هی خۆی | ☐ | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

| 6. ئاوهاتنەوە: | بەڵێ | نەخێر | نەزانراوە | سەرنج: |
|---|---|---|---|---|
| أ. لەناو کونێکی لەشی نەخۆشدا | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. لەدەرەوەی کونێکی لەشی نەخۆشدا | ☐ | ☐ | ☐ | ________ |

ج. شوێنی ئاوهاتنەوە دیاری بکە: ________________

### د. پاکژی نەخۆش لەدوای دەستدرێژی

**1. دوای دەستدرێژییەکە، نەخۆشەکە** *(هەموو ئەوانە بپشکنە کە بەسەریدا دەچەسپێت)*

☐ نانی خوارد ☐ ئاوی خواردەوە ☐ دەموددانی شوشت ☐ میزی کرد ☐ بە دوش خۆی شوشت ☐ لە گەرماودا خۆی شوشت ☐ نەزانراوە

### هـ. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە لەلایەن نەخۆشەکەوە

پوختەیەکی پێکهاتە سەرەکییەکانی دەستدرێژییەکە فەراهەم بکە وەك لەلایەن نەخۆشەکەوە وەسف کراوە. *(ئەگەر راستی یاخود شایەتحاڵی زیاتر هەیە کە پێشتر لەم فۆرمەدا پێشکەش نەکراون، تکایە گێڕانەوەیەکی تایبکراو هاوپێچ بکە.)*

________________

________________

### و. پشکنینی جەستەیی گشتی نەخۆشەکە

| 1. پەستانی خوێن (mmHg) | 2. ترپەی دڵ (ترپە/خولەك) | 3. هەناسەدان (سوڕ/خولەك) | 4. پلەی گەرمی (سەدی) |
|---|---|---|---|
| / | | | |

**5. باری هەڵسوکەوت و دەروونی** *(هەموو ئەوانە بپشکنە کە بەسەریدا دەچەسپێت)*

☐ ترساوە ☐ گۆشەگیرە ☐ دڵتەنگە ☐ شەرمدەکات ☐ باری دەروونی تێکچووە

☐ تووڕەیە ☐ دوچاری خورپە بووە ☐ دەگری ☐ بێدەنگە ☐ شپرزەیە

**لەبیرت بێت کە: بەڵگە کۆبکەیتەوە** *(هەر دەردانێك لە لەشەوە تەڕ بێت یان وشك، پەڵە، جلوبەرگ و تەنی نامۆ لە لەشی نەخۆشەکەوە؛)*
**کەرەسەی پشکنینی لاقەکردن بەکاربهێنە** *(هەر کات بگونجێت)* **وە فۆڕمەکانی زنجیرەی قۆناغەکانی تاوتوێکردنی بەڵگەکان؛ وە وێنە بگرە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی پسپۆڕی کلینیك | ________ | N°C.N.O.M. | ________ |
| واژۆی پسپۆڕی کلینیك | ________ | لاپەڕە لە / بەروار | ___/___/___ |

**بڕوانامەی پزیشکی بۆ پەلاماری سێکسی (بەردەوامە)**

## و. پشکنینی جەستەیی گشتی نەخۆشەکە (بەردەوامە)

| کلیلی نەخشە: دەرەنجامەکان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **A**<br>ڕووشان | **BI**<br>گازلێگرتن | **BU**<br>سوتان | **DB**<br>خۆڵوخاشاك | **DF**<br>شێوان | **DS**<br>دەردانی وشك | **EC**<br>شینبوونەوە | **ER**<br>سووربوونەوە | **FB**<br>تەنی نامۆ (وەسفی بکە) |
| **FI**<br>ڕیشاڵ (بە قژیشەوە) | **G**<br>برینی جێگەی گوللە | **I**<br>قاشبوون | **L**<br>دڕان | **M**<br>دەردانی شێ | **O**<br>زامداری دیکە (وەسفی بکە) | **P**<br>هەستیاری (بە ئازاریشەوە) | **S**<br>ئاوسان | **V**<br>داپۆشەری گیایی (بە خاك و پیسیشەوە) |

*لەسەر ئەو هێڵکاریانەی خوارەوە ژمارە لە هەر یەك لە زامداری/ دەرەنجامەکان بدە.*
*لەو خشتەیەی خوارەوەدا، ژمارە و کورتکراوەی بەرانبەری جۆری دەرەنجامەکە بنووسە (بڕوانە خشتەی دەرەنجامەکان لە سەرەوە).*

| شوێنی لەسەر لەش | دەرەنجامەکان | سەرنج |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |





## د. پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ (مێینە)

*ئەو کلیلی نەخشەیەی سەرەوە بەکاربهێنە بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی جێگەی پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ لەو هێڵکاریانەی ئەوبەردا دیوی ناوەوەی ڕانەکانی، دیوی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ و ناوچەکانی نێوان کۆم و زێ (ئەگەر هەر دەرەنجامێکی جێگەی سەرنجی دەستدرێژی سێکسی هەبوو نیشانە لە خانەکان بدە)*

1. زامداری دیوی ناوەوەی ڕان ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
2. زامداری دەوروبەری میزەڕۆ/ دەرچەی میز ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
3. زامداری نێوان کۆم و زێ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
4. زامداری لێوەکانی دەرەوەی زێ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
5. زامداری لێوە گچکەکانی زێ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
6. زامداری پەردەی کچێنی ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
7. زامداری قیتکە/ ناوچەی دەوروبەری ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
8. زامداری دووسمتان/ کەناری کۆم/چرچی دەوری کونی کۆم/ڕیشاڵەکان ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
9. زامداری زێ
☐ بەڵێ ☐ نەخێر
10. زامداری ملی ڕەحم
☐ بەڵێ ☐ نەخێر
11. ئەو باری پشکنینەی کە بەکارهاتووە
☐ لەسەر پشت
☐ ئەژنۆکان بۆ سنگ
☐ هی دیکە



## ح. پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ (نێر)

*ئەو کلیلی نەخشەیەی سەرەوە بەکاربهێنە بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی جێگەی پشکنینی کۆئەندامی زاوزێ لەو هێڵکاریانەی ئەوبەردا دیوی ناوەوەی ڕانەکانی، دیوی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ و ناوچەکانی نێوان کۆم و زێ دەستدرێژی سێکسی هەبوو نیشانە لە خانەکان بدە)*

1. زامداری دیوی ناوەوەی ڕان ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
2. زامداری سەری چووك یاخود شەفتی چووك ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
3. زامداری کیسی جووتە گوون ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
4. زامداری جووتە گوون ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
5. نەخۆشەکە خەتەنە کراوە ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
6. زامداری دووسمتان/ کەناری کۆم/چرچی دەوری کونی کۆم/ڕیشاڵەکان ☐ بەڵێ ☐ نەخێر
7. خوێنبەربوونی کۆم ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

ناوی پسپۆڕی کلینیك ______________ N°C.N.O.M. ______________
واژۆی پسپۆڕی کلینیك ______________ لاپەڕە لە بەروار ____/____/____

## بڕوانامەی پزیشکی بۆ پەلاماری سێکسی (بەردەوامە)

### ت. تاقیگە و پشکنینی تر

| ئەنجامدراوە: | بەڵێ | نەخێر | ئەنجامەکان: | ئەنجامدراوە: | بەڵێ | نەخێر | ئەنجامەکان: |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. سیرۆلۆژی ئێچ ئای ڤی (HIV) | ☐ | ☐ | ________ | 6. شیکاری میز | ☐ | ☐ | ________ |
| 2. سوزەنەك | ☐ | ☐ | ________ | 7. پشکنینی شلەمەنی ناو زێ بۆ سپێرم/ هەوکردن | ☐ | ☐ | ________ |
| 3. هەوکردنی جگەر جۆری B | ☐ | ☐ | ________ | 8. سۆنەر | ☐ | ☐ | ________ |
| 4. ماڵینی ملی ڕەحم | ☐ | ☐ | ________ | 9. پشکنینی دیکە | ☐ | ☐ | ________ |
| 5. پشکنینی دووگیانی | ☐ | ☐ | ________ | | | | |

### ی. چارەسەر/ پلان

| | بەڵێ | نەخێر | سەرنج: |
|---|---|---|---|
| **1. بەرلێگرتنی دوای ڕووداو (PEP)** | | | |
| أ. PEP | ☐ | ☐ | ________ |
| **2. دەرمان** | | | |
| أ. دژەبەکتریا | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. دەرمانی ئازار | ☐ | ☐ | ________ |
| ج. هۆکاری کوتوپڕی بەرگرتن لە منداڵبوون | ☐ | ☐ | ________ |
| د. هی دیکە | ☐ | ☐ | ________ |
| **3. ڕەوانەکردن** | | | |
| أ. نەخۆشەکە ئەمڕۆ ڕەوانە دەکرێت بۆلای تایبەتمەند | ☐ | ☐ | ________ |
| **4. داخوازی پۆلیس** | | | |
| أ. داخوازی پۆلیس پڕکراوەتەوە | ☐ | ☐ | ________ |
| ب. ئەگەر وەڵامی 4أ "نەخێر" ـە، *ئایا نەخۆشەکە دەیەوێت ئەوە بە پۆلیس ڕاپۆرت بدات؟* | ☐ | ☐ | ________ |
| د. ئەگەر وەڵامی 4ب "نەخێر" ـە *ئایا نەخۆشەکە ئامۆژگاری کراوە سەبارەت بە بەهای لێکۆڵینەوەی پۆلیس؟* | ☐ | ☐ | ________ |

### ك. دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندن

1. مێژووی ڕووداوەکە: ________
2. چاودێری هەڵسوکەوت: ________
3. دەرەنجامە جەستەییەکان: ________
4. پشکنینە تاقیگەییەکان: ________
5. بەڵگەنامە پڕکراوەکان هاوپێچکراون کە بەم بڕوانامەیەوە:

☐ ئەنجامەکانی پشکنینی تاقیگە ☐ گێڕانەوەی نوسراو (باشترە تایپکرابێت) ☐ وێنە ☐ بەسەریدا ناچەسپێت

### ل. دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندن

1. دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی پزیشکی ئەمانەن:
*(تەنها یەك بژاردە هەڵبژێرە)*
☐ **هاوجووتە** لەگەڵ
☐ **زۆر هاوجووتە** لەگەڵ
☐ **دەستنیشانکردنی** ئەمەیە
☐ **هاوجووت نیە** لەگەڵ
**دەستدرێژی سێکسی.**

2. دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی پزیشکی ئەمانەن:
*(تەنها یەك بژاردە هەڵبژێرە)*
☐ **هاوجووتە** لەگەڵ
☐ **زۆر هاوجووتە** لەگەڵ
☐ **دەستنیشانکردنی** ئەمەیە
☐ **هاوجووت نیە** لەگەڵ
**دەستدرێژی جەستەیی.**

### م. سوێندی کلینیکی

*من ڕەزامەندی هۆشیارانەم بۆ نەخۆشەکە فەراهەم کردووە بۆ هەڵسەنگاندن، وێنە، وە گواستنەوەی باوەڕنامە بۆلای سیستەمی یاسایی یاخود دەزگاکانی چەسپاندنی یاسا.*

☐ بەڵێ ☐ نەخێر

*من لێرەدا بە فەرمی و ڕژدی سوێند دەخۆم کە ئەو زانیاریانەی لەم فۆرمەدا فەراهەم کراون ڕاست و دروست و تەواون هەتا ئەوپەڕی ئاگاداری و باوەڕی من.*

ناوی پسپۆڕی کلینیك ________
واژۆی پسپۆڕی کلینیك ________
بەروار ____ / ____ / ____

---

**ناوی پسپۆڕی کلینیك** ________ **NºC.N.O.M.** ________
**واژۆی پسپۆڕی کلینیك** ________ **لاپەڕە لە** **بەروار** ____ / ____ / ____

تێبینییەکان

ستانداردە سەرەتاییەکانی باشترین ڕێوشوێن لەسەر بەبەڵگەنامەکردنی توندوتیژی سێکسی وەك تاوانێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی

**چاپی یەکەم: حوزەیران 2014**

Foreign & Commonwealth Office
King Charles Street, London
SW1A 2AH
United Kingdom